# مێژووی ئەفسانەی جیهان

# ناسنامەی کتێب

- **ناوی کتێب:** مێژووی ئەفسانەی جیهان
- **بابەت:** ئەفسانە
- **نووسینی:** خوسرەو جاف
- **نەخشەسازی ناوەوە:** موحەمەد حوسێن خەتی
- **بەرگ:** ابراهیم صالح
- **نۆرەی چاپ:** یەکەم- ٢٠٢١
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **ژمارەی وشە:** ٤٩.٣٠٠ وشە
- **قەبارە :** ١٧ سم × ٢٣ سم

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**

**ژمارە سپاردنی (     ) ساڵی پێدر**

# مێژووی ئەفسانەی جیهان

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم
٢٠٢١

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| ڕیشەی ئەفسانە | ١٣ |
| ئاگرباران و پێکهێنانی خواکان و مرۆڤ | ٢٢ |
| زەوی کۆنترین خواکان | ٢٣ |
| شەڕ لە پێناوی فەرمانڕەوایی جیهاندا | ٢٦ |
| ئۆلەمپنشینان | ٣٠ |
| خێزانی خواوەندگاران | ٣٢ |
| دەستکردەکانی پیرۆمیتۆس | ٣٥ |
| ئالۆزیی زئوس | ٣٨ |
| شەڕی تەروا یان تەرواد | ٤١ |
| با بگەڕێینەوە سەر شاری تەڕوا یان (تەڕوادە) | ٤٣ |
| چاوساغی و داوەریی پاریس | ٤٧ |
| بێ مەیلیی ئۆدیسە بۆ بەشداربوون لەو شەڕەیدا | ٥٠ |
| ئەشێل | ٥٢ |
| قوربانیکردنی ئیڤگنیا | ٥٣ |
| دەستێوەردانی زئوس | ٥٤ |
| ئاکامی کاری پانزوکلوس و هیکتۆر | ٥٨ |
| گرتنی تەروا | ٦١ |
| سەرسامئاوەر | ٦٥ |
| گەشتی پڕ لە مەترسیی گۆڵخیس | ٦٩ |
| کەڵەگای کلك ئاگرین و ددان ئەژدیها | ٧٢ |
| لە ئەشکەوتی سیکلۆپەکانا | ٧٤ |
| چۆنیەتیی دروستکردنی شوورەی شاری تەروا | ٧٨ |
| نیوەخوا و نیوەمرۆڤ! | ٨٠ |
| تالووسی غولی برونزی | ٨٢ |
| هێزی دەریایی | ٨٤ |

داستانی دڵدارەکان ٨٥
کۆپیدۆ پسوخە ٨٨
پیگمالیون و گالاتیا ٩٣
پۆمۆنا و ڤیتۆمنوس ٩٦
پانۆکیس و فیلمون ٩٩
پۆرامیس و تیسە ١٠٢
ردن لە پێناوی عیشقدا ١٠٤
نەفرینی خواکان ١٠٦
مردنی ئاسان بۆ تانتالوس ١٠٨
فرمێسکەکانی تیوبە ١١٠
نەفرین، نەوەکانی گرتەوە ١١٢
کوژرانی ئاگاممنون ١١٤
تۆڵەی ئۆرستس ١١٧
ئۆدیب و ئیسڤینکس ١١٩
هەموو کارێك دەکەم ئەگەر بتوانم! ١٢٢
خواکان ئۆدیب دەبەنە لای خۆیان ١٢٦
لێدوان دەربارەی کەلتوور و ئەفسانەکان ١٢٧
ئەستوورەکان لە ئەدەبیاتی ئێستادا ١٣٣
لە یەکدانەوەی شانۆکاران و ئاهەنگسازان دەربارەی ئەستووره کلاسیکییەکان ١٣٥
هونەری سینەما و دوورئەندازیی ئەستوورەکان ١٣٨
خواکانی سەر شاری ئۆلەمپ ١٤٠
ڕوویەکی کەی ئەفسانەکانی یۆنان ١٥٧
ئەفسانەی هەرکول ١٥٩
ئەفسانەی ئەورووپا ١٦١
ئەفسانەی پرسئوس و ئاندرومدا ١٦٣
ئەفسانەی ئەسپی باڵداری بگاسووس ١٦٧
ئەستێرەی تزئوس و گای میناتۆر ١٦٥

ئەفسانەی ئۆدیپۆس ١٧٢
ئەفسانەکان ١٧٦
ئەفسانەکانی ئێران ١٨٥
مانشێتەکانی ناو شانامە ١٨٨
ئەفسانەکانی ڕۆمان ٢٤٠
ئەفسانەکانی دۆڵی دوو ڕووبار ٢٤٦
ئەفسانەی گلگامێش یا کەڵگامێش ٢٤٩
ململانیی گلگامێش و ئینکیدو لەگەڵ همبابا ٢٥٦
شەڕی گلگامێش و ئینکیدو لەگەڵ گای ئاسمانیدا ٢٥٧
ئەفسانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیر ٢٥٩
ئەفسانەکانی ئیلیادە ٢٦١
ئۆدیسە ٢٧١
مێژووی کۆنی یۆنان ٢٧٨
شارستانیەتی مینوسی ٢٢٠٠ تا ١٤٥٠ساڵ پ.ز ٢٨٤
شارستانیەتی میسینی ١٥٠٠ تا ١٢٠٠ ساڵ پ.ز ٢٨٧
سەردەمی تاریکی ١١٠٠تا ٧٥٠پ. ز ٢٨٩
سەردەمی کۆن ٧٥٠ تا ٤٨٠ پ.ز ٢٩٢
هەقیقەتی کورشی هەخامنشی و ئەژدهاك! ٢٩٤
سەرەتای شەڕەکانی ئێران و شارە دەستەڵاتەکانی ناو یۆنان ٣٠١
شەڕی ماراتون ٤٩پ.ز ٣٠٣
شەڕی ترومبێل و سەلامیس ساڵی ٤٨٠پ.ز ٣٠٥
سەردەمی کلاسیك ٤٨٠ تا ٣٢٣پ. ز ٣٠٨
سەردەمی زێرینی ئاتن ٣١٠
سەرەتای شەڕە ناوخۆییەکانی پلوپۆنزی ٣١٣
ئیمپراتۆریەتی مەکادۆنی ٣١٥
دەورەی هێلینی ٣٢٣ تا ٣١ پ.ز ٣١٨
دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و داهەڕووژانی دونیای هێلێنی ٣٢٠
کیلۆپاترا دوا فیرعەونی یۆنانی ٣٢٢
یۆنان لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕۆمادا ٣٠پ.ز تا ٣٣٠ز ٣٢٤

| | |
|---|---|
| یۆنان ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی بیزانس ٣٣٠ تا ١٤٥٣ز | ٣٢٥ |
| یۆنان ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ١٤٥٣-١٨٣٠ز | ٣٢٦ |
| ئازادیی یۆنان لە سیستەمی شاهییەوە بۆ جەمهووری ١٨٣٣ -١٩٧٤ز | ٣٢٧ |
| پەرستگا ئایینییەکانی یۆنان | ٣٢٨ |
| کۆمەڵەی ئەکرۆپۆلیسی ئاتن | ٣٣٠ |
| پەرستگای ئاپولو لە دەلفی | ٣٣٣ |
| پەرستگای زئوس لە ئۆڵەمپیا | ٣٣٧ |
| بەناوبانگەکانی یۆنانی کۆن | ٣٣٩ |
| بەناوبانگەکانی سەردەمی کلاسیك | ٣٤٠ |
| سوکرات | ٣٤٣ |
| ئەفلاتوون | ٣٥٩ |
| ئەرستۆ | ٣٦٢ |
| ئیپۆکرات | ٣٦٤ |
| دۆموکریتۆس | ٣٦٦ |
| فیساگۆرس | ٣٦٧ |
| پتلیموس | ٣٦٨ |
| ئەرخەمیدس | ٣٦٩ |
| سۆفوکل و ئۆریپید | ٣٧٤ |
| ئەرستۆڤان | ٣٧٥ |
| هیرودوت | ٣٧٦ |
| گەزنفۆن | ٣٧٧ |
| ئەریستارخوس | ٣٧٨ |
| ئاراقستن | ٣٧٩ |
| هیپارخوس | ٣٨٠ |
| ئەفسانەکانی سەردەمی فیرعەونەکان | ٣٨١ |
| ئەستوورەی ئۆزیریس و ست | ٣٨٥ |
| چۆنیەتی دروستبوونی مانگ و مرۆڤ | ٣٨٨ |
| دروستبوونی کەون! | ٣٨٩ |
| ئەستوورەی چپە | ٣٩١ |

| | |
|---|---|
| پێکهاتنی زەوی | ٣٩٢ |
| لە نەبوونا سەرەتای بوون! | ٣٩٣ |
| ناوی خواوەندگارە تیتانییەکان | ٣٩٦ |
| سەرچاوە | ٣٩٩ |
| وێنەی ئەفسانەیی کەسایەتییەکانی جیهان | ٤٠٣ |

# پێشەکی

میللەتێک ئەفسانەی نەبێت، مێژوویشی نییە. ئێمەی کورد لێرە و لەوێ وردە داستان و حیکایەتی کورت و کەممان هەن، زۆربەشی هی سەردەمی ئایینی ئیسلامە، بۆ نموونە: (مولّک محەمەد، واتا: مەلیک محەمەد) شازادە محەمەد لە باوکی زویر دەبێ و لە وڵاتاندا ئاوارە دەبێ، ڕێگەی دەکەوێتە شارێک دەنوارێ بۆ ئاو پەرۆشن، هۆکاری نەبوونی ئاو دەپرسێت، دەڵێن: ئەژدیهایەک لەو دەربەندەیدا خەپکەی لێداوە و بەری ئاوی گرتووە، ئەگەر دوو ڕۆژ جارێک یەکێک لە خەڵکی ئەم شارە نەکەینە قوربانی خۆی نا لەخشێنێ تا ئاوی رووبار بۆ ماوەیەک بەرەڵاکات، مولّک محەمەد دەڵێت: کوشتنی ئەو ئەژدیهایە لەسەر من، بەرگی ڕەزم دەپۆشێ و بەرەو ئەژدیها دەڕوا و ئەژدیها دەکوژێت و دەیکەنە شایی شار.

لەم بابەتە ئەفسانە زۆرە، وەک ڕووداوی ئۆدیب و زۆری تر، مانای ئەوە نییە میللەتێکی کۆنی وەک کورد ئەفسانەی نەبوو بێت، شتێکە ئەوی هەمان بووە و بە کەڵکە لێمان دزراوە و ئەورۆ هی خەڵکە. لە مێژدا ئێمەی کوردیش پەیڕەوی فرەخوایی بووینە، بۆ هەر بوارێک خواوەندێکیان دەستنیشان کردووە، ئەو فرەخواییە ئەفسانەی جۆراوجۆری خولقاندووە، بەڵام بەلای باپیرانمانەوە سیستەمی فرەخوایی لە سەردەمی (زەردەشت) پەیامبەرەوە بڕاوەتەوە. لە وڵاتی یۆنان و ڕۆماندا فرەخوایی بەردەوام بووە تا ساڵی ٣٠٠ زایینی لە دۆڵی دوو ڕووباردا، ئەو میللەتانە (سۆمەر و ئەکەد و بابلی و ئاشووری) بە

میللەتانی لەناوچوو دەناسرێن، بۆ نموونە ئەورۆ ئەو میللەتانە بۆ خوا تاکە کەسێکیان لە جیهاندا بەدی ناکرێت. زەردەشتی پەیامبەر لە دوادوایی دەستەڵاتی "ماد" و سەرەتای هەخامنشیدا هاتووەتە زهوور، بۆیە لە وڵاتی پانوپۆڕی ئێراندا لەپێش فیردەوسی و شاهنامەکەیدا، ئەو ئەفسانانە نەبووە و ئەگەر بوویش بێت ئەوە بلیمەتیی (فیردەوسی)ی بووە، دووبارە ئەو ئەفسانانەی خستووەتەوە خولیای میللەتانی ئێران و هەروەها جیهانەوە. بەندە لەم کتاوەمدا باسی هەوارگەکانی فەرهەنگی کۆنی بەشەریەت دەکەم و ئالیەت و سیستەمی فرەخوایی چۆنیەتیی تێفکرینی ئەو میللەتانە.

بێگومان ئەفسانە ناکرێ بە درۆ و دەلەسە بدرێت لە قەڵەم، ئەفسانە: تێفکرینە، سازەندەگییە، هۆشیاری خەیاڵیی ئەو میللەتانە نیشان دەدا. سەرەنجام ئەو ئەفسانانەی لەو کتاوەیدا خستوومەتە ڕوو، پڕن لە زەرافەت و لە جوانی، لە هۆشیاری و سازندەگی، پڕن لە خۆشەویستی و تۆڵە و تووڕەبوون، حیکمەت و مافە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە بەرانبەر خوداوەندەکانیان. بەرانبەر سیستەمێکی باوەڕپێکراوی پۆڵایین و دوور لە بەڕەڵلایی.

بەندە لەزەتێکی بێسنوورم لە ئەفسانەی میللەتان وەرگرتووە، بە ئەرکی خۆم زانی برێک لەو ئەفسانانەی بخەمە بەر دەستی خوێندەواران، ئومێدەوارم سوودی لێ وەربگرن.

**خوسرەو جاف**

**هەولێر ٢٠٢١**

# ڕیشەی ئەفسانە

زۆرتر لە هەزار ساڵ، حەوزی دەریای میدنرانیاو دەوروبەرەکەیشی لەژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ، یا فەرهەنگی یۆنان و ڕۆمانەکان بوونە. ئەگەرچی ڕۆمانەکان ڕاستەوخۆ بوونە وارسی پێشکەوتووی دەستەڵاتی یۆنان لە ڕووی جیهانی: تەلارسازی، ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە، تا دوایی... ئیتر دەستەڵاتی دووردرێژی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان لە چەندان لاوە کۆشاون پێناسێکی نەتەوایەتیی خۆیان دەستنیشان بکەن، بەو توانا و دەستەڵاتە بەربڵاوەوە ڕوخسار و ڕووی فەرهەنگی یۆنان، شێوەی تەلارسازیی یۆنان و وردەکارییەکانی دونیای پەیکەرسازی یۆنان، بە زەقی خۆیان وەدەرخستووە و داپۆشینیان بووبووە مەحاڵ.

خۆ سەرچاوە فەلسەفییەکانی دونیای پڕ لە وردەکاریی فەلسەفە هەمیشە بە ڕاستەوخۆ ڕوخساری ئەرستۆ، ئەفلاتوون، سوکرات، خۆیان وەدەرخستووە، یان هەر نەبێت بە شێوەیەکەی نیوەڕوخسار...

بۆ ئەمڕۆیش سەلمێنراوە فەرهەنگی کلاسیک لە ئەورووپادا سەرچاوە سەرەکییەکەی سەرزەویی وڵاتی یۆنان بووە.

گرنگترین بەشی ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە دونیای ئەفسانە و ئەستوورەکان بووە، هەروەها ئەو داستانانە: کەسایەتییان، ڕووداوەکانیان، هەر هەموو ئەوانە، پڕبوون لە وانەی ئەخلاقی و ویژدانی و تیشکیان خستووەتە سەر دونیای تەلارسازی و ئەدەبیاتیش.

بەندە لێرەدا دەمەوێت بڕێک دەربارەی ئەستوورە و کاردانەوەکانی بدووم، جا بۆ ئەوەی وردەکارانە دەست پێ بکەین، دەبێ باس لە چۆنیەتیی ئەفسانەکان بکەین. دەی با بزانین ئەستوورە چییە؟

لە کوێنەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟ لە کوێوە هاتووە؟ وشەی (Myth)ئینگلیزی لە وشەی (Muthos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای داستانی دەمبەدەمەوە دێت. یۆنانیی کۆن وشەی (Muthologla) بۆ داستانسەرایی یان حیکایەتخوانی بەکاریان بردووە، بە نیوە ئاوڕێکدا دەردەکەوێت ئەو وشە و واژەیە ناکرێت پڕ بە پێستی باسەکە بێت، بەداخەوە.

سەرەچاوەی باوەڕپێکراوی تریش بە دەستەوە نییە جگە لە گێڕانەوەکە، کە زۆرتر لە لایەن شایەر و کەسانی نەخوێندەوارەوە سنگ بە سنگ شۆڕبووەتەوە ناو خەڵکی، ئەویش بە مەبەستی سەرگەرمی پەند و تەمێ بووە، بۆ نموونە لەو داستانانەیدا جانەوەران دەربارەی مرۆڤ دەدوێن، وەک حیکایەتی دوو جووتیاری پیر، بێ ئەوەی بزانن مێواندارى لە (زئوس) خوای خواکانەوە، کە بە ناوی (بائوکیس و فیلمون) بووە.

جۆرێکی دیکەی ئەستوورە ئەفسانەیە، ئەفسانە و حیکایەتەکان، کەسایەتییەکانی خەیاڵی و ڕازدارن، پاڵەوانەکانی دێو و دەعبا و ئینسانن، تا ڕادەیەک کار و کردەوەکانیان لە ڕووداوەکان لە واقیعیەتەوە نزیکن، بە درێژایی زەمان ڕووداوەکان نادیار و ڕازدار و سەرسام ئاوەر دەبن. بە نموونە کەسایەتیی (ئاگممنون) و قارەمانەکانی ئەو شەڕە و ڕووداوەکانی نێوان ئەشیل و هیکتۆر و هەروەها سووتان و کاولکردن.

لە لایەکـی دیکەیشـــەوە، چاوســـاغان جـۆری ســـێهەمی ئەســـتووورە دەستنیشـــان دەکەن، کە زۆرتـــر لە هەقـــیقەتەوە نزیکتـــرە. ئەو جـۆرە سـەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ جـۆری ئـایینی، شـایەر و حیکـایەتخوانی یۆنـانی بە نـاوی (هزیـود) ســەدەی حەوتەمـی پـێش زایـین لەو بـابەتەن. کتـاوەکەی بە نـاوی (هەوارگەی خواکان)ــە، کە دەربـارەی پەیـدابوونی خواکان و بەشەرە. تیایدا ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییەی نێوان بەشـەر و خواکـانی دەستنیشـــان کـردووە. خـاڵی ســەرەکی زۆرتـر ڕووداوەکـانە لەنێوان خواکان و هەروەها کۆلکە خواکان و چینی مرۆڤدا ڕووی داوە. بڕێـــک دادان بەوەدا دەدنـــێن ئەوەتـــا تـــا ڕادەیەک دەتـــوانرێ شـــێوەی ئەستوورەی تیادا دەستنیشان کرێن. لەم ڕووەوە دوو چاوساغی بواری ئەفسانە و ئەستوورە:

١- مارک مۆرفۆرد.

٢- رابرت لیناردۆن.

پێکەوە کتاوێکیان بڵاوکردووەتەوە بەناوی (ئەستوورە کلاسیکییەکان) تیـادا دەڵـێن: ئەسـتوورە بڕێـک داسـتانە لەنێـوان مـرۆڤ و خوداکـان و پەیوەنـدیی نێوانیـان. ئەو تێکەڵاویـیە لە تەواوی داســتانە کۆنەکانــدا دەبینرێت، ئەوی یۆنانییەکان لە میللەتانی دیکە جیاواز دەکات، ڕۆمانەکان زۆربەی ســەرچاوەکانیان یۆنــانی بــوونە، خواکانیــان دەقــاودەق وەک مرۆڤ بوونە. هەوا و هەوەسیان ئارەزووەکانیان هەر وەک بەشەربوونە و تەنـانەت لە لەش و ڕەنـگ و ئەندامیشـەوە. ئـاوا خـوایەک بەو دیـاردە بەشـەریانەوە زۆر لەگەڵ عەقڵـی بەشـەردا گونجـاوە و جـێگەی بـاوەڕتر بووە بۆ ستایش.



چاوساغی ئەم بوارە (هیملیتون) لەم ڕووەوە دەڵێت: یۆنانییەکان خواکانیان بە شێوەی خۆیان دەسازان، ئەو جۆرە بۆچوونە لەو

حەلانەیدا باو نەبووە، بۆیە زۆربەی ئەستوورەکان، ئەفسانەکانی میللەتانی تر، وەک میسری فیرعەونەکان پەیکەری زلزەلامی وەک (ئەبوو هولیان) بەو قەبارە هەرە گەورەیە دروست کردووە. با ئەوەیش بڵێین: لە دۆڵی دوو ڕووباردا ئەو پەیکەرانە هیچ لە مرۆڤ نزیک نەبوونە، زۆر ترس ئاور بوونە، وەک گای باڵدار و سەری پیاو یان سەری هەڵۆی باڵدار، لەشی مرۆڤ یا لەشی شێر و سەری مرۆڤ... ئیدی تەواوی ئەوانە دووربوونە لە واقیعیەت و عەقڵانیەتەوە.

بەڵام ئەوەی ڕوونە قارەمانان و خوداوەندانی ئەستوورەکانی یۆنانی بە شێوەی بەنی ئادەم و یا ئادەمشێوەبوونە، جێگەی سەرسامیی نەبووە و لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەو داستانانەی لەسەر بنەمای کەسایەتییە واقیعیانە بوونە... هەروەها ڕووداوەکان لە سەردەمی زێڕیندا بوونیان هەبووە و بە یۆنانی کلاسیک ناو دەبرێت و جێگیربوونە، ئەو دەم دەوڵەتشارەکان لە پێش هەموویاندا شاری (ئاتن) لە بواری هونەر و تەلارسازیی ئەدەبیاتدا هەمیشە پێشقەڕەوڵ بوونە، لە سەدەمی شەشەمی پێش زایینەوە بەردەوام بووە تا سەدەی چوارەمی پێش زایین، بەڵام چەند سەدە لەپێش سەردەمی (بریکلیس) و سوقرات و ئەفلاتوون و پەرستگا ڕازاوەکانی یۆنان و دورگەکانی ئێمە ئەوانە هەر یەکە بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە. مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، ئەو فەرهەنگەیان بە سەردەمی پاڵەوانان دەستنیشان کردووە.

ئەو فەرهەنگە مێژوونووسان بە قۆناغ و سەردەمی پاڵەوانان ناویان بردووە، هەروەها بەناوێکی تریشەوە، کە (سەردەمی برونزی) ناونراوە، لەبەر ئەوەی چەکوچۆڵی شەڕیان هەبووە، هەر هەموو لەو کاتەی دروست کراوە، ئیدی ئەوە شمشێرە، ئەوە سپەرە، کڵاوخودەیە،

بازۆبەنـدە، سـنگ و لەشپۆشـە، تەواوی ئەوانە لە کـاتی برونزبـوونە، لە دوو هەزار ساڵ لەپێش زاییندا توێژێکی زۆری جووتیار، کە تا ڕادەیەک پێشکەوتووبوونە، بەناوی (مینووسـی) دەناسـران، بەنـاوی دوورگەی کرت شۆرەتیان دەرکردبوو، کۆشکی ڕازاوەیان دروست کردووە.



ئیتـر زۆر بیروبۆچـوون لەو ڕووەوە تۆمـار کـراون و زۆریشـیان بەشـێوەی ئەسـتوورەئامێز گێـڕاونەتەوە، وەک ئەسـتوورەی تزئـوس، هەروەها چیرۆکی دێو و درنج و دەعبای جۆراوجۆری بەشـەرخۆر، کە لە دورگەی (کرت)دا بوونیان هەبووە.

سەرئەنجام دەستەڵاتی (مینووسی) وردە وردە لەناوچووە، تا ١٤٠٠- پ.ز، کە تا ئەو سـەردەمە دەڤەرەکانی ئیژە لەژێر دەستەڵاتیاندا بووە، بەوەشـەوە نەوەسـتاون دەڤەرەکانی دەوروبەریشـان داگیرکـردووە، ئەو

شـەڕ و شـۆڕ و پەلامـارانە لە دواییـدا شـێوەی ئەسـتوورەی پێـدراوە و سەرەنجام بوونەتە گرنگترین مایەی هەوێنی سـەرەکیی ئەسـتوورەکانی یۆنان.

مێژوونووسـان لایـان وایە لەشکرکێشیی بۆسـەر شـاری "تەروا" کە لە "ئەلیادە"دا بە درێژا هـاتووە، کەوا بە سـەرۆکایەتیی قارەمانـانی میسـینی ئەنجام دراوە، کەسانی وەک: ئاگاممنون، ئـاژاکس، ئۆدیسـە و قارەمانـانی تر بۆ خۆیان هەر یەکەیان بۆ خۆیان شای دەڤەری خۆیان بوونە.

لە سـاڵی ١١٠٠پ.ز، دەوروبەر و لێوارەکـانی (ئیـژە) تووشـی هەرا و هۆریـا و بیگـرە و بەردە و پەلامـاری زۆر هـاتووە، (میسـنی)یەکان دەستەڵاتیان لەدەست داوە و وەک جاران نەماون، ئیتر سێچوار سـەدەیە بە سـەردەمی تـاریکی نـاوبراون و زانیـاریەکی ئەوتـۆ بە دەسـتەوە نییە، ئەوی ڕوونە ئەو سـەردەمە: هەژاری و نائومێـدی و نە خوێنـدەواری هێڵەیان کردووە و فەرهەنگی یۆنان لە بانترین ئاسـتدا بووە، هەروەهـا ڕابردوو وردە وردە لە فکری خەڵکیدا وەک ئەستوورە دەگێڕدرایەوە.

بە وتەی مێژوونووس (پیتەر کاتللی) چەندان سـەدە ئەو ئەسـتوورانە لە لایەن شایەرە کۆچەرەکانەوە شار بە شار گێڕاونەتەوە، زۆرتر پڕیان کردووە لە داستانی دوور لە واقیعەتەوە.

تا سـەدەی هەشتەمی پێش زایین، یۆنـان لە دونیای تاریکیدا دووبارە هـاتە سـەرە (هـومیر) و ئەوانـی تـر بە کۆنترین سـەرچاوەی ئەفسـانەکان دراون لە قەڵەم، ئەگەرچی (هزیـود) کتـاوی (هەوارگەی خودایان)ی سـەد ساڵ لەپێش هومیردا نووسیوە، بەڵام سوودەکانی هومیر کەوتبووە سەر زمـانی خەڵـکە زۆرەکە. هەروەهـا مەلـحەمەی (پینـرار) غەزەل سـەرای

گەورە لە دوادوایـــی ســـەدەی شەشـــەمی پـــێش زایینـــد یـــاوەک ئەو شانۆنووســـانەی ئانتـــانیە لە ســـەدەی چـــوارەمی پـــێش زایینـــدا وەک: ئاســـخولوس، ســـوفۆکلس، ئۆرپیـــدوە، ئەرســـتۆڤان، ئەوانە ڕابردوویـــی یۆنانیان وەک شانۆی خستبووە بەرچاو.

هیرۆدوت کە بە باوکی مێژوو دەناسرێت (سەدەی پێنجەمی پ.ز) لە کتاوێکـــدا شـــەڕەکانی نێـــوان ئێـــران و یۆنـــانی تۆمـــار کـــردووە، لە ئەستوورەش دوور نەکەوتووەتەوە.

هەروەهـــا (ئەپۆلۆنیـــوس رودســـی) (ســـەدەی ســـێیەمی پ. ز کە لە ئەسکەندەرەیەی میسـردا دەژیـان، هەروەهـا ( هەملوکپـان) تەنزنووسـی ڕۆمـــی ســـەدەی دووهەمـــی پ.ز داســـتانی گەلێـــک کۆنیـــان دەربـــارەی خوداکانیان نووسیوەتەوە، کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمـا ولاتانی دەوروبەری داگیرکردووە و یۆنانی قووت داوە( سەدەی دووهەمی پ.ز) ڕۆمییەکان عاشـقی فەرهەنگـی یۆنـان بـوونە، ئەسـتوورەکانیان بـووەتە بەشـێک لە بیروباوەڕیان، خوداکانی یۆنان زۆربەیان ناوی ڕۆمیان لێناوە.

مێژوونووسـی ڕۆمـی ( ئنئیـدڤلۆی) مێژووی ڕۆمـانی نووسـیوەتەوە، زۆرتر دەربارەی ئەستوورە یۆنانییەکانی کردووەتە هەوێن، وەنەبێ هەر ئەو بەڵکـــوو زۆربەی نووســـەرە ڕۆمییەکـــان پەنایـــان بـــردووەتە بەر ئەستوورە یۆنانییەکان ئیتر ئەوی قارەمـان و سیاسـەتمەدار و خـانەوادە ناســـراوەکان و کەســـایەتییەکان بە وردیـــی لێیـــان دواون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت ڕۆمانەکـــان شـــیفتە و عاشـــقی ئەســـتوورە و هـــونەری تەلارســـازی و پەیکەرتاشـــینی یۆنانییەکانیـــان کـــردووەتە هەوێنـــی سەرەکییان.



# ئاگرباران و پێکهێنانی خواکان و مرۆڤ

هزیود دەربارەی (ڕیشەی خوداوەندەکان) نووسیویەتی: کچەکانی زئوس درووودیان لێ بێت دەنگ و نەوای شیرینم پێ ببەخشن تا دەربارەی ڕەگ و ڕەگەزی خوداکان بنووسم.

کچەکانی زئوس نۆ پەری بوون لە هەوارگەی خودایاندا لە کێوی بوڵەندی ئۆڵەمپدا هاتوونەتە دونیاوە.

خەڵکی ئەوسای یۆنان لایان وابووە ئەوی جوانی و زەرافەت و پێشکەوتن هەیە لە بەخشینی ئەو پەریزادانەوە بووە. بۆخۆی (هزیود) لە باوەڕێکدا بووە، کەوا سەرگەرمی ئەو نووسینەوە بووە، ئەو لە لایەن ئەو پەریانەوە هاندراوە بۆیە دەستی بە تۆمارکردنی چۆنیەتی پێکهاتنی جیهان و شانۆکارانی وەک: ئاسخولوس و ئەرستۆڤان کردووە و پەڕوباڵیان لێ سازاندووون.



# زەوی کۆنترین خواکان

سەرەتای کەون و تەکەوین چۆڵاییەکی بێ بنج و بێخ بووە، هیچ شکڵ و شەمایلێک بوونی نەبووە، قوڵاییەکی پڕ لە هیچی بێ تەواوبوون، ئەو حاڵەتە بە (خائوس) ناسراوبووە، چەندە گوزەشتووە تا لەو (خائوس)ـە دوو منداڵ پەیدا بوونە، یەکێکیان بەناوی (شەو) ئەوی تر، بەناوی (ئاروس) ئارووس توانی تاریکی کونکات و ڕۆشنایی بهێنێتە وجوود و وردە وردە عەناسیری ئێرە و ئەویٚ کۆبوونەتەوە و تۆپی زەوییان پێکهێناوە، بەڵام لە زەویدا جێگەیەک ( سەیر لەوەدایە کە لە میتالۆژی ئێراندا دەربارەی پێکهاتنی زەوی و تاریکی و ڕۆشنایی بە نەختێک جیاوازی هەروا بیریان کردووەتەوە ((خوسرەو)) بە تاریکی مایەوە بەناوی تارتاروس کە بەسەر زەوییەوە ئەو تارکییەی مایەوە ئێتر هەتا و مانگ و ئەستێرەکان هاتنە وجوود، لە زەویشدا وشکایی و دەریا لە یەک جیابوونەوە، ڕووبارەکان ڕوو بە دەریاکان داکشان، دارودرەخت و شینایی و جەنگەڵ بەسەر زەوییەوە هاتنە وجوود زەوی دوو کەسایەتی بەناوی (گایا) و (ئۆرانوس) هێنانە کایەوە، منداڵانی زۆریان وەسەر یەک نا. (هیملتون) لەم ڕووە دەڵێت:

هەر بەو شێوە وا باوەڕیان وایە ڕۆژگارێک گیانلەبەرانی زلزەلامی دڕندە بەسەر زەوییەوە دەژیان، ئەوان لایان وابووە کە گیانلەبەرانی غەیر بەشەری دڕندەخوو، دەستەڵاتداربوونە و زۆر هێزی سروشتییان لەژێر فەرماندا بووە، وەک: بومەلەرزە و گڕکان و تۆفان و ئەو داستانانەی دەربارەی ئەوانە کەوتوونەتە سەر زمانان، بەڵام وەک دیارە هیچ نیشانەیەک لەو گیانلەبەرانە ئەوڕۆکە بەدەستەوە نین.

سەرەتا گوایە ئەوانە دەعبایەکی گەلێک ناهاڵ و ترسێنەر بوونە، هەر یەک لەوانە پەنجا سەر و سەد دەستیان هەبووە، ئەوانە سێ جۆر بوونە بەناوی ( کاتووس، گیاس، بریارئوس) بە دوای ئەواندا دەعبایەکی تر هەبووە بەناوی (سیکلوب) تەنها یەک چاوی لە ناو چاوانیا هەبووە. سەرەنجام گایا و ئۆرانوس دوانزە گیتانیان لێ هاتووەتە وجوود، کە زۆر لە بەشەر چوون، بەڵام زلزەلام و بەهێز و توانا، وەک: (ئۆکتائوس و تیتۆس) کە بوونە سەروەرانی دەریاکان، هەروەها (هوپرون و تنا)، کە بوونە خودای هەتاو و مانگ، (رەئا) لە دواییدا هات و بوو بە نەنک ئینجا (کرونۆس)، لە هەموویان بەهێزتر و گەنجتر بووە.

گایا وەک هەر دایکێک منداڵە ناشیرنەکانی زۆر خۆشدەویست، بەڵام (ئۆرانوس) بە هیچ جۆر خۆشیانی نەدەویست، ئەو شەش دێوەی ترسناکەی گرد و بردیانی بۆ ناو تاریکیی زەوی.



گایای  دایکی شەش دەعبا دژ بەو ڕەفتارە کەوتە ململان و تەقەلاوە سەرەنجام بە هاوکاریی (کرونوس) و بەقیەی دەستەڵادارانی تیتانی دژ بە (ئۆرانوس) شۆڕشێکی گەورەیان ئەنجام دا، شەڕ لەنێواندا دەستی پێ کرد، کرونوس توانی باوکی بریندارکا و لە خوێنی ڕژاوی باوکی (ئەفرۆدیت) هاتە کایەوە، ئەفرۆدیت لە میتالۆژیی ڕۆمانەکاندا بە (ڤینۆس) ناو دەبرێت، لە دڵۆپەی خوێنی ڕژاوی سەرزەوی ئۆرانوس دوو دەعبای ناهالی ناشیرینی کەڵپەخوێناوی پێکهاتن، لە یەکەمیان کۆمەڵێک (گیانتەکان) پێک هاتن، پێستی جانەوەرانیان لەبەر دەکرد، خوێنڕێژ و وەحشی ئەو تاقمە کە بە ناوی (فۆریەکان) تووکی سەریان لە مار دەچوو لەزەتیان لە ئازار و شکەنجە دەبرد، (ئۆرانوس)ی گەورەی بریندار لە لایەن (کرۆنووس)ەوە باڵبەست کرا و لە تاریکیی ژێر زەویدا، لە جێگەیەکی نەناسراودا زیندانی کرد.

# شەڕ لە پێناوی فەرمانڕەوایی جیهاندا

بەو شێوەیە ئۆرانوس لەسەر شانۆی دەستەڵات دوور خرایەوە، دەستەڵاتی ئاسمان و زەوی کەوتە بەر دەستی کرونوس، یەکەمین کارێک کە کردی (رەئا)ی خوشکی کردە هاوسەری، ئیتر کەوتنە سکوزا، بەڵام کرونوس ترسێکی لە دڵدا بوو، نەکا منداڵەکانی هەر وەک ئەو بکەن و دەستەڵاتی لێ زەوت بکەن، هەر منداڵێکی بووبووایە لە (رەئا) دەسەند و قووتی دەدا، لەناو لەشی فرە زلزەلامیدا گیرۆدەیانی دەکرد، بەو شێوە پێنج منداڵی قووت داوە، لە منداڵی شەشەم (رەئا)ی دایکی بێچارە بەو شێوەیە پێنج منداڵی لە دەست دابوو، منداڵی شەشەمی شاردەوە و بردی لەناو ئەشکەوتی گەورەی (کرت)دا حەشاری دا، کە ئەویان بەناوی (زئوس) یان بە قەولی ڕۆمانەکان (ژوپیتەر).



ئەو دەیزانـــی کرونـــووس چـــاوەڕوانی لە دایکبـــوونی منـــداڵەکەیەتی ئەوەیشی دەزانی کرونوس فرەگێلە و باوەڕی پێ دەکات هزیود دەڵێت: (ڕەئـا) بەردێکـی پێچـایەوە بـردیە بەردەسـتی سـەرووەری گەورە کـوڕی ئاسمان شاهی پایەبەرز و بوڵند (کرونوس) لە دەستی ڕەئای وەرگرت و بـێ یەکـودوو قـووتی دا، ئەم کـردارەی (ڕەئـا)یە بـوو بە پیشـەی لەناوچوونی دەستەڵاتی تیتانەکان و سەردەمی دەستەڵاتی خواکانی ناو شاخی (ئۆڵەمپ) دەست پێ بکات.

زئوس لەوێـڕا وردە وردە گەورە و گەورەتـر دەبـوو، بیـری لە بـرا و خوشـکە قووتـدراوەکانی دەکـردەوە و بە دوای چارەسـەردا دەگەڕا، سـەرەنجام بە هاوکـاریی نەنکـی (گایـا) بە دیـوە دوتـای کەوتـنە ڕێگـەی چارەسـەری دژ بە کرونـوس، سـەرئەنجام مـادەی ڕشـانەوەیەک، کە لە لایەن شاهەنشـاهی تیتانەکـان دروسـت کرابـوو، دەرخـواردی (کرونـوس) کـرد و تەواوی ئەو منـداڵانەی وا لەنـاو سـکیدا گەورەبووبـوون هەڵیهێنـانەوە، هەتـاوەکوو بەردە پێچـراوەکەیش کە لە دواییـدا وەک بەردێکـی پیـرۆز لە پەرسـتگای (دولفـی)دا دانـرا، هەروەهـا بـرا و خوشـکەکان زئـوس ئەوانیش وەک زئـوس گەورەبووبـوون (هەسـتیا) وە (دمتـر) وە (هیـرا) وە (هـادس) وە (پوزیـدون)، زئـوس و پێـنج بـرا و خوشکەکانی هاوپەیمانیەکیان ئەنجام دا و شـەڕی مان و نەمانیـان دژ بە (کرونوس) باوک و بڕێکی تـر لە خواکانی تیتانەکان ئەو شـەڕە دە سـاڵ درێژایی کێشـاوە، هیـچ لایەکیـان بەسـەر ئەوەی تـردا سـەرنەکەوتووە و سـەرەنجام یەکێـک لە هاوشـەڕەکانی کرونـووس بەنـاو (پرومیتـوس) پێشـنیار دەکـات تـا بـرا دەعباکـانی لە تـاریکی وەدەربهێنـێ بە یـارمەتی ئەوانە دەتـوانێ زاڵ بێـت بەسـەر دوژمنەکانیـدا بەڵام (کرونـوس) ئەو

پێشـــنیارە گــرنگەی ڕەتکـــردەوە، هەر لەبەر دەماغســـزیی کرونـــوس پرومیتووسـی و بـراکەی ئەپیمیتـوس لایەنـی (کرونوس)یـان بەجێهـێلا و بـوونە لایەنگیـری زئـوس و براکـانی، پرۆمیتـوس هەمـان پێشـنیاری بە زئـوس کـرد، تـا ئەو دەعبایانە ئـازاد بکات، هەروەهـای کـرد، ئیـدی ئەو کەســە دڕنـدە ڕوخســارانەی ئـازاد کـرد، کە ناویـان (تیـژڕەو، تۆفـان، بزیسکە) بـوو، بەو ئـازادییەی گەلێک شـادبوون و هەر یەکە دیاریەکیان تەقدیم زئـوس کـرد و کڵاوێکیـان بەخشـییە هادسـی لەسـەری دەکـرد. هەروەهـا نـزیکەی سـێ سـەریان بەخشـییە پوزیـدون و بـوویە دیـاردەی ئەو.



شەڕ دووبـارە بە ڕق و کینەوە دەسـتی پـێ کـردووە، هزیـود ئـاوا لەو شـەڕەی دەوێ:

خوێنـاوی دەسـتی پـێ کـرد، تۆفـانی دەریاکـان، پزیسـکە و بریسـکەی ئاســمان، ئاگربــارانی گڕکانەکــان شــەپۆلی زلزەلامــی دەریاکــان،

مەشخەڵانیی قووڵایی ئاسمان، ئەوانە هەموو زۆربەیان لایەنگری خوای گەنج و بەتوانا (زئوس) بوون. سەرەنجام لەشکری زئوس لە شەڕەکەدا سەرکەوتن و کرونوس و زۆربەی تیتانەکانیان هاویشتە ناو قووڵایی زەوییەوە و چاودێرییان بۆ دانان، پرۆمیتۆس و ئۆپیمیتوس ئازادانە لەگەڵ زئوسدا هاوکارییان دەست پێ کردەوە.

# ئۆڵەمپنشینان

دوای ئەو سەرکەوتنە زئوس و هاوپەیمانەکانی زەوییان دابەش کرد، بۆیە ناونران ئۆلۆمپییەکان، زۆربەیان لە پۆپەی چیای ئۆڵەمپدا نیشتەجێ بوون، (زئوس) کە سەرۆکایەتیی شۆرش و شەڕەکەی گرتبووە دەست بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی خوداکانی ئۆڵەمپ و (هیرا)ی خوشکی کردە هاوسەری خۆی. توانی تەواوی خواکان بۆی بسەلمێنن بێ لێدوان فەرامینی جێبەجێ کەن و لە هیچ فەرمانێکی سەرپێچیی نەکەن، هەر هەموویان سوێندی ئاسمانییان خوارد، کە بە هیچ جۆرێک لە فەرمانی لانەدەن، وە جگە لە برووسکەکە پێشکەشی کرابوو، دەستەڵات و تەختی پڕ لە شکۆی هەڵۆ لە سەریش بوونە دیاردەی دەستەڵاتی زئوس، بۆخۆیشی هێز و توانایەکی بێسنووری هەبووە، بەڵام ڕەفتاری ناجۆریشی هەبووە، وەک خانمبازی بە جلوبەرگی گۆراوە ڕۆیشتووەتە ناو مرۆڤ و پەیوەندیی جنسیی لەگەڵ ئافرەتاندا بەستووە، هیرا کە بەوەی دەزانی ئەو ژنانەی وا لەگەڵ زئوسدا هاوپێخەفن، دەیوت تۆڵەی لێ دەسەندنەوە و دەبووە مایەی ئازار و ئەزیەتیان (هیرا) خۆی خوای پاراستنی خێزان و منداڵ بوو، پاک دامێن بوو، بە لایەوە (گا و تاووس) دوو گیانلەبەری پیرۆزن.

براکانی زئوس هەر یەکە و ئەرکێکیان کەوتە سەر شان:

(پوزیدۆن) بوو بە خودای دەریاکان و بوومەلەرزەیش کەوتە ژێرفەرمانیەوە. لەبەر ئەوەی یەکەمین ئەسپی بەخشییە مرۆڤ، بوو بە خوای ئەسپەکانیش، ئەویش وەک زئوسی حەزی لە خانمبازی دەکرد و

بە ڕوخساری باڵندە و بەران و دۆلفین، لەگەڵ ژنەکانی سەرزەویدا هاوپێخەف دەبوو، لە ڕوخساردا زۆر لە زئوس دەچوو.



(هادس) بوو بە فەرمانڕەوای ژێرزەوی بە دەگمەن لە هەوارگەی گڕگرتووی خۆی وەدەر دەهات، یا سەری هەوارگەی خودایانی ئۆڵەمپ بدا، زۆر تووڕە و بێ ڕەحم، بەڵام دووربوو لە هەوا و هەوەسی شەڕانگێزی.

# خێزانی خواوەندگاران

هەر یەکە لە خوشکەکانی زئوس کاروکردەوەیەکیان گرتە ئەستۆ. (هەستیا) هەر کچ مایەوە، بوو بە پارێزەری خانوو و زەوی، خێزانە یۆنانییەکان لە کاتی ژەمی خواردنی ڕۆژانەیاندا ستایشیان لە (هەستیا) کردووە، لە دواییشدا هەروا. لە تەواوی شارەکانی ناو یۆناندا جێگەیەک تەرخان کرابوو وەک ئاگردان هەمیشە پارێزییان لە نەکوژانەوەی کردووە، لەبەر ڕێز و حورمەتی (هەستیا) لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکاندا بە (ڤستا) ناوبراوە، کچانێک بەناوی (ڤستاڵ) پارێزەری ئەو ئاگرەبوونە خوشکەکەی بەناوی (دیمەتەر) خودای کشتوکاڵ بووە و هەمیشە دوعاگۆی بوونە لە کاتی خەرماناندا ستایش و دوعایان بۆ کردووە، دوای ئەوەی (هادس) کچەکەی بردە ژێر زەوییەوە (پرسفونە) دیمەتەر لە ئۆلەمپ هاتە خوارەوە و کۆڕ و کۆمەڵی خودایانی بەجێهێلا، لە پەرستگایەکدا دەژیا و یۆنانییەکان لە ڕۆژئاوای شاری ئاتوندا بۆ ئەویان دروست کردووە بەناوی (ئلوزیز) دوای وەدەرچوونی (دیمیتەر) لە شاخی ئۆلەمپ برێک لە خوا بەهێزەکانی تر نیشەجێی شاخی ئۆلەمپ بوونە وەک (ئەفرودیت) خودای جوانی و نازەنینی ئافرەت، کە لە پۆپەی زەرافەت دابووە. بەڵام دەربارەی ئەوانەی دەبوونە سەرسووپوردەی جوانیی ژنانەی بەتواوی تواناوە دەبووە مایەی ئازاریان، چ پیاوانی بەشەری سەر زەوی یان نێرینەکانی ئەنجوومەنی خودایان.

ئەفرۆدیت بەلای ڕۆمانەکانەوە بە (ڤینۆس) ناو دەبرا، ئەو درەختی (مۆرد)ی لا زەریف و هەروەها کۆتری بەلاوە جوانترین باڵندە بووە، زۆربەی ئۆلەمپنشینان کوڕ و کچی خودی (زئوس) بوونە، لەوانە

(ئاریس) خودای شەڕی ڕۆمانەکان بە (مارس) ناویان بردووە، باڵندەی دالّی بۆگەنخۆر، جوانترین باڵندەی ئەو بووە، کە هاوتای کەسایەتیی نەفەرتلێکراوی ئەو بووە.

(ئاتنە) یەکێکی کەی لەو خواندگارانەی بووە بەلای ڕۆمانەکانەوە (مینرڤا)ی ناو بووە خانمی سەلار و خواوەندی عەقڵ و هۆش و پارێزەری ژیانی سەردەمانی خەڵکی بووە، ئەو لە درزی سەری (زئوس)ەوە وەدەر هاتووە، لە دواییدا بووەتە پارێزەری شارە گەورەکەی یۆنان (ئاتن) بە دوای ئەودا کەسایەتی بەناوبانگ وناوداری ئەنجوومەنی خودایان (ئەپۆلۆ) خۆش ئەندام و ڕوخسار و ڕۆمانەکانیش هەر بە (ئەپۆلۆ) ناویان بردووە، سەروەری ڕۆشنایی و ڕاستی و تیمارکردن و مۆزیک و شیعر، درەختی درکی کردووەتە ئەلگۆی خۆی، گەورەترین زیارەتگاهیان لە پەرستگای (دولفی) بۆ دابین کردووە. ئەو پەرستگایە بووەتە جێگەی پێشگۆیەکان و هەواڵی نەزانراوی زەوی ئاسمان لەوێڕا دەسنیشان دەکرا.

یەکێکی دیکەی خودایان بەناوی (هرمیس)ی پای باڵدار و تووند و تیژ و زیرەک، ڕۆمانەکان بەناوی (مرکوری) ناویان بردووە، خودای پەیک و پارێزەری موسافیرەکان و ڕێنمایان و هەروەها چاوساغی ڕووح و ڕەوانی مردووەکان بووە، لە دوا سەفەریاندا دیاردەی ئەو داردەستە سەیر و سەمەرەکەی بووە، کڵاوی باڵداری لەسەر کردووە.

خوشکی هاوقلوی ئەپولون (دوانەبوونە) ئارتمیس کە ڕۆمانەکان بە (دیانا) ناویان بردووە پارێزەری مانگ و ڕاو، کچانی گەنج و ژنانی

باردار، دیاردەکەی درەختی سەر و کەڵەکێوی و سەگ بووە. سەرئەنجام کورەکەی هیرا هفایستوس کەسێکی میهرەبان و سوڵحدۆست بووە، ڕۆمانەکان بە (ڤۆڵگان) ناویان بردووە، خوای ئاگر و ئاسنگەری و کاروکاسبی بووە.



# دەستکردەکانی پیرۆمیتۆس

لەو سەردەمەیدا هەوارگەنشینانی شاخی ئۆڵەمپ دوای ئەوەی دەستەڵاتیان لە دەست تیتانییەکان وەدەرهێنا و بوونە فەرمانڕەوای ئاسمان، زەوی و قوڵاییەکەی و دەریاکان تا ئەو حەلە بەشەر بە زەوییەوە نەژیاوە، یۆنانییەکان لەو ڕووەوە دوو بۆچوونیان هەیە، یەکەمیان دەڵێت: خواکان چەند ڕەگەزی مرۆڤیان خولقاند، هەر ڕەگەزێک لە ئەوی پێشووتر موتەکاملتر بووە زانای سەردەمی کلاسیک پرۆڤیسۆ، (مکس هرتسیرگ) دەربارەی یەکەمین چینەکانی بەشەر دەڵێت: " سەرەتا بە سەردەمی زێڕین ژمێردراوە تەواوی جیهان بەهار بووە بێ تەقەلا و ماندووبوون، زەوی بەر و ئازووقەی فراوانی هەڵڕێژاوە، خۆشەبەختی و شادیی بێسنوور نیاز بە کارکردن و عەرەقڕیژان نەبووە، پیری و نەخۆشی و دەردەداری گەلێک درەنگ دووچاری دەبوون، هەمیشە لە ئاو و هەوای ئازادا دەژیان، نە شەڕ نە هەژاری بەرۆکی نەگرتوون.



بە دوای ئەو سـەردەمەیدا سـەردەمی (زیـوین) هـاتووەتە پێشـەوە، زئـوس لەو سـەردەمەیدا وەرزەكـانی دابـین كـردووە و بەپێـی نیـازی وەرزەكـان مـرۆڤ كەوتـووەتە تەقەلاوە و مـرۆڤ لەگەڵ سـەرما و برسـێتی ئاشـنابووە، بە ناچـاری چنگیـان خسـتووەتە نـاو قـوورِ و خانوییـان دروسـت كـردووە، بەو شـێوەیە مـرۆڤ بەسـەر سـەرما و برسـێتیدا سـەركەوتووە. مرۆڤـی ئەو سـەردەمە دلێریـی نیشـان داوە و پەیوەستە مەغروورییی خۆی لەدەست نەداوە، ستایشـی خوداكانی لەبیر دەكرد، بەدوای ئەو سەردەمەیدا قۆناغی برونزی هـاتە كایەوە، دەستیان بە دروستكردنی ئامێرەكانی شـەڕ و خوێنڕێژی كردووە و شـەڕكردن و یەكتر كوشتنیان كردووەتە پیشەی ڕۆژانە.

دوا سـەردەم و قۆنـاغ، سـەردەمی ئاسـن بـووە لە خواكـان، دیـاریی مرۆڤی بۆ خواكان یاخیبوون بووە، وەك مرۆڤی ئەم سەردەمە.

یۆنانییە كۆنەكان لە باوەڕێكدا بوونە، ئەو سەردەمە هەمان سـەردەمی ئاسـنە، كـوڕ لە بـاوك بێهێزتـر و بێتوانـاتر بـووە، وەستایشـیان لە سـەردەمی برونزیـی كـردووە، كە پـڕ بـووە لە قارەمـان و مەلـحەمە. جوانترین ڕووداوی بە وجوودهێنانی مرۆڤ هـی سـەردەمی پرۆمیتوس ئیپمتئـوس كە پرۆمیتـۆس گەلێـك بیرمەنـد و بەهـۆش بـووە، دیـارە لە تەواوی خواكان بیریان لە وژدان و بەرژەوەندیی هەمووان كردووەتەوە، هەر لەو ڕووەوە نوێنەری زئـوس بـوونە، بـۆ چـاودێریی گیـانلەبەران بەلای بـراكەی پرۆمیتـوس كە (ئیپمتئـوس) كـابرایەكی بێهـۆش و لەبیـركەرەوە بـووە، ئیتـر بـێ بیركـردنەوە دەسـتەلاتی زۆر داوەتە گیـانەوەران، وەك: تیـژی، هێـز، خـوری، مـوو، یـاڵ، سـەدەف، پێسـتی ئەسـتوور و شـتی تـر، كە نـۆرە دێـتە سـەر مـرۆڤ شـتێكی ئەوتـۆ

نەماوەتەوە تا بە مرۆڤی بدا. پرۆمیتوس کۆشاوە هەڵەی براکەی چارە بکات.

مرۆڤ لە دەست جانەوەران ژیانێکی ناتەبای هەبووە، هەروەها بەدەست سەرماوە، بۆیە بڕیاری دا ئاگر ببەخشێتە ئینسان. سەرەتا ڕوو بە (زئوس) وتی.

زئوس نکوڵی لەوە کرد، کە ئەو جانەوەرانە ئەرزش و قیمەتێکی وایان نییە تا ئاگریان پێ ببەخشرێت، بەڵام پڕۆمیتۆس بڕیاری خۆی دابوو، کە هەر چۆنێک بووە دەبێ ئاگری خودایی بداتە مرۆڤ، بۆیە ئاگری لە هەتاو هێنا و دای بە مرۆڤ، بەشەری فێری چۆنییەتیی ئاگر کرد و سوودەکانی ئاگر جگە لە گەرمکردنەوە، بۆ کاروباری پیشەسازیش بەکاردێت، ئەوەشی فێرکردن.

# ئاڵۆزیی زئوس

زئوس کە دی پرۆمیتوس  نافەرمانی کردووە و بەشەر وا خەریکن دەبنە خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆیان بەشێوەیەک لەبرومیتوس ئالۆز بوو بڕیاری دا سزایەکی گەلێک گەورە و گران بخاتە سەر پرومیتوس و هەروەها بەشەریەت لە زئوس وردبوویەوە تەواوی دروستکراوەکانی پرومیتوس هەر هەموویان پیاویان مێیینەی تیادا نییە، بۆیە بڕیاری دا ڕەگەزێکی مێینە بخاتە ناویان بە شکڵ و شەمایل پڕ بێت لە زەرافەت، بەڵام دڵ و دەروونی پڕ بێت لە فێڵ و دووریی و تەڵەکە و نابابێ.

فەرمانی دا بە ( هڤایستوس)ی پیشەسازیی هونەرمەند، کە ژنێک دروست کا بە شێوەی خانمەخواکان.



(هڤایستوسی) لەسەر فەرمانی زئوسی باوکی هەیکەلی ئافرەتێکی جوانکیلەی سازاند، تەواوی خانمەخواکان دیارییان بە هەیکەلی هڤایستووسی دروستی کردبوو، خواوندگار (ئاتنە) جلوبەرگێکی جوان و شایانی پێبەخشی و لە هەمان کاتدا فێری دورمان و چنین و تەونی کرد. (ئەفرۆدیت) دونیایەک جوانی پێ بەخشی کە هەر پیاوێک سەد دڵ عاشقی بێت، (هرمس) دوان و زەڕافەتی قسەکردنی خستەسەر زمان و دەم و لێوی و هەروەها فێڵ و ریاکاری خستە نێو دڵیەوە و ناونرا (پاندورا).

(زئوس) فەرمانی دا بە (هرمس) تا پانتۆرا بگەیەنێتە سەر زەوی و دەستی بداتە دەستی (ئەپیمتوس) لەوە گێلتر بووە، کە ئەو تەمێی پرۆمیتوسەی لەبیر مابێت، بێ ئەوەی گوێ لە قسەی پرۆمیتوس بگرێت ( پانتۆرا)ی جوانکیلەی کردە هاوسەری خۆی و گۆزەی سەرمۆری دیاریی هاوڕای (پانتۆرا)شی وەرگرت، کە وەک دیاریی بووکینەی پانتۆررایان داناوە، بەڵام ئاگاداری گۆزەی سەرمۆر نەبوونە، کە چی تیایدایە زۆری نەکێشاوە خولیای پەریشان بوو، کە چی لەناو گۆزەی سەرمۆر دایە، پانتۆرا و ئیمتئوس دەمی گۆزەیان کردەوە و پۆل پۆل خراپە، نەخۆشی، دەرد و عەزاب خەفەت و سەدان جۆر گرفتاری لەناو گۆزەی دەمکراوە هاتنە دەرەوە.

ئەمە بە یەکەمین سزای (زئوس) دەژمێردرێت، ئەمجار ئالۆزییەکەی وەرچەخاندە لای پرۆمیتوسدا و ئەو نافەرمانییەی هەرگیز نەبەخشی و بە فەرمانی زئوس دوو غولی زلزەلامی نارد پرۆمیتۆسیان گرت و (هڤایستوس) ئەگەرچی پرۆمیتوسی خۆشدەویست بەسەر لووتکەی شاخێکی دوورەدەستەوە بە تاشەبەردێکی زلزەلامەوە زنجیرکرد و

دایبەست، هەموو ڕۆژێک هەڵۆیەکی زلزەلام بەسەر سنگییەوە دەنیشتەوە و بە دەنووک و چنگ سکی پرۆمیتوسی کون دەکرد و جەرگی دەخوارد و هەڵدەفڕی.

بە سەبینێدا دوای ئەوەی سک و سنگی کونکراوی پرۆمیتۆس وەک خۆی لێ هاتووەتەوە، هەڵۆی زلزەلام دیسان هەمان کاری کردووەتەوە.

ئیتر ئەوە ئازاری ڕۆژانەی پرۆمیتوس بووە. ئەو ئازار و نەخۆشی و دەردە سەرانە تووڕەبوونی زئوسی دانەمرکاندەوە، بۆیە بڕیاری دا ڕەگەزی بەشەر بنبڕ بکا و بە یەکجاری لەناویان ببات، ئەگەرچی (پرۆمیتۆس)ی لە زنجیرکێشراو بووە، بەڵام توانایی عەقڵ و باتینیی خۆی لە دەست نەداوە، یەشتا توانای پێشبینی هەبووە و زانیویە زئوس دەیەوێ لافاوێکی وا هەڵسێنێ ڕەگەزی مرۆڤ لەسەر زەویدا نەهێڵێتەوە، بۆیە کوڕەکەی (دیوکالیون)ی لەو هەواڵە ترسناکە ئاگادار کردووەتەوە، کە خۆی و ژنەکەی (پیرها) بڕۆنە سەر شاخی پارناسوس کە لە نزیکی پەرستگای (دلفی) دایە، هەروایان کرد، دوای لە ناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤ، بەسەر زەوییەوە ئالۆزیی زئوس دامرکایەوە.

ئەو ژن و مێردەی لێگەڕا و نەیانی کوشت زۆری نەکێشا ئەو ژن و مێردە دەنگێک هاتە گوێیان تا هەر یەکە کۆمەڵێک وردە بەرد لە زەوی هەڵگرن، ئەو کارەیان کرد و سەر و ڕوخساریان هەڵپێکا و داپۆشی تا نەناسریەن کەوتنە ڕێ، ئیدی بە دەم ڕێگەوە هەریەکە بەردێکیان دەخستە سەر زەوی، ئەوی (دیوکالیون) دەیخستە سەر زەوی دەبووە پیاو، ئەوی (پیرها) فڕەی دەدا دەبووە ژن، بەو شێوەی تۆپی زەوی دووبارە بەشەری تیا کەوتەوە جۆلان....

# شەڕی تەروا یان تەروادە

دەربــارەی ئەو شــەڕە بیروبۆچوونەکــان جۆراوجــۆرن، بڕێــک لە باوەڕێــک بــوون ئەو شــەڕە بەشــێکە لە ئەفســانەکانی یۆنـان، میـژووی قووڵی ئەو وڵاتە پڕی پڕە لە ئەستوورەی جۆراوجۆر، سـەیر و سـەمەرە ئەوەیە ئەورۆ ئەوانە بە سەرمایەی بەشەریەت دەزانرێ.



لەبیــرمە کاتێــک لە کــۆلیژی هونەرەجوانەکانــدا بــووم لە تــاران وانەیەکمـان هەبوو بەنـاوی میتـالۆژی، دکتـۆر میهرداد، کوڕی شـاعیری گەورەی ئێران (بەهار) دەرسی پێ دەوتینەوە، کە دەربارەی (شاهنامە)ی فیردەوسـی و قارەمانەکـانی دەدوا بەهەراکردن و جووڵانەوەی دەسـتی، کە چۆن قارەمانەکە نێزەی وەشـاندووە یان تیروکەوانی بەکار بردووە، یان شـەڕی ڕۆسـتەمی زاڵ و دێوی سپی، ئێتر کلاسـەکەی بۆخـۆی پڕ بوو لە دنیایەک سەرسامی و نماییش.

بەشـێکی زۆری وانەکـانی تەرخـان کردبـوو بـۆ بەراوردیـی نێـوان قارەمانانی ناو شانامە، لەگەڵ قارەمانانی ناو ئەفسانەکانی نێو (ئەلیادە و ئۆدیسە لە لایەک و شانامەی فیردەوسی لە لایەکی ترەوە).

یـادی بەخێـر، هەواڵـیم زانـی، کە لە سـاڵی ١٩٩٤ کـۆچی دوایـی کردووە. ئەو بەراوردانە چ لەگەڵ ئەفسانەکانی یۆناندا یا ( مهابهاراتا)ی هیندستاندا، ئەو مەلحەمانەی لە هیچ بوارێکەوە لە شاهنامە و ئەلیادە و ئۆدیسە کەمتر دانەدەنا... جاروبار بەندەی هەڵدەستاند و دەیوت: تۆ فلان قارەمانی وەرە ئێرە، کچێکی تریشی هەڵدەبژارد، جا بۆ پێکەنین دەموت: تکایە کچێکی جوان هەڵبژێرە... دەیوت: حەتمەن دەڵێی: (ئەفسانە) بێت!

بـۆ پێکەنـین لە وەڵامیـدا دەمـوت: ئـێمە کلاسـەکەمان دەربـارەی ئەفسانەکانە چ باشتر ئەفسانە ڕۆڵ و نەخشی ئافرەتەکە بگێڕێت. هەموو قوتابییـان دەیانـدا لە چەپـڵە و بە هـاوار دەیـانوت: دکتـۆر تکـایە دڵـی مەشکێنە...

جـا هەر ئەو ڕۆژانەیە هۆکـاری تەقەلای ئەم کتـاوە کە ڕۆژگـارێکی لەبیرنەچووی سەردەمی قوتابیبوونی خۆم و هاواڵەکانم دێتەوە بیرم.

ئەگەرچی پەنجا و شەش ساڵی بەسـەر چـووە، لە لایەکی دیکەشـەوە مـیللەتەکەم کەم ئاگـاداری ئەم میتالۆژیـانەن، بـۆیە شـانم پێوەنـا و بە گوێرەی سـەرچاوە جۆراوجۆرەکان ئەو ڕووداوانەی وا لەبەر دەستدایە کۆیانم کردەوە و بە زمانە حەیاتەکەی خۆمان خستوومەتە بەردەستت، بەندە ئەوەم بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆم زانیوە.

# با بگەڕێینەوە سەر شاری تەڕوا یان (تەڕوادە)

یۆنانییەکان لە کۆنەوە لە باوەڕێکدا بوونە، کە شەڕی شاری تەڕوا و ڕووداوەکانی ئەو شەڕە حەقیقەت بوون، بەڵام چاوساغانی مێژووی کۆن و ئاسەوارناسان بۆچوونی تریان لەم ڕووەوە هەیە، لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا لایان وابووە ئەو شەڕ و ڕووداوەکانی بەشێک بوونە لە ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان.

(پیتەر کانللی) مێژوونووسی ناسراوی دونیای کلاسیک لە کتاوکەیدا (ئەفسانەی ئۆدیسە)دا دەڵێت: بەڵێ، ئەوەسا لە ئاسەواری (حەسارلین) لە باکووری خۆرئاوای تورکیای ئێستادا ئاسەواری شاری بەناوبانگی (تەروا) دۆزراوەتەوە.

ئاسەوارناسێکی گەنج بەناوی (هاینریش ئاشیلمان) لە ساڵی ١٨٧٠ز کارێکی گەورەی کردووە، کە چەندان شاری لە تەنیشت یەکەوە دۆزیوەتەوە نیشانەی سووتان و ئاگریان پێوە دیارە و لەوە دڵنیابووە کە ئەو ئاسەوارانە هەمان شاری (تەروا)یەکە (هومیر) ناوی بردووە و چۆنیەتی شەڕ و شۆڕ و دەورەدانی بە وردی باس کردووە.

لە ساڵی ١٨٨٢ز ئاشیلمان بوو بە هاوکاری ئاسەوارناسێکی لێزان و پڕ لە تاقیکردنەوە بەناوی (ویلهام دورپخلت) لەو ڕووەوە کەوتنە پشکنین و توانییان شوێنەهەواری شاری (تەروا) دەستنیشان کەن، هەروەها لە ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٨) کۆمەڵێک ئاسەوارناسی ئەمریکایی توانییان لەسەر ئەو دەروازانەی پێش ئەواندا بکەونە تەقەڵاوە، بەپێی ئەو ئامێرە تازانەی بە لایانەوە بووە توانیویانە نزیکەی ٣٠ تویژی

نیشتەجێبوون بدۆزنەوە، بەڵام لێزانان تا بە ئێستە تێکڕا جیاوازی بیروڕایان هەیە لەسەر بڕیاردان، ئەگەرچی توێژی حەوتەمی تەروا هەژارنیشن بوونە ئەوە حاشاهەڵنەگرە شاری تەروای دۆزراوە لە مێژدا سوتێنراوە، جۆری ئەو خانووانە وەدەری دەخات کە ئەو شارە دەور گیراوە و دوژمن لە دەرەوەی شوورەوە ڕاوەستاون، وە ئەوەیشی تیا دەرکەوتووە لە مێژدا خەڵکەکەی دەوربەری شاری تەروا خزاونەتە ناو شاری تەرواوە.

مامۆستا (هاینریش ئاشلیمانی) گەنج دوای وردەکاری وە خوێندنەوەی داستانی ئیلیادە دەڵێت: هیچ گومانێکم نییە کە شەڕی (تەروا) ڕووی داوە.

جا دوای ئەو پێشەکییەی بەندە بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان دەڕۆمە سەر ڕووداوەکانی شەڕی تەروا، ئەڵبەتە شەڕەکەی تەروا وەک فیلمەسینەماییەکەی نییە وا چڵ و لکی ئەکشنی سینەماییان لێ کردووەتەوە. چەندان سەرچاوەم بەلاوەیە کامیان لە حەقیقەتە ئەفسانەکەوە نزیکترن، هەر لەو ڕووەوە دەدوم دەنووسم، یا وەک لێرە و لەوێ سەرچاوەکان تۆزەکێک تێکەڵ دەکەم، یۆنانییەکانی سەردەمی کلاسیک شەڕی تەروا و ڕووداوەکانی گەلێک لە زنجیرە داستانێک گرنگتری پڕ لە ڕووداو لە قەڵەم دەدەن لە هەمان کاتدا ڕووداوە خوێناوییەکانی بە شانازییەوە باس لێکراوە، بەتایبەت ئەوانەی وا کۆنتربوونە ئەو ڕووداوانەیان بە بەشێک لە مێژووی ڕاستەقینە داوە لە قەڵەم، لە لایەن خەڵکانێکی واقیعییەوە ئەو ڕووداوانە ئەنجامدراون وە بەوەدا دەردەکەوێت و کەمێک خۆشبەختتر بوونە.

بە وتەی (هـۆمیر) خەڵکـی کـۆنی یۆنـان گەلێـک جـار ڕووبەڕووی خواکانیان بوونەتەوە و دەربارەی زیندەگی و ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان بە چـاک و خـراو دەسـتیان لە کاروباریانـدا هەبـووە، لەگەڵ یەکـدا ڕاستگۆیانە مامەڵەیان کردووە و هەمبەستەگیەکی پتەویان لەگەڵ یەکدا هەبووە، بۆیە بە لەشـکرێکی دامەزراوی یەکگرتـووەوە ڕۆیشـتوون بـۆ شەڕی (تەروا) ئەگەرچی ئەو لەشکرە لە دەستەڵاتە جۆراوجۆرەکان پێک هـاتووە، بەڵام ئەو مـاوە دوورودرێـژە وا دەوری (تەروا)یـان داوە هـیچ دووبەرەکی و پەرتەوازەیەکیان نەکەوتووەتە نێوانەوە، کە ببێتە هۆکاری کشانەوە لە دەورەدانەکاندا، لە کاتێکدا لە پێشدا ئەو کۆمەڵە یەکگرتـووە پەیوەسـتە لەگەڵ یەکـدا لە شـەڕ و شـۆڕ و دوژمنـایەتی دابـوونە ، لەم ڕووەوە لێـزان و چاوسـاغی قـوڵایی مێـژووی یۆنـان بەنـاوی ( س.م . پاورا) دەڵێت:

یۆنـانییە کۆنەکـان کە باپیرانیـان لە شـەڕی (تەروا)دا لە شـەڕدا بـوونە لەخۆبووردنێکی سەرسام ئاوەریان نیشان داوە، تا هەر یەکە بە جۆرێک لەو پەلامارەیـدا بـگەنە شـانازی و نـاوداری لەبیرنەچـوو، لەهەمـووی گرنگتر و بەرچاوتر مەسەلەی پانزە هەزار بەیتە شیعرەکەی ئلیادەیە، کە تیـادا ئـازادیەتی و دلاوەریـی (ئەشـیل) شـەڕکەرە نیـوە ئەفسـانەیەکەی یۆنـانی تیـادا تۆمـار کـراوە، کە شـەڕەکە دە سـاڵی کێشـاوە و لە ڕووداوەکاندا قارەمانی (ئەشیل)ی تیادا دیاری کراوە، هەروەهـا کۆمەڵ شیعری هەزار بەیتی شیعری (ئۆدیسە) کە تیادا سەرگەشتەگی وێڵبوونی یەکێکی تر لەو قارەمانانەی تیادا تۆمارکراوە بەناوی ئۆدیسـە، کە دوای وێرانکردنی شـاری (تەروا) لە گەڕانەوەیدا وێڵـی نـاو دەریاکان دەبێت و دووچاری سەدان ڕووداوی سـەیر دەبێت.



بە وتەی مێژوونووسی بەناوبانگ (مایکل گرانت) ئەو دوو ڕێکخراوە شیعرییە گەورەترین و پڕشکۆترین فەرهەنگیان بۆ یۆنانییەکان تۆمار کردووە و تیادا ئەسالەتی ئەدەبی، هونەری، ئەخلاقی، کۆمەلایەتی، پەروەردەیی بەخشیوەتە یۆنانییەکان و لە لایەکی ترەوە پەنجەمۆرێکە بۆ ئەسالەتی ڕابردووی یۆنان و هەروەها ڕەگەزی بەشەریەت، ئەگەرچی ڕابردوو جێگەی خۆی بۆ داهاتوو چۆلکردووە، بەلام ئیلیادە و ئۆدیسە ڕووداوەکانی هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و پڕی پڕن لە شانازی... بە دوای هۆمیردا بڕێک لە نووسەرانێ کە لەو ڕووەوە نووسیویانە وەک: ئاسخیلوس، ئۆرپید، ئاپۆلۆ، لە سەدەی دووهەمی پێش زایینیدا دەربارەی گەڕانەوەی سەرکەوتووەکانی ئەو شەڕەیان نووسیوە، بەلام هیچ یەک لەوانە ناگەنە حەماسەتی ئیلیادە و ئۆدیسەیدا.

# چاوساغی و داوەریی پاریس

ڕووداوەکـان بـوو بە هـۆی گەمـارۆدانی شـاری (تەروا) لە کاتێکـدا دەستی پێکردووە کەوا یەکێک لە خواکانی دەستەڵات بەناوی (ئاریس) تا خوا حەزنەکا کینەکار و ناسازگار و دووبەرەکی نانەوە دەنواڕێ، وا لە شـاخی (ئۆڵمـپ) شـاییە و بەزمـی هاوسـەری (توتـوس و پەریـی دەریـا دایکی ئەشیلی قارەمان) بۆ ئەو بەزم و شاییە داوەت نەکراوە، ئەوە وای لـێ کـردووە تـۆڵەی ئەم بێ ڕێزییەی بسـەنێتەوە. دەفرێتە سـەر تەلاری بەزم و شـاییەکەدا و سـێوێکی زێـڕین دەهـاوێژێتە نـاو بەزمەکەوە، کە لەسەر ئەو سێوە زێڕینەی نووسیبوو( بۆ جوانترین خوداوەندی ژن!)

لەو شاییەدا سێ خوداوەندی ژن هەر یەکەیان خۆیان بە جوانترین زانیوە، دەبێتە مشتومڕیان کە ئەو سێوە زێڕینە بۆ ئەویان فڕێداوە ئەو سێ خوداوەندە جوانە (هیرا، ئەفرۆدیت، ئاتنە) بوون، ناگەنە سـەرنجام بـۆیە پەنـا دەبەنە بەر خـوای خواکـان (زئـوس) تـا لەنێوانیانـدا داوەری بکـات، ئەویـش بـۆ ئەوەی هـیچ کامیـان زویـر نەکـات نـاڕواتە ژێـر دەستنیشان کردن. بۆیە ڕایدەگەیەنێت وا چاکە داوەریەکەتان ببەنە لای کەسێک بەناوی (پاریس)، کە بۆخۆی شـازادەی شـاری تەروایە و بـاوکی لە شـار وەدەری نـاوە، لەبەر پێشـبینی یەکێک لە پێشـگۆکان، کە پـاریس دەبێتە هۆی وێرانیی شاری تەروا...

تەروا، کەوتـووەتە بـاکووری ڕۆژئـاوای ئاسـیای بچـووک( توورکیـای ئێسـتا). زئـوس ڕێنمایـانی کـرد تـا بـڕۆن بـۆ شـاخی (ئایـدا) کە لە نزیـک شـاری تەروایدایە، لەوێ پاریس دەدۆزنەوە.

سێ ژنە ڕەقیبەکە دەدەن لە شەقەی باڵ و خۆیان دەگەیەننە ئەو دەڤەرە و (پاریس) دەدۆزنەوە، کە لەو دەشتودەرەیدا شوانیی دەکرد.

پاریس کە ئەو سێ خواژنەی دەبینی سەرسام دەبێت، هەر یەکە لەوسێ ئافرەتە، کە هەر یەکە خوایەکی بەدەسەڵات بووە هەر یەکەیان دەکۆشن پاریس تەماحگیرکەن، کە بڵێ ئەو سێوە بۆ ئەو نێردراوە.

هیرا پەیمانی دا، کە دەیکاتە فەرمانڕەوای ئەورووپا و ئاسیا، ئاتنە قەول دەدا لە شەڕی نێوان ( تەروا و یۆنان)دا کارێکی وا دەکات تەروا سەرکەوێ، نۆرە دێتە سەر ئەفرۆدیت، دەڵێت: کارێکی وا دەکەم جوانترین ژنی جیهان وا لێ دەکەم عاشقی سەرسەختت ببێت.

پارس لەنێوان ئەو سێ پێشنیارەیدا عەشقی هەڵبژارد و وتی:

لەو ڕۆژگارانەیدا هەمووان دەیانزانی (هێلین) هاوسەری شای ئسپارتە (منەلائوس) جوانترین ژنی سەرزەویە و زۆربەی شاو شازادەکان عاشقی زاری هێلینی شۆخوشەنگ بوونە.

بە ڕێنمایی و چاوساغی ئەفرۆدیت پاریس ڕۆیشت بۆ ئسپارتە و بوو بە مێوانی شا و هاوسەرەکەی هێلین، لەو کاتەیدا (منەلائوس) سەفەری دورگەی (کرت)ی کرد، لەو کاتانەیدا پارس هێلین ڕازی دەکات، کە لە گەڵیا بڕوا بۆ شاری تەروا و کچە نۆ ساڵەکەی بەجێهێلا و لەگەڵ پاریسدا بۆی دەرچوو بۆ شاری تەروا.

ئەپۆلۆنیوس لە بیبلۆتکادا دەڵێت: کە منەلائوس دەگەڕێتەوە دەنوارێ هێلین بۆی دەرچووە و فڕێندراوە دەڕوا بۆ شاری (میسین) شای میسن (ئاگاممنون) برای منەلائوس بووە.

هەر لەوێـڕا بڕیـار دەدەن کە پەلامـاری شـاری تەروا بـدەن، بەڵام لە پێشدا توانییان سوپا و لەشکری شا و شازادەکانی یۆنـان کۆبکەنەوە، بە بەڵگەی ئەوەی بێڕێزی بە سەرتاسەری یۆنان کراوە.



## بێ مەیلیی ئۆدیسە بۆ بەشداربوون لەو شەڕەیدا

لەپێش جوڵانەوەی لەشکری ئسپارتە بۆ سەر شاری تەروا چەندان ڕووداو دەنگۆ لە یۆناندا بڵاوبووبوونەوە یەکێک لەو داستانانە دەربارەی (ئۆدیسە)بووە، کە ڕۆمانەکان بە (ئۆلیس یان یولوسیس) ناوی دەبەن، ئەو کەسایەتییەی شای دورگەی (ئیتاگا) بووە و ناووباوی زیرەکی و لێزانی و فێڵزانی هەبووە.

ئەو سەرەتا نەڕۆیشتە ژێر داوای بەشداربوون لە شەڕدا، هەروەها دونیایەکی پڕ لە عیشقی هاوسەرەکەیدا (پنلویە) دەبردە سەر.



(ئاگاممنون) کە بە فەرماندەی گشتیی یۆنان هەڵبژێردرابوو، حەکیم و لێزانی بەناوی (پالامیدس) دیسان ناردەوە لای ئودیس دوای کێشمەکێشی زۆر سەرەنجام ئۆدیسە ناچاری بەشداربوونی شەڕەکە

بوو، دوانزە کەشتی و شەش سەد جەنگاوەری ئامادە کرد و خۆی گەیاندە لەشکری ئسپارتەیدا کە بەرەو تەروا بەڕێکەوتبوون.

# ئەشێل

لەو کەینوبەینەیدا بەناوبانگترین شەڕکەری یۆنانی (ئەشیل)، ئەویش نەیدەویست لەو شەڕەیدا بەشداری بکات، دایکی ئەشیل یەکێک بووە لە خوا ئاسمانییەکان. کاتێک ئەشیل لە دایک بووە هەڵیژندووە لە ئاوی ڕووباری (ئستوکس) بەو شێوە ڕوبن تەن بووە، واتە هیچ چەکێک کاری لە لەشی نەکردووە، تەنها پاژنەی پای نەبێت کە دایکی بە دەستی گردوویەتی و ئاو لێی نەداوە تەنها ئەو خاڵە چەکی لێ کاری بووە، یۆنانییەکان ئەوەیان دەزانی بەبێ ئەشیل سەرکەوتن مەحاڵە، بە وتەی پێشگۆکان ئەشیل ئەگەر بەشداریی نەکا سەرناکەون بەسەر (تەروا)دا، ئەگەریش بەشداریی کات لەو شەڕەیدا دەکوژرێت.

مەکس هەتسبوک لەو ڕووەوە نووسیویەتی:

تۆتۆس بۆ دوورخستنەوەی کوڕەکەی (ئەشیل) لەو شەوە دەبرێت بۆ ماڵی مامی، جلی کابرایەکی کوتاڵفرۆشی لەبەر کرد و ڕۆیشتنە ناو کۆشکی مامیەوە، ئیدی ژنان بۆ سەیرکردنی کوتاڵەکانەوە سەرگەرم بوون، تەنها یەکێکیان ڕوانی شمشێر و سپەرێک لەناو کوتاڵەکاندایە (ئەشیل) دەناسێت و سەرئەنجام دەتوانێ ڕازی کا تا لەو شەڕە گەورەیەدا بەشداری کات.



# قوربانیکردنی ئیڤگنیا

هەزار کەشتیی جەنگی لە بەندەری (ئۆلیسە) کۆبوونەوە، کە بە تەمای هەڵکردنی بای شیمال بوونە تا هەڵکا، کە ڕۆژانە هەڵی کردووە، چاوەڕوانبوونە، بەڵام وزەی لێوەنەهاتووە.

ئیدی ئەوە هەزاران شەڕکەر چاوەڕوانی هەڵکردنی با و جووڵەی کەشتییەکان بوونە، سەرەنجام پێشگۆیەک لە لایەن خواوەندگار(ئارتمیس)ەوە ڕایگەیاندووە لەبەر ئەوەی ئەگاممنون ئاژێڵەکانی کوشتووە، ئارتمیس گەلێک ئاڵۆزە و ناهێڵێ با هەڵکا مەگەر ئاگاممنون کچە بچکۆڵانەکەی (ئیڤیگنیا) بکاتە قوربانیی، ئەو دەم با هەڵدەکا.



لەبەر ئەوەی ئاگاممنون فەرماندەی گشتیی تەواوی ئەو لەشکر و کەشتییانەی بووە بەناچاری کچەکەی دەکاتە قوربانیی هەڵکردنی با تا کەشتییەکان لە دەریادا بکەونە ڕێ بەرەو شاری تەروا کە دەکەوێتە سەر دەریای سپییەوە، بەو شێوەیە (ئیڤیگنیا)ی بێتاوان دەکوژرێت و با هەڵدەکا و کەشتییەکان دەکەونە ڕێ.

# دەستێوەردانی زئوس

لەشـکری ئسـپارتە گەیشـتنە دەروازەکـانی شـوورەی بەرز و بوڵنـدی شـاری تەروا، لەوە دڵنیـابوون کەوا سـەرکەوتنێکی ئاسـان بەدەسـت دەهێـنن، لەبەر ژمـارەی زۆری لەشـکری یۆنـان و لە هەمـان کاتـدا قارەمانانی گەلێک ناوداریان تیادا بووە، وەک:

ئاگاممنون

منەلائوس.

ئۆدیسە.

ئەشیل.

ئاژاکس.

شاهزادەی دورگەی سالامس.

ئەستوورەی حەکیم.

شاهـ بیلوس.

دیومدس.

شاهـ ئارگۆسی.

پـاترۆکلۆس دۆسـتوهاودەمی (ئەشـیل)ی قارەمـان، لەولاشـەوە تەروایەکان، ئەوانیش قارەمانانی بەرجەستەیان تیادا بووە، لەسـەریانەوە (هیکتـۆر)ی قارەمـان کە ناووبـاوی ئەشـیلی لـێ دەرکەی، لە تەواوی

قارەمانەکانی یۆنان ئازاتر و بەناوبانگتر بووە، براکەی پاریس، ترویلوس، ئانە کوڕە ئەفرۆدیت، ئانخیسس.



بەسەر ئەو قارەمانانەیدا شوورەی موحەکەمی دەوری شاری (تەروا) بەرز و بوڵندییەکەی سەرسام ئاور بووە، جگە لە دەروازەی پتەوەکانی... یەکەمین پەلاماری یۆنانییەکان خەسارەتێکی بەربڵاو و ژمارەیەکی گەلێک کوژراوی لێکەتەوە بەو شێوەیە نۆ ساڵ شەڕ بەردەوام بووە، هیچ لایەک بەسەر ئەوی تردا زاڵ نەبووە، (ئۆلەمپ)نشینان لەو سەرەوە بە وردیی ئاگادار و چاودێریی شەڕەکەیان کردووە ئەفرۆدیت لایەنگری تەروایەکان بووە، چونکێ پاریس بووەتە هۆکاری بەدەسهێنانی سێوی زێڕین، هەروەها (ئانە)ی کوڕی نیشتەجێی تەڕوا و شەڕکەری تەرواییەکان بووە. (ئارەس) خودای جەنگ، ئەویش لایەنگری تەروا بووە.

(هیرا) خوشک و خێزانی زئوس، هەروەها (ئاتنە) لە ڕەفتاری (پاریس) ناڕازی بوونە، لایەنگریی یۆنانییەکانیان کردووە، (ئەپولون) سەرەتا لایەنگریی لایەکی کردووە، لە دواییدا وەرچەرخاوەتە سەر ئەو لایەنەکەیدا (زئوس) خوای خواکان دەکۆشا بێ لایەنیی خۆی بپارێزێت.

لە ساڵی دەهەمدا ناکۆکی کەوتە نێوان (ئاگاممنون) و (ئەشیل)ی قارەمانەوە، ئەشیل دەستی لەشەڕکردن هەڵگرت و لە هەوارگەی خۆی وەدەرنەچوو، بەشداریی شەڕی نەکرد، (تتوس) خانمەخوا ڕوانی وا ئاگاممنون بە ئاشکرا بێ ڕێزی بە (ئەشیل)ی کوڕی کردووە، پەنای بردە بەر (زئوس) داوای لێ کرد تا تۆڵەی ئەو بێ حورمەتیەی لێ بکاتەوە.

بە وتەی (هومیر) تتوس ڕوو بە زئوس هاواری کرد:

ئەی زئوس! ئەی باوکە، ئەگەر ڕۆژگارێک بە وتە، بە کردار، خزمەتم کردووە، ئەو لوتفەم لە هەق بکە، تا کوڕەکەم وا بێ ڕێز و بێ حورمەتانە نەدرێت لە قەڵەم، وەک دەزانی ئەو بە جوانەمەرگی دەمرێت. جا ئەی سەروەرم ئاگاممنون چۆن ناحورمەتی وا بەرانبەر (ئەشیل)ی کوڕم بکات؟ داواکارم کوڕەکەم دڵخۆش کەی... ئەی زئوس ئەی داناترین ئۆلەمپنشین، لێ گەڕێن با تەڕواییەکان دەرسێکی باش بدەن بە یۆنانییەکان، تا ناچاری کوڕە دلاوەرەکەم بن و شانازی بەدەست بهێنێت...

زئوس لە وەڵامدا هیچی نەوت و بێدەنگ بوو، تئووس هەر دوو ئەژنۆی زئوسی لە باوەش گرتبوو، ئیدی هاواری کرد: دەی وەڵامم بدەوە و شادمانم کە بڵێی نەخێرا تۆ کەسێکی ترست لە کەس نییە.

ئەگەرچی زئوس لە درێژایی ئەو شەڕەیدا لایەنگری هیچ لایەکی نەکردبوو، وەڵامی تئووسی دایەوە، ئەو دەیزانی یۆنانییەکان بە بێ ئەشیل کارێکی وایان لە دەست نایەت، بۆیە لە خەودا هانی (ئاگاممنون) دا بەبێ ئەشیل پەلاماری تەروایەکان بدەن، ئاگاممنون هەمان کاری کرد، شەڕێکی خوێناوی ڕووی دا، شەڕ ڕاگیرا، تا شەڕی ڕووبەڕووی نێوان میلاتئوس و پاریس ئەنجام بگیرێت، دوو لە شەکر لە یەک دوورکەوتنەوە بۆ شەڕی ئەم دوانە. ئەوە ئاشکرا بوو توانای میلاتئوس گەلێک لە پاریس بەهێز و بە تەجرووبەترە، لە سەرەتاوە دیاربوو شازادەی تەروایی لەو شەڕەیدا دەکوژرێت، لە دوادوایی ئەو شەڕەیدا ئەفرۆدیت هاتە نێوانەوە و پاریسی ڕزگار کرد و هیکتۆری پاڵەوان هاتە مەیدانەوە تەروایەکان ڕاپەڕین و یۆنانییەکان تا کەناری دەریا ڕاو بنێن و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە یۆنانییەکان بکوژن.

# ئاکامی کاری پانزوکلوس و هیکتۆر

یۆنانییەکـان بە نەبـوونی (ئەشـیل)ەوە دووچـاری کوشـتارێکی زۆر هـاتبوون، گەیشـتبوونە سـەر ئاسـتی بەزیـن، ئاگـاممنون لە سـەرکەوتن نائومێد بوو کەوتبووە کەڵکەکەڵەی کشانەوە لەو پەلامارەیدا، هیکتۆری پـاڵەوان لە لایەن ئاژاکسـی قارەمـانەوە بەسـەختیی بریـندار کرابـوو، خواوندگار (ئـاپولون) فریای کەوت و برینەکەی پاککردەوە و لەوساوە بەهێزتـری کـرد، پەلامارەکـانی هیکتـۆر و نەبـوونی ئەشـیل تەرازووی شـەڕەکەی لارەسـەنگ کردبوو، لە ئاوا دەورووبەرێکدا ڕاونانی یۆنانییەکان سـەرەتاکەی وەدەرکەوتبوو(پـاتروکلوس)ی دلاوەر بە ئەشـیلی وت: تـۆ ئەوەسا لە خەیمەگەت دوور ناکەویتەوە و شـەڕ ناکەیەت، هەر نەبێ با من لەگەڵ هێزە هەڵبژاردەکەدا جلوبەرگ، خودە و سـپەرەکەی تۆ لەبەر کەم و بڕۆمە ناوشەڕەکەوە و دوژمن پێی وایە ئەمن تۆم ئەوە بۆخۆی ڕووحیی ترواکان دەبەزێنێ.



ئەشیل پێشنیازەکەی (پاترۆکلۆس)ی قبووڵ دەکات و بەو شێوەیە دەڕواتە ناو شەڕەوە. تروایییەکان وا دەنوارن، ئەشیل و فیداکارانی هاتوونەتە ناو شەڕەوە ڕۆحیەیان لاواز دەبێت و دەکشێنەوە. پاترۆکلۆس بەو شێوەیە بای غروور و لە خۆبایبوون کەوتە کەللەیەوە، زۆری نەکێشا لەگەڵ هیکتۆر پاترۆکلۆس زرێ و سپەری ئەشیل هەڵگرت، هیکتۆر پاترۆکلۆسی کوشت.

کاتێک هیکتۆر کڵاو و خودە و زرێی لەبەر پاترۆکلۆس داکەند، ڕوانی ئەوە ئەشیل نییە.

ئەشیل لە کوشتنی دۆستی ئازیز و خۆشەویستی پاترۆکلۆس گەلێک غەمگین و ئاشوفتە بوو، بەناچاری ڕۆیشت بۆ لای ئاگاممنون و (میر میدون)ـە کاتێ خۆی گلێرکردەوە و پەلاماری یۆنانییەکانی دا.

هۆمیر دەڵێت: دوو سوپا تێکەڵ بوون، خوێن لە هەر لاوە فەوارەی دەکرد، (پوزیدون) خودای بەهێز و توانا، نەڕەیەکی کرد، دەشت و دەر و دار و درەختی هێنایە لەرزین، شوورەی دەوری شاری تەروا هاتە لەرزین.

سەرەنجام تەروایییەکان توانای بەربەرەکانێی پەلاماری یۆنانییەکانیان نەما و کشانەوە ناو شار، جگە لە هیکتۆری دلاوەر، تەنها ڕووبەڕووی (ئەشیل) وەستایەوە.

دوو قارەمانی ناوداری سەردەمی خۆیان شەڕیان دەست پێ کرد. لە دیوانی خودایانی (ئۆلمپ)ـەوە تەماشاکەری شەڕی ئەو دوو قارەمانە دەبوون، ئەشیل داخ و خەمی پاتریکلۆسی لە دەروونیدا دەجۆشا، ورد ورد دەینواڕی خاڵێک لە لەش و ئەندامی هیکتۆرەوە دەرکەوێ تا

نێزەکەی هەواڵەکا، سەرئەنجام ژێر چەناگەی نیشانەگرت و نێزەکەی لەو خاڵەی دا، هیکتۆری هەواڵەی ئاسمان کرد.

# گرتنی تەروا

گەورەترین قارەمان و جەنگاوەری (تەروا) لە زەویدا کەوتبو(ئەشیل) زرێ و خودەی لەسەر و لەشی هیکتۆر دەرهێنا و هەردوو پای بە بەنێک بەستەوە و بە عەرەبانە جەنگییەکەوە و چەندان دەوری بەرانبەر تەماشاکەرانی (تروا)دا داو بەو شێوەیە ئالۆزی دامرکایەوە و لەشی بێ ڕووحی هیکتۆری قارەمانی بۆ لای شاهـ (بریاموس)ی باوکی.

تەرواییەکان لە ئاهەنگی ڕەسمورەوالّی تەرمیان بۆ هیکتۆر گێڕا و لەولاشەوە هەمان ئاهەنگ بۆ (پاترۆکلۆس)ی کوژراو گێڕدرا.

دوای ئەو ڕەسمورەواڵە شەڕ دووبارە دەستی پێ کردەوە. بە کوژرانی (هیکتۆر) و مەوجوودیەتی ئەشیل لەناو سوپای یۆناندا تای تەرازووی شەڕ بە لای یۆنانییەکاندا وەرچەرخا، شەڕ بەردەوام بوو زۆری نەکێشا پاریسی کەمانگری وردبین کە لە تیرئاوێژتندا شوهرەی ئافاق بوو، خالّی لاوازی ئەندامی ئەشیلی نیشانەگرد کە پاژنە پای بووە بەو شێوە (ئەشیل)ی دلاوەری کوشت شەڕ دووبارە هاوتا بوویەوە، زۆری نەکێشاوە تا پاریس شانازیی بەو تیرهاویژتنەی بکات، لە لایەن قارەمانێکی یۆنانییەوە بەناوی (فیلۆکیتس) کوژراوە ئیدی شەڕ لە براندەوەیدا نەبوو، تا ئۆدیسەی فێڵزان و کارامە هاتە مەیدانەوە و لەناو فەرماندە یۆنانییەکاندا وتی: بیرێکم لەسەر دایە، گوێم لێ بگرن:

ڤیرژیل لە کتاوی ئنسیدا لەم ڕووە دەڵێت:

گەورە فەرماندەکانی یۆنانی لە دارئەسپێکی زلزەلامی بولند و پاچکە داریان دروست کرد و بڕیاریاندا چەندان جەنگاوەری خۆبەخت بڕۆنە

ناو سکی ئەو ئەسپە دارینەوە، هەروایان کرد، لەشکری یۆنان سواری کەشـــتییەکانیان بـــوون، لێـــواری دەریایـــان بەجێهـــێلا و لە تەرواوە دوورکەوتنەوە و لە پشتی دورگەیەکی نزیکدا ڕۆیشتنە مەکۆوە تا بە شەودا بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان و بە ئەسپایی لە شوورە و دەروازەی هەڕووژاوی تەروا نزیک بوونەوە. لەولاشەوە تەڕواییەکان ڕوانییان وا ویۆنانییەکـان لە ناچـاریی گەڕاونەوە بـۆ ولاتیـی خۆیـان بە شـادییەوە بەرەو هەوارگەی چـــۆڵیی یۆنانییەکـــان ڕۆیشـــتن، تەنهـــا ئەســـپێکی زلزەلامیان لەخۆ بەجێهێلاوە، ئەوە گەورەترین دەستکەوتی تەرواییەکان بـووە، بە خۆشـییەوە لە شـار وەردەر هـاتبوون، بەلام لە بەجێهلانـی ئەو ئەسپە دارینە سەریان سڕمابووە، تا کابرایەکی یۆنانی بەناوی (سینون) لەوێڕا خۆی ئاشوفتە نیشان دەدا و دەڵێت:

منیـان بەجێهـێلا، ئیـدی تـا دەمـرم نـاڵێم یۆنـانیم، کە لە هۆکـاری ئەو ئەسـپەیان پرسـی، وتـی: ئەم ئەسـپەیان بـۆ سوپاسـگوزاری خـانمەخودا (ئانە) بۆ ئەویان دروست کردووە.

لە بەختی ڕەشی تەڕواییەکاندا ئەو باسەیان بەڕاست زانی، ئەسپیان ڕاکێشا تا بیبەنە ناو شارەوە، بەلام لە دەروازە نە دەڕۆیشتنە ژوورەوە، دەروازەیان بۆ تێکدا، بۆ نموونە دیاردەی سەرکەوتنی ئەسپی دارینیان بردە ناو شارەوە.

ئیتـر بەزم دەسـتی پـێ کـردەوە، شـەڕاب و سـەما و یەکتـر لە باوەشگرتن تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو.



ئەوانەی لەناو سکی ئەسپەکەدا بوونە کە دەنوارِن شار مەستی مەستە، هەر هەمـــووان لە خەوی خۆشـــیدا مەســـتی ســـەرکەوتن و شـــەرابن، لەولاشەوە لەشکری یۆنان بە ئاسپایی لە نزیکی شووورەدا خۆیان مەڵاس داوە و چاوەرِوانی دلاوەرانی ناو سکی ئەسپ، دانە دانە، دێنە خـوارەوە و پەلامـاری ئێشـکگرانی نیوەمەســت دەدەن و دەیـان کـوژن و سـوپای یۆنان دەرِژێنە ناو شاری مەست و خەوالّوو، ئیتر کوشـتار و سـووتاندن

و وێرانکردن دەستی پێ کردەوە، یەکێک لە شازادە تەروایەکان لەو ڕووەوە وتوویەتی: هاوار و هەرا لە هەر چوار لاوە بوڵندبوو، ڕۆیشتمە سەر بان و لەوێڕا غەدر و نامەردیی یۆنانییەکانم دەدی، نەڕەنەڕ و شەیپووری بەرز و بوڵند بووبوو، کەوتمە تەقەڵای ئەوە دەستەیەک بدۆزمەوە تا سەنگەری ململان دروست بکەین، فکرم لە هیچ نەدەکردەوە جگە لەوەی لەو شەڕەیدا شانازیی کوشتنم بەدەستکەوێ، بەڵام تەقەڵای دلێرانەی (ئانە) و بڕێک لە دلاوەران بێسوود بوو.

شار کەوتبووە دەستی، یۆنانیانی سەرکەوتووی داخ لە دڵەوە شاهـ (پریاموس)یان کوشت، هەروەها سەردارەکانی تری تەروایان دانە دانە کوشت.

(ئانە) باوکی پیری کردە کۆڵەوە و لە شار وەدەرچوو، ئیتر تاڵان و بڕۆ دەستی پێ کرد و شار دەسووتا و ژنانیان بە کۆیلەیی گرت و برد، منەلائوس دووبارە هێلینی بەدەست هێنایەوە و ئەو پێشگۆیەی وا شاهـ (پریاموس) لێی دەترسا، کە (پاریس) هۆی وێرانکردنی شاری تەروایە، سەرئەنجام وا دەرچوو.

یاسوون، ئۆدیسە، وانە، سێ قارەمانی

# سەرسامئاوەر

دوای ئەفسانەکانی (ئیلیادە) داستانەکانی تر ڕوویان داوە، وەک یاسوون، جیسون، گەڕان بە دوای خوری زێڕیندا، ئۆدیسە سەرگەردان بە دوای وڵاتەکەیدا دەگەڕا، خواکان سزایەکی قورسی دووروودرێژی ئاوارەگی ناو دەریاکانیان بۆ تەرخان کردبوو، وانە کە کوڕی نەفرۆدەیت بووە لە میتالۆژی ڕۆمانەکاندا بەناوبانگترین داستانی هەیە، جگە لەوانە لە ڕۆژگاری کۆندا، داستانی پڕ لە ڕووداوی سەیر و سەمەرەی زۆر وتراوە، یان نووسراون، بەڵام ئەو سێ مەلحەمەیە لەوانی تر بەناوبانگتر و بەسەر زمانەوە بوونە، ئەو سێ قارەمانە یان ئەو قارەمانانە گەشتی دووروودرێژی پڕ لە ڕووداویان کردووە بەناو دەریا نە ناسراوەکاندا لە دورگەی وڵاتان تووشی ڕووداوی خوێناوی و ترسناک بوونە و تیادا سەرکەوتووبوون، ئەگەرچی پێیان وابووە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی دونیا، لە ململان و پەلاماردان نەکەوتوون.



ئەو داستانانە لە دوای شەڕی (تەروا) و سووتانی ئەو شارە ڕوویان داوە، یان کەوتوونەتە سەر زمانی خەڵکی، ڕووداوەکانی یاسوون دیارە لەپێش شەڕی تەروادا ڕوویان داوە، زۆر لە نووسەرانی کۆنی یۆنان دەربارەی (خوریی زێڕین)یان نووسیوە، وەکوو (پیندار) لە سرووودەکانیدا (ئەپولیوسی ڕوودسی) شەش هەزار بەیتی لەو ڕووەوە نووسیوە، بەناوی ئارگۆناتیگا)، کە بەناوی کەشتییەکەی یاسوون ناوی ناوەکە ناوی (ئارگۆ) بووە، مەلەوانەکانی بە ئارگۆنەکان ناوبردووە. یان (والریوس فلاکۆس) مەلحەمەنووسی سەدەی پێنجەم ئەویش (ئارگۆناتیگا)یەکی نووسیوە، کە بە دەستەوەیە و لەناو نەچووە و پارێزراوە.

بەڵام ڕووداوەکانی ئۆدیسە یەکسەر دوای شەڕی تەروا ڕوویان داوە، هەردوو ئەو دووانە نەخش و دەورێکی گرنگیان لەو شەڕەیدا هەبووە.

لە حەقیقەتدا ئەوە شەڕی تەروا و ئاکامەکانی ئەو شەڕەیە وا پەلوپۆی داستان و ئەفسانە و ئەستوورەی جۆراوجۆری لێ بووەتەوە، لە دوای ئەلیادە، ئەو چیرۆکێکی کەی (هۆمیرە) بەناوی ئۆدیسە، هەروەها ڤیرژیل لەم ڕووەوە مەلحەمەی (ئەسید)ی نووسیوە، کە ڕۆمانەکان بە حەماسەی نەتەوایەتی خۆیانی دەزانن، هەر ئەو ڕووداوە وابووەتە هەوێنی (دانتی، ملیتون)، کە ئەمڕۆ بە دەستمانەوەیە... گەڕان بە دوای خوری زێڕیندا لەسەر پێشگویی خۆی کردووە.

(بلیاس) پاشای بەهێزی شاری (پۆلۆکۆس)، کە سەر زەوییەکەی لە ناوەڕاستی وڵاتی یۆناندا بووە. بلیاس تەختی شاهی و دەستەڵاتی لە چنگی مامەکەی بە نارەوا وەدەرهێناوە، لەو پێشبینییەدا بە (بلیاس)

دەڵێت: کابرایەک دێت یەک تای نەعلی لە پادایە، دەبێت لەو کابرایە ئاگادار بێت، کە ئەم پیاوە هەم سەرت و هەم تەختەکەت لەناو دەبا، ئەو پێشبینییەی هەر وەک خۆی هاتە دی، کابرای تاک نەعل سەرپایی لە پا کە لەناو ڕووباردا ئەو تاکێک لەسەر پایەکانی بردووە، هاتە ناو دەربارەوە و بە بلباسی ڕاگەیاند کە کوڕەمامەکەی (یاسوون)، کوڕی شاری زوڵملێکراو، ئەوە بە ڕێگەوەیە تا مافی ڕەوای خۆی بەدەست بهێنێت و دەستەڵاتی خوێناوی بنبڕکات.. بلباس نکووڵی لەوەی نەکرد، کە یاسون خاوەن مافە و تاج و تەخت و بەخت بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لە پەنهاندا نەخشەیەکی شەیتانی لەسەردا بووە، تا لە یاسوون هەمیشە ڕزگاری بێت (بلیاس) بە (یاسوون)ی وت: ئەوی تۆ داوای دەکەیت من جێبەجێی دەکەم، بەڵام لەپێش ئەوەیدا من داوایەکم هەیە، دەبێ جێبەجێی بکەیت، ئەویش ئەوەیە کەوڵ و خوری بەرانی زێڕین بگەڕێنیتەوە بۆ بلیاس، کە سەرەتا لەیرا بووە.

ئەو کەوڵ و خورییە زێڕینە بە درەختێکدا هەڵواسراوە، لە وڵاتی (کۆلخیس) دایە، من لەوە پیرترم تامووڵی ئاوا سەفەرێکم پێوە مابێت، ئەگەر تۆ ئەو کەوڵ و خورییە زێڕینە بگەڕێنیتەوە، بە زئوسی هەرە گەورە، سوێند دەخۆم لە دەستەڵات دەڕۆمە لاوە و دەتکەمە شای وڵات.

ئەو دەیزانی سەفەری وا ڕێگەی هات و نەهاتە، گەڕانەوەی یاسوون مەحاڵە بۆیە ئاوا پەیمانێکی داوە، ئەگینا بلیاس هی ئەوە نەبوو دەست لە دەستەڵات هەڵگرێ، بەڵام یاسوون لەوە دڵنیابوو، کە دەتوانێ کەوڵی خوری زێڕین بەدەست بێنێ، بۆیە وتی: باشە من ئەو مەرجەی قبووڵ دەکەم بە مەرجێک کەشتییەکی پتەو و مەحکەمم بۆ دروست بکرێت و

جەنگاوەرانی ناوداری ئەم دەڤەرانەم لەگەڵدا بێت، من ئەو گەشتەی دەکەم.

دەست بە دروستکردنی کەشتیی گەشتەکە کرا، پەیکەری خواوەندگار (ئاتنە) لە کەشتییەکەدا دامەزرا و بووە هۆی زەرافەتی کەشتییەکە.

زۆری نەکێشاوە یاسوون ژمارەیەک قارەمانی هەڵبژارد تا هاورای بن، لە کەشتییەکەیدا یەکێک لەوانە هەرکولی قارەمان و هاوراکەی هیلاس، هەروەها ئۆرفەی مامۆستای مۆسیقاژەن، هەروەها( بیلئوس)ی فەرماندە و باوکی ئەشیل هەروەها (کاستور، پۆلیدیئوس، بلۆکس رۆمانی) و خەڵکانی تر بوونە هاوسەفەری یاسوون.



# گەشتی پڕ لە مەترسیی گۆڵخیس

یاسوون و ئەرگۆناکان کەشتییان پڕ لە ئازووقەی پێویست کرد و کەوتنە ڕێ، زۆری نەکێشا تووشی یەکەمین کۆسپهاتن ئەوەیش لە کەنداوێکی پڕ لە زەرافەتدا بوو، کە لەوێڕا بڕیاریاندا ماوەیە لەوێ بحەسێنەوە و وەرزش ئەنجام بدەن.

(چارلزکین گزلی) چاوساغی بواری ئەفسانەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیا بووە، نووسیویەتی:

هەرکولی کەمان بە دەست ڕۆیشت بۆ ڕاو، تا کەڵەکێویەک ڕاو کا، (هیلاس)ی کوڕە جوانکیلەش بە دوایدا ڕۆیشت، بەڵام ڕێگەی لێ گوم بوو، لە کەناری ئاوێکدا لێ دانیشت، لەوێڕا پەرییەکانی ناو ئاو، (نۆمفەکان) هاتنە تەماشای هیلاسی جوانکیلە و ئەویان لەگەڵ خۆیاندا بردە ناو بنی گۆمە ئاوەکەوە، هەرکول هەرچی بانگەوازی کرد هیلاسی لە بنی دەریاچەکەوە گوێی لەو بانگکردنە نەبوو، (ئارکۆ) خۆی دا بە دەم باوە و دەریای شەق کرد و دەرکەوتەوە و (هەرکول)یان بەجێهێشت بەو شێوە هەر کول لە ڕووداوەکانی (ئارگۆنەکان) بێ بەش بوو، کەشتیی (ئارگۆ) بە گوزەرگایەکی تەنگەبەریدا دەگوزەرا، لە نزیکی وڵاتی ئەمازۆنەکان سەریان وەدەر هێنا، کە ناسراون بە کچانی (ئارس) خوای شەڕ کە هەر هەموو ژنانی شەڕکەر و پەلاماردەر بوون، لەوێڕا گەیشتنە ئەو تاشە بەردەی وا (پرۆمیتوس)ی تیادا چوارمێخە کێشراوە، شەقەی باڵی هەڵۆ زلزەلامەکە و ناڵە و هاواری پرۆمیتوسیان دەهاتە گوێ، لەوێڕا دلاوەران لەگەڵ (هاربی)یە بۆگەنەکاندا کەوتنە شەڕەوە.



ئەوانە گیانلەبەرانێکی بۆنبۆگەنی چنگداری بێ ڕەحەم بوون، لەوێڕا پیرەپیاوێکیان دی وشک هەڵهاتبوو، بەناوی ڤیئوس ، هێندە برسێتیی چێژابوو وشکەوە بووبوو لە برسا، ئەو پیاوەی یەکێک بووە لە پێشبینیکەران و بەلای ئەپۆلۆوە ڕێزلێگیراو بوو، بەڵام (زئوس) ئەوەی بە دڵ نەبووە بۆیە دووچاری ئاوا میحنەتێکی کردووە، هەر کات ویستویەتی شتێک بخوات ئەوە ئەو گیانلەبەرە بۆگەنانە بۆنی خۆیان پیا ڕشاندووە.

لەولاشەوە (ئاگاممنون) کە لە شەڕی پیرۆزمەندانەی تەروا گەڕاوەتەوە، دووچاری تۆفانی گەورە هاتووە و زۆربەی چەکدارانی لەو تۆفانەیدا لەدەست داوە، کە کەسێکی تری لەو فەرماندە ناسراوانە کە (ئۆدیسە) بووە لە هەمووان زۆرتر دەرد و ڕەنجی دیوە، زۆرتر لە دەساڵ وێڵی ناو دەریاکان بووە، دوای زەجر و میحنەتێکی فراوان، گەیشتووەتە دورگەی ئیتاگا، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە تووشی

دەردەســـەریەک هــاتووە، کەشــتییەکەی نغرۆبــووە و هەرچــی هــاوالّی هەبــووە نغــرۆی ئــاوبوونە و خنکــاون، بۆخــۆی بەســەر تەختــەکەیەوە زیندوو دەمێنێتەوە.

ئۆدیســە پــا دەبــاتە لێــواری دەریــا و گــوزەری دەکەوێــتە وڵاتێکــی خێرخواز بەناوی (ڤایکییەکان) شاهـ (ئلکینوس) کە شای ئەو وڵاتە بووە، (ئۆدیسە) داستانی دە ساڵ دەربەردەریی خۆی بۆ شاهـ دەگێڕێتەوە و شــاهـ ڕێــزی لــێ دەنــێ و میــوانییەکی گەورەی بــۆ ڕێکــدەخات، ئۆدیســە ئەوەها ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە:

نۆ ساڵی ڕەبەق بای نەفرینکراو هەر ڕۆژە بەرەو جێگەیەک هەڵیداوم، لە ساڵی دەهەمدا لە وڵاتێکی خێرخوازی گیاخۆراندا گیرسامەوە، لەوێڕا گوڵێکیان دەدایە چەکدارانم هەم خۆیان و هەم منیان لەبیر دەکرد، ناچار بــووم ئەوانەم بە زۆر هێنــایەوە نــاو کەشــتییەکە تــا فکــری مــانەوە لە دورگەی (نیلۆفەر)دا لەبیرکەن.

# کەڵەگای کلك ئاگرین و ددان ئەژدیها

سەرئەنجام (یاسوون) و هاوەڵانی گەیشتنە سەر زەوی (گولخیس) داوایان لە شای ئەویٚ کرد کەوا کەوڵ و خوریی زێڕینیان بداتیٚ لە بەرانبەردا لە هەر کویٚ بیەویٚ شەڕی بۆ دەکەن، شای گۆلخیس بەناوی (ئاتیتس) حەزی لە چارەی ئەو میوانانە نەدەکرد بۆیە ڕایگەیاند ئەوی بە تەمای کەوڵی خوریی زێڕین بێت، مەگەر لە بەرانبەر کێدا ئازایەتی خۆی بسەلمێنیٚ، جا دەبیٚ بتوانێت ڕووبەڕوو دوو گای کلک ئاگرین بێتەوە و بیانبەستێتەوە، دانەکانی وەک تۆو لە زەویێدا بوەشێنیٚ، ئەو تۆوە دەبنە چەندان جەنگاوەر و لە زەوییی وەدەردێن و هەر هەموو ئەوانە تەفروتوونا کا.



یاسون فکری کردەوە، هیچ مرۆڤێکی ئاسایی توانای ئەو کارەی تیا نییە و بێگومان کوژراوی ناوە، بەڵام زۆری نەکێشاوە یارمەتییەکی چاوەڕواننەکراوی پێگەیشت، هیرای خانمەخوا ئەفرۆدیتی ڕازی کرد، کە کوڕەکەی (ئاروس یا بە ڕومی کۆپید) بنێرێت بۆ دورگەی گولخیس تا کارێکی وا بکا (میدیئا) کچە شای ئەفسووندار عاشقی یاسوون کات، کارەکە بەم شێوەیە ئەنجام درا، (میدیئا) بۆخۆی جادووگەر بوو، کەوتە یارمەتیی یاسوونەوە، بە دزییەوە ڕۆیشتە دیداری یاسوون، شووشەیەک دەرمانی جادووبازی دا بە یاسوون.

(ئاپۆلیوس) لەم ڕووە دەڵێت: میدیئا بە یاسوونی وت: بەرەبەبان خۆت ڕووت بکەوە و ئەو شووشە دەرمانە بخەرە نێو ئاو، خۆتی پێ تەڕ بکە، هێز و توانای ئەفسانەییت پێ دەبەخشێت... هەروەها نێزە و شمشێر و سپەرکەتیش بەم دەرمانە تەڕ بکە، بەوەی سەردەکەوی.

یاسوون بە باوەڕێکی بەهێزەوە هەر دوو گاکەی چوار پەل بەستەوە، ئەو جەنگاوەرانەشی لەناو برد و لە مەرجەکەدا سەرکەوت، بەڵام ئاتیتس یەشتا هەر ڕازی بە ئەنجامدانی وەعدەکەی نەبوو، یاسوون بە هاوکاریی (میدیئا) توانی ماری پاسەوانی کەوڵی زێڕینیش بکوژێت. کەوڵی زێڕینی بەدەست هێنا و گەڕایەوە یۆنان.

# لە ئەشکەوتی سیکلۆپەکانا

ئۆدیسە دەربارەی گەشتەکانی بۆ شای دەگێڕاوە:

ئـێمە گەیشـتینە دەڤەری سـیکۆلۆپەکان، ئەوانە تـا خـوا حەز نەکـا دڕندەخوو و خوێنخوار و وەحشی بوون، ئەو جانەوەرانە یەک چاویان هەبووە، هیچ بەرهەمێکیان نەبووە، هیچ پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ یەکدا نەبووە، تێکڕا ئەشکەوتنشین بوونە و تا خوا حەز بکا بەرز وبوڵند و بەهێز بوونە، ئۆدیسە دەڵێت: نیازمان بە ئاو و ئازووقە پەیدا کردبوو، دوانـزە شـەڕکەرم لەگەڵ خۆمـدا بـرد و چـوینە نـاو دورگەکەیـانەوە، ئەشکەوتێکی گەورەمان وەبەرچاو کەوت، پڕ بوو لە مەڕ و بزن، لە پێش ئەوەیدا بتوانین شتێک لە ئەشکەوت ببەینە دەرەوە، کابرای غۆل هـاتەوە نـاو ئەشـکەوت، نـاوی (پـۆلیڤیم) بـوو، بەردێکـی زلزەلامـی خسـتە نـاو دەرگاکەوە، بە پەنجا شەڕکەر نە دەجووڵا.

پرسی ئێوە لە کوێدا لەنگەرتان خستووە؟

وەلامــم دایەوە: کەشــتییەکەمان تۆفــان بردوویەتــی، ئــێمە هەر ئەوەندەمان لە تۆفان ڕزگار بووین.

پۆلیڤیم لە پڕ دوو لە ئێمەی گرت و دایانی بە دیواری بندەستیدا و هەردووکیانی قووت دا.



به سـبەینێدا دوانـی کەی لێکوشـتین و قوتیـانی دا و لە ئەشـکەوت ڕۆیشـتە دەرەوە دەمـی ئەشـکەوتی بە بەردی زلـزەلام وا بەسـت نەمانتوانی بڕۆینە دەرەوە، کە گەڕایەوە دوانی کەمانی خوارد و کەوتە شەڕابنۆشـین غـۆلەکە ویسـتی نـاوی سـەرکردەکە بزانـێ، پرسـی نـاوت چییە؟

ئۆدیسـە دیسـان زیرەکـی کـرد و وتـی: ( نـاوم هـیچ کەسـە.) کە غـول خەوت ئۆدیسە و هـاوالانی دارێکی گەورەیان نووکتیژ کرد و لە ئاگردا سووریان کردەوە.

ئەو دەڵێت: ئەو لە پرخەی خەودا بوو لە چاڵی چاویەوە نزیکبوومەوە و بە تەواوی توانـامەوە کـردمە نـاو چاویـدا، خـوێن لە چـاوی فەوارەی

کرد، برژانگ و ئەبرۆی سووتا، گلێنەی چاوی برژا، هاوار و نەڕەی غۆل ئەشکەوتی دەلەرزانەوە.

بە ڕوخساری خوێنینەوە داری نووکتیژی لە چاڵی چاوی وەدەرهێنا، ئەو دەم کەوتە هاوار و نەڕەنەڕ، غۆلەکانی دەوروبەری ڕاگەیاند و لە دەمی ئەشکەوتدا کۆبوونەوە پرسییان ها (پولیڤیم) گرفتت چییە؟ کێ تۆی ئازار داوە؟

ناوی منی کەوتەوە بیر و وتی:

هیچ کەس!

پۆلیڤیم هیچ کەس منی وا لێ کردووە، ئەو وڵامە غولەکانی دەمی دەری ئاڵۆز و ئاشووفتە کرد و بەر ئەشکەوتیان چۆڵ کرد.

بە بەیانیدا (پۆلیڤیم)ی کوێر ناچار گابەردی لە دەم ئەشکەوت بەلاوە نا، تا مەڕەکانی بلەوەڕێن، دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە ، لە (پۆزیدون)ی باوکی پاڕایەوە تا تۆڵەی لەوانەکاتەوە وا وایان لێ کردووە.

ئۆدیسە و هاوڕێکانی فرسەتیان هێنا و لە دەرگای ئەشکەوت وەدەرچوون.

ئۆدیسە دەڵێت: دەردی من تەواوبوونی بۆ نەبوو، چەندان ساڵ دەربەدەری ناو دەریاکان بووم، لە دوڕگەی (ئاینا)دا لەنگەرمان خست، لەوێڕا جادووگەرێک نیوەی جەنگاوەرانی منی کردە بەراز ( سیرسە)ی جادووگەر، بەوەوە ڕانەوەستا دەکۆشا هەموومان وا لێ بکات، لەوێڕا ڕۆیشتن بۆ دوڕگەی (سیرنەکان) دەستەخوشکێکی ترسناک بوون، بە ئاوازی عاشقانە دەیانخوێند و گوێگرەکانیان لە هۆش دەبرد، سەرەنجام کەسم بەلاوە نەما، هەر خۆم بە تەنها مامەوە، سەرەنجام ڕێم کەوتە ئەشکەوتی کە فەرمانڕەوای ئەوێ ئافرەتێک بوو بە ناوی ( کالیسپو)

حەوت ساڵ لەوێ گلی دامەوە، تا زئوس ڕەحمی پێ کردم و فەرمانی دا ئازادم بکات.

ئۆدیسە لەو میوانی شاهەیدا چیرۆکی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە، وتی: تا گەیشتمە دوڕگەی پڕ لە میهرەبانی (فایکی).

شاهـ ئیلکینوس فەرمانی دا تا ئۆدیسە بگەیەننە دورگەی (ئیتاگا)ی هەوارگەی هاوسەر و منداڵەکانی، کە گەیشتە دوڕگە ڕوانی کۆشکەکەی پڕە لە هەرا و ئاشووفتەگی لەولاشەوە ئیتاگیەکان لایان وابووە ئودیسە زەمانێکە مردووە، زۆرتر لە سەد داواکار هاتوونەتە ناو کۆشکەکەی و داواکاری (پنلوپە)ی هاوسەرین تا دەستەڵاتداری زەوت کەن، ئۆدیسە و کوڕەکەی (تیلماخوس)ی گەنج و بازووڵە ئەستوور بە جلوبەرگی دەرۆزەگەرەوە ڕۆیشتە ناو تەلار و دیوەخانەکەی خۆیەوە پڕ بوو لە داواکارانی (پنلویە) ئیتر بە هاوکاریی دوو لە خزمەتکارانی (تیلماخوس)ی گەنج کەوتنە کوشتنی ئامادەبووان.

هۆمێر کوشتنی یەکێک لە داواکاران بەناوی ئۆریماخۆس وا باس دەکات: ئۆریماخوس شمشێری تیژی دوو دەمی گردە دەستەوە و پەلاماری ئۆدیسەی دا، لە هەمان کاتدا ئۆدیسە نیزەیەکی بۆ هاویشت و جگەری دوو لەت کرد، شمشێری لە دەست کەوتە خوارەوە و کەوتە زەوی و گیانی لە دەست دا.

هیچ یەک لەو داواکارانە سالم لەو تەلارە وەدەرنەچوون، هەر هەمووان کوژران و جەلال و شکۆ گەڕایەوە بۆ تەخت و بەختی ئۆدیسە( بنلوپە)، دوای بیست ساڵ لە یەک دووربوون، گەیشتنەوە یەک، خەڵکی دورگەی ئیتاگا کەوتنە شادی و خوشگوزەرانی.

# چۆنیەتیی دروستکردنی شوورەی شاری تەروا

لە یەکێک لە ئەفسانەکاندا دەربارەی شاری تەروا هاتووە، کە زئوس خوای خواکان فەرمان دەداتە (ئەپولون و پوزیودن) ساڵیک کار بۆ لائومیدون بکەن، کە لە دواییدا بووەتە شای تەروا، تا مەرجی بەربەرەکانی شوورەکەی لە شەڕی داهاتووی (تەروا) و یۆنانییەکاندا بەرگەی ئەو پەلامارانەی بگرێت، بە یارمەتیی ئەو دوو خوا دەستەڵادارە، توانرا شوورەی شار بە شێوەیەکی سەرسام ئاوەر دروستکەن تا هیچ هێزێک توانای هەڕووژانی ئەو شوورەی تیادا نەبێت، داستان سەرایەکی ڕۆمانی بەناوی ( پیندرا) لە کتاوەکەیدا بەناوی (سروودە خواییەکان)ی سەردەمی کلاسیک دەڵێت: کاتێک ئەپولۆن و پوزیدون کەوتنە دروستکردنی شوورەی دەوری شاری (تەروا) ، ( ئەیاکوس) باپیرەی ئەشیل ئەوشیان هێنایە ناو یارمەتییەوە.



دیوارەکـان تـازە تەواو کرابـوون سـێ ئەژدیهـا لەنێـو دیوارەکـانەوە سەریان وەدەرهێنا دوانیان کەوتنە خوارەوە تۆپین، یەکێکیان مـایەوە و بە کیفەکیف هەڵگژایە سـەر دیـواردا، ئـاپۆلۆن ئەوەی بە پێشـبینیی خـراو هاتە بەرچاو، وتی:

ئەی ئەیـاکوس شـوورەی دەوری (تەروا) لەو جێگەیـدا شـوێن دەسـتی تۆی تیادایە ئەو دیوارە دەهەڕووژێت، ئەوە دیاردەیەکە زئوس بۆ منی وەدەرخستووە، بە تەئکید بێ یارمەتیی کۆڕ و کوڕەزای تـۆ ئەو دیوارە نا هەڕووژێت، دەورەدانی شـاری تەڕوا یەکەمین چینی ڕەگەزی تۆ ئەو دەورەدانەی دەدەن، ئەپولــۆ ئەوەی وتــی حەقــیقەت بــووە و ئەوەی بەجێهێڵا بەرەو خانتووس، گەڕایەوە.

پۆزیـدون گەڕایەوە پـایتەختی دەسـتەڵاتی خـۆی (ئیسـتیموس) لەنـاو دەریادا ئەیاکوسیشی لەگەڵ خۆدا برد.

# نیوەخوا و نیوەمرۆڤ!

ئەوانە لە تێهەڵچوونی نێوان خواکان و بەشەڕدا پێک هاتوون چ نێر یا مێ (ئەشیل، وانە، هەرکول)، لەو هاوپێخەفیەی خواکان و مرۆڤدا پەیدابوونە و بەسەر زەوییەوە ژیاون.

(مایکل گرنت) چاوساغی لە یەکدەرەوەی مێژووی قووڵی یۆنان، لە کتاوی ( یۆنان و ڕۆمان)دا دەڵێت: ئەو قارەمانانەی وا لە (ئیلیادە)یدا ناو دەبرێن، بەتایبەت شەڕی (تەروا)یۆنانییەکان بیروڕای کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، ئەدەبییان بە ئاسانی وەرگرتووە، ئەو قارەمانانە لە هەر کات و زەمانێکدا دەبێ تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن و لەبیر نەکەن ئەوان نموونەی بەرز و باڵای قارەمانیەت بوونە، لەبیرکردنیان تاوانێکی مەزنە، ئیتر ئەوانە لە هەر ئاستێکدا بەرز و باڵابوونە چ لە ڕووی قارەمانیەتەوە یان دارایی یان شۆرەت و باو، سەرپۆپەی ناو خەڵکی بوونە.



ئەگەرچی ئەوان وەک خوا نەبوونە و بە مرۆڤ ژمێردراون، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئاسمان و خوداکاندا هەبووە(هزیود) قارەمانەکان بە نیوەخودا و نیوەئینسان ناو دەبا، ئەگەرچی کاروکردەوەی مرۆڤ ناگاتە توانا و قودرەتی خواوەندگارەکاندا، بەڵام دەکرێ نزیکیان کاتەوە ئەوەیش بەستەگی بە خوخەسڵەت و خولیای ئەو کەسەیە، کە تا چ ئەندازە دەتوانێ لەو هێز و توانای ئاسمانییەی نزیکتر بێتەوە.

# تالووسی غولی برونزی

برێـک لە لێزانـانی دونیـای ئەفسـانەکان لایـان وایە گەشـتەکەی ئەرگۆنەکـان تـا ڕادەیەک لە هەقـیقەتەوە نـزیکە، لەم ڕووەوە (چـی ڤـی لـویس لێزانـی ئەسـتوورەکان لە کتـاوی ئەتلەنتیسـی گـوم بـوودا دەڵێـت:(ڕووداوی ئەرگۆنەکـان لەگەڵ غـولی برونزیـدا لە نزیـک دوورگەی (کـرت)دا پەیوەنـدی لەگەڵ گرکـانەکەی دورگەی (تیـرا)دا هەیە، بـۆیە تـا ڕادەیەک گێـڕانەوەکەی لەگەڵ ئەوانـی تـردا جیـاوازە، ئەوە دەزانـین تالووسی غول سەرتاپا لە برونز دروستکرابووە، بەو قەبارە زلـزەلامەی جگە لە پاژنەی پای نەبێت، کە لە کەرستەیەکی ناسک داپۆشراو بووە (ئەرگۆنەکان) خراپ لەو لە گابەردانەی کە تووڕی دەدا ترساوبوون، لە کەناری دەریا دوورکەوتنەوە تا میدیئای جادووگەر هاتە نێوانەوە و بە ئەرگۆنەکانی ڕاگەیاند دەتوانن بەسەر ئەو غولەیدا سەرکەون بۆیە وتی چاوم لێ کەن، تەلەسمێکی لەو غولەی کرد، بینایی لێڵ و خومار کرد، غـۆل گـابەردێکی بەدەسـتەوە بـوو، تـا بیهـاوێژێتە میـدیئا تیرێکـی دا لە جێگەی پاژنەی پا برونزی تواوە بە کونبوونی پاژنەی پای فەوارای کرد و هێـز و توانـای لـێ بـڕاو و دا هەڕووژایە سـەر زەویـدا... ئیـدی ئەو داستانەی وا (ئۆپولیونوس) لە سەدەی سێهەمی پ.ز نووسیویەتی، بەڵام داســـتانی ڕووداوەکـــانی ئەرگۆنەکـــان لە حەقیقەتـــدا لە تەواوی ئەستوورەکان کۆنترە، ئەوە بۆخۆی وەدەرخستنی گەشتە دەریاییەکانی (میسنی)یەکانە، لێرەدا پرسیارێک دێتە مەیدانەوە، تالوسی برونزی بەو شێوە گابەردی دەهاویشت ئایا ئەوە بیرەوەری تەقینەوەی گرکانی (تیرا) وەبیردێنێتەوە، ئەو گابەردە زلزەلامانەی وا تـالووس دەیهاویشـت هەمـان

لافاوی ئاگری ناو گڕکانەکە وەبیردێنێتەوە، کەوا دەشتودەری داپۆشیی بووە، بەڵام کەوتنی غولی تالووس یانی خامۆش بۆنی ئەو گڕکانەیە.



# هێزی دەریایی

لە یەکدەرەوەی گەورەی دونیای ئەستوورە لە کتاوەکەیدا بەناوی (بەسەرهاتی ئۆدیسە لەناو دەریای میرەترینیدا)، لەو کتاوەیدا مەوقیعەتی جوگرافی ئەو گەشتەی دەستنیشان دەکات، بەتایبەت ئەو ئەشکەوتەی وا غولی یەک چاو ئۆدیسەی زیندانیی کردبوو، ئەو دوڕگەیە کە لەو دەمەیدا کەمتر ناسراو بووە، لە هەقیقەتدا ئەوە دوڕگەی (ماڵتای ئێستایە، لەولاشەوە فینقیەکان کە سەردار و بە توانای دەریای میدەترانیا بوونە گرنگییان بەو دوڕگەیە داوە، بەتایبەت کەنداوەکەی ئەو دورگەیە و ئەشکەوتی سیکلوپیەکان و ماڵتا و فینقییەکان یەشتا ئاسەواریان ماوە، من لەوەی دڵنیام دوڕگەی ماڵتا هەمان سەرزەویی سکلوپەکانە.



# داستانی دڵدارەکان

ئەوە حاشاهەڵنەگرە یۆنانییەکانی کۆن و ڕۆمانییەکان گرنگیی زۆریان بە هەستی عاشقانە داوە، لە ئەفسانەکانیاندا ڕووداوی عیشقی زۆر ڕووی داوە، ئەوەیان تۆمار کردووە، کەوا عیشق و عاشقی گەلێک لە کۆسپ و گرفت و بەربەستەکان گەورەتر بووە و بەسەریدا سەرکەوتووە.



جا ئێمە لێرەدا پێنج ڕووداوی عیشقی باس دەکەین، کە چۆن بەرانبەر هێزی لەخۆ گەورەتر سەرکەوتوون، بۆ نموونە داستانی عاشقی (کۆپید و پسوخە) عیشقی کچەجوانێکی گەنج کە بەرانبەر تۆفانی دەستەڵاتی

(ئەفرۆدەیت ، ڤینۆس) ڕاوەستابێت، هەروەها داستانی (پیگمالون و گالاتیا) کە بۆخۆی زەڕافەتی عیشق تۆمار دەکات و مرۆڤێکی بێ ڕووح و ڕچاو دەگۆڕێتە سەر دونیای عیشقدا.

هەروەها داستانی (یاکوس و فلیمون) هەروەها (پۆرامیس و تیسبە) ئەو جۆرە عیشقانە هەتا وەکوو مردنیش نەیانتوانیوە زاڵ بن بەسەر عیشقدا.

نووسینەکانی (ئۆید) کە بە هەوارگەی عاشقان دەژمێردرێت لە یۆنانی کۆندا لە بەشی یەکەمی ئەو داستانە عاشقانەیدا نووسیویەتی: هاوار لە منی ڕەشبەختی نائومێد، تیری عیشق هات و خاڵی خۆی نەپێکا، من لەناو گڕی ئاگردام وا دەسووتێم، عیشق، لە عیشق زیاتر هیچی تری تیادا نییە.

بەرهەمەکانی (ئۆید) جوانترین شیعری عاشقانەی تیادایە، (ئوید) گەورەترین داستانسەرای ڕووداوەکانی عیشقی قووڵایی مێژووە بەتایبەت: هونەری عیشق، عیشقەکان، ژنە قارەمانەکان، لە ڕۆژگاری ئەودا، هەروەها لە سەرەتای کتاوی عیشقەکاندا نووسیویەتی: هاوار بۆنی کلۆڵ و نەگبەت، هاوار تیری عیشق هات، هیچی تر نییە لە عیشق زیاتر تیری عیشق پێکامی، دیلی کردم، کە تا ئەوڕۆ دیلی هیچ کەسێکی تر نەبوومە.

ئەڵبەتە (ئۆید) وەنەبێت ئەوانەی لە خۆوە نووسی بێت، لە مێژدا ئەو داستانانە سنگ بە سنگ لە ناو یۆنان و ڕۆمانەکاندا باوبووە وتراوە و جێگەی تایبەتییان هەبووە، لە فکر و فەرهەنگی (ئۆید) گەلێک کۆنتردا وەبرێک لەوانەیان وەرگردووە و بە گوێرەی درێژیی زەمان بووە هی

ئەوان وەک داستانی (پۆرامیس و تیسبە) ڕەنگە لە وڵاتی بابل وەرگیرابێت، داستانەکە سەرەتا گەیشتووەتە یۆنان، لەوێڕا گەیشتووەتە ناو ڕۆمانەکان، تەواوی ئەو داستانەی وا لێرەدا باسی دەکەم جگە لە داستانی (کیوپید و پسوخە) لە کتاوی (متامۆرفۆراس)، کە ئۆید نووسیویەتیەوە، هەروەها داستانی (کیوپید و پسوخە) لە کتاوی کەری زێڕین کە داستانێکی درێژی لاتینیی تەواوە لە لایەن نووسەری سەدەی نۆهەمی زایینییەوە نووسراوە، بەناوی ئاپۆلیوس کە زۆر لەو بابەتە ئەستورانەی یادداشت کردووە و بەڵام بەداخەوە زۆربەیان لەناوچوون.

# کۆپیدۆ پسوخە

بە وتەی ئاپۆلیۆس ئەوە هێزی عیشقە توانیویەتی بەسەر دەستەڵاتی خودایدا سەرکەویێ، قودرەت و دەستەڵاتی بێ پایانی خواژن ئەفرۆدەیت نەیتوانی بەسەر عیشقدا زاڵ بێت.

ڕۆژێک شاهـ و شاژنێک لە شارێکدا دەژیان، سێ کچی شۆخ و نازداریان هەبووە، بچووکترینیان ناوی پسوخە بووە، هێندە نازدار و جوانکیلە بووە ناوباوی زەرافەت و جوانی لە شاراندا ناووباوێکی یەکجار بەربڵاوی هەبووە، خەڵکی لە دوورە وڵاتانەوە ڕۆیشتوون بۆ دیتنی ئەو کچە شۆخوشەنگەی لە هەر شەقام و کۆڵانێکدا دەرکەوتبا تەماشاکەران گوڵبارانیان کردووە، ئەو ڕەفتاری خەڵکە زۆرە ڕقوکینە و هەستی شاکامی لە دڵ و دەروونی (ئەفرۆدەیت – ڤینۆس)دا مالامالکرد، کە بۆ ئەو خەڵکە وا ستایشی جوانی (پسوخە) دەکەن و جوانی و نازداریی ئەویان لەبیر کردووە، ئەوە کارێکی نەشیاو و بەلای ئەفرۆدەیتەوە نەشیاوێکی گەورە و گرانە، لەو ڕووەوە ئاپۆلووس نووسیویەتی: ئەو گرنگییەی خەڵکەکە بە جوانی بۆجوانی پسوخەیان دابووە گڕی شاکامی و ئاڵۆزی لە دڵ و دەروونی ئەفرۆدەیت بڵێسەی سەندووە چۆن دەبێت خودایی زرافەت لەبیرکرێت و ستایش لە بەشەرێکی وا ئاسایی بکرێت و ئەفرۆدەیت لەبیرکرێت؟

لە تووڕەییدا سەری سووردا و چپەئاسا بەخۆی وت: ئەوە منم لە ئەزەلەوە خودای جوانی و زەرافەتم، لەناو تەواوی میللەتاندا جوانیی منیان پەرستووە، هەروە با ئاسانی کچۆڵەیەکی بەشەری تەختی جوانی

لە من داگیرکا... تەنوورەیەکی کرد و گەردەلوول ئاسا ئەفرۆدیتی خواژن کورە نازدار و ڕوخسار جوانەکەی بانگ کرد، (کیوپید)ی وت: هەستە بڕۆ ئەو کچۆڵە جوانکیلە، عاشقی خوێڕیترین بێ ئەخلاقترین بەدڕەفتارترین، پیاوێکی سەر زەوی بکە، تا جوانییەکەی لە پیسی و نا تەباهیدا هەڵژنریت ... (کیوپید) بە فەرمانی دایکی هەڵسا تا فەرمانەکەی ئەنجام بدا، کە ڕوخسار و قەدوبالآی (پسوخە)ی دی یەک دڵ نا سەد دڵ عاشقی (پسوخە)ی بوو وەک وابێت یەکێک لە تیرەکانی خۆی درابێت لە پۆپەی دڵی بۆیە فەرمانەکەی دایکی خستە لاوەوە و نەیتوانی ئەنجامی بدا...



ڕۆژگار تێپەڕی هەر یەکە لە خوشکەکانی (پسوخە) شویان کردە شازادە و شایەک، بەڵام هیچ پیاوێک نەهاتە خواستگاری پسوکەوە، ئەوە بووە جێگەی نیگەرانیی دایک و باوکی، بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بردە پێشبینیکەری پەرستگای (ئەپولون) ئەوەیان نەدەزانی کەوا خودی ئەپوولو لە نەخشەکەی کیوپبدا بەشدار، ئەپولو ڕایگەیاند پسووخە جلی ڕەشی لەبەرکا و تاک و تەنها بڕواتە ناو شاخ و لەوێڕا ئەژدیهایەکی باڵدار لە ئاسمانەوە دادەبەزێت و پسووخە دەبێتە هاوسەری باوک و دایکی پسووخە، بە ناچاری هەمان فەرمان ئەنجام دەدەن.

کاتێک (پسووخە) لەناو شاخدا تەنها مایەوە دۆڵ و دەربەندێکی تەڕ و تۆڵ سەوزەڵانی پڕ لە ئاو بەدی کرد کۆشکێکی بچووکی تیادا دروست کرابووە، بەرەو کۆشک بەڕێکەوت، ڕۆیشتە ناو کۆشکەوە کۆشک بێ زێڕ و زیو ئاراستە کرابوو، ڕازاوە بە جوانترین پێداویستییەکانی ژیان، ئیدی ئەوی جەواهیرات بووە تیادا دانراو بووە، دەنگێکی هاتەگوێ، بەڵام پسوخە خاوەن دەنگەکەی نەدی، بەڵام لەوەی دڵنیابوو، کە نەکراوەتە قوربانیی ئەژدیها بۆیە ئەوی دەنگەکە وتی: ئەنجامی دا، بە شەودا هێشتا نەنووستبوو هەستی کرد کەسێکی تریش لەناو جێگەکەیدایە، نەیدەزانی کێیە و چییە و چ جۆرە گیانلەبەرێکە لەبەر تاریکیی ژوورەکە، بەڵام هەمان دەنگ بوو کە لە مێژدا بیستبووی، ئەو دەم کەوتنە پەیوەندیی لەزەتەکانی پەیوەندی نێوان نێر و مێ ئیتر بەو شێوە هەموو شەو دەگوزەرا.

پسووخە نەدەکۆشا بزانێ ئەوی لەگەڵیا هاوپێخەف بووە کێیە و چ جۆرە گیانلەبەرێکە. ئەو کەسە لەپێش ڕۆشنایی ڕۆژدا پسوخەی بەجێدەهێلا، بەڵام ئەو پەیوەندیەی دووچاری گرفت بووە، ئەویش ئەو

کاتەی بۆ دوو خوشکەکەی هاتن بۆ سەردانی، ئەگەرچی هاوپێخەفەکەی پسوخە پێی راگەیاندبوو نەکا بکۆشێت ڕوخساری ببینێت؟

پسووخە کەوتە بیرەوە ڕەنگە هەمان ئەژدیهایە بێت وا وترابووە، دوو خوشک پێشنیاریان کرد دەنگ مەکە تا دەنوێ ئەو دەم چراکەت ڕۆشنکەرەوە بە شمشێر بیکوژە.

پسووخە کەوتە بیرەوە و هەمانی کرد وا وتیان، شەو دوای نوستنی کابرا چرای ڕۆشنکردەوە و شمشێر بە دەست ڕاوەستا کەروانی ئەوی لە تەنیشتییەوە نوستبوو، جوانترین ڕوخسار، تەواوترین لەش و ئەندام کە لەسەر زەویدا نەیدیوە، پسوخە تووشی سەرسامیی هاتبوو گیانلەبەری وا نازداری بێ عەیب لە هیچ کوێی دونیا نەبینراوە، دڵۆپێک لە مۆمی سووتاو کەوتە سەرشانی (کیوپید) لە خەو هەڵسا.

بێ ئەوەی هیچ بە پسوخەی ڕەشبەخت بڵێ لە پڕ گوم بوو...

پسووخە وا لە باوەڕپێکردنی مێردەکەی خیانەتی کردووە، فکری کردەوە چۆن ئەو هەڵەیەی کردوویەتی پاساو داتەوە بە ناچار دەست بە دامێنی ئەفرۆدەیت بوو، تا چارەیەکی بکات، ئەودەم ئەفرۆدەیت زانی کیوپیدنەکوو فەرمانی بەجیهانبێت بەڵکوو ئەوی زێڕ و زیو هەیە هەڵبژاردووەتە پای پسووخەی یاخیدا بۆیە کەوتە دروستکردنی گرفت و کۆسپ لە ڕێگەی پسووخەیدا چەندان مەرجی سەختی نەکردەی خستە پێش پسووخە، بە یارمەتیی گیانلەبەرانی کەژوکێو مەرجەکانی ئەفرۆدیتی ئەنجامدا، بەڵام هەڵەیەکی گەورەی تری کرد لە ئاکامدا پسووخە بە فەرمانی ئەفرۆدەیت کەوتە خەوێکی قووڵ و دوور و

درێــژەوە ئەفرۆدەیــت لەوە ڕازی بــوو، کە توانیــویە تــۆڵەی خــۆی لە پسووخە بکاتەوە.

زۆری نەکێشــاوە (کۆپیـد) هــاتووەتە نێـوانەوە، ئەگەرچـی پســووخە پەیمــانی شــکاندبوو، بەڵام کیوپیــد یەشــتا هەر خۆشــی دەویســت، پسووخەی دۆزییەوە تەلە سمەکەی دایکی بەتاڵکردەوە کەوتە پاڕانەوە بەلای (ژوپیتر)ەوە کەوا لە گرفتەکەیدا یارمەتیدەری بێت.

ئاپۆلیوس دەڵێت: ژوپیتەر هەرچی خواکان هەبوو بە ئەفرۆدیتیشـەوە کۆیانی کردەوە و ڕایگەیاند:

بەڵـێ ئەو کارە (کیوپید) هەرزەکـارانە ڕەفتاری کـردووە، بەڵام کـاتی ئەوە هـاتووە هەڵەکـان ڕاسـتکەینەوە، ڕووی کـردە ئەفرۆدەیـت و وتـی: کچم تۆ نابێت نیگەران بیت لە ژن و کوڕەکەت و پسووخە.. بۆیە لام واباشە پسووخە بهێنرێتە هەوارگەی ئێمە و لێوانی ئاسمانی دەرخوارد بدرێت و ژیان لەگەڵ کیوپیدا بە خۆشی ببنە سەر.

# پیگمالیون و گالاتیا

ڤینۆس دیسان مەوجوودیەتی لە عیشقێکی نەشیاودا وەدەردەکەوێ، ئەویش داستانی پەیکەرتاشێکی گەنجی یۆنانییە بەناوی (بیگمالیون) ئەم پەیکەرتاشە باوەڕی وابووە کەوا ڕەگەزی مێینە بێهێز و فێڵباز و ناقسن، وەهەرچی تەقەلاش بکەن لەو بازنە ناجۆرییەیدا وەدەر نایەن، بۆیە بڕیاری دابووە هەرگیز ژن نەهێنێ و ڕەبەن بمێنێتەوە، ڕۆژێک ئەم پەیکەرتاشە گەنجە بڕیاریدا پەیکەری ژنێکی جوان ئەنجام بدا، بەو شێوەیە بە خەیاڵی خۆی ئافرەتێکی جوانی بێ نەقس بهێنێتە وجوود، دەستی بە تاشینی پەیکەرەکەی کرد و ئیدی ڕۆژ بەڕۆژ بیری لە چۆنیەتیی پەیکەرەکەی دەکردەوە، تا سەرئەنجام پەیکەرەکەی تەواو کرد. پەیکەر هیچ جۆرە نەقسێکی تیادا بەدی نەدەکرا.

بە پێچەوانەی بیروڕای پیگمالیونەوە، پەیکەرەکەی لە پۆپەی زەرافەت و جوانی و تەناسووبدا تەواو کرد، هەرکە لێی ورد دەبوویەوە، دەیسلەماند بەڵێ ئەمەی ئەو تاشیویەتی پۆپەی جوانییە و هاوتای نییە، بۆیە عاشقی پەیکەرە دەستکردەکەی خۆی بوو.

ئۆید لەم ڕووەوە نووسیویەتی: پیگمالیون ...کە سەیری پەیکەری داتاشراوی دەستی خۆی دەکرد و بە سەری پەنجە دەیخشاندە لەش و ئەندامی مەرمەرە داتاشراوەکەی دەیسەلماند بچووکترین هەڵەی تیادا نییە و پڕە لە جوانی و زەرافەتی ژنانە وردە وردە کەوتە ماچکردنی پەیکەری بەردین و سەد دڵ عاشقی پەیکەرەکەی خۆی بوو.



ئیتر وەک گیانلەبەرێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد و لەگەڵیا قسەی دەکرد و دەیدواند و وەسفی دەکرد و دیاریی ژنانەی بۆ دەهێنا و زێوەر ئالاتی پیادا دەکرد و ئەنگوسیلەی لە پەنجەکانی دەکرد و جلوبەرگی لەبەر دەکرد و گوارەی بە گویەیدا هەڵدەواسی و سەرئەنجام دەیبردە ناو جێگەوە و سەرینی نەرمی دەخستە ژێر سەری و بەبێ وشەی ئازیزم هیچی لەگەڵدا نەدەوت.

تا بیرەوەری ڕێزلێنانی خواژن ئەفرۆدەیت هاتە پێشەوە پیگمالۆن ڕۆیشتە ڕووبەڕووی میحرابەوە و داوای لە ئەفرۆدەیت کرد تا لە عیشقەکەیدا یاریدەدەری بێت.

دوای دوعا گەڕایەوە لای پەیکەرەکە، کە دەستی خستە سەر لەشی هەستی کرد گەرمە، کەوتنە گفتوگۆوە، ئەفرۆدەیت خۆی لە بەزمی شادییەکەدا بەشداریی کرد و کچێکیان بۆ ناونرا (یاغوس) بەناوی پەرستگایەکەوە کە بۆ ئەفرۆدەیت ئەنجام درابووە.

# پۆمۆنا و ڤیتۆمنوس

ئەوانەی بەشـــەربوون و لەســـەر زەوی ژیـــاون، وەک: پســـووخە و پیگمـانون، تەنها ئەوان نەبـوونە، لەگەڵ خوداوەندگارەکانـدا پەیوەنـدییان پەیدا کردووە و عیشقی هەتاهەتاییان بەدەست هێناوە، پەریی ئاسمانی پۆەونای جوانکیلە کە تەنها گرنگیی داوەتە باخی میوەکەی و پەیوەستە خەریکی بووە نەیدەهێشت هیچ یەک لە لادێنشینەکان نزیکی ببنەوە، بەتایبەت گەنجە پەلوپۆ بڵاوەکان دەرگای باخی سفت بەستبووەوە پۆمنـای شۆخوشـەنگ وەنەبـی دەرگەی بـاخەکەی هەر لە مـرۆڤ داخستبێت، زۆر لە کورەخواوەندە گەنجەکان شیفتەی جوانی و پۆمۆنـای بـوون، بە لاساریيەکی ڕەقەوە دەستی دەنا بە سینەیانەوە، هەتاوەکوو گیانلەبەرە ئاسمانییەکان ئەوانەی وا نیوەیان بزن بوونە و نیوەی تریان مرۆڤ بوونە، ناسراوبوون بە (ساتیرەکان) ، کە (ساتیر) خودا گرنگیی پیداون.

ئەو پەرییە نازدارە ئەوی دڵداریی بووە هیچ ڕوویەکی پێ نەداون لە دواییدا ڤییرتۆموونووس خودا و گەنجی چوار وەرز گۆڕین و پارێزەری میوەکان فکری کردەوە بەختی خۆی لەگەڵ پومونادا تاقیی بکاتەوە، سەرەتا بەشێوەی تری چین هات بۆلای لە دواییدا بە شێوەی سێوچن، یان وەک ڕاوچیی ماسی، سەرباز ڕۆیشتە لای، بەڵام هەر ڕووی خۆیشی نیشان نەداوە.



(ڤیتۆمینوس) کەوتە بیرێکی ترەوە خۆی کردە پیرەژنێک و ڕۆیشتە ناو باخەکانی (پۆمۆنا)، کەوتە تاریف و ستایشی میوەکانی ناو باخ و ئینجا ڕوخساری (پۆمۆنا)ی ماچ کرد، کچە سەری سڕما لەو کارەی، بەڵام زۆری نەکێشا (ڤیتۆمینۆس) ڕوخساری خۆی گۆڕی بەشێوەیەکی تر هاتە قسەکردن. ئۆید لەم ڕووەوە دەڵێت: لەوە گەڕێ گەر تۆ لە هەزار پیاو بێزاری نیشاندەیت، ئەوە ناگەیەنێت ئەوان بە جوانیی تۆ سەرسام نەبن و تەمەننای نزیکبوونەوەت نەکەن، جا گوێ لە پیرەژنێکی وەک من بگرە، لەو بێ سەروپا و پروپووچانە گەڕێ، (ڤیتۆمینۆس)

هەڵبژێرە بە هاوسەرت، من ئەو چاک دەناسم ئەو شتێکی ترە، ئەو ئەو کەسە نییە هەر کچێک هەڵبژێری، ئەو دەمودەم هەرزەهەوەسی نییە، سوورە لەسەر وتە و بەڵێنی تا خوا حەز بکا دەڕواتە دڵانەوە ئەوەی تۆ حەزت لێیەتی ئەویش حەزی لێیەتی، ئەو بۆ هەمیشە ئەو کەسەیە خۆشەویستیی لە وجوودیا دەپەروەرێنێ، ئینجا واستانێکی تری بۆ گێڕاوەتەوە.

تا زووتر دڵی سەنگی نەرمتر بکات، بۆیە وتی: کچێکی گەلێک جوان دڵدارەکەی لە خۆی دوورخستەوە، ئەویش لە نائومێدیا خۆی خنکاند، ڤینۆس لە تۆڵەی ئەودا کچەی کردە بەرد، ئەو وتانەی (ڤیرترمنوس) دڵی بەردینی (پۆمۆنای) نەرم نەکرد بۆی دەرکەوت ئەو وتانە لە دڵی پۆمۆنایدا کاریگەر نەبووە، بۆیە هەر وەک خۆی لە بەرانبەر (پۆمۆنا)یدا خۆی وەدەرخست ئەو دەم وردبوویەوە حەقیقەت لە دڵ و دەروونی پۆمانایدا کاریگەریی خۆی وەدەرخستووە، کە ئەوی دیوە لە بنەماوە گۆڕاوە و دڵی بەردینی نەرم کەوتە لێدانی، سیحر ئامێزی عیشق ڕوانی ئەو پیاوەی لە بەرانبەریدا ڕاوەستاوە جوانی و نازداری لەو کەمتر نییە، لەو ڕۆژەوە (ڤیرتۆمنوس و پۆمۆنا) وەک هاوسەر بوونە چاودێریی باخەکان.

# پانۆکیس و فیلمون

پۆمۆنا و ڤیرتۆمینوس هەردووکیان هێز و توانایی خوداییان هەبووە، کە بۆ هەمیشە گەنج دەبنەوە، بەڵام دڵدارە بەشەرییەکان بەپێی درێژیی ساڵ پیر دەبن، داستانی خوارەوە دەربارەی دوو درەختە (بەڕوو و زەیزفون) نیشاندەری ئەوەن، عیشقی بەشەری تا سەردەمی پیری هەیە و بە گوڕ و تواناوە دەمێنێتەوە و لە مردنیشدا هەر بەردەوامە.

یەکێک لە ڕابواردنەکانی (زئوس یان ژوپیتەر) ئەوە بۆخۆی گۆڕیوەتە سەر مرۆڤ، ڕۆیشتووەتە ناویان جارێک زئوس و میرکوڕی پەیکی زئوس بە شێوەی مرۆڤ دەڕۆنە ناو خەڵکەکەوە، ئەمجارە دەڕۆنە سەر زەویی (فریگییە) – کە تورکیای ئێستایە- بەشێوەی سواڵکەر دەکەونە گەڕان تا ئەندازەی مێوانداری خەڵکیی ئەو دەڤەرانەیان بەدەست بهێنن. ئیتر ماڵ بە ماڵ گەڕان و زۆر بێحورمەتییان لەو خەڵکەیە دی، خواردنیان لە دارا و نەدار داوا دەکرد، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە دەرگەیان لێ نەکردنەوە. زیاتر لە هەزار هەزار ماڵ گەڕان هەمان ڕەفتاریان هەبووە، سەرەنجام پەنا دەبەنە بەر بەنگەلەیەک لە دار و پوشاک و قامش دروستکرابووە، لەو هەزار ماڵەی وا گەڕابوون، پیرمێرد و پیرەژنێکیان بینی بوو، لەم ڕووە ئۆید نووسیویەتی: ئەو دوانە لە گەنجیدا بووبوون بە ژن و مێرد، زۆر یەکتریان خۆشویستووە، زۆربەی ژیانیان لە هەمان بەنگەلەیدا گوزەراندووە، ئەگەرچی زۆر هەژار و نەداربوونە، بەڵام بە شادمانی ڕووبەڕووی هەژاری خۆیان بوونەتەوە، ئەو دوانە ناویان (پائوکیس و میلمون) بووە، ئەو دوانە بە تەواوی توانایانەوە دەکۆشان تا دوو میوانەکەیان ئاسوودە بن، پائوکیس مێزی

شەق و لەقی تەختیەکەی پاک و تەمیز کردەوە، بە یارمەتیی هاوژینەکەی ئەوی خۆراک بووە خستیانە سەر مێزەکە بۆ میوانەکان ئیتر لەگەڵ میوانەکانیاندا دەستیان بە خواردنی ئامادەکراو کرد، ژن و مێرد وردبوونەوە، هەر کات دوو لێوانی پڕ لە شەراب دەبنەوە، گۆزەی شەرابیش هەروەک خۆی پڕ و لێوان لێوە، تووشی ترسێک هاتن و کەوتنە دوعاکردن و لە خودا پاڕانەوە لەو کەینوبەینەیدا (زئوس و میرکوری) خۆیان ناساند و دڵنیایانیان کردەوە تا ترس و تۆقیان بەلاوە نێن و هەردووکیانیان هەڵگرت و بردنیانە سەر پۆپەی چیاوە.



ڕوانیيان لافاوێکی بێ ئامان دەڤەرەکەی داپۆشی ئەو گیانلەبەر بووە، هەموو خنکان تەنها جێگەیەک لە لافاو پارێزرا هەمان بەنگەلەی ئەو دووانە وە لە پاداشتدا بە ئەمری زئوس جێگەی ئەو بەنگەلەیە بوو بە پەرستگایەکی مەزن و پانۆکیس و فیلمون بوونە قەشەی ئەو پەرستگایە و لە پایانادا ئەو دوو عاشقە بە فەرمانی زئوس بوونە دوو درەختی داربەڕوو و زیزفون، تا بە ئێستایش جووتیارانی ئەو دەڤەرە ئەو دوو درەختەی بە گەشتیاران نیشان دەدەن.

# پۆرامیس و تیسە

زانیـــت ئەو دوو دڵـــدارە پـــانوکیس و فیلمـــون بەو شـــێوەیەی وا خوێندتەوە، سەرەنجامیان شادیبەخش و خۆشی ئەنجام بوون. ئەمەیش بەسەرهاتی دوو دڵداری دیکەن بەناوی پۆرامیس و تیسە. ئەم دوانە لە وڵاتـی میزۆپۆتامیا ژیـاون، هاوسـێی دیـوار بە دیـواری یەکتـر بـوونە، پەیمانی عیشقیان بە یەکەوە بەستووە، بەڵام باوکیان بەو هاوبەستەگییە و عیشـــقی نێوانیـــان ڕازی نەبـــووە، هەتـــاوەکوو لە دیتنـــی یەکتـــر قەدەغەکرابـوون، سـەرەنجام درزێـک لە دیـواری نێـوان هەردوو مـاڵەکە دەدۆزنەوە لەوێـڕا دەنگیـان دەگەیشـتە یەک، زەمـان گـوزەرا، ئەم دووانە بەم شێوەیە لە یەک مەحرووم بوون، سەرەنجام بڕیار دەدەن لەم تەم و خەم و مەحـڕومیەتییەی خۆیـان ڕزگـار کەن. ئەوەبـوو لە خێزانەکانیـان دوورکەوتنەوە، بڕیـار دەدەن یەکەم ژوانیـان لەژێر دارتووە ناسـراوەکە بێت.

کچە زووتـر خۆی دەگەیەنێتە ژێر درەخت و ئیدی ئەوە دونیا وردە وردە ڕۆشن دەبێتەوە. کچە دەڕوانێ دەڵەشێرێکی دەمخوێناوی وا پەیتا پەیتا لە دارتوو نزیک دەبێتەوە، لە ترسا پەشتەماڵەکەی بەجـێ دەهێڵێ و بـۆی دەردەچـێ، شـێرەکە دەگـاتە بـن دارەتـوو و پەشـتەماڵ بە دەمـی خوێنـــاوییەوە خـــوێنین دەکـــات و شـــڕ و وڕی دەکـــات، زۆر ناکێشـــێ (پـۆرامیس) دەگـاتە بـنە دار و ورد دەبێـتەوە، پەشـتەماڵەکەی تیسـەیە و خوێناوییە و ونجر ونجر کراوە، لەوە دڵنیا دەبێ کە جانەوەر (تیسـە)ی خـواردووە و ئەوە بە تـاوانی خـۆی دەزانـێ بـۆیە یەک و دوو ناکـا و خەنجەرەکە هەڵدەکێشێ و دەیدا لە پۆپەی دڵی و هەر لەوێدا دەمرێ لەو

کاتەیدا (تیسە) دەگەڕێتەوە بۆ بن داری توو، دەنواڕێ وا پۆرامیسی دڵداری خەنجەری لە دڵی خۆی داوە و مردووە، ئەویش بە هەمان خەنجەر خۆی دەکوژێت.



ئەو دوو دڵدارە بوونە قوربانیی دوو باوکی دڵڕەق. تەرمی هەردووکیان دەسووتێنن و خۆڵەمێشەکەیان تێکەڵ دەکەن و بە بادا تا ببنە نموونەیەکی پڕ لە زەڕافەتی خۆبەختکردنی دونیای عیشق، لەو ڕۆژەشەوە ئەو درەختی تووە هەر تووی سووری خوێناوی وەبەر هێناوە.

# مردن لە پێناوی عیشقدا

لە تەنگەبەری (هلسیونت) کە یۆنان لە ئاسیاچیا دەکاتەوە و لە دوو لێواری دەریای نێوانیاندا دوو گەنج دەژیان، یەکێکیان بەناوی (لیئاندەر) لەبەری ئاسیادا دەژیا، ئەوی تر کچێکی جوانی خانومان بەناوی (هیرۆ) لە لێواری بەرەی یۆناندا دەژیا، هیرۆ چاوساغی پەرستگای زئوس بووە.

ڕۆژێک (لیئاندەر) گوزەری دەکەوێتە ئەو پەرستگایە، لەوێڕا لە دوورەوە ( لیئاندەر و هیرۆ) چاویان بە یەکتر دەکەوێت، تیری عیشق هەردووکیان دەپێکێت، ڕۆژگاری ئەو عیشقە درێژە دەکێشێت، دایک و باوکی (هیرۆ) بەو پەیوەندییە ناڕازی بوونە و هەتاوەکوو دیتنی یەکتریان لێ قەدەغە دەکەن.

تا بڕیار دەدەن شەوانە یەکتر ببینن، هیرۆ چرایەک شەوان هەڵدەکات لەو بەرەوە لیئاندەر بە مەلەوانی دەریای نێوان دەبڕێت و خۆی دەگەیەنێتە هیرۆ، ئیتر بەو دژوارییەی یەکتر دەبینن، شەوێک لیئاندەر وەک هەر شەوێکی تر مل دەناتە دەریاوە، لەو کاتەیدا تۆفانێکی گەورە هەڵدەکات، دەریا دەکەوێتە نرکە و ناڵە و شەپۆلی زلزەلام، سەرئەنجام (لیئاندەر) توانای لێ دەبڕێت و شەپۆل نغرۆی دەکات.



بە سبەینێدا دەریا تەرمی خنکاوی لیئاندەر دەگەیەنێتە لێواری نزیکی پەرستگاکە، کە هیرۆ وا دەبینی (لیئاندەر)ی عاشقی وای بەسەر هاتووە، ئەویش دەڕواتە سەر پەرستگاکەوە لەوێڕا خۆی توورڕ دەداتە خوارەوە، بەو شێوەیە هەردوویان لە عیشقدا ناکام دەبن.

# نەفرینی خواکان

یەکێــــک لە دیاردەکــانی ئەفســـانەکان لەوەدایە خودایـــان جــارە و تووڕەبوونیـان بـووەتە هـۆی ئـازار و ئەزیەتـی مرۆڤـی سـەر زەوی، بڕێکیان بە هەق و بڕێکی کەشیان ناحەق، بەتایبەت ئەو بەشـەرانەی بێ ڕێزی و بـێ حورمەتییـان لە حەق خواکـان یـان پەرستگای خواکانیـان کردووە، بێ ڕەحمانە لە لایەن خواکانەوە سزادراون، بۆ نموونە فەرمانی خواوەندگار( ئاتنە) کەوا سزای سـەرکەوتووەکانی شـەڕی تەروای داوە کە لە کـاتی چـوونە ژوورەوەی شـاری (تەروا) بـێ ڕێزییـان دەربـارەی پەرستگاکەیان کردووە یان لافاوەکەی (زئوس) بۆ دەڤەرێکی پانوپۆڕ بە سـزای ڕێزنەگـرتن لە هەژاران و لێقەومـاوان لە داسـتانی (یـائۆکیس و فلیمون)دا لەو بابەتە سزایەی تیادایە.

گەورەترین تـاوان دەربارەی خوداکان لە لایەن (تانتـاروس و نیویە) بـووە. لە ڕاسـتیدا کـارێکی یەکجـار ناشـرین و نەشـیاویان کـردووە و شـایانی سـزای خوداییـان بوونە، نەک تەنهـا تانتـاروس بە تەنهـا بەڵکوو ئەوی کوڕ و نەوە و نەتیجەی هەبووە، هەمـان لەعنەت گردیانیەتەوە، لە خێزانی (ئاتریئۆسـە)ەوە کە نەوەی (تانتـالوس)بوو دەسـتی پـێ کـردووە، بڕێـک لە نەوەکـانی تانتـالوس کە دووچـاری ئەو نەفـرینە بووبـوون لە دواییـدا کـاری نەشـیاویان لە حەق خزمەکانیـان ئەنجـام داوە. هەروەهـا کاری بێ ڕەحمانەی ئاگاممنون لە هەق کچە منداڵەکەی خۆی ئیفگنیا کە لە پێش شەڕی (تەروا)دا سەری بڕی بۆ هەڵکردنی با بۆ کەشتییەکان.

لە لایەکی ترەوە لە ئەفسانەکاندا جارەوبار مرۆڤ دوچاری نەفرینی خوداییان بوون بێ هیچ تاوانێک، بۆ نموونە: (متئوس) هیچ تاوانێکی لێ نەوەشابوویەوە، سزادراوە، (ئاپولو)، قودرەتی پێشبینی پێ بەخشی بووە، لە ئەفسانەی یاسوون و ئارگۆنەکان) بەسەر ئەوەیدا زئوس هەستی بە مەترسی کردووە، سزای ڤینوسی بێ تاوانی دا، یان بێ بەختیی (ئوديب)، ئەو دووانە لایان وابووە دەتوانن لە پێشبینیی شووم و نەگبەت خۆیان بپارێزن، وە سزایەکی گەورە دراون. (ئۆدیب) وتوویەتی: مرۆڤ نابێت بە هیچ جۆر نا فەرمانیی خواکان بکەن.



## مردنی ئاسان بۆ تانتالوس

با بزانین ئەو تاوانە گەورەیەی (تانتالوس) چی بووە لە هەق خوداکان کردوویەتی؟ بۆچی ئەو سزا قورسەی خستە سەر خۆی و نەوەکانیشی؟

تانتالوس کوڕی زئوس بووە، لە ژنێکی بەشەری سەر زەوی. زۆر لە هەوارگەی خواکاندا (ئۆڵەمپ)دا خۆشەویست و نازپەروەر بووە و ڕێز لێگیراو بووە، بە جۆرێک هیچ مرۆڤێک لەوێڕا ئەو پێگە و جێگەیەی پێ نەدراوە، هەتا وەکوو مۆلەتی پێدراوە لە شەرابی ڕازداری خودایان بخواتەوە، خواکان دیتنی ماڵی سەر زەوی (تانتالوس)یان دەکرد.

ئەو، لای وابووە بە ئاسانی دەتوانێ خواکان بخەڵەتێنی و فێڵیان لێ بکات، سەیر لەوە دایە بۆچی خیانەتی وا گەورەی لێوەشێتەوە، ڕەنگە خۆی لەوان بە گەورەتر و زاناتر دابێت لە قەڵەم.

جا خواکان داوەت دەکات بۆ ئێوارەخوانێک لە ماڵەکەی خۆیدا، کە لەسەر زەوی بووە، ئەو ئێوارەخوانە کوڕەکەی (پیلیوس) سەری دەبڕێت و گۆشتەکەی دەخاتە بەر خودایان، کە هاتبوون بۆ میوانی ئێوارەخوان.

تانتالۆس وای زانیوە بەو کارە قێزەونە خواکان دەخەڵەتێنێ بۆگەنترین و ناشیاوترین خۆراکیان دەرخوارد دەدا، بەڵام کاتێک خۆراک دەخاتە بەردەستی خودایان، کە بۆنیان کرد زانییان (تانتالوس) چی کردووە، بە تووڕەبوون و ئاڵۆزییەوە ماڵەکەی بەجێ دێڵن، ئەوان دەیانتوانی دەست بەجێ سزای بدەن، نەیان کرد چونکە لە باوەڕێکدا بوونە مردنی کتوپڕی بۆ (تانتالوس) گەلێک کەمە، بۆیە هەڵیان دایە ژێر زەوی بۆ لای (هادس) تا بۆ هەتا هەتا لە عەزاب دابێت کە ئۆدیسە بە

یەکێک لە سزاکانی ژێر زەوی لای (هادس) بووە، لەوێڕا (تانتالوس) بە سزا قورسەکەیەوە دیوە.



پیرەمێردێکی لاواز و وشکهەڵاتوو، ئاو تا ژێر چەناگەی هاتووە ئەو تینوی یەک دڵۆپ ئاو بووە هەر کات تەقەڵای خواردنەوەی یەک قومێ ئاوی کردبێت، ئاو دوورکەوتووەتەوە. ئەوی لەژێر پایدا دەیدەی تاریکی هەزار بە هەزار بووە، بە راسەریەوە درەختی میوەی جۆراجۆر میوەکان شۆڕبووبوونە سەر سەریەوە، هەر کات دەستی بۆ بردبێت میوەکان دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام (پیلویس)ی سەربڕاو، خواکان بەزەییان پێدا هاتەوە، گەڕانیانەوە بۆ ناو ژیان و زیندەگانی، بەڵام لەوە دەچێت یەکێک لە خواکان (دیمیتر) لەو گۆشتەی خواردبوو، بۆیە کە (پیلویس) زیندووکرایەوە دەستێکی لە زێڕیان بۆ کرد.

# فرمێسکەکانی تیوبە

پیلیوس دووبارە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە کێشەی گرتەبەر، ئەو تەنها کەسێکی بنەماڵەی بووە ژیانی وەهای بۆ مابێتەوە، چونکە خواکان تاوانی وا قێزەونی (تانتالوس) هەرگیز فەرامۆش ناکەن و ئەو بنەماڵەیە سەرجەمیان دووچاری نەفرین و سزا کرابوونەوە.

تیوبە خوشکی پیلیوسە، ئەو تاوانەکەی باوکی یەکەم کەس بووە دووچاری سزا و نەفرین بووەتەوە، لە سەرەتاوە وا دەبینرا کە (تیوبە) ژیانێکی ئاسایی دەباتە سەر، مێردەکەی (ئامبیونون)، ئەو ژن و مێردە حەوت کوڕی جوان و حەوت کچی نازداریان هەبوو، تیوبە غروور و هەستی دەستەڵاتداری لە باوکییەوە بۆ مابوویەوە، ئەو حاڵەتە کەوتە خولیایەوە، هەر ئەو هەستە ژیان و زیندەگی سەرا لێژ کردەوە.

ڕۆژێک دەڕوا بۆ پەرستگایەک ژمارەیەک ئافرەت بە دوعاوە سەرگەرم بوونە و قوربانییان بوو (لتو وە تیتانەکان و دایکی ئاپۆلۆ ئارتەمیس) کردووە، لەوانە دەپرسێ:

بۆچی خۆتان زەحمەت دەدەن و دوعا و قوربانی بۆ (لتو) دەکەن، من لەو شایستەترم، من بە ئەندازەی (هیرا)ی ژنەخوای زئوس جوانترم لەوانە گوزەشتە چواردە منداڵی بێ هاوتام هەیە، لە کاتێکدا (لتوی) هەژار تەنها دوو منداڵی هەیە، لەوانەگەڕێن وەرن پەنا بهێننە بەر من.

زۆری نەکێشاوە (لتو)، لەو وتانە ئاگادار بووەتەوە بێ درەنگ ڕۆیشتووە بۆ لای ( ئاپولون و ئارتەمیس) داوای کرد تا سزایەکی شایستە بۆ (تیوبە) دابین کەن، ئەوانیش بە گورجی داواکەی دەستبەجێ

جێبەجێ دەکەن، لە کێوی (ئۆلەمپ)دا دەکێشنە خوارەوە تیرۆکەمانە بەهێزکانی خستە کار، بە بەرچاوی (تیوبە)وە هەرچی مندالّی بوو سەرەتاپایان کوشتن.

ئۆید لەم ڕووەوە نووسیویەتی: تیوبە بەسەر تەرمی کوڕەکانیەوە ماچیانی کرد، ئینجا ڕووی کردە ئاسمان و هەردوو دەستی بەرزکردەوە و بەرەو ئاسمان قیژاندی: تێر بخۆ لە غەمگینیم ئەی (لتو)ی بێ ڕەحم، بەم کارەساتەمەوە یەشتا لە تۆ بالاّتر و سەرکەوتووترم، لە پڕ گیزەی تیرێک هات و یەکێک لە کچەکانی پێکا، نەخێر تیرێکی تر، تیرێکی تر، هەر پێنج کچی کەوتنە سەر زەوی (تیوبە) خۆی دایە سەر دوا کچیدا و کەوتە پاڕانەوە، ئەمە بچووکەکەیانە، ئەمەم بۆ بهێڵنەوە، نەخێر دواتر دوا کچی پێکا و ئەویشان کوشت، تیوبە هیچی بۆ نەوترا، ئارام دەینواڕییە هەر دوانزە مندالّەکەیدا وردە وردە بۆیە پەیکەرێکی بەردین، پەیوەستە فرمێسک لە چاوی دەچۆڕایەوە سەر لەشە بەردینەکەیەوە، ئەوە بوو بە هۆی تۆقیان و هەڕەشەیەکی خوێناوی تا هیچ کەس زاتی ئەوە نەکات بێڕێزیی بکاتە خواکان...



# نەفرین، نەوەکانی گرتەوە

ئەو نەفرینە لەیرەدا تەواو نەبووە و شۆڕبووەتەوە بۆ سەر دوو کوڕی (پلوپە) بەناوی (توستس و ئاترۆئس)، (توستس) عاشقی ژن براکەی دەبێت و دوور لە چاوی براکەی پەیوەندی ناو جێگەی لەگەڵدا ئەنجام دەدا (ئاترونوس) ئەوەی دەزانێ گەلێک ئاڵۆز دەبێ و بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیەکی سەخت دەدات، کارە بۆگەنەکەی باپیرەی دەکاتە (ئلگۆ) و هەمان ڕەفتار دەکات، دوو کوڕی منداڵی (توتوس) دەکوژێت و پارچەپارچەیان دەکات و دەکرێتە خۆراک و دەیخاتە بەردەستی باوکیان.

لەبەر ئەوەی (ئاترۆئوس) شابووە و دەستەڵادار (توستس) نەیتوانی بەرانبەری ڕاوەستێ و تۆڵەی لێ بکاتەوە، ئەو تاوانە بێوەڵام مایەوە هەر نەبێ لە سەردەمی ژیانی ئاترۆئوسدا بەڵام یەکێک لە کوڕەکانی شتێکی گەورەی لێ قەوما. کوڕەکەی بەناوی (مینەلائوس) فەرمانڕەوای شاری ئسپارتە مێردی (هێلێنی) بەناوبانگی هۆکاری شەڕی تەروا و یۆنان وە دوای گرتن و هەڕووژانی (تەروا) هێلینی گێررایەوە بۆ شاری ئسپارتە.



دیـــارە نەفـــرینەکە لە ڕســـواییە زیـــاتر دامێنی(مینەلائـــوس)ی نەکردووەتەوە، بەڵام بەهێز و تواناوە دامێنگری کوڕی (ئاترئۆس) بوو، کە هەمـان (ئاگـاممنون)ی بەناوبـانگە کە فەرمـانڕەوای (میسـین) بـوو و فەرماندەی گشتی شەڕی تەروا و یۆنان بووە.

## کوژرانی ئاگاممنون

دوای فەرماندە بوونی لەشکری یۆنان و سەرکەوتن بەسەر شاری تەروادا (ئاگاممون) سەرفرازانە و لەخۆباییانە گەڕایەوە بۆ یۆنان، لە دەریادا تووشی تۆفانی یەکجار بەهێز هات و زۆربەی شەڕکەر و مەلەوانەکانی لە تۆفاندا خنکان، خۆی و چەند کەسێک توانییان بگەنەوە پایتەختی (میسین)، خەڵکانێکی زۆر ڕۆیشتبوونە پیریەوە، تا لای کۆشکەکەی هاوڕایی بکەن.



لە ڕوانگەی (ئاگاممنون)ەوە هەموو شت بەخۆشی دەگوزەرا، لەناو ئەو کەسانەی ڕۆیشتبوونە پیریەوە، چەندان ڕیش سپی و چاوساغ و

خـاوەن تـاقیکردنەوەش هەبـوون، بەلای ئەوانەوە قوربـانیکردنی کـچە بچکۆلەکەی لەلایەن (ئاگاممنون)ەوە ترس و تۆقیانی لە دڵ و فکری ئەو ریش سپییانەیدا نابوویەوە، کەوا مومکین نییە ئەو نەفرینە کۆنە دامێنی ئاگاممنون نەگرێتەوە.

ئۆدیت هیملتون لەم ڕووەوە دەڵێت:

دە سـاڵ بەسـەر قوربـانیکردنی (ئیڤیگنیـا) گـوزراوە، بەڵام ئەو تـاوانە یەشـتا بە کـار و کردەوەیەکـی قیـزەوەن دەدرا لە قەڵەم، گەورە پیـاوانی شار کەسانێکی چاوساغ و لێزان بوون، دەیانزانی هەر تـاوانێکی تـری بە دواوەیە و بێ سزا نامێنێتەوە. نگەبەتیی ئەو کچە هەتاوەکوو لە هەواو و دەورووبەری پیرۆزمەنـدانەی (ئاگـاممون)دا قورسـایەکی وەدەر دەکەوت. خەڵکەکە دەیـوت ڕەنـگە تـۆڵەکە درەنـگ بکـات، بەڵام بێگومـان بێ وەڵام نابێـت، بـێ ئاگـا لەوەی تـۆڵەیەکی خوێنـاوی لە کۆشـکەکەی ئاگاممونـدا چاوەڕوانیەتی.

لە هەقیقەتدا ئەوە( تایەنسترا)ی ژنی ئاگاممنون بووە، چرکە ژمـارەی کـردووە، تـا تـۆڵەی کـچە بـێ تـاوانەکەی بسـێنێتەوە، وا وردە وردە، ئەو کاتە هاتووەتە پێشەوە ئەو بە درێژایی دە سـاڵ ئـاڵۆزیی و هەسـتی تـۆڵە سـەندنەوە لە دڵ و دەروونیـدا دەکـولا، لە نەبـوونی ئاگاممونـدا، بـۆیە دۆست و مەعشووقەکەی ئایگیستوس کوڕە بچووکی (توستس کە دوای خـواردنی گۆشـتی کوڕەکـانی لە دایـک بـووە، بە یـارمەتیی ئایگۆسـتوس نەخشـەی کوشـتنی ئاگـاممنون و بە وردی دەکێشـن ، گەورە پیـاوانی میسـین، لە دەرەوەی کۆشـکەوە چـاوەڕوان بـوون، دەنگـی هـاواری (ئاگاممنون)یـان بیسـت، زۆری نەکێشـاوە شـاژن، خەنـجەر بەدەسـت، بەرگخوێناوی، هاتە دەرەوە و خوێن بە خەنجەرەکەی دەتکا.

ئنخولوس لە شانۆی نامەکەیدا ئاگاممنوندا وتەکانی وا دەڵێت:

دوا خەنجەرم لێدا، دوو هاواری مەرگئاسای کرد و لەسەر چۆک کەوت، کە کەوتە سەر زەوی خەنجەری سێهەمینم پیا ماڵی، ئیتر خوێن ڕێچکەی بەست، من لەو دەمانەیدا شانازیم بە کارەکەمەوە دەکرد، ئەو پیاوە شایستەی ئاوا کارێک بووە هەر دەبووا بکرێت، بۆیە من لێوانی مەرگم پێ نۆشی ، بێگیانم کرد.

# تۆڵەی ئۆرستس

(کلۆتامینستەراو، ئایگیستوس) لەو کوشتنە یەک تۆزقاڵ پەشیمان نەبوون، کارەکەیان بە کردەوەیەکی پەسند و شیاو دەزانی. هیچ پەشیمان نەبوون، هەروەک (ئاگاممنون، ئاترتوسی، تیوبە، تانتالوس) هیچ کامیان لە کردەوەکەیان پەشیمان نەبوونەوە، تەنها خوێن دەتوانێ ئەو تاوانانە پاک کاتەوە، بیریان لە نەفرینە ئەزەلییەکە نەکردبوویەوە کە دامینگیریی نەوە و منداڵەکانیان دەبێت.



کلۆتامینستەراو، ئایگیستوس، ساڵەها فەرمانڕەواییان کرد وا تێدەفکران تەواوی کارەکان هیچ مەترسییەکی ئاسمانی یان زەمینی نییە، بەڵام دوان لە منداڵەکانی (ئاگاممنون) ئۆریستە و کچەکەی ئلکترا

زیندووبوون، ئۆریستەر لە دەڤەرێکی تر دەژیا و لە ترسی ئەوانا دوورکەوتبوویەوە، ئەگەر بیانتوانیبایە ئەویشان دەکوشت، ئالکترا لە هەمان کۆشکی باوکیدا بێ ڕێز ژیاوە، کوڕە گەورە بووە بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێک براکەی بگەڕێتەوە.

سەرەنجام ئەو ڕۆژە دێتە پێشەوە و (ئۆریستە) هەستی تۆڵە لە دەروونیدا کەفی کردووە، بە پەنهانی دەڕواتە ناو کۆشکی باوکییەوە و خۆی دەگەیەنێتە (ئەلکترا)ی خوشکی، ئەو دوانە نەخشەی کوشتنی بکوژی باوکیان دەکێشن و بە وردی ئەنجامی دەدەن، دوای کوشتنی کلۆتامینستەراو، ئایگیستوس، ئۆرستس ڕوانی دەعبا و ڕمووزنی ناحەزی ترسێنەر دێنە بەرچاوی، ئیدی ژیانی پڕ بوو لە ترس و تۆقیان. زانی وا نەفرینە ئەبەدییەکە وا خەریکە دامینگریی ئەویش دەبێت. پەنای بردە بەر پەرستگای (ئاتنە)ی بەخشندە و کەوتە دوعا و ستایشکردن (ئاتنە)ی لێزان و بیرمەند، داوای لە خواکان کرد، کە نەفرینەکە تا ئێرە بێت و بەس، ئەوەسا (ئۆستوس) یەکەمین کەسی بنەماڵەی نەفرین لێکراوە، داوای بەخشین و لێبووردن دەکات، خواکان داواکەی ئاتنەیان پەسند کرد و نەفرینە خوێناوییەکەیان لەسەر بنەماڵەی تانتالوس هەڵگرت.

# ئۆدیب و ئیسڤینکس

تاوانی گەورە و ئازار و عەزابی فراوان لە داستانی (لایوس و ئۆدیب)دا هەن، بەڵام نافەرمانییەکەی ئەوان ئەگەر لەگەڵ کردەوەکەی تانتالووسدا بەراورد بکەیت هەر یەکجار کەمترە.

لایوس شای (تب) نەوەی کادموس دروستکەری شارەکەبووە، ماوەیەک دوای ئەوەی لایوس لەگەڵ یەکێک لە کچە ئامۆزاکانیدا هاوسەرگیریی دەکات بەناوی (یوکاستە) بەپێی پێشبینیکەری پەرستگای دۆلفی کە وتوویەتی لە ئاکامی ئەو هاوسەرگیرییەدا دەبنە خاوەنی کوڕێک و باوکی بە دەستی ئەو منداڵە دەکوژرێت.

لەو سەردەمەیدا باوەڕ وابووە پێشبینیکەری پەرستگای دولفی مەحاڵە درۆ بکات، هەر تەقەلایەک بۆگۆڕینی ئەو پێشبینییە وجوودی نییە و هەر دەبێ ڕوو بدات.

لایوس نارەحەت و نیگەرانیی گیانی خۆی بوو، بڕیاری دابوو هەر چۆنێک بووە ئەو سەرنووشتە بگۆڕێت، کاتێک (یۆکاستە) کوڕێکی دەبێت، شا کوڕەکە دەداتە یەکێک لە پیاوەکانی تا لەناو چیاکاندا فڕەیدا و لەناو بچێت.

ئەو دەم لایوس ئاسوودە و ڕەحەت پاڵی لێ داوەتەوە و شاهی خۆی دەگوزەرێنێت، ساڵانێکی دووروودرێژ بە ئارامی ڕاییوارد تا خەڵکی شاری (تب) و دەوروبەرەکەی تووشی دەعبایەکی ناهال هاتوون، کە بە لەش شێر و دوو باڵی هەبووە و بە ڕوخسار ئافرەت بووە، ئەو دەعبایە لە ڕێگەوباندا ڕێبواری گرتووە و پرسیارێکی لێ کردووە، نەیزانی بێت



وەڵام داتەوە، قوتی داوە بەو شێوە گوزراوە و خەڵکانێکی زۆر تیاچوونە و قووتدراون. ئەوی زۆرتر خەڵکەکەی نیگەران کردبووە کە شا (لایوس) زۆر پیربـــووە، لەگەڵ چەنـــد پاســـەوانێکدا لە ڕێـــگە و بانـــدا کـــوژراوە، بۆکاستە و خەڵکە زۆرەکە، کەوتنە دوعا و ستایش.

ســـەرەنجام دوعاکـــان گیرابـــوون، گەنجێکـــی وەرزشـــکار و لێهـــاتوو بەنـــاوی (ئۆدیـــب) بە گەشـــت هـــاتووە بـــۆ ئەو دەڤەرە، ئەو گەنـــجە دلێـــرە لەگەڵ ئەو دەعبایەیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دەعبا هەمان پرسیار دەکات، کە لە مێژدا لە قوتدراوەکانی پێشووی کردووە.

دیودوروس مێژوونووسی یۆنانی سەدەی یەکەمی پ.ز لەم ڕووەوە نووسیویەتی:

دەعبا لە (ئۆدیب) دەپرسێت ئەوە چییە چوار پای هەیە و دەبێت دوو، لە دواییدا دەبێتە سێ؟

ئۆدیب وەڵامی داوەتەوە: ئەوە مرۆڤە! سەرەتا بە چوار و دەست و پا دەڕواتە ڕێگەوە، کە گەورەتر دەبێت لەسەر دوو پا دەڕوات، کە پیر دەبێت گاڵۆک (گۆپاڵ) بە دەستەوە دەگرێت و دەبێتە سێ پا.

ئسفنکس کە دەنواڕێ وا ئەم گەنجە مەتەڵەکەی هەڵهێناوە لە داخان خۆی دەکوژێت...

خەڵکی شار لەبەر ئەو کارە گرنگەی ئۆدیب دەکەنە شای شار، ئودیب پۆکاستە دەکاتە هاوسەری و دوو کچی لێ دەبێت و ئیدی ساڵانێکی زۆر بێ دەردەسەر پێکەوە دەگوزەرێنن.

# هەموو كارێك دەكەم ئەگەر بتوانم!

خەڵكـی شـاری تـب دیسـانەوە خۆیـان لە دەریـای ڕووداودا دیەوە، وەبـایەكی بەربـڵاو دەرگـای بە هەمـووان گـرد، ئەو دەردە بكـوژە دەر و دەشت و ئاژەیل و ئادەمیزادی وەک یەككگردەوە، ئۆدیب كەوتە تەقەلاوە تا یارمەتیی خەڵكەكە و براژنەكەی بدا، (كرئون)ی ناردووە پەرستگای (دلفی) تـا پێشـبینیی پەرستگای لەو ڕووەوە پێ بگـات، باسـەكەی لەگەڵ چاوسـاغی پەرسـتگادا كـردەوە و تەمـاحگیریی ئەوە بـوون (ئەپولـو)ی دەرمانـدار چارەیەكیـان بكـات، (كرئـون) بە هەواڵـی خۆشـەوە گەڕایەوە پێشـبینی پەرسـتگا پێـی وتبـوو ئەو بەڵایە كاتێـک دەڕوا بكـوژی شـای پێشوو دەستگیر كرێت(لایوس) شـای ڕابـردوو، ئۆدیب دڵخۆشـانە كەوتە تەقەلاوە بۆ دۆزینەوەی بكوژی شای كوژراوی ڕابردووی (سـوفوكلس)، لە شانۆكەیدا (ئۆدیب شەهریار) دەڵێن لەبەر خواستی وڵات و خواكان و هەروەها خۆم تـا ئەوەی بتـوانم بە دوای نیازیاندا دەگەڕێم، دەستم لەو لەكە و نەنگییەی دەشۆرم، هیچ هێز و توانایەک ناتوانێ ڕامگرێت، بەهێز و توانای خوداكان تەقەلای خۆم دەكەم.

زۆری نەكێشاوە، ئۆدیب حەقیقەتێكی ترسـێنەر دەكەوێتە بەر دەسـتی، سـەرەتا (تیرزیـاس) چاوسـاغی پێشـبینیكەری بەناوبانـگ بە (ئۆدیـب)ی وتـووە، تـۆ هەمـان گومـانلێكراوی وا بە دواییـدا دەگەڕێیـت، لەم ڕووەوە وتبووی:

ئەوە تۆییـت ئەو دەڤەرەت لە گەنكـاو هەڵژەنـدووە، ئەو بكـوژەی بە دواییدا دەگەڕێیت كەس نییە لە خۆت زیاتر، تۆ نازانی كێ هاوسەرتە؟

نازانی کوڕی کێیت و باوکت کێیە؟

من پێت دەڵێم تۆ لە بەرانبەر خۆتدا تاوانت کردووە، لە ژیان و مەرگدا تاوانباری، تۆ نازانی نەفرینی باوک و دایک وەک شمشێری دوو لا بڕێنەرە؟ تۆ کارێکت کردووە مایەی نەنگ و ڕسوایی خۆت و خەڵکە.



ئۆدیب سەرەتا لەو وتانە ئاڵۆز دەبێ و تۆمەتی پیادا دەکات، (یۆکاستەش) ناتوانێ ئەو وتانە بسەلمێنێ. دەڵێت لایوس لە سێڕیانی، نزیک لە پەرستگای (دۆلفی)دا کوژراوە، چەتەکان کوشتوویانە( ئۆدیب

بێتاوانە، بەڵام کاتێک شوێن و جێگە و دەزانی نیوە بێهوش دەکەوێت، لە ژنەکەی دەپرسێ ئەو ڕووداوە بە دروستی کەی ڕووی داوە؟

وەڵامی دەداتەوە، دروست لەپێش هاتنی تۆدا...

نیگەرانی و نارەحەتیی ئۆدیب زۆرتر دەبێت، ئینجا دەڵێت:

کاتێک گەیشتمە ئەو سێڕیانە عەرەبانەیەکی جەنگی کابرایەک دەیرانی پیاوێک لەناو عارەبانەکەیدا دانیشتبوو، کابرای عارەبانەلێخوڕ نەڕاندییە سەرما، تا لە ڕێگاکە لادەم و عارەبانە هات و تووڕی دامە لاوە، کابرا نێزەیەکی ماڵی پیاما، منیش ئاڵۆز بووم و ئەوانم هەموو کوشت، لەو کەینوبەینەیدا پەیکێک لە (کۆرینت)ەوە هات و وتی: پلیوسی پیر مرد...

سەرەتا وا دەرکەوت کە پێشبینیکەر ڕاستی نەوتووە و ئۆدیب دەستی لەو کارەیدا نەبووە، بەڵام پەیکی کۆرینتی وەستا و داستانێکی گێڕایەوە، بە بیستنی ئۆدیب کەوتە لەرزین و ڕەنگ لە ڕووی برا پەیکەکە نەما و وتی: ئۆدیب لە هەقیقەتدا کوڕی (پیلیبوس) نەبوو، من بۆخۆم ئەو منداڵەم دابووە (پیلیبوس و مرویە) ئەوان پەروەردەیان کردووە، ئەو منداڵە یەکێک بوو لە خزمەکانی شا، ئەو منداڵەی پەیدا بووە لەو کاتەیدا خزمەتکاری شای هات و وتەی ئەو پەیکەیەی سەلماند، خزمەتکاری پیر فەرمانی شای پێدرابوو، تا ئەو منداڵە لەناو شاخدا فڕێ دا بۆ مردن، بەڵام دڵم بەو منداڵە سووتا و ئەو کارەم نەکرد، منداڵەکەم دا بەو پیاوە کورنتیەی تا بۆ خۆی پەروەردەی بکات.

ئیدی ئەو هەقیقەتە ترسێنەرە ڕۆشن بوویەوە، (ئۆدیب) هەروەک لە پێشدا پێشبینیکەری کوێر (تیرزیاس) ڕوونی کردبوویەوە، هەم لائوس و هەم ئۆدیب کۆشاون تا بڕیاری خواکان هەڵوەشێننەوە، سەر نویشتەکە

بگۆڕن، بەڵام ئەوی فەرمانی خواکان بووە، هەر وەک خۆی ڕووی داوە، لایوس بە دەستی کوڕەکەی خۆی کوژراوە و کوڕەکەیشی دایکی خۆی مارە دەکات و دوو کچی لێ بووە، ئەوی تیرزیاس وتبووی ئۆدیب دووچاری هاوار و ناڵەناڵ دەبێت و بەرچاوی تاریک دەبێت، هەروا ڕووی داوە، ئۆدیب شای تب بەرگەی ئەو هەموو ڕووداوە ناجۆرانەی نەگرت و هەردوو چاوی خۆی هەڵکۆڵی و کەوتە ناڵەناڵ، بەڵام یۆکاستە، ئەو نەنگەی پێ هەڵنەگیرا و خۆی کوشت.

بەو شێوەیە ئەوانەی لەناو ئەو ڕووداوەیدا بوون، ڕوویان دەرکەوت. بڕیاری خواکان گەڕانەوەی بۆ نییە و هەر دەبێ ئەنجام بدرێت، ئەوە بینرا کەوتنی (ئۆدیب) لە ئەوپەڕی دەستەڵات و شادبەختیوە سەرالێژی دونیای میحنەت و ئازار و مەحرومیەت بوون.

سوفوکلس لە پایانی ئەو شاکارەیدا دەڵێت:

بنوارن ئەی خەڵکی تب، ئۆدیب گەورەترین کەسی شاری ئێوە بووە، خەڵکانێکی زۆر شاکامیان پێ بردووە، بنوارن چۆن نغرۆ کراوە، لە لیتاو و گەنگاوی ڕووداودا؟

باشە دەبێ ئەوە نەزانن کە مرۆڤ لە بەین چووە، دەبێ سەیری سەرەنجامی مرۆڤ بکرێت، هیچ کەس ناتوانێ وەنازانرێت کەی و چۆن خۆشبەختە، کەس نازانێت ئەوە چ ڕازێکە هەڵنەهێنراوە تا دەمی مەرگ..

# خواکان ئۆدیب دەبەنە لای خۆیان

داستانی کوێربوونی ئۆدیب لەسەر تەختی لاچوون لە شانۆکەی (سۆفکلس) کە لە ساڵی ٤٠٦پ.ز خستیتە بەر چاو، بەڵام ئاکام و سەرەنجامی ئۆدیبی باس نەکردووە ، جا مێژوونووسی بەناوبانگ (مایکل کرنت) چاوساغی دنیای ئەفسانەکان لەم ڕووەوە نووسیویەتی:

ئەم داستانە بەشی دوادوایی شانویی (ئۆدیب شایە)، کە بە دەستی خۆی هەر دوو چاوی خۆی وەدەرهێناوە و لە شاری (تب) وەدەرچووە. وەکوو سواڵکەرێکی شڕەپۆش شار بە شار دەکات و کچەکەی دەستی ڕادەکێشێت، (ئانتیوگونە) گوزەری دەگاتە دەوروبەری شاری (ئاتن) کە دەیناسن تۆقیان ڕوویان تێ دەکات و فەرمانی پێ دەدەن ئەوێ بەجێ بهێڵێ... بەڵام کۆمەڵێک یاری دەکەن، کچەکەی تریان زیندانی کردووە، لەپڕ دەنگێک دەگاتە گوێی (ئۆدیب) بەئەمری (زئوس) ئەی ئۆدیب تۆ و هەردوو کچەکەت دەبرێنە جێگەیەک خواکان بڕیاریان دا سەرئەنجام عەدالەت ئەنجام بدرێت (ئۆدیب) دەبرێتە بارەگای خوایان.



## لێدوان دەربارەی کەلتوور و ئەفسانەکان

ئەفسانەکانی یۆنانیی کۆن تەواوی ئەوانە سەرچاوەی سەرەکییان نەوعیەتیی ئایینەکەیانە، لەوانیشەوە شۆڕبوونەتەوە بۆ ناو ڕۆمانەکان. ئەو ئەفسانانە سەردەمێک باوەڕبوونە بەشێکی سەرەکیی ژیانیان بووە، ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، باوەڕی ١٠٠%یان پێ هەبووە، ئەو جۆرە ئایین و باوەڕە تا دەرکەوتنی مەسیحیەت و دەوڵەت، دەستەڵات مەسیحییەتی کردووە بە ئایینی فەرمی دەستەڵاتی ڕۆمان، ئەو باوەڕە ئەستوورییەکان وردە وردە لە فکر و زکری خەڵکەکەیدا وەک ئایین کوژاونەتەوە، بەڵام وەک ئەفسانە و ئەستوورە ماونەتەوە، تا بە ئەمڕۆ. بەوەیش ڕانەوەستاوە ئەوڕۆکە گەلێک لە نووسەران، هونەرمەندان، شێوەکاران، پەیکەرسازان، ئەو ئەفسانانە دەکەنە هەوێنی داهێنانان و بە جوانترین شێوە دەیخەنە بەرچاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە، تاوەکوو فیلمە سینەماییەکانی ئەو ئەفسانانەی دەکەنە هەوێنی سەرەکیی فیلمەکانیان.

سەیر لەوە دایە ئەو فیلمە سینەمایانە کەوا ئەستوورەکان بوونەتە داستانە سەرەکیەکەی، دەبنە پڕفرۆشترین فیلمی سینەمائی، وەک نموونە فیلمی سینەمایی (تەروا) کە چەندان ساڵ پڕفرۆشترین فیلمی سینەمائی بووە.

خاڵێکی کەی گرنگ لەوەدا ئەستوورە لە کۆنەوە تا بە ئێستا خەڵکی لێ ماندوو نەبووە و لە فکردا لەزەتبەخش بووە و ڕۆژبەڕۆژ ئەو پەیوەندییە پتەوتر و پتەوتر بووە.

لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی باوەڕەکە گەلێک بەهێز بووە بۆ خوا جۆراوجۆرەکان، بەڵام لە سەدەکانی پێنجەم و چوارەم بە دواوە

کاتێـک ڕۆشـنبیری و فەلسـەفەی یۆنـانی گەیشـتووەتە تێگەیشـتن و پێگەیشتن، لەناو ڕۆشـنبیران لاواز بـووە، بەتـایبەت ئەوانەی وا هیـولا و دەعەبـای سەرسـام ئاوەریـان تیـا بـاس کـراوە، هەر وەک داسـتانێک هاتبوونە بەرچاوی ئەو توێژە.

دوای سـەدەی چـواری پـێش زایـین، سـەردەمی لەشکرکێشـی ئەسکەندەری مەکادۆنی بۆ سەر ئێران و ڕۆژهەڵات، لە دەریای ئێژەوە تـا هیندسـتانی داگیـر کـرد، تێکەڵـی گەلێـک ئـایین و گەلێـک کەلتـووری جۆراوجۆر بوون، هەر ئەو لەشکرکێشییەی بە دواییدا دەستەڵاتی ڕۆمان ئەوانیش ویسـتیان هەمـان ڕێچـکەی ئەسـکەندەر هەڵگرن، بەڵام بۆیـان نەڕۆیشتە سەر و دەستەڵاتی ئەشکانی و ساسـانی وەک بەربەستێک لە بەرابـنەر لەشـکر و سـوپای ڕۆژئـاوادا وەسـتان جاروبـاریش زاڵبـوونە بەسەریاندا.

لە دوای سـەردەمی (هیلینـی) یۆنانییەکـان تێکەڵـی ڕۆژهەڵاتییەکـان بوون، زۆریان ئـایینی ئەو وڵاتانەیان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەفسـانەکانیان لەبیرنەچووە، لە سەردەمی هیلیندا ئەفسـانەکان لەبیرنەچوونەتەوە، بەڵام زۆرتر لەبەر خاتری شێوە ئەدەبییەکەی بووە، تا ئـایینەکەی نوورەکانی شـاری ئەسـکەندەری میسـر، ئەو یۆنانیـانەی وا نیشـتەجێی ئەوێ بـوونە، وەک: کالیماخۆس، ئاپۆلیونۆس، بەرهەمی باڵایان خستووەتە ڕوو، وەک: (ئارگۆناتیمـا) ، بەڵام ئەدەبیـاتی ئەسـکەندەرانی زۆرتـر بـۆ سـەرگەرمی وەک چیرۆک پەرەی سەندووە نەک وەک ئایین.

ئەو نووسـەرانە زۆر گرنگییان داوەتە چیرۆکە ئەفسانەیەکانی (ئۆڤید) بەڵام وەک ئـایین باوەڕیـان پێـی نەبـووە، کـارێکی کەی نووسـەرانی

ئەسکەندەرییە لەوەدایە لەوانەوە ئەفسانەکانی یۆنان شۆڕبووەتەوە سەدەکانی ناوەڕاست و هەروەها گەیشتووەتە ئێمەیش.

یەکێک لەو نووسەرانە بەناوی (ئەمرۆس میسنی)، لای وایە ئەو خوایانە لە بنەڕەتدا فەرمانڕەوایی بەشەری بوونە و پلە و پایەی خودایان پێ دراوە، ڕۆمانەکان ئەوی نووسینی (ئەمیرۆس) هەیە وەریانگێڕاوەتە سەر لاتین، لە دواییدا ئایینی مەسیحیەت دەستەڵاتی وەرگرتووە، پەلاماری بیروڕای فرەخواییان داوە، لە سەدەی چوارەمی زایندا (ئاگۆستین) کە بوو بە دیاردەیەکی پیرۆز لە کتاوێکدا دەربارەی شاری خواکان تیادا نووسویەتی: ئەوانەی پابەندی ئەو بیروبۆچوونە بێ بنەمایەن دوورن لە ڕاستییەوە، دوورن لە خوای تاک و تەنها، دوور نییە گەنجێکی خوێنگەرم هەوا و هەوەسی دەستەڵاتی کەوتووەتە کەللەوە و باوکی لەسەر تەختی شاهی لابردووە، یا کوشتوویەتی، ئیدی لەو بابەتانە زۆر لە ئەفسانەکاندا هەن، وەک: نووسینەکەی (ئاگۆستین)ی مەسیحی زۆر نووسراون، بەڵام ئەفسانەکان ئەگەرچی ئاییی مەسیحیەت بیروڕای فرەخوایی قەدەغەکردووە، زۆر لە یۆنانییەکان هەر پەیڕەوی فرەخواییان دەکرد، هەروەها گەلێکی زۆری یۆنانییەکانیش بە نهێنی ڕێوڕەسمی ئایینە کۆنەکانی باوباپیرانیان ئەنجام داوە.

ئەوی پەرستگەی خواکان بووە، ئاییی مەسیحەت گۆڕیویانەتە سەر ئاییی مەسیحیەت و کراونەتە کڵێسا و هەزارەها پەیکەری هونەرمەندانی یۆنان و ڕۆم بە بەهانەی بتپەرستی شکێنراون، لە زۆربەی پەرستگاکاندا بەپێی لێکدانەوەی هەندەسی و هونەری پەیکەری یەکێک لە خواکانی تیادا بووە، ئەوانە هەر هەموو شکێنراون، چوون دوای پەلاماری

لەشکری ئیسلام بۆ سەر (مەککە) ئەوی بتبووە لە کابە و دەوروبەری شکێنراون.

ئەگەرچی لە ڕووی هونەرییەوە زەوی تا ئاسمان لە یەک جیاوازبوونە، بڕێک لەو پەیکەرانە گەورەترین پەیکەرسازی بەشەریەت دروستی کردووە بەناوی (ڤیدیاس) ناوبراو پەیکەری (زئوس)ی دروست کردووە، بوڵندییەکەی دوانزە مەتر بووە، بە زێڕ و زیو ڕازانرابوویەوە.

بەهەرحاڵ، بەپێی زەمان بیروڕای فرەخوایی وردە وردە پێگەی خۆی لە دەست داوە، بەڵام بڕێکیان ئەو داستانانەیان لە خولیادا مابوویەوە، هەروەک چۆن مەسیحەیت بڕێک داستانی (ئادەم و حەوا و کەشتیی نووح) لە فکریاندا مەوج دەدەن، ڕۆمان و یۆنانی پێشووش هەر وابوونە، وەنەبێت ئایینی فرەخوایی دەستی بۆ ئاسمان و ئەستێرە و فەزا نەبردووبێت و فکریان لە قولایی ئاسمان نەکردووبێتەوە.

بۆ نموونە بورجی (سەرەتان) بە (قرژانگیک) دەیشوبهێنن، کە لە گەشتە ئاسمانییەکەی (هەرکوڵ)ی پاڵەواندا بۆ ئاسما ئەو قرژانەکە پای هەرکولی گاز گرتووە.

لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی (ڕۆما) وا بەش بووەتە سەر دەسەڵاتەکانی ناو ئەورووپادا.

مێژوونووس مۆرفۆرد نووسیویەتی:

ڕەخنەکانی ئایینی مەسیحەت لە بۆچوونی فرەخوایی و تەقەڵاکانی کڵێسا و پاپاویەت بوو، نەفی ئەو بۆچوونانە لە ڕاستیدا بوونە هۆکاری چەسپاندنی ئەو ئەفسانانە، لە فکر و خولیای بیرمەندان و هونەرمەنداندا، بۆ نموونە لە سەدەی سیانزەهەمدا (دانتی) کۆمیدیای ئیلاهی نووسیوە،

ئەفسانەکانی کۆنی کردووەتە دەستەگیرە و بە وردی سوودی لێ وەرگرتوون، ئەوە بۆخۆی پابەپا بوونی ئەستوورەکان دەسەلمێنێ.

وەنەبی تەنها دانتی ئەفسانەکانی کردووبێتە وەسیلە ( لە سەدەکانی یانزە و دوانزە و سیانزەدا) لە نووسینەکانی (میتامۆر، ئۆڤید) زۆر سوودیان وەرگرتووە، خۆ هونەرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دوای ناوەڕاست لە زۆر تابلۆی جۆراوجۆردا سوودیان لە قارەمانانی ئەفسانەکان وەرگرتووە. من زۆر لەو تابلۆیانە کە ناوباوی جیهانیان هەیە لەم کتاوەدا خستوومەتە بەرچاو.

هەروەها شکسپیر، شانۆنووسی سەدەی شانزەهەمی ئینگلیزی ئەویش سوودی لە قارەمانانی ئەفسانەیی وەرگرتووە، هەروەها (جان میلتون) نووسەری سەدەی حەڤدەهەمی ئینگلیزی نووسینەکانی (ئۆڤید)ی بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی و ئەفسانەیی داوە لە قەڵەم.

ئۆڤید بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی دونیای ئەدەبیاتی سەردەمی (ئەلیزابیس)ی شاژنی بەریتانیا... یان بەرهەمەکانی (میتامۆرفوزس) لە لایەن (ئارتۆر گلدینگ) کراونەتە ئینگلیزی، کە نا و باوی گەلێک زۆری پەیدا کردووە بەتایبەت شانۆیەکانی (شکسپیر). زۆربەی زۆری سوودی لە ئەفسانەکانی ڕابردوو وەرگرتووە، بۆ نموونە (هاملێت) کاتێک دایکی بۆ مێردەکەی دەگری هەمان حاڵەتی تیوبەی کردووەتە ئەلگۆ کە لە دواییدا لە لایەن ئاپۆلون و ئارتمیس کراونەتە پەیکەرێکی بەردینی فرمێسکاوی.

هاملێت لە شانۆیەکی شکسپیردا ئاماژە دەکاتە (ئاپیریوون ساتیری هەرکول) یان شانۆیەکەی (ڕۆمیۆ جۆلیت) ١٥٩٠ز. هەروەها کۆمەڵێک

نووسەر لەپێش شکسپیردا ئیلهامیان لە ئەفسانەکان وەرگرتووە، وەک: ( مانتوپینتللو ئیتالی ١٥٥٤ز)، کە ئەویش ئیلهامی لە نووسەرانی وەک (مازوتیچو سالرنیتانو)، (لوئیجی داپورتو)، کە ئەوان لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی (پۆرامیس و تیسە) سوودیان وەرگرتووە.

شکسپیر و نووسەرانی تر گەلێک جار سوودیان لە ڕووداوەکانی شەڕی (تەروا) وەرگرتووە، هەروەها شکسپیر شانۆی (ترویلوس و کوسیدا) عیشقی گەنجترین کوڕە شای تەروا شاە پرماموس لەگەڵ کچە جوانکیلەی شاری تەروا لە ساڵی هەشتەمی دەورەدانی شاری (تەروا)دا ڕووی داوە، کە لە پێش شکسپیردا شانۆکار (جفری جاسەر) بەناوی ترویلوس و کرسیدا ١٣٨٠ز، نووسیویەتی.



# ئەستوورەکان لە ئەدەبیاتی ئێستادا

ئەدەبیـــاتی ســـەدەی پێشـــوو و ئەم ســـەدەیەش لە ئامـــاژەکردن بە ئەفسانەکانی ڕابردوو خاڵی نین، پەیوەستە لێرە و لەوێ ئاماژەیان بۆ کـردووە، بەتـایبەت (شـــەڕی تەروا) لە یەکـدانەوەی ڕووداوەکـانی ئەو شەڕە و هەروەها زۆر لە کەسانی ئاسایی ئەوانیش لە ژیانی ڕۆژانەیاندا باسی ئەسپی تەروا دەکەن و بە نموونە دەیهێننەوە.

(ئۆدگـار ئەلنبـو) نووسـەری سـەدەی نـۆزدەهەمی وڵاتـی ئەمریکـا نووســـیویەتی: لەبەر ڕوخســـار و ڕووی ئـــافرەتێکی نـــازداری بە دڵەوەچـووی وەک (هیلـین هەزاران کەشـتیی ملـی نـاوەتە نـاو شـەپۆلی دەریاوە، هەزاران کەس سەڵفی لێ داوە تا کەشتی بجوڵێنی تیادا دەڵێت:

وێڵ و ئـاوارەی نـاو دەریا بێ ئەمانەکـان بە ئەوپەڕی نائومێدییەوە، زولـف و ئەگـریجەی سـەر ڕوخسـارت ئەی پەری، سـەر زەویـی ئەوانە هەمـوو نیشـانەی شـکۆ و جەلالـی ڕابـردووی یۆنـان و ڕۆمـان ودەر دەخەن.

نموونەیەکی دیار و بەرجەستەی دونیای ئەدەبیاتی ڕۆمانی (ئۆلیس) کە لە لایەن (جیمس جویس)ی ئیرلەندی کە پەیوەندی داوە بە ڕۆژگـاری ململان و مەوجوودیەت بە تایبەت کەسایەتیی (لئوپۆلد بلوم) دەربـارەی گەشـتەکانی لە دوبلـین دا کە لەوێـدا بەســەرهاتی ئۆدیسـەی قارەمـانی بەراورد کردووە، کە چۆن ئۆدیسە سەرگەردانی ناو دەریاکان بووە، یان شـانۆیەکی (یـۆجین ئۆنیـل) شـانۆکار و نووسـەری ئەمریکـایی یەنـاوی (ئلکترای تازی بار) سێ بەشـەکەی دەربارەی بنەماڵەی (ئـاترۆئۆس)ە لە دورگەی نیوئینگلەندا سەردەمی ناوخۆی ئەمریکا دەدوێت.

یەکێکی دیکەی شاکاری ئەدەبی سەرچاوەی لە ئەستوورەی کلاسیکی شیعری (ئارگۆناتوس) وەرگرتووە، نووسەری بەریتانی بەناوی (دیڤید هەبرت لۆرنس ١٨٨٥- ١٩٣٠ز)

بە وردەکارییەوە نووسیویەتی:

ئەوانە مردن و لەناوچوون نین، ئەوەسا لە خولیادا ماون.

ئەوەسا مانگ ئەوانەمان دێنێتە یاد و چاوەڕوانە تا لە ژیاندا عاشق بین، بە پای هیلالیی خۆیەوە لە پشتی چیاکانەوە درەنگ هەڵدێت، هەروەک شابانۆیەک تەماشاکەرە، ئەوەسا دەریا، دەریاکەی ئاگۆنانووسە، لە بەرەبەیاندا ئۆدیسە فەرمانڕانە...

لێگەڕێ، لێگەڕێ، جارێک وەختی نۆشینی قاوە و نانی برژاو نییە.

ئیدی دەریا بەرەبەیانی پێوە دیار نییە و کەشتییەکانی ئۆدیسە یەشتا لە دورگەکان نە گوژراون، تا من تەماشاکەریان بم.

لێگەڕێ کاکە ... مانگ هەر وەک خۆی بەنازەوە هەڵدێت، بە ڕازەوە هەڵدەکات، ئەفسانەکان ڕازەکانیان هەڵهێناوە نە خۆمان و نە لێزانانی جیهان ڕازی هەروەها بوونی ئیمەی کوردی نەگبەتیان هەڵنەهێناوە. ئیمە وەک درەختێکی بێ بەری بێ سێوەرمان لێهاتووە، نەک ئەو سیاسەتمەدارانە، خودی ژوپیتەر و ئەپولۆ و پۆزیدونیش بێنە هانامانەوە، فریامان ناکەون. ٢٥٠٠ساڵە ئەتلێینەوە و مامەڵەمان پێ دەکرێت، لەژێر پای بێگانانـدا مافووری ڕاخراوین، ئیمە خودی ئەفسانەین، نەک ئەفسانە هی ئێمەی کورد بێت.

# لە یەکدانەوەی شانۆکاران و ئاهەنگسازان

# دەربارەی ئەستوورە کلاسیکییەکان

ئەستوورەکان چۆن توانییان ڕەخنە بکەنە ناو شانۆیەکان، چیرۆکنووسان، ڕۆماننووسان، بوونە هەوێنی زۆر لە تابلۆ بەناوبانگەکانی ئەمڕۆی بەشەریەت، گرنگترینیان لە دایکبوونی (زئوس)ـە، کە لە لایەن شێوەکاری بەناوبانگ ( سافدر بوتبچیللی) شێوەکاری ئیتالی سەدەی پانزەهەم، هەروەها هونەرمەندانی تر شاکاریان سازاندووە، وەک: بللینی، جیرجیونە، تیتیان) ئەوانەیش بە ڕەگەز ئیتالی بوونە.

هەروەها دوو هونەرمەندی تری وەک: ( ئەلبرشت دورر) بە ڕەگەز ئەڵمانی، لە دوا دوای سەدەی پانزەهەم و سەرەتای سەدەی شانزەهەم، ئەوی تر (پیتەب پل رۆبنس)، مامۆستای شێوەکاری وڵاتی فلامەندەری سەدەی حەڤدەهەم، چەندان تابلۆی بەناوبانگ لەبەر دەستە، وەک: تابلۆی هەرکولی قارەمان کە پێستەی شێری لەبەر دایە. یان ئەستوورەی (برسئوس و سەری بڕاوی مەدوسای مۆماری) بە دەستەوەیە، هەروەها تابلۆی (پیگاسووس) و ئەسپی باڵدار..(روبنس) لە ١١٢تابلۆی ڕەنگاورەنگدا داستانەکانی (میتامۆرفۆزس) و (ئۆڤید)ی کێشا و زیاتر لە چل تابلۆی ماونەتەوە.

هەروەها هونەرمەندێکی تر کە لە ئەفسانەکان سوودی وەرگرتووە و ڕووداوەکانی کردووەتە هەوێنی تابلۆکانی (نیکۆلاپۆسن)، هونەرمەندی بە ڕەگەز فەڕەنسی سەدەی حەڤدەهەم کە ژیانی لە ڕۆمادا

گوزەراندووە، ئەمانەش برێک لە کارەکانی (پۆسن)ە، وەک: سەرکەوتنی نبتون، چەکهێنانی ڤینوس بۆ ئافە، لە دایکبوونی پاکوس ڕەخنەگری هونەری لەم ڕووەوە نووسیویەتی: ئەویش وەک (ڕۆبنس) پەیوەستە سوودی لە ئەفسانەکان بردووە، بەلای ئەوە ئەستوورە کلاسیکییەکان ڕۆیشتوون و ناگەڕێنەوە، بەڕاستی شاکاری ئەنجام داوە.

ئاهەنگسازەکانی ڕۆژئاوا، هەروەها نووسەرەکان، هونەرمەندان زۆر بە پەرۆشەوە دەستیان داوەتە ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆمان، بەتایبەت لە بواری ئۆپیرای ئۆریدسە) کە لە ساڵی ١٦٠٠ز دروست کراوە، لە ئەورووپا سەدان مۆزیکزان هەوێنی کارەکانیان ئەفسانەکان بووە، وەک ئۆپیرای (یاسونە ١٦٤٩ز) کە بە دوای کەوڵی زێریندا گەڕاوە، هەروەها (دیدوانە١٦٨٦)، هەروەها ئۆرفنوس و ئۆدیسە ١٧٦٢ز یان ئیڤینیگا لە ئۆلیس ١٧٦٧ز لە سەدەی بیستەمدا شاهـ ئۆدیب ١٩٢٧ کراوەتە ئۆپیرا، هەروەها ترویلوس و کرسیدا ١٩٥٤ز جگە لە ئۆپیرا کاری مۆزیکالیش لە ئەستوورە سوودی وەرگرتووە، وەک: بالیەی گیانلەبەرانی پرۆمیتوسی ١٨٥١ز، هەروەها مۆزیکالی برودوای ئەمریکا، هەروەها (سێوی زێڕین ١٩٥٣ز، دەربارەی تراژدیای شاری تروایە.



یان یەکێکی تری برودوای دەربارەی ئەفسانەکانە بەناوی (جوانکیلەی من) ١٩١٣ز دەربارەی ڕووداوەکانی نێوان (بیگمالۆن گالاتە)، هەروەها داستانی (پۆرامیس وتیسە).

# هونەری سینەما و دوورئەندازیی ئەستوورەکان

وەک زانراوە، هونەری سینەما بوو بە هونەرێکی تازەی ڕاگەیاندن بە شێوەی تەجەسوومی هەروەها مۆسیقی. سەرەتاکەی کەمێک لەپێش سەدەی بیستەمدا هاتووەتە مەیدانەوە، سەرەتا بە شێوەی بێدەنگ دەست پێکراوە.

یەکەمین دەهەی ئەو هونەرە ١٨٩٠- ١٩١٨ز دانراوە، دووهەمین قۆناغ ١٩٥٣-١٩٧١ز دەستنیشان کراوە، فیلمە بێدەنگەکان، وەک: فیلمی ئۆلیس فەرەنسی ١٩٠٥ز، فیلمە ئەمریکاییەکان وەک (کۆپیدە ١٩٠٦)ی کچی (نبتون ١٩١٢ز، کەوڵی زێڕین ١٩١٨ز.

گەورەترین داستان شەڕی (تەروایە) و گرتنی شاری تەروا ١٩١١ز، لەوێڕا ئەسپە زلزەلامەکە دەبەنە ناوی شاری تەرواوە.

هەروەها فیلمی ئۆلیس ١٩٥٥ز ئیتالیا.

هەروەها فیلمی ئەمریکایی (یاسون و ئارگۆنەکان ١٩٦٣ز.)

ئەوە هونەری سینەماییە توانیویەتی گیان ببەخشێتە غۆلێکی (تالوس)ی برونزی یان ئسکلیتە پیشەیەکان بهێنێتە جوڵانەوە و شەڕەشمشێر.

ئیتر ئەوە حاشاهەڵنەگرە ئەو ئەفسانانە ئەوڕۆ لە بیر و فکری زۆربەی خەڵکی دایە.

ئاخرین فیلمی سینەمایی پڕ هەزینە و شاکار، فیلمی (تەروا)ی تازە پڕە لە شاکاری هونەری و وەستاکارانە چ لەبارەی داستان و مۆزیک و

کارگێڕییەوە، ئەشهەدو شاکارێکی سینەماییە. (مەکس هرتسیرگ) دەڵێت: ئێمە چ بمانەوێ یان نا، لەو بابەتەوە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕابردوودا هەیە، ئەوە بۆخۆی هانە بۆ ئەوەی بە وردی لە ئاییندەمان وردبینەوە.

# خواکانی سەر شاری ئۆلەمپ

بۆ ئەوەی بە وردەکارییەوە دەربارەی ئەفسانەکان بدوم، بە چاکم زانیوە سوود لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکان وەربگرم، ڕەنگە جیاوازییەکی بنەڕەتی زەق لە ناویاندا کەم دەرکەوێت، بەڵام بۆ دڵنیایی زیاتر پەنام بردووەتە بەر گەلێک سەرچاوە، بە زمانە جۆراوجۆرەکان تا کەمتر هەڵە بکەم، ڕەنگە لێرەولەوێ بڕێک جیاوازی نێو نیگا خۆیان وەدەرخەن، ئەوەیش زۆر ئاساییە.

جا لە پایاندا ناوی ئەو سەرچاوانە دێنم وا سوودم لێ وەرگرتوون، ئەودەم بۆت دەردەکەوێت بە وردەکارییەوە دەستم داوەتە ئەم بەشە، کە هەم ئەفسانەکان وەک خۆیان دەگێڕمەوە، هەم واقیعەتەکان وەک خۆیان دەخەمە بەرچاو، وەکوو پەرستگاکان لەباری تەلارسازییەوە، وەک شکڵ و شەمایلی سەر گوڵتە و خودی گوڵەتەکان یان نەخش و نیگاری کۆشک و پەرستگاکان.

ئەوە حاشا هەڵنەگرە ئەو پەیکەرانەی لە یۆنانی کۆندا ئەنجامدراون نە لە یۆنانی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەنجام دەدرێن، نە لە هیچ کوێیەکی ئەمرۆی جیهاندا.

بەندە لێرەوە دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆمان.

بێگومان ڕۆمان و ئیمپراتۆریەتەکەیان بوونە وارسی دونیای یۆنان، چ لەباری ئەفسانەکانەوە، یان تەلاسازیی یان پەیکەرسازی.



لە ئەفسانەکاندا هەمان ئەفسانەکانی یۆنانی کلاسیکن، شتێکە ناویانیان گۆڕیوە، ئەگەرنا پێگە و جێگە و تواناایان هەر هەمانن.

بەندە لێرەدا دەکۆشم بەراورد بکەم لەنێوان ناوی خواکانی یۆنانی کلاسیک و ڕۆمانەکاندا، بە تەئکید لە گەورەخوای (ئۆلەمپنشین) زئوسی گەورەوە دەست پێ دەکەم:

ناوی یۆنانی | ناوی ڕۆمانی

زئوس Zeus | ژوپیتەر Jupiter



زئوس دوای سەرکەوتنی بەسەر خواکانی تیتانیدا بوو بە گەورە خوای ئۆلەمپ و فەرمانڕەوای جیهان.

زئوس (هرا)ی خوشکی مارەکرد، بەڵام بۆخۆی ئەهلی بەزم و ڕابواردن بووە، لەگەڵ ژنەخواکان و هەروەها ژن و کچی خەڵکی سەر زەوی، لەو تێهەڵچوونانە منداڵی زۆری بووە، چەکی دەستی ئەو بروسکە و بزیسکە بووە، باڵندەی وەفاداری هەڵۆ بووە، داربەڕوو درەختی پەسندی بووە.

ناوی یۆنانی                ناوی ڕۆمانی

پوزیدون Poseidon        نیپتون Neptun



پۆزیدون برای (زئوس) بووە فەرمانڕەوای دەریاکان بووە، کەشتیی زانایان لەپێش گەشتەکەیانیدا دەڕۆیشتە پەرستگاکەی و دوعا و ستایشیان دەکرد، تا لە تۆفان و ڕووداوەکان بیانپارێزی.

هەر لەو پەرستگایەدا بە چاوساغی و چاودێریی پەرستگا قوربانییان بۆ خوای دەریاکان دەکرد(پوزیدون) کۆشکێکی گەلێک ڕازاوەی لەژێر دەریادا هەبووە، بەڵام زۆربەی کاتی لە ئەنجوومەنی خواکاندا لە چیای ئۆلەمپ بووە، کە یەکێک بووە لە خوا بەهێزەکان، چەکی دەستی نێزەی سی چل بووە ئەسپ  ئاژێلی پەسندی بووە.

| ناوی یۆنانی | ناوی ڕۆمانی |
| --- | --- |
| ئاپۆلۆ Apollo | ئاپۆلۆ Apollo |



کورە جوانەکەی زئوس و خواوەندی هەتاو و ڕۆشنایی و ڕاستی و دروستکاری بووە، هەمیشە بە عارەبانەیەکی چوارئەسپ ڕایان دەکێشا لە ئاسماندا، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە هەمان کاتدا دانیشتوانی چیای ئۆڵەمپی بە مۆسیقەلێدان سەرگەم دەکرد، ئاپۆلۆ لە شاری (دلفی) گەورەترین پەرستگای هەبووە، ساڵانە هەزاران کەس سەردانی ئەو پەرستگایەیان دەکرد و مەشوەرەتیان لەسەر سوپوردەکەی ناو پەرستگا دەکرد، وەک پێشبینیکەر، ئاژێڵی خۆشەویستیی ئەو دۆلفین بووە.

ناوی یۆنانی | ناوی ڕۆمانی

ئارتمیس Artemis | دیانا Diona



ئەم خواوەنـــدگارەش کچــی زئــوس بــووە، لەگەڵ ئــاپۆلۆدا بە یەک سـکبوونە، لە دایـک (دوانە) بـوونە، ئەویـش وەک بـراکەی عارەبـانەیەکی ڕازاوەی هەبووە، شەوانە دەڕۆیشـتە دیتنی منداڵانی تـازە لە دایک بوو، یۆنانییەکـان (ئارتمیس)یـان بەلاوە خـوای ئاژیلەکـان ناسـیوە، پـارێزەری ڕاوچیانیش بووە، ئاژیڵی حەزلێکراوی ئەو کەڵەکێوی بووە.

ناوی یۆنانی | ناوی ڕۆمانی

هرمس hermes | مرکوری Mercury



کوڕی زئوس و نەوەی ئەتڵەس بووە، کە یەکێک بووە لە خواکانی تیتانییەکان، ئەو خوای تیژڕەوی و زیرەکی بووە، یۆنانییە کۆنەکان بۆ داوای بارانبارین پەنایان بۆ بردووە و ڕۆیشتوونەتە پەرستگاکەیەوە و قوربانییان بۆ کردووە، کەوشی باڵداری لە پادا بووە. گەلێک تیژڕۆیشتووە، زۆرتر وەک پەیامگەیەنەر (تەتەر) بەکارهێنراوە لە چیای ئۆلەمپدا.

ناوی یۆنانی ناوی ڕۆمانی

Aphrodit **ئەفرۆدیت** Venus **ڤینۆس**



ئەفرۆدیت خواوەندی عیشق و جوانییە، ئەو بە پشتوێنێکی جادوویی کە لە کەمەریدا بووە توانیویە هەمووان عاشقی خۆی بکات، لە ئەفسانەکاندا هاتووە زئوس ویستوویەتی ئەفرۆدیت ببێتە هاوسەری (هڤائستوس)ی شەلی ناحەز ڕوخسار، تا هەڵخەڵەتاندنی گەنجەکان لە بیرەوەریدا بخاتە لاوە، بەڵام ئەفرۆدیت لە کاروباری عیشقی خۆیدا بەردەوام بووە پەلەوەری دڵخوازی ئەو کۆتر و چۆلەکە بوونە.

ناوی یۆنانی

ناوی ڕۆمانی

**ئاتنەنە** Athena

**مینروا** Minerva



ئەم خواوەندگارە تەنها کچی زئوس بووە، کە دایکی نەبووە و بە جلوبەرگی جەنگییەوە لە ناوچاوانی زئوس هەڵتۆقیوە یۆنانییەکان بە خواوندگاری زیرەکی و دانایی پارێزەری شاری ئاتن، ناسیویانە ئاتنە لە لایەن (زئوس)ەوە گەلێک خۆشەویست بووە، تەنها منداڵێکی زئوس بووە توانیویە یاریّ بە چەکی چەخماخە و بروسکەکەی زئوس بکا، ئەو یەکەمین خواوەندگار بووە درەختی زەیتوونی لە یۆناندا ناوە پەلەوەری خۆشەویستی ئاتنە پەپووەکوێرە بووە.

ناوی یۆنانی

Hephaestus **هفات تووس**

ناوی ڕۆمانی

Volcon **ڤۆڵکان**



لە ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان هاتووە دوای ئاتەنە لەناو چاوانی زئوسەوە هەڵتۆقیوە هیرا لە ڕووی شاکامییەوە ئەویش کوڕێکی بەبێ باوک لە خودا هێنایە وجوود.

دەگێڕنەوە ڕۆژێک زئوس و هیرا دەمەقاڵێیان بووە هفائستوس بە لایەنگریی دایکی هەڵدەستێ، بەڵام زئوس ئەو لە عەرشەوە دەیهاوێژێتە ناو دەریاوە، لەو تووڕدانە یەکێک لە لاقەکانی بۆ هەمیشە شەل بووە. ناچاربووە گالۆک هەڵگرێ، یۆنانییەکۆنەکان هفائستوسیان لا خوایەکی میهربان و دڵسۆز و پارێزەری ئاسنگەران و پیشەسازان ناسیوە، خەڵکی شاری ئاتن پەرستگایەکیان لە نزیک بازاڕی ئاسنگەرانەوە بۆ دروست کردووە.

ناوی یۆنانی
Hodes **هادس**

ناوی ڕۆمانی
pluto **پلوتو**



هادس برای زئوس و فەرمانڕەوای مردووان و دونیای ژێر زەوی بووە، لەبەر خەزێنەی زۆری کان و ئاسن یەکێک بووە لە خوا بەهێزەکان، خەڵکەکە بۆ ئەوەی بگەنە دەوڵەمەندییەکەی زۆر قوربانییان بۆ کردووە، هادس کڵاوێکی جادووی هەبووە، هەر کات لەسەری کردبا دەشارایەوە.

هادس بە دەگمەن لەژێر زەوی وەدەر هاتووە، ئەو ئەگەرچی ناسراوە بە خوایەکی بێ ڕەحم و بەزەیی بەڵام هەرگیز لە دادپەرستی و عەدالەت لای نەدەدا، وا دەگێڕنەوە (پرسفونە)ی خوشکەزای بەسەر زەوییەوە فڕاند و بردییە ژێر زەوییەوە کردیە شاژنی دونیای ژێرزەوی.

ناوی یۆنانی
ناوی ڕۆمانی

**هیرا** Hera
**ژونۆ** Juno



هیرا هاوسەر و خوشکی زئوس بووە پارێزەری ژنانی مێرددار بووە لە زۆربەی داستانە کۆنەکاندا هاتووە هیرا پەیوەستە خەریکی تۆڵەسەندنەوە لە زئوس و دڵدارەکانی بووە.

ناوی یۆنانی

**هەستیا** Hestio

ناوی ڕۆمانی

**ڤێستا** Yestc



هستیا خوشکە گەورەی زئوس بووە خواوەنـــدگاری ئـــاگری چێشـــتکردنی ناوخێزانەکان بووە، یۆنانییە کۆنەکان لە ناوەڕاستی شـاردا کوانووویەکی ئاگریان بـۆ ئەم خواوەنـدگارە دروسـت کـردووە، ژنـــانی یۆنـــانی لە ڕۆژە ئایینییەکانـــدا دەڕۆیشـــتن بـــۆ پەرســـتگا بـــۆ بەدەسـتئاوردنی ئـاگر، هەروەهـا منـداڵە تازەبووەکانیـان چەنـدان جـار بە دەوری ئەو کوانوەیـدا چەرخانـدووە، تـا خێـر و بەرەکەت بۆ خێزان بهێنن.

ئەڵـــبەتە یۆنانییەکـــان جـــگە لە ئەم دوانزە خوایە، خوایانی تریشیان هەبووە، کە نیشـتەجێی شـاخی ئۆڵەمـپ نەبـوونە، بەناوبانگرینیـان (دەمیتر)ـە، کە دایکـی پرسـفونەی خواوەنـدگاری کشـتوکاڵ بـووە هەروەهـا (دیـونس) خودای شەڕاو و مەستی بووە.

# ڕوویەکی کەی ئەفسانەکانی یۆنان

لە ڕاستیدا ئەفسانەکانی یۆنان زادەی فکر و نیازی عەقڵی خەڵکی یۆنانی کۆن بوونە، لەو حەلانەیدا باوەڕیان بە دینێکی تایبەت نەبووە، بەڵام وەک خەڵکان و میللەتانی سەردەمی خۆیان کۆشاون، خواوەندێکی بەهێز و قودرەتمەند دروست دەکەن، تا لە کاتی تەنگانە و بێدەستەڵاتیدا پەنای پێ ببەن و لەو ڕووداوە سرووشتییە گرنگانەی کە عادەتەن ڕوودەدەن ببنە پشتوپەنایان.

ئەگەر بە وردی وردبینەوە هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی دروستکردنی ئەو هەموو ئەفسانەیانە یەشتا ڕوون نەبووەتەوە، ئێمە جگە لە سەرچاوەی شاعیران و شانۆنووسەکانی سەدەی هەشتەم تا پێنجەمی پ.ز هیچ سەرچاوەیەکی کەمان بەدەستەوە نییە.

بەڵام بەپێی بەڵگەکانمان خوا ئەفسانەیەکانی یۆنان لەگەڵ خواکانی سەرزەوی دەووبەرمان (میزۆپۆتامیا)یان وڵاتی فیرعەونەکان جیاوازن و وەک ئەوان خاوەنی هێزی بێ لێدوان و تۆقێنەر نەبوونە، خواکانی یۆنانی لەناو خۆیاندا هێز و دەستەڵات و سەرپەرستی پیشە و جوگرافیای ئاسمانی و زەوی و دەریایی و ژێرزەوییان دابەشکردووە و هەر یەک لەو خوایانە دەستەڵاتی بێ لێدوانیان هەبووە، لە کاروکردەوەی یەکتردا دەستێوەردانیان نەکردووە، هەتاوەکوو سەرۆکی خواکان (زئوس) نەیتوانیوە دەست لە کارەکانیان بدا.

لەوانە گوزەشتە، خواکانی یۆنانی کۆن خواکانیان لە شکڵ و شەمایلی مرۆڤی سەر زەوی دروست کردووە و ڕوخسار و ڕووی گەلێک

زەریف و خۆش ئەندام و بێعەیب سازاندووە. بە پێچەوانەی خواکانی سەرزەوی و دۆڵی دوو ڕووبار و سەرزەویی فەراعینە خواکانیان گەلێک ناهاڵ و ناحەز، خواکانی یۆنان تا ڕادەیەک زۆر خووخسڵەتی مرۆڤانەیان تێدا بووە، وەک: عیشق، بەزەیی، تۆڵە، هاوکاری، ڕێنمایی، هەتاوەکوو ئەو دەعبا و ئەژدیها و جانەوەرانەی خواکانی تیتانی دروستیان کردووە و خستوویانەتە سەرزەوی، خواوەندەکانی شاخی ئۆڵەمپ یارمەتی قارەمانانی وەک (هەرکول)یان داوە، بۆ زاڵبوون بەسەریاندا یان قارەمانێکی کەی وەک: تزئوس.

ئەوە مانای بێ دەستەلاتی خوداکانی (ئۆڵەمپ) نەبووە، خەڵکەکە هەنگاوی دژ بە خواکان نەناوە لەوە دڵنیابوونە ئەگەر بیکەن لە لایەن خوداکانیانەوە سزا دەدرێن.

بەندە لەم بەشەیدا ئەکۆشم خوێندەوارانی کورد لەگەڵ برێکی کەی خواکان و یان ئەوانەی لە تێهەڵچوونی خوداکان و بەشەری سەرزەوی هاتوونەتە دونیاوە ئاگاداركەمەوە.

# ئەفسانەی هەرکول

هەرکول، یان وەک عارەبەکان بە (هەرقل) ناوی دەبەن، ئەو پاڵەوانە بەهێزترین بەشەری سەرزەوی بووە و لە تۆو و توخماتی (زئوس) بووە، لە ئەفسانەکانی یۆناندا هاتووە (هەرکول) ڕۆژێک ئاڵۆز دەبێت لە حاڵەتێکی بێ ئاگاییدا ژنەکە و کوڕەکەی دەکوژێت، کە دێتەوە سەرخۆی دەڕوانێت چی کردووە بۆتۆبەکردن پەنا دەباتە بەر پەرستگای(دلفی) لەوێرا دەنگی غەیبی دێتە گوێی کە پێی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەوەی تاوانەکەت بنرخێنرێت، دەبێ لە دوانزە خوان و بەربەرەکانی بگوزەیت، ئەگینا ئەو تاوانە تا مردن چەنی ملتە، یەکەمین ئەوەیە دەبێ ئەژدیهای نۆسەر بکوژێت، بەناوی (هیدا کوشتنی ئەو دەعبایە کاری ئاسان نییە، ئەو ئەژدیهایە تا یەکێک لە سەرەکانی دەبڕێت، لە جێگەیەکی تر سەوز دەبێتەوە.



هەرکول بۆی دەردەکەوێ بە تەنهایی ئەو کارە ناکرێت نەشیاوە. بۆیە برازاکەی لەگەڵ خۆیدا دەبا بەناوی (پۆلائوس) تا هەرکول یەکێک لە سەرەکانی دەبڕێت. ئەو ئازا و گورجوگۆڵ شاپلێتەی ئاگر بخاتە سەر جێگەی براوەکە تا دووبارە سەرەکە سەوز نەبێتەوە.

کاری دووەمی هەرکول دۆزینەوەی سێوە زێڕینەکانە، کە تەنها خودای ئەتلەس دەیزانی ئەو سێوانە لە کوێنەیە، بۆیە دەبوا تۆپی زەوی کە بەسەر قلاندوشانی وەبووە، دەبوا تا هاتنەوەی ئەتڵەس هەرکول ئەو ئەرکەی ئەنجام بدابا، کە دەبوا تۆپی زەوی تا هاتنەوەی هەڵگرێ، سێوی زێڕینی دەستکەوت، هەرکول کەوتە ئەنجامدانی مەرجەکانی دیکەی وەک کوشتنی شیری دڕندەی (نیمارا)، بەدەسهێنانی پشتوێنی زێڕین، کە لە کەمەری شاژنی ئەمەزۆنەکاندا بووە، بە دڵگرانی ئەژدیهای (سربوسی) و تەواوی ئەو مەرجانەی بە سەرکەوتن ئەنجام داوە.

لە ئەفسانەکاندا هاتووە (هەرکول) لەبەر ئەوەی لە ژیانیدا زۆر زەجر و ئازاری دیوە لە دوای مردنی ڕۆیشتووەتە ئاسمان، وەبە فەرمانی خواکان لەناو ئەستێرەکاندا جێگەی بۆ تەرخان کراوە.

# ئەفسانەی ئەورووپا

یەکێک لە جوانترین داستانەکانی ناو ئەفسانەکانی یۆنانە، لەم داستانەیدا باس لە ڕابواردن و چاو لەدەری (زئوس)ـە، کە چەند دەڵە و خانمباز بووە. سەیر لەوەدایە بەو توانا و دەستەڵاتی خواییەوە، کە هەیبووە ترس و تۆقیان و مەدارای لە هاوسەرەکەی هەبووە، کە (هیرا)ی ناوبووە و لە ڕاستیشدا لە یەک دایک و لە یەک باوک بوونە، ترسەکەی زۆرتر لە کاردانەوەکانی دژ بەو ئافرەتانەی ئەو دەبووە هاوپێخەفیان.




ئیدی ڕۆژێک (زئوس) گەورەخوای پۆپەی شاخی ئۆلەمپ و هەوارگەی خواکان، هەر لەوێرا سەیری دوور و نزیکی سەر زەوی دەکات، کچە نازدارێک لە ناو کۆمەڵێک کچانی شۆخوشەنگ لەناو باخچە و دارستانێکی لێواری دەریا دەبینێت خەریکی گوڵچنین و ڕاز و نیاز بوونە لە ترسی پێزانینی (هیرا) بۆ پەی پێ نەبردن خۆی دەکاتە (کەڵەگایەک)ی گەلێک بە هەیبەت و دیمەندار و لە کۆمەڵی کچانەوە نزیک دەبێتەوە.

پـۆلەکچ تــا ئەو حەلە کەڵەگــای دیمەنــدار و بە هەیبەتــی ئاوایــان نەدیبووە، بە دووریدا کۆمەڵ دەکەن، کەڵەگای سپی و بە دیمەن وردە وردە لە ئەورووپاوە نزیک دەبێتەوە و لە زەویدا دادەنیشێت و هەوەس دەخاتە دڵ و دەروونی ئەورووپاوە تا سواری پشتی بێت. ئەورووپا سواری پشتی دەبێت و کەڵەگا لە چرکەیەکدا هەڵدەفڕێت بەرەو دەریا و لە ناوەڕاستی دەریادا کەڵەگا دادەبەزێتە خوارەوە، دەریا لە شـەپۆلدان دەکەوێت و دەقدەبەستێت و چەندان فریشتە بە سـواری دۆلفینەوە لە دەوروریانــدا دەکەونە جووڵەجــووڵ. ئەورووپــا لەو دیـمەنە سەرسـام ئــاوەرانە ترســێکی زۆری لــێ دەنیشــێت و دەکەوێــتە بیــرەوە، کە ئەم کەڵەگــایە هەر دەبــێ پەیوەنــدیی لەگەڵ خواکانــدا هەبێــت لە کەڵەگــا دەپاڕێتەوە تا لە ناوەڕاستی دەریادا بەجێی نەهێڵێت.

کەڵەگا پێی دەڵێت: جوان فکرت کردووەتەوە، من تۆم وەک هاوسـەری خـۆم هەڵبـژاردووە و ئەوەســا دەتــبەم بـۆ دوڕگەی (کـرت) لەوێـڕا دەنیشمەوە.



لە دواییدا ئەورووپا لەو پەیوەنـدییەی سـێ کـوڕی بـــووە و هەرســـێکیان پلەوپــایەی نیوەخوداییــان لەســەر زەویــدا بەدەســت هێناوە.

# ئەفسانەی پرسئوس و ئاندرومدا

پاشا دڵڕەقەکەی شاری ئاتن خەو دەبینی، کە کچە تاقانەکەی کوڕێکی دەبێ و دەبێتە هۆکاری کوشتنی شاهـ ئکریسیوس لەو خەوەی گەلێک دەشـــڵەژێ و فەرمـــانی داوە کـــچەکەی هەرگیـــز مێـــرد نەکـــا و لە سارداوخانەی کۆشکەکەیدا زیندانی دەکات.

ئیدی شازادە شەو و ڕۆژی لە تاریکیدا گوزەراندووە، بێ ئەوەی هیچ کەسێک ببینی تا ڕۆژێک (زئوس)ی گەورە خواوەندی شاخی ئۆڵەمپ بە شـێوەی بـارانی زێـڕین داکشـاوەتە نـاو زینـدانەکەی (دانـانە)وە، لەوێـڕا زئـوس بەڵـێن بە دانـانە دەدات، ئەگەر ڕازی بێـت ببێـتە هاوسـەری لەو تاریکستانی زیندانەیدا ڕزگاری دەکات.



هەروایان کرد دوای چەند مانگێک (ئکریسیوس)ی شاهـ زانی بەڵێ وا شـازادە بـاردارە، بڕیـاری دا کـچەکەی بکوژێـت تـا لەو پێشـینییەی خۆی ڕزگارکات، بەڵام پیـاوە ئایینییەکان بە شـایان ڕاگەیاند نەکا ئەو کارەی

بکات خۆی وڵات بخاتە مەترسی و تۆڵەی خواکانەوە بۆیە بڕیاری داوە کـچەکەی و منـداڵەکەی بخـرێتە نێـو سـندووقێکەوە و تـووڕدرێنە نـاو دەریـاوە (زئـوس)ی هەوەسـبازی شـەواڵ پەلیـد لە هەرزەگیـی خۆیـدا بەردەوام بـــووە. بەســـەرهاتی (دانـــانە)ی لەبیرچـــووە. یەکێـــک لە دوورگەکـان، هەواڵ دەگـاتە شـای دوورگە کە (دانـانە) دەبینـی عاشـقی جوانی و خان و مانی دەبێت و دەیکاتە هاوسـەری خۆی. (پرسئوس) لە دەریادا گەورە دەبێت و شای مێردی دایکی دەیەوێ بە هەرچۆنێک بووە لە پرسئوسـی گـورنەتەڵە ڕزگـاری بێـت. داوا لە (پرسـئوس) دەکـا بـۆ جەژنی بیرەوەریی شوکردنی دایکی سەری (مەدوزا)ی بۆ بهێنێ.

(پرسئوس) هیچ زانیاریەکی دەربارەی ئەو جانەوەرە نەبووە، (ئـاپۆلۆ) لە چاوساغیی پەرستگا دەربارەی مەدوزا دەپرسێت، لە وەڵامیدا چاوساغ پێی ڕادەگەیەنێت، ئەوە گیانلەبەرێکی هەروەک شـەیتان دڕ و خوێنخوار و خەتەرنـاکە، تەواوی قـژی سـەری وەک مـار وایە، ئەوی ڕووبەڕووی ئاوری (مەدوزا) بێتەوە دەبێتە بەرد.

پرسئوس زۆر ترسابوو، جانەوەرێک بەو توانا و ترسێنەرە کوشتنی مەحاڵە ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای شا و بدا لەژێر بەڵێنەکەی لەو کاتەیدا دوو خوانـدگاری لـێ پەیـدا بـوو، ئـاتەنە و هەرمـس، بە پرسئوسـیان ڕاگەیانـد چـۆنیەتی کوشـتن و لەنـاوبردنی مەدوزا. پرسـئوس ڕێـگەی هەوارگەی مەدوزای گـــرتەبەر و گەیشـــتە دەڤەری تاریکســـتان و ئەشکەوتی مەدوزا.

ئـاتنەی خواوەنـدگار ئـاوێنەیەکی بە (پرسـئوس) دا، لە ڕێـگەی ئەو ئاوێنەیەوە بنواڕێتە مەدوزا، کاتێک بۆی دەرکەوت وا مەدوزا نوستووە لێی نزیک بوویەوە و بە یەک لێدانی شمشێر سەری مەدوزای پەڕاند، بێ

ئەوەی سەیری چاوی مەدوزا بکات، کەللەی ماراوی مەدوزای خستە کیسەیەکەوە و کە بە هۆی پێڵاوی تیژ کە هرمس پێی بەخشی بوو، گەڕایەوە بۆ دورگەی پاشای بەهانەگیر، لە دواییدا پرسئوس بەرەو یۆنان بە ڕێکەوت لەناو شاخ و بەندەنێکدا ئافرەتێکی بە زنجیر بەندکراو بە تەختە سەنگێکەوەیە، کە وردبوویەوە گەلێک جوان و زەریفی هاتەچاو، کە ناوی (ئاندرومدا) بووە.

پرسئوس بە دیتنی (ئاندرومدا) عاشقی دەبێ بە یارمەتی خواوندگار (ئاتنە) کچە لەو بەندە ڕزگار دەکات.

دایکی ئاندرومدا لە مێژدا وتوویەتی کچەکەم لە هەموو خواوەندگارەکان جوانترە. ئەو وتەیە بووەتە هۆی ئالۆزیی (ئەفرۆدیت) بۆیە بەو دەردەی بردووە و لەوێرا بەو شێوەیە بەندی کردووە تا ئەژدیهاکەی ناو دەریا بێت و (ئاندرومدا)ی بێتاوان بخوات، بەڵام پرسئوس چاوەڕوانی هەڵبژارد، تا ئەژدیها خۆی وەدەر خات، بەو شمشێرە زێڕینەی وا ئاتنە پێی دابوو ئەژدیها بکوژێت.

سەرەنجام خۆی وەدەرخست و پرسئوس شمشێری زێرین بەدەست و پێڵاوی تیژڕەوی (هرمس)ی لە پادا بووە، پەلاماری ئەژدیها ئەو کاتە دەبێت کە ئەژدیها خۆی وەدەرخات. (پرسئوس) ئەژدیها دەکوژێت و خەڵکی شاری نزیکی ئەو ڕووداوە دەیکەنە جەژن و شادی بۆ (هاوجووتیی پرسئوس و ئاندرومدا) جەژن و شاییەکی گەورەیان ئەنجام داوە.

سەرەنجام پرسئوس دەگەڕێتەوە بۆ هەمان دورگە و لای پاشای نابەکار بۆی دەردەکەوێت دایکی دەرکردووە و دایکی گەڕاوەتەوە

یۆنان(پرسئوس) سەری براوی (مەدوزا) وەدەر دێنێ و شا و تەواوی دانیشتوانی دەربارەکەی دەکاتە بەرد و لەوێڕا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان بۆ دۆزینەوەی دایکی.

لە گەڕانەوەیدا بۆ شاری (ئاتن) ئەو دەمەی بووە پێشبڕکێی وەرزشی لە شاردا ئەنجام دەدرا، لەسەر داوای (ئاندرومیدا)ی هاوسەری پێشبڕکێی (قورس)دا کە پارچە ئاسنێکی پانوپۆڕە وەرزشکارەکان تووڕیان دەدا، تاکی لە هەمووان زۆرتر تووڕی داتە دوورترەوە.

لە دوای ئەوەی پرسئوس سەری براوی مەدوزای دەبا بۆ پەرستگای (پارتەنون) بەسەر (سپەرەکەی) ئاتنەوە داینا تا کەس لە ترسی بە بەردبووندا زاتی ئەوەیان نەبێت پەلاماری شاری (ئاتن) بدەن.

ئیتر ئەو دوو دڵدارە ساڵەهای ساڵ پێکەوە ژیان چەندان منداڵیان خستەوە، کە مردن خواوەندگار هەردووکیانی کردە دوو ئەستێرە لە کۆمەڵگای ئەستێرەکاندا.

# ئەفسانەی ئەسپی باڵداری بگاسووس

ئەمەیش داستانێکی کەی ئەفسانەکانی یۆنانی کۆنە، لە دوای ئەوەی پرسئوس سەری مەدوزای قژماری بڕی ئەسپی باڵداری فرەجوان بەناوی (بگاسوس) هاتە دونیاوە و لە ئاسمانەکاندا دەبینرا.

لەو کەینوبەینەدا شەوێک خواوەندگار ئاتنە دەڕواتە خەوی پاڵەوانێک بەناوی(بلیرۆفۆن) و پێی دەڵێت: سبەینێ دەڕۆیت بۆ کانیی پیرۆز و ئەسپی باڵدار دێت (بگاسوس) دەڕوات بۆ ئاوخواردنەوە لەسەرخۆت برۆ، لە خاو بنەدەمێ بۆت رام دەبێت. بە بەیانیدا (بلیرۆفۆن) لە خەو هەڵدەستێ و دەنوارێ لە خاوزێڕین لە لای جێگەیەکدا دانراوە، خۆی دەگەیەنێتە کانیی پیرۆز و زۆرناکێشێ ئەسپی باڵدار دێت بۆ ئاوخواردنەوە (بلیرۆفون) لەسەرخۆ دەڕوا لەخاو دەناتە دەمی و لە دواییدا بێ کێشمەکێش لەخاو لە قەبووزەی (بگاسوس) دەنا و سواری دەبێت و دەکەوێتە سەفەرێکی دووردرێژ، لە ڕێگەدا تووشی دەبێتە جانەوەرێکی زۆر دڕندە، بەناوی (چیمارا)، (چیمارا) بە لەش شێر و بە کلک مار و ئاگر لەدەمێ وەدەر دێ.




(بلیرۆفۆن) هەر لە بەرزاییەوە (چیمارا)ی دڕندە دەداتە بەرتیر و دەیکوژێ، دوای کوشتنی ئەو دڕندەیە بلیرۆفون بە جۆرێک لەخۆی بایی دەبێت لای وابووە لە ئاستی خواکانیشدا نییە، دەژەنێتە (بگاسوس)ەوە تا بەرەو شاخی ئۆلەمپ بڕوات(بگاسوس) ناڕوات و پێی دەڵێت: تۆ ئەو کارە مەکە و بە زیانت تەواو دەبێت. بە گوێی ناکا و بۆخۆی بە پیادە هەڵدەگژێتە شاخی ئۆڵەمپدا لەنیوەڕێدا پێی خلیسکا و لە شاخ سەرالێژبوویەخوارەوە، هەپڕوون بە هەپڕوون بوو، لە بالآبانەوە (زئوس) تەماشاکەری دەماغسزی (پلیرۆفۆن)ی دەکرد، بیکاسۆسی باڵداری خستە تەوێڵەی تایبەتی خواکانەوە لە دوای تۆپین هەواڵەی کۆمەڵگای ئەستێرەکانی کرد، بوو بە ئەستێرەیەک.

# ئەستێرەی تزئوس و گای میناتۆر

پوزیدون خوای دەریاکان گایەکی سپی و جوانی بە شای دورگەی کرت دا، تا لەو پەرستگایەدا بیکاتە قوربانی، بەڵام مینوس شای دورگەکە نەڕۆیشتە ژێرباری ئەو ئەمرەی پۆزیدون پێی کردبوو، پۆزیدوون بۆ تۆڵەسەندنەوە و ئازاردانی شای دورگەی کرت (مینوس) شاە کارێکی وای کرد تا ژنەکەی سەخت عاشقی کوڕەگەنجێک بێت. لەو عیشقە ژنەکەی منداڵێکی زۆر سەیری دەبێت بە لەش و چوارپەل گا و بە سەرومل مرۆڤ، بەڵام مرۆڤێکی شاخدار.

کاتێک (مینوس) لەو لە دایکبوونە ئاگادار بوو فەرمانی ئەو نیوە ئینسان و نیوە مینوتۆرە بدەنە نێو ئەوشکەوتێکی هەزار بە هەزاری پڕ لە پێچوپەنای قووڵ و تەواو نەبوو، هەر کەسێک گوزەری کەوتبایە ناو ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوەی بۆ نەبووە، لەو سەردەمەیدا سەرتاسەری یۆنان لەژێر دەستەڵاتی دورگەی کرت دابوو، شای کرت بۆ زەبوونکردنی یۆنانییەکان ساڵانە حەوت کچ و کوڕی گەنجی وەک باج لە یۆنان دەسەند و ئەو حەوت گەنجەی دەناردە ناو ئەوشکەوتی هەزار بە هەزارەوە تا ببنە خۆراکی جانەوەری مینتیاتۆر، ئیتر ئەو باج و خاوەیە ساڵەها درێژای کێشا بوو تا شای شاری ئاتن ئاژنوس کوڕێکی بوو بەناوی تزئوس.

تزئوس هەروەکوو کوڕە مامی هەرکولی قارەمان وردە وردە گەورە بوو، تا ئەو ساڵەی کاتی هەناردەکردنی حەوت گەنجی شار هاتبوو تزئوس ڕۆیشتە لای باوکی تا ئەو یەکێک بێت لەو حەوت کەسە، بە

باوکی وت: دڵنیابە من مینیاتۆر دەکوژم (ئاژنوس شاە) سەرەتا ڕازی بەو پێشنیازەی نەبوو، سەرەنجام بە ناچاری بڕیاری دا یەکێک بێت لەو حەوت کەسە، بە باوکی وت لە گەڕانەوەیدا ئەگەر پەرچەمی سپیم هەڵکردبوو بزانە مینیاتۆرم کوشتووە، ئەگەر پەرچەمەکە ڕەش بوو، بزانە فیدای میللەت و وڵات بوومە.



ئیدی کەشتیی قوربانییان کاتێک لە دورگەی کرت دادەبەزین خەڵکەکە هاتبوون بۆ تەماشای قوربانییان، لەوانە کچی شاهـ ئەویش هاتبووە و عاشقی تزئوس دەبێت و تۆپە بەنێکی دەداتی و پێی دەڵێ دوای گرتنی دەرگای ئەشکەوت گڵۆڵە پەتەکە بکەرەوە و ببیەستە دەرگاکەوە تا لە تونا و تونەکانی ناو ئەشکەوتدا وێڵ نەبی.

بە سەبێنیدا قوربانییەکانیان بەرەو ئەشکەوت برد و دەرگای ئەشکەوتیان کردەوە و قوربانییەکانیان تێخست و دەرگایان لێ گرتن، (تزئوس) بە قوربانییەکانی وت: ئێوە لێرە مەجولێن تا من مینیاتۆر دەکوژم و دەگەڕێمەوە تزئوس بەناو کۆلانەکان ڕشتە تون تونەکاندا گەڕا بە دوای مینیاتۆردا نزیک بوویەوە، بە گورزێکی قورس و گران دەعبای کوشت. دوای کوشتن هەر ئەو بەنەی وا لە سەرەتاوە دایانابوو، هەمان ڕێچکەی بەنەکەی هەڵگرت و لە ئەشکەوت وەدەرهاتن، لە دواییدا کچە شای عاشقی (تزئوس) کە ناوی (ئاریداتە) بوو لەگەڵ تزئوسدا بوونە هاوسەر.

کەشتی بەرەو شاری ئاتن گەڕایەوە، لە دوورەوە ئالاتی ڕەشی کەشتییان دی، لەوە دڵنیابوون، کە قوربانییەکان مینیاتۆری دەعبا خواردوونی، هەڵەکە لە تزئوس بووە، لە بیری کردبووەوە ئالای ڕەش لابا و سپی هەڵکا.

شا لە ناڕەحتیدا لەسەر بەرزی بوڵەندییەکە خۆی دەهاوێژێتە خوارەوە و خۆی دەکوژێت، بە فکری ئەوەی (تزئوس) کوژراوە، بە دوای مردنی شاە (ئاژئوس) تزئوس دەبێتە شای شاری ئاتن، لەو دەمەوە کە باوکی ئاژئوس خۆی هەڵداوەتە خوارەوە، ئەو دەریایە ناونراوە دەریای ئێژە یان ئیجە!

# ئەفسانەی ئۆدیپۆس

شەوێک لائیوس شای شاری تیس (تب) خەو دەبینێ، کە ژنە بارداره‌کەی کوڕێکی دەبێت و دوای ئەوەی دەیکوژێت دایکیشی مارە دەکات.

(لائیوس) ئەو خەوە خراپ دەیشڵەژێنێت بڕیاری خۆی دابووە هەر هاتە دونیاوە لەناوی ببات، نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ منداڵ لە دایک دەبێت و دەیدا بە یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانی تا لەناو چیاکاندا تووڕیدا تا ببێتە خۆراکی جانەوەران، شوانێک ئەو منداڵەی دەدۆزێتەوە و دەیبا بۆ دەرباری شای شاری کورینت (ئۆدیپۆس) لە دەرباری شادا گەورە دەبێت و دەبێتە گەنجێکی باڵابەرزی بازووڵەئەستوور.



ڕۆژێــــک ئۆدیبـــــوس دەڕواتە دەرەوەی شـــــارەوە و عارەبـــــانەیەک توندوتیژ لێی نزیک دەبێتەوە و هەر دەگاتە نزیکی ئەو، بە تەواوی توانایەوە و قامچییەک دەماڵێنێتە سەروگوێلاکی (ئۆدیپۆس)دا ئۆدیپۆس لەو کارە نەشیاوەی ئەو کابرایە یەکجار ئاڵۆز دەبێت، بە مشتێک مێشکی دەپژێنێ ئەو کوژراوە شای شاری (لائیوس) بووە کوشتوویەتی، کە لە ڕاستیدا باوکی خۆی بووە کوشتوویەتی، ئودیبوس بڕیار دەدا گەشتێک بکا بۆ شاری (تب) لە ڕێگەیدا جانەوەرێکی خوێنخوار بەناوی ئسفنکس ڕێگەی پێ دەگرێ، ئەو جانەوەرە ژیانی لە شار و ئەو دەڤەرەی تاڵ کردووە، ئەو ئسفنکسی بە لەش و چوارپەلوچنگ شێر بووە، بەسەر و ڕوخسار ئافرەت و دوو شاباڵیشی هەبووە. ئۆدیبوس سەر دەکەوێ بەسەر ئەو جانەوەرەیدا و دەیکوژێت، بەڵام لەپێش کوشتنیدا پرسیارێکی کردووە ئەگەر کابرا بیزانیبایە لێی دەگەڕا بڕوات، ئەگینا دەیخوارد و دەیپرسی: ئەوە چ گیانلەبەرێکە کە بەیانی چوارپای هەیە و نیوەڕۆ دوو پا و شەویش سێ پا؟

لەولاشەوە خەڵکی شار لە کوشتنی شای شار ئاگادار بوون و لایان وابووە کە (ئسفنکس) کوشتوویەتی.

دەم چەرمووانی شاری (تب) ڕایگەیاندبوو ئەوی وەڵامی ئەو جانەوەر بداتەوە بیکوژێت دەکرێتە شای شار و شاژنیش دەکرێتە ژنی.

مەتەڵەکەی (ئسفنکس) بۆ ئۆدیبوبس هێندە سەخت و دژوار نەبووە، زۆر بە ئاسانی وەڵامی داوەتەوە، وەڵامی ڕاستەقینەی ئۆدیبوس بوو بە هۆی ئاڵۆزی و نارەحەتییەکی ئەوتۆ، ئەو جانەوەرە لە قینا لەسەر چیا خۆی هاویشتە خوارەوە و خۆی کوشتووە (ئۆدیبوس) بێ یەکودوو لە وەڵامی (ئسفنکس)دا وتبووی ئەوە ئینسانە.

خەڵکی شار لە ڕووداوەکە ئاگادار دەبنەوە، ڕۆیشتنە پێشوازی ئۆدیبوسەوە، یەکسەر تاجی شاهی دەخەنە سەر، ئۆدیبۆس دەکرێتە مێردی شاژن، بێ ئەوەی ئۆدیبۆس ئاگادار بێت وا بووە بە مێردی دایکی، لەو پەیوەندیەیدا دوو کوڕ و دوو کچیان بووە.

بەڵام خواکان ئاگاداری ئەو هەقیقەتە تاڵە بوون، نەخۆشیی چاوەقولەیان لە شاری (تب)دا بڵاوکردووە.

خەڵکی شاری ئۆدیبوس پەنایان بردە پەرستگای (دلفی)ی و دەست بە داوێنی ژنەکوێرە لێزانەکەی پەرستگابوون تا هاوکاری ئەو بەڵای نەخۆشیەی بزانن.

لە وەڵامدا وتوویەتی: لەناو ئێوەیدا کەسێکتان تیادایە شای شاری کوشتووە و دایکی خۆیشی کردووەتە ژنی خۆی.

ئۆدیبوس فەرمانی دا تا ئەو تاوانبارەی بدۆزنەوە، بۆخۆیشی ڕۆیشتە لای پێشبینیکەری شار، لە وەڵامدا پێی وتووە: ئەو بکوژە تۆیت، بۆخۆت باوکت کوشتووە و دایکت مارە کردووە.

ئۆدیبوس یەکڕاست دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکی شاهی دەنواڕێ ژنەکە (دایکی) خۆی کوشتووە و ئۆدیبوس هەر لەوێدا هەردوو چاوی خۆی وەدەر دێنێ.

لەو کەینوبەینەیدا خەڵکی شار بە تووڕەبوونەوە دێنە ناو دەربارەوە و (ئۆدیبوس) لە شار وەدەر دەنێن.

خەڵکی شار ئۆدیبوسیان بە هۆکاری نەخۆشی چاوقوڵە زانیوە، داویانەتە بەربەرد، تەنها کچە بچووکەکەی کەوتە تەک باوکە کوێرەکەی،

ئەو دووانە دوای ڕۆژگارێک گوزەریان دەکەوێتە شاری ئاق لەوێڕا تزیئوس و ژنەکەی (ئاریدانە) ئۆدیبوس و کچەکەیان پەنادا لە پایانی ئەم داستانەیدا هاتووە، دوای چەندان ساڵ زیندەگی لە دەربارى ئاویدانەد، بەڵام کوڕەکانی دووچاری نەفرینی باوکیان بوون و هەردوو کوژراون.

لە سەرچاوەیەکی دیکە هاتووە خواکان بەزەییان بە ئۆدیبوس هاتووەتەوە و خۆی و کچەکەی هەڵدەکێشنە لای خۆیان تا کۆتایی بە تراژیدیای ژیان و بەسەرهاتی بهێنن، کە لە هەقیقەتدا جگە لە نەفرینەکە نەبێت بۆخۆی ئۆدیبوس هیچ تاوانێکی ڕاستەوخۆی نەکردووە، ئەوەی بەسەری هاتووە لەعنەتی خودایان بووە. ئەمە دووبارە نییە سەرچاوەیەکی کەیە بەم جۆرە دەربارەی ئۆدیب دەدوێ.

# ئەفسانەکان

زۆربەی زۆری میللەتـــان هەر یەکە بە جۆرێـــک چیرۆکـــی پـــڕ لە ئەفسانە و ڕووداوی سەیر و سەمەرە و دێو و درنج و ئەژدیهای باڵدار و مێـردەزمە و ســەدان جـانەوەری شــاخ و شــفرەدار و تـۆقێنەر لە داستانەکانیاندا وتراوە، بەڵام کەمیان گەیشتوونەتە ئاستی ئەفسانەی ئەخلاقی و کۆنترۆلکراو، لە لایەن هێزێکی دامەزراوی بەتوانای خاوەن ئەنجوومەن و دامودەزگادار، وەک ئەفسانەکانی یۆنان، نیشتەجێبوونی شاخی ئۆڵەمپ. لێرەدا کاتێک باس دێتە سەر ئەفسانەکان لە دونیای ئەمڕۆدا چەندان سەرزەوی و ڕەگەز هەن لە قوڵایی مێژوو هاتوون و تا بە ئەڕۆیش وەک ڕەگەز ماونەتەوە، تا بە ئێستا کاتێک باسەکەمان بێتە سەر ئەفسانە کۆنەکان و تا بە ئەمڕۆ هەمان میللەت لە هەمان سەرزەوی ژیاون و دەژین وناکرێ باس لەم ئەفسانانە نەکرێت.

ئەفسانەکانی مهابهاراتا کەوا پڕن لە ڕووداوی جۆراوجۆری عیشق و تۆڵە و جانەوەرانی خەیاڵی و ململان، پەلامار و پاڵەوانی و سحر و جادوو و بکوژ و ببڕ و خیانەت و کاروباری بازرگانی و زەلزەلە و گڕکان و دەریای خرۆشاو و سیستەمی فەرمانڕوایی پڕ لە سەیر و سەمەرە.

بێگومان ڕووداوەکانی مهابهاراتای ناو گەلانی وڵاتانی پانوپۆڕی هیندستان، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئەفسانەکانی دونیا. ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە هەر ژینگەیەک ڕووداوی ئەفسانەکانی نەیتوانیوە لە چوار تەنیشتی ژینگەی ئەو میللەتە دوورکەوێتەوە. ئاواتەخوازی ئەو توانا و

دەستەڵاتە لە ئەفسانەکانیاندا وتراوە لە تەواوی ئەفسانەکانی (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی یۆناندا.

بە نودرەت ناوی سارای کرکای کرک هاتووە، یان گرفتاریەکانی ناو سارا و دونیای لم. بە پێچەوانەوە پڕن لە ڕووداوی ناو دەریا و جانەوەرانی دەریای و شەپۆل و دوڕگە و کەشتی و مەلەوانان.



ئەفسانەکانی یۆنان و بە دوایدا ئەفسانەکانی ڕۆمان، کە بۆخۆیان شوێن پا هەڵگری یۆنانییەکان بوونە چ لە ڕووی ئەفسانەکانەوە تا بگاتە تەلارسازی و پەیکەرتاشین و تەواوی بەشەکانی هونەر. ئەو میللەتە لە تەواوی مێژوو تا بە ئەمڕۆ هەمان میللەت بوونە و ڕیشووی ڕەگەز و نەژادیان لەو سەرزەویەیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵی بێ دابڕان تا بە ئەورۆ.



ئەفسانەکانی میسر و سەردەمی دەستەڵاتی فەراعینە، ئەو وڵاتەیەیش یەکێکە لەو وڵاتانەی خاوەنی فەرهەنگ و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان بوونە و لاساییان لە میللەتانی تر نەکردووەتەوە، جیاوازی بیروڕای ئاینی ئەوان لەگەڵ میللەتانی تردا، بە پێچەوانەی خواکانی یۆنانی کۆن، کە شێوە و شەمایلیان، هەروەها ئارەزوو و هەوەسیان زۆر لە مرۆڤەوە نزیک بوونە و جگە لە خوابوون مواسەفاتیان لەگەڵ مرۆڤدا جیاواز نەبووە، بەڵام خواکانی فیرعەونەکان خاوەنی دیمەنی ترسێنەر و تۆقیان بوونە، بە شێوەی دەعبا و بنیادی نێوان ئەو خوایانە و مرۆڤی سەرزەویش فەراعینە و تەنها ترس و تۆقیان بووە.



ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا یان نێوان دۆڵی دوو ڕووبار، کە ئەورۆ ئەو سەرزەوییە ناسراوە بە دەوڵەتی عێراق.



لە دۆڵـی دوو ڕووبـاردا چەنـد دەسـتەڵات ژیـاون، ئەو دەسـتەڵاتانە توانیویـانە ئیمپراتـۆریەت پێکبهێـنن، بە تەئکیـد دەسـتەڵات و قـودرەت بەسـەر میللەتـانی تـردا بۆخـۆی خۆبەخـۆ دەسـتەڵاتە زۆردار و داگیـرکەرەکە خـۆی بە خـاوەنی سـەروماڵ و فەرهەنـگ و کەلتـوور و هـونەری ژێـر دەسـتەکانی دەزانـی، لە کۆنـدا ئەو دەسـتەڵاتانەی لەوێـدا ژیاون، ئەمانەی خوارەوەن:

سۆمەریەکان.

ئەکەدیەکان.

بابلییەکان.

ئاشووریەکان.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتیشەوە ئیمپراتۆریەت (مادەکان) بووە، لەو چوار ڕەگەزە ئەورۆ لە سەرتاسەری جیهاندا تاکەکەسێکیان نەماون بەو ناوانە، ئەمانەیش دەگەڕێنەوە بۆ چوارسەد، پێنجسەد ساڵ لە پێش زایینیندا، بەپێی سەرچاوەکان لە نزیک دوو هەزار ساڵ. دیکۆمێنتم بەڵاوەیە وەک وتارێک لە ڕۆژنامەی (باس)ی هەفتانە بڵاوم کردوونەتەوە.

من لەم کتاوەمدا تەنها باسم دەربارەی ئەفسانەکانی یۆنانە، ئەفسانەکانی تر هەر یەکە سەدان کتاویان لەسەر نووسراون و لەم باسی بەندەیەیدا تەنها ڕووداوی ناو ئەفسانەکانی یۆنانە و بەس. بەڵێ لەوان زۆرتر دەربارەی ئەفسانەکانی یۆنان بە زمانی جۆراوجۆری زۆر نووسراون، بەڵام بە زمانی کوردی زۆر کەم لەم ڕووەوە نووسراوە و کتاوخانەی ئێمەی کورد وەک زۆر بابەتی تر لەم ڕووەوە هەژارە، بگرە هەر یەک جار. جا لێرەدا دەکۆشم کورتەیەک دەربارەی ئەو ئەفسانانەی وا ناویانم هێناوە تۆزەکێک بدوم. ئەو دەم بگەڕێمەوە سەر باسە سەرەکییەکەم، کە ئەفسانەکانی یۆنانە و پاشوەندەکەی ئەفسانەی ڕۆمانەکانە، بەڵام لەپێش ئەوەیدا ناکرێ تۆزەکێک دەربارەی ئەو ئەفسانانەی نەکەم کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر هەبوونە و ئەو میللەتانەیش تا ئێستا لە وڵات و دەڤەرەکانی خۆیاندا دەژین و نەوەی ئەو میللەتانەن، کە باوەباپیرانیان باوەڕیان بەو ئەفسانانە بووە و بەشێکی سەرەکیی ژیانی ڕۆژانەیان بووە، لەوانە پاڕاونەتەوە، ترساون پەنایان بۆ بردوون لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە تەواوی وردەکاریی ژیانیاندا بەشدار بوونە، هەر نەبێت بە باوەڕ و بۆچوونی خەڵکەکە

ئەوانن بڕیاردەر ئەوانن، مایەی خۆشبەختی و بەدبەختی کاروکردەوەی ژیانیان.

مهابهاراتا، یانی شای هەرە گەورە (مهابهاراتا) مەلحەمە شیعرێک دەربارەی ململان و کێشمەکێش و شەڕی خوێناوییە لەنێوان (کاوراڤاس و باندافاس) ئەو دوانە دوو چڵن لە یەک بنەماڵەی بەناوی (مهابهاراتا) کە بۆخۆیان فەرمانڕەوا بوونە، (کاروافاس) لە بنەماڵەی دریتاراشترای یەکەم بووە، کە بۆخۆی کوێربووە، لەبەر کوێربوونی نەیتوانیوە ببێتە شاهـ و براکەی بەناوی (یادو) کە بنەماڵەی (باندافاس) لەوە پەیدا بوونە، بەڵام باندو پاشایەتی تەواو نەکردووە و لە پاشایەتی دەستی گردووەتەوە و بووە بە (دەروێش)ەوە، (دریتاراراشترا) جێگەی هەڵگرتووە وبووە بە شاهـ ئیتر کوڕەکانی (دریتاراراشترا) کە ناسراوبوون بە کاروافاس لەگەڵ پێنج ئامۆزکانییدا کوڕەکانی باندو پێکەوە گەورەبوونە و هەمیشە ململان و شەڕەقۆچ لەنێوانیاندا هەبووە، ئەو وردە ململانە لەنێوان دوو ئامۆزادا بووەتە ململانێیەکی زۆر گەورە و خوێناوی، سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی دووربخرێنەوە بۆ وڵاتی تر.

داستانەکە دووروودرێژە و بەسەرهاتیان زۆر درێژە، بەڵام سەرەنجام پەنا دەبەنە دەربار و دەستەڵاتی (دوریادا)ی بە دەستەڵاتەوە دوان لەو برایانە دوو کچی شاهـ دوریادا دەبنە هاوسەریان بەناوی ( دراوبادی) لە سەردەمی دوورخرانەوەیاندا باندافاس ڕۆیشتنە خزمەتی (کریشنا)وە سوێندی وەفادارییان بۆ خوارد و دانیان نا بە پەرستگای (فشتون) کە بۆخۆی بوو بە پشتیوان و چاوساغییان تا لە هەڵەکردن بیانپارێزێت، لە شەڕەکانیاندا یارمەتیدەریان بووە، دژ بە کاورافاس وە دوای

گەڕانەوەیـان بـۆ وڵاتـی خۆیـان وڵاتیـان کـردە دوو بەشـەوە بەسـەر ئەوەشدا ئاشتی تەواو لە نێوانیاندا نەهاتەدی .

(بانـداڤا)ی بـرا گەورە و (یودهشـترا) یـاریی تاوڵەیـان کـرد لەگەڵ (کاوراڤـا) بە نـوێنەرایەتی (دوریودانـا)، بەڵام ( دوریودانـا) لە لایەن مـامەیەوە (شـاکوفی) یارمەتیدرا لەو یاریەیدا یودهشترا هەمـوو شـتێکی لەو یاریەیـدا دەوڕان هەتـاوەکوو (دراوبـادی) ، بەو هـۆیەوە (بانـداڤاس) دووبـارە ناچـار کـران کە دوورکەونەوە، ئیتـر دەربەدەرییـان بەردەوام بوو، تا شەڕی (کوروکشیترا)ی گەورە کە لەنێوان سـاڵی (٨٥٠-٦٥٠پ.ز) ڕووی داوە وازانـراوە ئەو شـەڕە لە نزیـک پایتەختی ئێستای هیندستانە (دلهـی) تەواوی شـازادەکانی (کاورافـاس) لەو شـەڕەیدا کـوژراون، بەو شێوەیە (یود هشترا) بـووەتە شاهـ فەرمـانڕەوایەکی درێژای کێشـاوە تـا هەسـتی بەوە کـردووە ئیدی ئەرکـی خـۆی ئەنجـام داوە لە ژیانـدا. بـۆیە وازی لە شاهیەتی هێناوە و خۆی براکانی بەرەو ئاسمان بەڕێکەوتوون.

مێژووی ئەمە دەگەڕێتەوە نزیکەی (سەدەی پێنجەمی پ.ز) وا باوە کە ئەم داسـتانە گـوایە (مهابهاراتـا) لە لایەن کەسـێکەوە بەنـاوی (ڤیاسـا) نووسـراوە لە ڕاسـتیدا تەقەلا زۆر کـراوە تـا بزانرێـت چـۆن چـۆنین، گەیشتووەتە ئەم  ئاستەی بەڵام ئەوەیان حاشاهەڵنەگرە زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوانە دەگەڕێنەوە بۆ قۆنـاغی (ڤیدیەکان)ی سـەدەی هەشـتەمی پێش زایین، بەڵام ئەوی دەبینی وا ڕێکخراوە لە قۆنـاغی (غوییتیەکان)دا ڕێکخراوە لە سەدەی چوارەمی پێش زایین.

مهابهاراتا درێژترین شیعرە( شیعری مەلحەمـی) لە جیهاندا، سـەرجەم حەفتـاوچوار هەزار بەیتە و هەروەهـا پـارچەی پەخشـان یەک ملیـون و هەشت سەد هەزار وشەیە، قەبارەکەی دە ئەوەندەی قەبـارەی (ئەلیـادە و

ئۆدیسەیە)، پێنج بەرانبەر کۆمیدیای ئیلاهییە، چوار بەرانبەر (رۆمایانا)یە، بەڵام مەلحەمەی شاهـ حیساری تیبیتی و مەلحەمەی ماناسی قرغیزی ئەو دوانە لە مهابهاراتا زۆرترن.

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین ئەگەرچی (مهابهاراتا) حەماسەیەکی مەلحەمەیە، شەڕە بەناوبانگەکەی (کوروکشیترا) و ڕووداوە ئاکامەکانی (مهابهاراتا)پڕی پڕە لە بۆچوونی فەلسەفی و ئایینی، وەک: (شریماد، بهاغافادچیتا)، وە مبەستەکانی ژیان (بۆروشارساسی) کە بریتییە لە (دارما) واتە حەق و (ئارسا) واتە مەبەستەوە. (کاما) واتە لەزەت، (موکشا) ئازادی.

بەوە شێوەیە دەردەکەوێت مهابهاراتا بەشێکی گەلێک گرنگی قارەی هیندستانە، نووسراوێکی سەرەکی هیندۆسییە ڕووداوەکانی بۆ مەبەستە ئینسانییەکانە و چۆنیەتی پەیوەندیی تاکەکەسی وەدەردەخا لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهان و چۆنیەتی سروشتی ناخی خودی مرۆڤ و چۆنیەتی لەزەتەکانی.

مهابهاراتا لە هەقیقەتدا شەڕێکی خوێناوییە لەنێوان دوو بنەماڵەی خواکان بە شێوەی مرۆڤ بوونە.

بەندە دەربارەی مهابهاراتا لەم کتاوەیدا ئەوەندەی باس دەکەم، ئەگەر تەنها لە (مهابهاراتا) بدوێم نیازی بە چەندان کتاوە، ئەوەیش لەم باسەی بەدەرە.

## ئەفسانەکانی ئێران:

لەپێش شاهنامەکەی (فیردەوس)یدا لێرەوە و لەوێ، بەپێی ڕەگەزە جیاوازەکان، جوگرافیای دەڤەرەکان، داستانی پڕ لە دێو و درنج و شەڕ و شۆڕ و بیگرە و بەردە و پەلامار و داگیرکردن و عیشق و خیانەت و ئەژدیها و هێزە ئاسمانییەکان، هێزە نەبینراوەکان، لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی دەڤەر و وڵاتە بەربڵاوەکەی ئێراندا هەبووە و لە فکر و زاتی خەڵکەکەیدا ملقی داوە.



لە پێش فیردەوسیدا شاعیرێکی ئێرانی بەناوی (دەقیقی) لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە و شاعیری دەرباری ساسانییەکان بووە و پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی بووە و نەبووە بە ئیسلام. لەسەر فەرمانی نووحی کوڕی نەسری سامانی شانامەی نووسیوەتەوە تا بەیتی (١٠٥٨)پیادا ڕۆیشتووە، بەڵام لە لایەن یەکێک لە کۆیلەکانیەوە کوژراوە.

لەو هەزار و پەنجا و هەشت بەیتەیدا سەردەمی زەردەشت و گشتاسپ شای ڕۆشنکردووەتەوە.

کاتێک فیردەوسی دەست بە نووسینی شانامە دەکات ئەو ١٠٥٨ بەیتە دەگونجێنێتە ناو شانامەکەیەوە، کە سەرجەم ٦٠٠٠٠بەیتە شانامەکەی فیردەسی چواربەشە.

بەندە دەکۆشم مانشێتەکانی ناو شانامە بخەمە ڕوو، کاتێک باس لە ئەفسانەکانی ئێران دەکرێت، ناکرێ باس لە ڕووداوەکانی شانامە نەکرێت، بە هەقیقەت شانامەی فیردەوسی شاکارێکی جیهانییە و هیچی لە ئەلیادە و ئۆدیسە و مهابهاراتا کەمتر نییە.

بەندە کاتێک قوتابی بووم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بۆ بەربڵاویی فکری قوتابی وانەیەکمان هەبوو بە ناوی (میتالۆژی) ئەو وانەیە لە لایەن خوالێخۆش بوو دوکتۆر میهرداد بەهار دەوترایەوە، قورئان بە حەقت کاتێک باسی شەڕەکانی ڕۆستەمی دەکرد، کە چۆن شمشێری دەوەشاند و تیری دەهاویشت، بە جوڵانەوەی دەست و هەراکردن، لەناو کلاسکەیدا وامان دەزانی شانۆیەکە و تەماشاکەری ڕۆستەمی زاڵین.

بەندە لەو کاتەوە عاشقی شاهنامە و لەم ڕووەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ز کتاوێکم نووسیوە بە چاپم گەیاندووە بە ناوی (درۆیە کاوە زووحاکی

نەکوشـــتووە؟) ســـەرجەم بەهەر ٦٠٠٠٠هەزار بەیـــتەکەی شـــاهنامەیدا چـــوومەوە و ئەگەرچـــی وەک وانەیـــش خوێنـــدوومە... لێـــرەدا تەنهـــا مانشێتەکانی شاهنامە دەخەمە ڕوو، تا خوێنەر تۆزێک زۆرتر ئاگاداری بن:

# مانشێتەکانی ناو شانامە

بێگومان دوان و هەڵسەنگاندنی شانامە یان گێڕانەوەی، کاروکردەوەی زۆری دەوێ. بەندە لەم کتاوەدا تەنها مەبەستم ڕوونکردنەوەی دەوری کاوە و پەیوەندیی نێوان ئەو و زوحاک و فەرەیدوونە و بەس...

دەزانم خوێندەوارانی ئەوڕۆی کورد هێندە ئاگاداری شانامە و ڕووداوەکانی شانامە نین، من هەر وەک سەردێڕ ڕووداوە گرنگەکان دەخەمە بەرچاو، بۆ ئەوەی بزانرێت شانامەی فیردەوسی شاکارێکی جیهانییە و موڵکی سەرتاسەری بەشەریەتە، لاشم وایە لەگەڵ ڕەگەزی بەشەریەتدا ئەو شاکارە دەمێنێتەوە و لەناوچوونی بۆ نییە.



بەنـدە، تـا سـەردەمی دەسـتەڵاتی (مەنـوچەهر)م ڕوون کـردووەتەوە، ڕەنـگە خوێنـدەوارێکی تـر قـۆڵی لـێ هەڵماڵێـت و سەرتاسـەری شـانامە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، من ئەوەی بە دوور نـازانم و بە کـارێکی شیا و پیرۆزی دادەنێم، لە ئێستاوە دەستخۆشیی لێ دەکەم.

بەندە جارێک خوێنەران بەم سـەردێڕانە دەلاوێنمەوە، تـا ئەو ڕۆژەی کتێبخانەی کوردی دەبێتە خاوەنی وەرگێڕانی سـەرتاسـەری شانامە:

## بەرگی یەکەم:

پاشایەتی (مەنوچەهر) سەد و بیست ساڵی کێشاوە.

داستانی لە دایکبوونی زاڵ.

مەنوچەهر، لە کردەوەی سام و زاڵی ژیر ئاگادار دەبێتەوە.

ڕۆیشتنی سامی نەریمان و زاڵ بۆ زابولستان.

سام پاشایەتی دەدا بە زاڵ.

زاڵ دەڕوا بۆ خزمەتی میهرابی کابوولی.

زاڵ عاشقی (ڕوودابە) دەبێت.

کۆیلە و کەنیزەکانی ڕوودابە دەڕۆن بۆ دیتنی زاڵ.

گەڕانەوەی کەنیزەکانی ڕوودابە.

زاڵ دەڕوا بۆ دیداری ڕوودابە.

زاڵ لە پیرمـوبەدان دەربـارەی خـۆی و ڕوودابە و پەیوەنـدییان ڕای دەخوازێ.

زاڵ، نامە بۆ سام دەنووسێت.

سام دەربارەی خێر و شەڕ و پەیوەندیی زاڵ و ڕوودابە، لە مووبەدەکان دەپرسێت.

سین دوخت، ئاگاداری عیشقی نێوان زال و ڕوودابە دەبێت.

میهراب ئاگادار دەکرێتەوە لە کردەوەی ڕوودابەی کچی.

مەنوچەهر لە عیشقی زاڵ و ڕوودابە ئاگادار دەکرێتەوە.

سام دەڕوا بۆ شەڕی میهراب.

زاڵ دەگاتە خزمەتی مەنوچەهر.

میهراب لە سین دوخت تووڕە و ئاڵۆز دەبێت.

زاڵ نامەی سام دەگەیەنێتە مەنوچەهر.

مووبەدەکان زاڵ تاقی دەکەنەوە.

زاڵ وەڵامی موبەدەکان دەداتەوە.

زاڵ لە خزمەتی مەنوچەهردا هونەر نمایی دەکات.

وەڵامی نامەکەی سام مەنوچەهر دەیداتەوە.

دەربارەی لە دایکبوونی ڕۆستەم.

سام بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆستەم دێت.

ڕۆستەم فیلی سپی دەکوژێت.

ڕۆیشتنی ڕۆستەم بۆ شاخی سیند و گرتنی قەڵا.

زاڵ نامە بۆ سام دەنووسێت.

تەمێی (نەوەزەر) کردن لە لایەن مەنوچهرەوە و مردنی مەنوچەهر.

نەوزەر دەبێتە شا.

پەشەنگ لە مەرگی مەنوچەهر ئاگادار دەبێتەوە.

ئەفراسیاو دێتە ناو ئێرانەوە.

شەڕی نێوان (بارامان و قوباد) و کوژرانی قوباد.

شەڕی نێوان نەوزەر و ئەفراسیا و بۆ جاری دووەم.

شەڕی سێیەهەمی نەوزەر و ئەفراسیاو.

ئەفراسیاو نەوزەر دەستگیر دەکات.

وەیسە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت.

پەلاماری شماساس و خزرەوان بۆ سەر زابوالستان و شەڕی زاڵ.

زاڵ دەڕواتە یارمەتیی میهرابەوە.

ئەفراسیاو نەوزەر دەکوژێت.

زاڵ لە کوشتنی نەوزەر ئاگادار دەکرێتەوە.

ئەفراسیاو (ئغریدسی) برای دەکوژێت.

پاشایەتی زوتەهماسب پێنج ساڵ بووە.

پاشایەتیی گەرشاسب نۆ ساڵ بووە.

لەشکرکێشی ئەفراسیاو بۆ سەر ئێران.

وتووێژی زاڵ لەگەڵ ڕۆستەمدا وەڵامدانەوەی ڕۆستەم.

ڕۆستەم ڕەخش دەگرێت.

زاڵ ڕووبەڕووی ئەفراسیاو دەبێتەوە.

ڕۆستەم کەیقوباد لە چیای ئەلبوورز دێنێتەوە.

پاشایەتیی کەیقوباد سەدساڵ دەخایەنێت.

ڕۆستەم شەڕی ئەفراسیاو دەکات.

ئەفراسیاو لە باوکییەوە نزیک دەبێتەوە.

پەشەنگ دەیەوێت لەگەڵ کەیقوبادا ئاشت بێتەوە.

کەیقوباد دەڕوا بۆ ئستەخری پارس.

پاشایەتی کەیکاوس سەدو پەنجا ساڵ دەخایەنێت.

نازدارێک دێتە لای (کاوس) و هەوای مازیندەران دەکەوێتە خولیایەوە.

زاڵ ئامۆژگاریی کاوس دەکات.

کاوس وەڵامی زاڵ دەداتەوە.

کاوس دەڕوا بۆ مازیندەران.

پەیامی کاوس بۆ زاڵ و ڕۆستەم.

ڕۆستەم بەرەو مازیندەران دەڕوات.

حەوتخوانی ڕۆستەم

خوانی یەکەم، شەڕی ڕەخش لەگەڵ شێردا.

خوانی دووەم، دۆزینەوەی کانیاو لە لایەن ڕۆستەمەوە.

خوانی سێهەم ڕۆستەم ئەژدیها دەکوژێت.

خوانی چوارەم، ڕۆستەم ژنە جادووگەر دەکوژێت.

خوانی پێنجەم ئەولاد لە لایەن ڕۆستەمەوە دەستگیر دەکرێت.

خوانی شەشەم، ڕۆستەم ئەرژەنگی دێو دەکوژێت.

خوانی حەوتەم دێوە سپی لە لایەن ڕۆستەمەوە دەکوژرێت.

کاوس نامە، دەنووسێت بۆ شای مازیندەران.

پەیامی شا لە لایەن ڕۆستەمەوە دەدرێتە شای مازیندەران.

شەڕی کاوس و شای مازیندەران.

کاوس ئەولاد دەکاتە شای مازیندەران.

گەڕانەوەی بۆ ئێران و بەڕێکردنی ڕۆستەم بەرەو سیستان

شەڕی کاوس و شای هەموەران.

شای هەموەران، کاوس دەستگیر دەکات.

ئەفراسیاو پەلاماری ئێران دەدات.

ڕۆستەم پەیام دەنێرێتە سەر شای هەموەران.

ڕۆستەم سوپا گلێر دەکاتەوە و شەڕ لەگەڵ شای هاموەران و میسر و بەربەر دەکات.

شەڕی ڕۆستەم لەگەڵ سی پاشادا و ئازادکردنی کاوس.

کاوس کەی پەیام دەنێرێتە سەر شای ڕۆم و وەڵامی دەستگیر دەبێت.

کاوسی کەی نامە بۆ ئەفراسیاو دەنووسێت.

گەڕانەوە کاوس لە هاموەران و شەڕی لەگەڵ ئەفراسیاودا و سەرکەوتنی.

کاوس جیهان دەڕازێنێتەوە.

شەیتان کاوسی گومڕا و لە خۆبایی دەکات و دەڕوا بۆ ئاسمان.

ڕۆستەم کاوس دەگێڕێنێتەوە.

داستانی شەڕی حەوت پاڵەوان.

شەڕی ڕۆستەم و توورانییەکان.

پیلەم شەڕی لەگەڵ ئێرانییەکان دەکات.

ئەفراسیاو لە مەیدانی شەڕدا هەڵدێت.

داستانی ڕۆستەم وو زۆراو(سوهراب).

ڕۆیشتنی ڕۆستەم بۆ ڕاو و بە خزمەت گەیشتنی شای سەفگان.

ڕۆستەم دەگاتە شاری سەمنگان.

تەمینەی کچی شای سەفگان دیداری ڕۆستەم دەکات.

زۆراو (سهراب)، لە دایک دەبێت.

ئەسپ قەپاڵ لە زۆراو (سهراب) دەگرێت.

ئەفراسیاو بارمان و هومان دەنێرێتە لای سهراب.

زۆراو (سهراب) دەگاتە قەڵای سپی.

شەڕی زۆراو(سهراب) و گرد ئافەرید.

گژدهەم نامە بۆ کاوس دەنووسێت.

قەڵای سپی لە لایەن زۆرابەوە دەگیرێت.

کاوس نامە بۆ رۆستەم دەنووسێت تا بڕواتە شەڕی زۆرابەوە.

ڕۆستەم دەگاتە خزمەتی کەیکاوس و تووڕەبوونی کاوس لە ڕۆستەم.

کاوس و ڕۆستەم لەشکر کۆ دەکەنەوە بۆ شەڕی زۆراو.

ڕۆستەم ژەندەرزم دەکوژێت.

زۆراو ناوی پاڵەوانە ئێرانییەکان لە هەجیر دەپرسێت.

زۆراو پەلاماری لەشکری کاوس دەدات.

شەڕی ڕۆستەم و زۆراو.

گەڕانەوەی ڕۆستەم و زۆراو بۆ ناو لەشکر.

رۆستەم زۆراو دەکوژێت.

رۆستەم (نۆشدارو) لە کاوس داوا دەکات و نایداتێ.

شیوەنی ڕۆستەم بەسەر زۆراودا.

ڕۆستەم دەگەڕێتەوە زابولستان.

دایکی زۆراو تەمینە لە کوشتنی کوڕەکەی ئاگادار دەبێت.

داستانی سیاوەش – سەرەتای داستان.

لە دایکبوونی سیاوەش.

سیاوەیش لە زابولستان دەگەڕێتەوە.

دایکی سیاوەیش دەمرێت.

سودابە عاشقی سیاوەیش دەبێت.

ڕۆیشتنی سیاوەیش بۆ لای سودابە.

ڕۆیشتنی دووبارەی سیاوەیش بۆ شەبستان.

بۆ سێیەمین جار سیاوەیش دەڕوا بۆ شەبستان.

سودابە، کاوس فریو دەدات.

سودابە دەست بە دامێنی ژنە جادووگەر دەبێت.

کاوس چارەی کار، لە ئەستێرەناسان دەخوازێت.

سیاوەیش دەخرێتە ناو ئاگری تاقیکردنەوە.

کاوس لە سودابە ئاڵۆز دەبێت.

کاوس لە هاتنی ئەفراسیاو ئاگادار دەکرێتەوە

سیاوەیش بەرەنگاری ئەفراسیاو دەبێتەوە.

سیاوەش نامە بۆ کاوس دەنووسێت.

کەیکاوس وەڵامی سیاوەش دەداتەوە.

ئەفراسیاو خەو دەبینێت و لەو خەوە دەتۆقێت.

ئەفراسیاو موبەدەکان کۆ دەکاتەوە تا خەونەکەی بۆ لێک بدەنەوە.

ڕای لێدانی ئەفراسیاو لەگەڵ میهتەراندا.

گەرسیوەز دەگاتە لا سیاوەش.

سیاوەیش پەیمان لەگەڵ ئەفراسیاودا دەبەستێت.

سیاوەیش ڕۆستەم دەنێرێتە لای کەیکاوس.

ڕۆستەم پەیامی سیاوەیش دەگەیەنێتە کەیکاوس.

کەیکاوس لە ڕۆستەم تووڕە دەبێت و ڕۆستەم بە ئاڵۆزییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیستان.




کاوس وەڵامی سیاوەش دەداتەوە.

مەشوەرەتی سیاوەیش لەگەڵ بەهرام زەنگەشاوەراندا.

زەنگە دەڕوا بۆ لای ئەفراسیاو.

ئەفراسیاو نامە بۆ سیاوەیش دەنووسێت.

سیاوەیش نامە بۆ کەیکاوس دەنووسێ و دەڕوا بۆ تۆران بۆ لای ئەفراسیاو.

ئەفراسیاو سیاوەیش ڕا دەگرێت.

هونەرنمای سیاوەیش لە مەیداندا.

پەیوەندی سیاوەش و ئەفراسیاو.

پیران کچەکەی دەداتە سیاوەیش.

پیران دەربارەی فەرەنگیس بۆ سیاوەش دەدوێ.

پیران لەگەڵ ئەفراسیاودا دەدوێ.

ژن و مێردی سیاوەیش و فەرەنگیس.

ئەفراسیاو وڵاتێک دەبەخشێتە سیاوەش.

سیاوەش لە (کنگ دژ) قەڵای کنگ دەسازێنێت.

سیاوەیش دەربارەی نیازەکانی لەگەڵ پیرانا دەدوێ.

نامەی ئەفراسیاو دەگاتە ئێران.

هاتنی پیران بۆ سیاوەش گرد.

ئەفراسیاو گەرسیوەز دەنێرێتە لای سیاوەش.

گرفتاری سیاوش.

گەڕانەوەی گەرسێوەز بۆ لای ئەفراسیاو زەکردنی بەلای ئەفراسیاوەوە.

دووبارە هاتنی گەرسیوەز بۆ لای سیاوەش.

سیاوەش نامە بۆ ئەفراسیاو دەنووسێت.

ئەفراسیاو دێتە شەڕی سیاوەشەوە.

سیاوەش خەو دەبینێت.

سیاوەشی تەمیی فەرەنگیس دەکات.

سیاوەش لە لایەن ئەفراسیاوە دەستگیر دەکرێت.

فەرەنگیس لە پێشگای ئەفراسیاودا گریان و زاری دەکات.

سیاوەش لە لایەن گرووپەوە دەکوژرێت.

پیران فەرەنگیس ڕزگار دەکات.

کەیخوسرەو لە دایک دەبێت.

پیران کەیخوسرەو دەسپێرێتە شوانەکان.

پیران کەیخوسرەو دێنێتە لای ئەفراسیاو.

گەڕانەوەی کەیخوسرەو بۆ سیاوەش گرد.

شکایەتی فیردەوسی لە دەست و پیری خۆی.

کەیکاوس لە کاری سیاوەش ئاگادار دەبێت.

ڕۆستەم دەگاتە خزمەتی کەیکاوس.

شەڕی فەرامەرز و ڕازاد.

سورخە بە لەشکرەوە پەلاماری ڕۆستەم دەدات.

لەشکرکێشی ئەفراسیا و لە تۆڵەی کوڕەکەیدا.

ئەفراسیاو لە دەست ڕۆستەم ڕادەکات.

ئەفراسیاو خوسرەو دەنێرێتە خوتەن.

پاشایەتی ڕۆستەم لە تۆراندا و بەسەر تەختی ئەفراسیاوەوە دانیشتن.

زەوارە دەڕواتە نێچیرگای سیاوەش.

ڕۆستەم دەگەڕێتەوە ئێران و ئەفراسیاویش بۆ تۆران.

گودەرز، کەیخوسرەو لە خەودا دەبینێت.

گیو دەڕوا بۆ تۆران و گەران بەدوای کەیخوسرەودا.

گیو و کەیخوسرەو دەدۆزرێتەوە.

گیو و کەیخوسرەو دەڕۆن بۆ سیاوەش گرد.

کەیخسرەو بەهزاد دەستگیر دەکات.

کەیخوسرەو لەگەڵ فەرەنگیس دا دەڕوا و گیویش دەگەڕێتەوە ئێران.

گوڵباد و نەستیهەن لە دەستی گیو ڕزگاریان دەبێت.

پیران بە دوای کەیخسرەو دەگەڕێت.

شەڕی پیران و گیو.

گیو پیران دەستگیر دەکات.

فەرەنگیس پیران لە دەستی گیو ڕزگار دەکات.

ئەفراسیا دەڕوا بە دوای کەیخوسرەودا.

گفتوگۆی گیو لەگەڵ باژیاندا.

کەیخوسرەو، گیو، فەرنگیس دەگەنە ئێران.

کەخوسرەو دەگاتە کەیکاوس.

تووس لە کەیخوسرەو یاخی دەبێت.

گودرز، دەگەنە خزمەتی کەیکاوس و داوای شاهی دەکەن.

ڕۆیشتنی تووس و فریبەرز بۆ قەڵای بەهمەن و سەرنەکەوتنیان.

کەیخوسرەو و گودەرز قەڵای بەهمەن دەگرن.

گەڕانەوەی کەیخوسرەو بە سەرکەوتنەوە.

کەیکاوس کەیخوسرەو دەکاتە شا.

پاشایەتی کەیخوسرەو شەست ساڵ دەخایەنێت.

زاڵ و ڕۆستەم دەڕۆنە دیداری کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو پەیمانی تۆڵەسەندنەوەی سیاوەش دەدا بە کەیکاوس.

کەیخوسرەو پاڵەوانەکان دەژمێرێت.

کەیخسرەو زێڕ و گەنجینە دەبەخشێتە پاڵەوانەکان.

کەیخوسرەو لەشکر دەڕازێنێتەوە.

تووس دەڕوا بۆ توورکستان و لەگەڵ فروودی کوڕی سیاوەشدا بەشەڕ دێت.

فروود لە هاتنی تووس ئاگادار دەبێت.

فروود و تەخوار دەڕۆن...

بەهرام دەڕوا بۆ چیا بۆ دیداری فرۆد.

فرۆد ریوتیز دەکوژێت.

فرۆد، زەڕ ئەسپ دەکوژێت.

شەڕی تووس و فرۆد و کوشتنی ئەسپەکەی فرۆد.

گیو لەگەڵ فرۆدا بەشەڕ دێت و ئەسپەکەی دەکوژێت.

شەڕی بێژەن و فرۆد.

فرۆد دەکوژرێت.

جەریرە لایەنگرەکانی دەکوژێت.

پەلاماری تووس بۆ سەر کاسە رود و کوژرانی پلاشان بە دەستی بێژەن.

یارام کەیودە دەگرێت.

شەڕی ئێرانییەکان لەگەڵ تژواد.

ئەفرسیاو لەشکرکێشی تووس ئاگادار دەکرێتەوە.

پیران لە شەودا پەلاماری سوپای ئێران دەدا.

تووس دەگەڕێتەوە سوپا، دەسپێرێتە فەریبەرز.

فەریبەرز مۆڵەت لە پیران دەخوازێت.

سەرنەکەوتنی ئێرانییەکان لە شەڕی توورکاندا.

بەهرام بە دەستی تژاو دەکوژرێت.

ئیرانە دەگەڕێتەوە لای کەیخوسرەو.

## بەرگی دووەم:

پاشایەتی کەیخوسرەو تا دوادوای سەڵتەنەتی لهراسب.

داستانی کامووس کێشان سەرەتای داستانە.

کەیخوسرەو تووس تەوهین دەکات.

کەیخوسرەو تاوانی تووس و ئێرانییەکان دەبەخشێت.

کەیخوسرەو تووس دەنێرێتە توران.

پیران پەیام دەنێرێتە سەر سوپای ئێران.

ئەرژەنگ لەلایەن تووسەوە دەکوژرێت.

شەڕی هیرمان و تووس.

شەڕی دووەمی ئێران و توووران.

بەکاربردنی جادوو دژ بە ئێرانییەکان.

ئێرانییەکان دەڕۆنە چیایی بەهماوەن.

پیران دەگاتە چیای بهماوەن و بە دوای ئێرانییەکاندا دەگەڕێت.

شەبیخوونکردنی ئێرانییەکان.

کەیخوسرەو سوپاکەی ئاگادار دەکرێتەوە.

فەریبەرز، فەرهەنگیسی دایکی کەیخوسرەو مارە دەکات.

ڕۆستەم و فریبەرز دەڕۆنە یارمەتیی ئێرانییەکانەوە و تووس سیاوەش لە خەودا دەبینی.

ئەفراسیاو خاقان و کامووس دەنێرێتە یارمەتیی سوپای توورانەوە.

خاقانی چین دەگاتە بهماوەن.

گودەرز لە هاتنی ڕۆستەم ئاگادار دەکرێت.

خاقانی چین و کامووسی دەڕۆن بۆ دیتنی سوپای ئێران.

فریبەرز دەگاتە چیای بهماوەن.

پیران و خاقان پێکەوە تەکبیر دەکەن.

شەڕی گیو و تووس لەگەڵ کامووس دا.

ڕۆستەم دێتە بەرەوە.

بەرانبەر یەک وەستانی سوپای ئێران و تووران.

شەڕی ڕۆستەم و ئەشکەپووس.

پیران دەربارەی هاتنی ڕۆستەم دەپرسێت.

ڕازاندنەوە و ئامادەبوونی دوو سوپای ئێران و تووران.

ئەلوا لە لایەن کامووسەوە دەکوژرێت.

ڕۆستەم کامووس دەکوژێت.

داستانی ڕۆستەم و خاقانی چین و ئاگاداربوونی خاقان لە کوژرانی کامووس.

چنکش لە لایەن ڕۆستەمەوە دەکوژرێت.

خاقان هومان دەنێرێتە لای ڕۆستەم.

تەکبیری پیران لەگەڵ هاموون و خاقاندا.

پیران دیداری ڕۆستەم دەکات.

ڕۆستەم بۆ لەشکرەکەی دەدوێت.

سەرەتای شەڕ.

شەڕی ڕۆستەم و شنگل و هەڵاتنی شنگەل.

ساوە و گەهاری گەهانی هەردوو بەدەستی ڕۆستەم دەکوژرێن.

خاقانی چین دەستگیر دەکرێت.

لەشکری تووران ڕاو دەنرێت.

ڕۆستەم نامە دەنێرێتە لای کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو وەڵامی ڕۆستەم دەداتەوە.

ئەفراسیاو لە ڕاونانی لەشکرەکەی ئاگادار دەکرێت.

ڕۆستەم دەڕوانە شەڕی کافووری خەڵکخۆرەوە.

ئەفراسیاو لە هاتنی ڕۆستەم ئاگادار دەکرێت.

ئەفراسیاو نامە بۆ پۆلادوەند دەنووسێت.

پۆلادوەند لەگەڵ گیوتووسدا بەشەڕ دێت.

شەڕی ڕۆستەم و پۆلادوەند.

زۆرانی ڕۆستەم و پۆلادوەند.

ئەفراسیاو لە دەستی ڕۆستەم دەردەچێت.

گەڕانەوەی ڕۆستەم بۆ دەرباری شا.

ڕۆستەم دەگەرێتەوە بۆ سیستان.

شەڕی ڕۆستەم و ئەکوانی دێو.

خوسرەو دەنێرێت بە دوای ڕۆستەمدا بۆ شەڕی ئەکوانی دێو.

ئەکوان ڕۆستەم تووڕ دەداتە نێو دەریاوە.

شەڕی ڕۆستەم و ئەفراسیاو ڕاکردنی ئەفراسیاو، کوشتنی ئەکوانی دێو.

ڕۆستەم دەگەرێتەوەی بۆ ئێران.

سەرەتای داستانی مەنیژە و بیژەن.

دادخوایی ئەرمانییەکان لە کەیخوسرەو.

ڕۆیشتنی بیژەن بۆ کوشتنی گەلەبەراز.

گورگین بیژەن هەڵدەخەڵەتێنێت و دەیبات بۆ بەزمی مەنیژە.

مەنیژە بیژەن هەڵدەخەڵەتێنێت و دەیبا بۆ بەزمی مەنیژە.

مەنیژە، بیژەن دەباتە نێو کۆشکەکەیەوە.

گەرسیوەز، بیژەن دەباتە لای ئەفراسیاو.

پیران شەفاعەتی بیژەن دەخوازێت.

بیژەن دەخرێتە زیندانەوە.

گورگین دەگەڕێتەوە ئێران و دەربارەی سەرنویشتی بیژەن درۆ دەکات.

گیو، گورگین دەباتە لای کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو لە جامی جیهان نمادا بیژەن دەبینێت.

کەیخوسرەو نامە بۆ ڕۆستەم دەنووسێت.

گیو، نامەی کەیخوسرەو دەگەیەنێتە لای رۆستەم.

ڕۆستەم بەزم بۆ گیو ساز دەکات.

رۆستەم دەگاتە خزمەتی کەیخوسرەو.

بەزم دروستکردنی کەیخوسرەو لەگەڵ پاڵەوانەکاندا.

بە تکا و پاڕانەوەی ڕۆستەم کەیخوسرەو گورگین دەبەخشێت.

رۆستەم لەشکر ئامادە دەکات.

رۆستەم دەڕواتە دیدەنی پیران لە خوتەن.

مەنیژە دەگاتە خزمەتی رۆستەم.

بیژەن لە هاتنی ڕۆستەم ئاگادار دەبێت.

ڕۆستەم بیژەن لە چاڵ دەردێنێت.

شەبەیخونی ڕۆستەم بۆ نیو دەرباری ئەفراساو.

ئەفراسیاو دەڕواتە شەڕی ڕۆستەمەوە.

ئەفراسیاو دەبەزێت.

گەڕانەوەی ڕۆستەم بۆ لای کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو بەزم دەگێڕێت.

سەرەتای داستانی دوازەرخ.

گلیرکردنەوەی لەشکر لە لایەن ئەفراسیاوەوە.

کەیخوسرەو گۆدرز دەنێرێتە شەڕی توورانەوە.

گۆدەرز گیو دەنێرێتە لای پیران.

ڕۆیشتنی گیو بۆ وەیستەگرد بۆ لای پیران.

ئامادەبوونی دوو لەشکر.

ڕۆیشتنی بیژەن بۆ لای گیو.

هومان داوای فەرمانی شەڕکردن لە پیران دەخوازێت.

هومان لە ڕهام ڕووبەڕووبوونەوە دەخوازێت.

هومان دەیەوێت لەگەڵ فریبەرزدا ڕووبەڕووبێتەوە.

هومان زۆرانبازی لە گۆدەرز دەخوازێت.

بیژەن لە کاری هومان ئاگادار دەکرێتەوە.

گیو سپەری سیاوەش دەداتە بیژەن.

هومان دەڕواتە شەڕی بیژەنەوە.

بیژەن، هومان دەکوژێت.

نەسیهەن شەو پەلامار دەدا و لە شەڕدا دەکوژرێت.

گۆدەرز داوای یارمەتی لە خوسرەو دەکات.

وەڵامی نامەی خوسرەو بۆ گۆدەرز.

خوسرەو سوپا ئامادە دەکات.

پیران نامە دەنووسێت بۆ گۆدەرزی کشواد.

گۆدەرز وەڵامی نامەی پیران دەداتەوە.

پیران داوای یارمەتی لە ئەفراسیاو دەکات.

ئەفراسیاو وەڵامی پیران دەداتەوە.

شەڕی ئێران و توووران بە کۆمەڵ.

گیو و پیران بە شەڕ دێن و ئەسپی گیو دەگلێت.

پیران و گۆدەرز پەیمانی شەڕەف یبازدەرەخ دەبەستن.

پیران بنیاتی چۆنیەتیی شەڕ دادەنێت.

پیران گۆدەرز دەکاتە سەرداری شەڕەکە.

شەڕی فریبەرز و گوڵباد و کوشتنی گوڵباد.

شەڕی گیو لەگەڵ گردوی دا.

شەڕی گورازە و سیامەک و کوشتنی سیامەک.

شەڕی فروهەل و زەنگەلە و کوشتنی زەنگەڵە.

شەڕی ڕەهام و بارمان و کوژرانی بارمان.

شەڕی بیژەن و ڕوئین و کوژرانی ڕوئین.

شەڕی هەجیر و سیهرم و کوژرانی سیهرم.

شەڕی گورگین و ئەندرمان و کوژرانی ئەندرمان.

شەڕی برتە و کەهرم و کوژرانی کەهرم.

شەڕی زەنگەی شاوەران و ئەخواست و کوژرانی ئەخواست.

شەڕی گۆدەرز و پیران و کوژرانی پیران.

گەڕانەوەی گۆدەرز بۆ لای گوان ئیران.

هەواڵ گەیشتنی پیران بۆ لای فەرشید لهاک.

هەڵاتنی لهاک و فەرشید.

گستەهم دەڕواتە دوای لهاک و فەرشیددا.

بیژەن دەڕواتە دوای گستهەم دا.

گستهەم، لکهاک و فەرشید دەکوژێت.

بیژەن گستهەم  لە مێرگوزاردا دەبینێت.

تۆرانییەکان لە کەیخوسرەو دەپاڕێنەوة.

بیژەن و گستهەم دەگەڕێتەوە.

شەڕی گەورەی کەیخوسرەو لەگەڵ ئەفراسیاودا و ستایشی سوڵتان مەحموود.

لەشکر ئارای کەیخوسرەو بۆ شەڕی ئەفراسیاو.

ئەفراسیاو لە کوشتنی پیران و لەشکرکێشیی کەیخوسرەو ئاگادار دەبنەوە.

کەیخوسرەو لە ئامادەبوونی ئەفراسیاو ئاگادار دەکرێتەوە.

پەشەنگ و ئەفراسیاو ڕاوێژ دەکەن.

ئەفراسیاو پەیام دەنێرێتە لای کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو وەڵامی ئەفراسیاو دەداتەوە.

شەڕی کەیخوسرەو لەگەڵ (شیدە)ی کوڕی ئەفراسیاودا.

شیدە بە دەستی کەیخوسرەو دەکوژرێت.

شەڕی لە کۆمەڵی دوو لەشکر.

ئەفراسیاو لە شەڕدا ڕاودەنرێت.

کەیخوسرەو هەواڵی سەرکەوتنی شەڕ دەنووسێت بۆ کامووس.

ئەفراسیاو دەگاتە کنگ دژ.

کەیخوسرەو لە ڕووباری جەیحون دەگوزەرێت بە دوای ئەفراساودا.

دووبارە شەڕە کەیخوسرەو لەگەڵ ئەفراسیاودا.

ئەفراسیاو خۆی دەگەیەنێتە قەڵای بەهەشت.

ئەفراسیاو نامە بۆ فەغفووری چین دەنووسێت.

کەیخوسرەو دەگاتە قەڵای کنگ.

جیهن مامەی ئەفراسیاو دەگەیەنێتە کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو وەڵامی جیههن دەداتەوە.

شەڕی کەیخوسرەو و ئەفراسیا و گرتنی قەڵای کنگ دژ.

دەرچوونی ئەفراسیاو لە قەڵای کنگ.

کەیخوسرەو خۆپیشانی ئەفراسیاو دەبەخشێت.

کەیخوسرەو ئێرانییەکان ئامۆژگاری دەکات.

کەیخوسرەو نامەی سەرکەوتنی بۆ کەیکاوس دەنووسێت.

گەڕانەوەی ئەفراسیاو لەگەڵ فەغفووردا بۆ شەڕی کەیخوسرەو.

ئەفراسیاو نامە کەیخوسرەو دەنووسێت.

شەڕی ئێرانییەکان و توورانییەکان.

شەو پەلاماری ئەفراسیاو بۆ کەیخوسرەو و سەرنەکەوتنی.

خاقانی چین نوێنەر دەنێرێتە لای کەیخوسرەو.

گەڕانەوەی ئەفراسیاو لە ئاوی زرە.

کەیخوسرەو گیراوەکان و دەستکەوتەکان دەنێرێتە لای کەیکاوس.

نامەی کەیکاوس بۆ کەیخوسرەو.

کەیخوسرەو  پەیام دەنێرێتە لای فەغفووریی چین و شای مەکران.

شەڕی کەیخوسرەو لە ئاوی زرە دەگوزرەرێت.

کەیخوسرەو دەگاتە کنگ.

گەڕانەوەی کەیخوسرەو لە کنگ دژەوە بۆ سیاوەس گرد.

گەڕانەوەی مەیخوسرەو بۆ ئێران.

گەڕانەوەی کەیخوسرەو بۆ ناو خۆیشان.

ئەفراسیاو لە هوم ڕزگاری دەبێت.

کاوس و خوسرەو دەگەنە نزیکی هۆم.

ئەفراسیاو دەستگیر دەکرێت و لەگەڵ گەرسیوەزەردا دەکوژرێت.

کاوس و خوسرەو دەگەڕێنەوە فارس.

کەیکاوس دەمرێت و خوسرەو دەکرێتە شاهـ

کەیخوسرەو جیهەن لە زیندان ئازاد دەکات و تەختی شاهی تۆرانی پێ دەبەخشێت.

کەیخوسرەو لە دنیادا نا ئومێد دەبێت.

لێزانان دەکەونە تەقەلای چاککردنەوەی کەیخوسرەو.

گیو هەواڵی پەریشانی کەیخوسرەو دەگەیەنێتە ڕۆستەم و زاڵ.

گفتوگۆی دووبارەی فەرماندەکان لەگەڵ کەیخوسرەودا.

کەیخوسرەو سرووش لە خەودا دەبینێت.

زاڵ و ڕۆستەم دەگەنە لای خوسرەو و تەمێکردنی.

کەیخوسرەو وەڵامی زاڵ دەداتەوە.

زاڵ کەیخوسرەو سەرزەنشت دەکات.

کەیخوسرەو وەڵامی دەداتەوە و زاڵ داوای لێبووردنی دەکات.

کەیخوسرەو تەمێی ئێرانییەکان دەکات.

کەیخوسرەو وەسیەت بۆ گۆدەرز دەکات.

زاڵ داوای مەنشوور کەیخوسرەو بۆ ڕۆستەم دەکات.

کەیخوسرەو مەنشوور دەداتە گیو.

کەیخوسرەو پاشایەتی دەدا بە لهراسب.

کەیخوسرەو خواحافیزی لە ژنان دەکات.

کەیخوسرەو دەڕواتە نێو چیاکانەوە و لەناو بەفردا گوم دەبێت.

پاڵەوانان لەناو هەرەسی بەفردا دەخنکێن.

لە هەرەسا لە ونبوونی گشتاسب ئاگادار دەبێتەوە.

پاشایەتی لهراسب سەد و بیست ساڵ درێژە دەکێشێت.

لهراسب ئاگاردان لە بەلخ دروست دەکات.

گشتاسب بە توورەبوونەوە لەلای لهراسب دەڕواتە دەرەوە.

گشتاسب لەگەڵ زریردا دەگەڕێتەوە.

گشتاسب دەڕوا بۆ وڵاتی ڕۆم.

گشتاسب دەگاتە ناو ڕۆمانەکان.

داستانی کەتایوونی کچی قەیسەر.

کەتایوون مێرد بە گشتاسب دەکات.

میرین کچی دووەمی قەیسەر دەخوازێت.

گشتاسب گورک دەکوژێت.

ئەهرەن کچی سێیەمی قەیسەر دەخوازێت.

گشتاسب ئەژدیها دەکوژێت و قەیسەر کچەکەی ئەهرەن.

هونەرنمای گشتاسب لە مەیداندا.

قەیسەر نامە بۆ ئەلیاس دەنووسێت.

شەڕی گشتاسب و ئەلیاس و کوژرانی ئەلیاس.

قەیسەر دوای داوای باج لە لهراسب دەکات.

زریز پەیامی لهراسب دەگەیەنێە قەیسەر.

گەڕانەوەی گشتاسب بۆ ئێران و لهراسب تەختی شاهی بۆ دەگەڕێتەوە.

**بەرگی سێیەم:**

فیردەوسی لە خەودا (دەقیقی) دەبینێت و هەزار بەیتی (دەقیقی) دەگونجێنێتە ناو شانامەوە.

پاشایەتی گشتاسب سەد و بیست ساڵ دەکێشێت.

زەردەشت دێتە مەیدانەوە و گشتاسب ئایینی زەردەشت دەسەلمێنێت.

ئەرجاسب لەوەی ئاگادار دەبێتەوە کە گشتاسب پەیڕەوی ئایینی زەردەشتی دەکات.

ئەرجاسب نامە بۆ گشتاسب دەنوسێت.

ئەرجاسب پەیام دەنێرێتە سەر گشتاسب.

زەریر وەڵامی ئەرجسب دەداتەوە.

پەیامهەڵگرانی ئەرجاسب بە وەڵامی گشتاسبەوە دەگەڕێتەوە.

ئەرجاسب لەشکر ئامادە دەکا بۆ شەڕی گشتاسب.

گشتاسب لەشکر کۆدەکاتەوە.

جاماسب لە ڕووی ئەستێرەناسییەوە سەرئەنجامی شەڕەکە لێکدەداتەوە و دەیزانێ.



دوو لەشکر بەرانبەر یەک ڕادەوەستن.

کوژرانی ئەردەشێر و ڕەشیدسب و ڕێزگرتن لەنێوزاری سەرداری ئێرانی.

زەریر براکەی گشتاسب دەکوژێ.

ئەفسەندیار لە کوشتنی زەریر ئاگادار دەبێت.

ئەسفەندیار دەڕواتە شەڕی ئەرجاسبەوە.

ئەرجاسب لە شەڕدا ڕادەکات.

ئەسفەندیار توورکەکان دەبەخشێت.

گشتاسب دەگەڕێتەوە بەڵخ.

گشتاسب ئەسفەندیار بە چوار لادا بۆ بڵاوکردنەوەی ئاییینی زەردەشت دەنێرێت.

گرزەم زەمی ئەسفەندیار دەکات.

جاماسب دەگاتە لای ئەسفەندیار.

گشتاسب ئەسەفەندیار زیندانیی دەکات.

ئەرخاسب سوپا دەڕازێنێتەوە و گشتاسب دەڕوا بۆ زابولستان.

لەشکری ئەجاسب دەگاتە بەڵخ و لهراسب دەکوژێت.

گشتاسب لە کوشتنی لهراسب ئاگادار دەبێت و سوپا بەرەو بەڵخ دەڕوات.

ئەرجاسب بەسەر گشتاسبدا سەر دەکەوێت.

جاماسب بۆ دیداری ئەسفەندیار دەڕوات.

ئەسفەندیار و جاماسب بۆ لای گشتاسب دەڕۆن.

ئەسفەندیار دەگاتە لای گشتاسب لە چیا.

شەڕی ئەسفەندیار و ئەرجاسب و دەستگیرکردنی ئەرجاسب.

گشتاسب دووبارە ئەسفەندیار بۆ شەڕی ئەرجاسب دەنێرێتەوە.

داستانی حەوت خوانی ئەسفەندیار – ستایشی شاهـ مەحموود.

سەرەتای داستان.

خوانی یەکەم ئەسفەندیار دوور گورگ دەکوژێت.

خوانی دووەم ئەسفەندیار چەند شێرێ دەکوژێت.

خوانی سێیەم ئەسفەندیار ئەژدیها دەکوژێت.

خوانی چوارەم ئەسفەندیار ژنە جادووکەر دەکوژێت.

خوانی پێنجەم سیمرخ لە لایەن ئەسفەندیارەوە دەکوژرێت..

خوانی شەشەم ئەسفەندیار لە بەفر و هەرەس و باران دەگوزەرێ.

خوانی حەوتەم ئەسفەندیار لە ڕووبار دەگوزەرێت و گورگسار دەکوژێت.

ئەشسفەندیار بە بەرگی بازرگانییەوە دەڕواتە قەڵای ڕوئینە.

ئەسفەندیار خوشکەکانی دەناسێتەوە.

پشوتن پەلاماری پیین قەڵا دەدات.

ئەسفەندیار ئەرجاسب دەکوژێت.

نامەنووسینی ئەسفەندیار بۆ گشتاسب و وەڵامەگەی.

داستانی شەڕی ڕۆستەم و ئەسفەندیار.

داستانی شەڕی ڕۆستەم و ئەسفەندیار.

سەرەتای داستان.

ئەسفەندیار داوای تەختی شاهی لە باوکی دەکات.

گشتاسب وەڵامی ئەسفەندیار دەداتەوە.

ئەسفەندیار لەشکر دەباتە سەر زابولستان.

ئەسفەندیار بەهمەن دەنێرێتە لای رۆستەم.

بەهمەن دەگاتە لای زاڵ.

بەهمەن پەیام دەگەیەنێتە ڕۆستەم.

ڕۆستەم وەڵامی بەهمەن دەداتەوە.

بەهەمەن دەگەڕێتەوە.

رۆستەم دووبارە وەڵامی دەداتەوە.

ئەسفەندیار ڕۆستەم دەعوەت ناکات.

ئەسفەندەر داوای لێبووردن لە ڕۆستەم دەکات.

ئەسفەندیار ڕەگەزی ڕۆستەم بە ناپاک ناو دەبات.

ڕۆستەم وەڵامی ئەسفەندیار دەداتەوە.

ئەسفەندیار ستایشی ڕەگەزی خۆی دەکات.

ڕۆستەم ستایشی پاڵەوانیەتی خۆی دەکات.

رۆستەم و ئەسفەندیار پێکەوە مەی دەخۆنەوە.

ڕۆستەم دەگەڕێتەوە دیوەخانی خۆی.

زاڵ، رۆستەم تەمێ دەکات.

شەڕی ڕۆستەم و ئەسفەندیار.

کوڕەکانی ئەسفەندیار لە لایەن زەوارەوە فەرامەرزەوە دەکوژرێن.

گریانی ئەسفەندیار بەسەر تەرمی کوڕەکانیدا و ناردنی تابووتەکانیان بۆ لای گشتاسب.

ڕۆستەم لەگەڵ خزمانیدا مشوورەت دەکات.

سیمرغ چارە بۆ رۆستەم دەدۆزرێتەوە.

دووبارە شەڕی ڕۆستەم و ئەسفەندیار.

ڕۆستەم ئەسفەندیار دەکوژێت.

ئەسفەندیار تەمێی ڕۆستەم دەکات.

پشووتن تابووتی ئەسفەندیار دەبا بۆ لای گشتاسب.

ڕۆستەم بەهمەن بۆ ئێران دەنێرێت.

ڕۆستەم بەهمەن بۆ ئێران دەنێرێت.

داستانی بەهمەن بۆ ئێران دەنێرێت.

داستانی ڕۆستەم و شغاد – سەرەتای داستان.

ڕۆستەم بۆ کابوول دەڕوا بە دوای شغادا.

شای کابوول چاڵ هەڵدەکەنێ و ڕۆستەم و زاری تێ دەکەون.

ڕۆستەم شغاد دەکوژێت و بە دوایدا رۆستەم و زەوارەی برای دەمرن.

زاڵ لە کوژرانی ڕۆستەم و زەواری ئاگادار دەبێت و فەرامەرز تابووتەکەیان دەگەیەنێتە ئەشکەوت.

گشتاسب تەختی شاهی دەسپێرێتە بەهمەن و بە دوایدا دەمرێت.

بەهمەن نەوەدونۆساڵ فەرمانڕەوایی دەکا و بە دوای تۆڵەی خوێنی ئەسفەندیاردا دەگەڕێ.

بەهمەن زاڵ زیندانیی دەکات.

شەڕی فەرامەرز و بەهەمەن و کوژرانی فەرامەرز.

بەهەمەن، زاڵ ئازاد دەکات و دەگەڕێتەوە ئێران.

بەهمەن، کچەکەی خۆی مارە دەکات و دەیکاتە وەلیی عەهد.

پاشایەتیی همای سی و دوو ساڵ درێژە دەکێشێت.

همای، کوڕەکەی دەخاتە ناو سندووقەکە و دەیخاتە ناو فوراتەوە.

گازەر ئەو منداڵە لە ئاو دەگرێتەوە، کە ناوی داراب بووە.

داراب دەربارەی ڕەگەزی خۆی دەپرسێت.

ڕشنواد لە داراب ئاگادار دەکرێتەوە.

شەڕی داراب و ڕۆمییەکان و ڕاونانی رۆمییەکان.

همای کوڕەکەی دەناسێتەوە.

همای داراب دەگاتەوە شا.

پاشایەتی داراب دوانزە ساڵ دەخایەنێت.

داراب شاری داراب دەسازێنێت.

داراب لەشکری شغویەب ڕاودەنێ.

شەڕی دابار و فیلقوس کچەکەیشی مارە دەکات.

داراب کچەکەی فیلقوس دەگێڕێتەوە و ئەسکەندەری لێ دەوێت.

فیلقووس دەمرێ و ئەسکەندەر دەکرێتە شا.

ئەسکەندەر دەگاتە سوولی بۆ لای دارا.

شەڕی دارا و ئەسکەندەر و ڕاونانی دارا.

شەڕی دووەمی دارا و ئەسکەندەر.

شەڕی سێیەمی دارا و ئەسکەندەر و ڕاکردنی دارا بەرەو کرمان.

دارا نامەی ئاشتی بۆ ئەسکەندەر دەنووسێت.

دارا نامە بۆ بفوری هیندستانی دەنووسێت.

دارا لەلایەن دوو وەزیریەوە دەکوژرێت.

پاشایەتی ئەسکەندەر چواردە ساڵی کێشاوە.

ئەسکەندەر نامە بۆ ژن و کچەکەی دارا دەنووسێ.

وەڵامی نامەی ئەسکەندەر لەلایەن دایکی (ڕەوشەنگ)ەوە.

ئەسکەندەر دایکی دەنێرێتە خوازبێنی ڕەوشەنگ و دەیخوازێت.

کیدی هندوستان خەون دەبینێت و میهران ڕای دەگەیەنێت.

ئەسکەندەر لەشکر دەباتە سەر کیدی هیندوستان.

کیدی هندی وەڵامی ئەسکەندەر دەداتەوە.

دە پیاوی ڕۆمی دەڕۆن بۆ دیتنی چوار شتی سەرام ئاوەری کیدی هیندوستان.

هاتنی کچ و پزیشک و فەیلەسووف بۆ لای ئەسکەندەر.

تاقیکردنەوەی فەیلەسووف و پزیشک.

ئەسکەندەر نامە دەکاتە سەر فوری هیندوستان.

فور وەڵامی ئەسکەندەر دەداتەوە.

ئەسکەندەر لەسکر ڕێک دەخات بۆ سەر فوری هیندوستان.

ئەسکەندەر فور دەکوژێت و سورەک دەکاتە شا.

ئەسکەندەر دەڕوا بۆ بینینی کابە.

ئەسکەندەر سوپا لە جددەوە بۆ میسر دەبات.

نامەنووسینی ئەسکەندەر بۆ قیدافە شاری ئەندەلوس وەرگرتنی وەڵامی نامەکەی.

ئەسکەندەر سوپا دەباتە سەر ئەندەلوس و قەڵای شای قرفار دەگرێت.

ئەسکەندەر دەڕوا بۆ برسولی و قیدافە دەیناسیتەوە.

قیدافە ئەسکەندەر تەمێ دەکات.

تینوش وتوێژ لەگەڵ ئەسکەندەردا دەکات.

قیدافە و ئەسکەندەر پەیمان دەبەستن و ئەسکەندەر دەگەڕێتەوە.

ئەسکەندەر دەڕواتە شەڕی بەرهەمنان و پرسیارکردنی دەربارەی ڕازەکانیان.

ئەسکەندەر دەریای ڕۆژهەڵات.

ئەسکەندەر دەگاتە سەر زەوی حەبەشە.

ئەسکەندەر دەگاتە شاری نەرپایان.

ئەسکەندەر ئەژدیها دەکوژێت و لە مردن خۆی ئاگادار دەبێت.

ئەسکەندەر دەگاتە شاری ژنان و شتی سەرسووڕهێنەر دەبینێت.

ئەسکەندەر بە دوای ئاوی زیندەگانیدا دەڕوات.

ئەسکەندەر بەدوای کچۆڵەدا دەڕوا و سەیر و سەمەرە دەبینێ.

ئەسکەندەر شوورەی ئەجووج و مەئجووج دەسازێنێت.

ئەسکەندەر دەگاتە شاخێک لەوێرا لە مردنی خۆی ئاگادار دەکرێتەوە.

ئەسکەندەر دەگاتە چین بۆ لای فەغفوور.

شەڕی ئەسکەندەر لەگەڵ سندیان و ڕۆیشتنی بۆ وڵاتی یەمەن.

ئەسکەندەر دەگاتە بابل و گەنجینەی کەیخوسرەو دەدۆزێتەوە.

ئەسکەندەر نامە بۆ ئەرستۆ دەنووسێت و وەڵامەکەی بۆ دێتەوە.

ئەسکەندەر نامە بۆ دایکی دەنووسێ.

مردنی ئەسکەندەر و بردنی تابووتەکەی بۆئەسکەندەرییە.

شیوەنی خەڵکی بەسەر ئەسکەندەردا.

شیوەنی ژن و دایکی ئەسکەندەر بەسەر گۆڕەکەیدا.

فیردەوسی گلەیی لە ئاسمان دەکات و مەدحی سوڵتان مەحموود دەکات.

دەستەڵاتی ئەشکانییەکان دووسەت ساڵ درێژە دەکێشێت.

سەرەتای پاشایەتی ئەشکانییەکان.

بابەک ساسان لە خەوندا دەبینێت کەوا کچەکەی پێ داوە.

لە دایکبوونی ئەردەشێری بابەکان و سەرگوزشتەی ئەو لەگەڵ ئەردەواندا.

ئەردەوان لە هەڵگرتنی گەنجینەکە لە لایەن ئەردەشێرەوە ئاگادار دەبێ و بە دوایان دەکەوێت.

ئەردەوان نامە بۆ بەهمەنی کوڕی دەنووسێت و پێی ڕادەگەینێت، کە ئەردەشێری دەست بەسەر کردووە.

تەباک دەڕواتە یارمەتیی ئەردەشێرەوە لەگەڵ بەهمەندا بەشەڕ دێت و بەسەریا سەردەکەوێت.

ئەردەوان لەشکر دەباتە سەر ئەردەشێر و لە شەڕدا دەکوژرێت.

ئەردەشێر شەڕ لەگەڵ کوردەکاندا دەکا و کوردەکان ڕاوی دەنێن.

ئەردەشێر شەو پەلاماری کوردەکان دەدا و سەردەکەوێت.

دارستانی هەفتواد و سەرگوزەشتەی کەرەم.

شەڕی ئەردەشێر و هەفتواد و سەرنەکەوتنی.

مەهرەکی جەهروومیماڵی ئەردەشێر تاڵان دەکات.

ئەردەشێر دەکەوێتە تەقەلای کوشتنی کەرەم.

ئەردەشێر هەفتواد دەکوژێت.

پاشایەتی ئەردەشێری بابەکان چلودوو مانگ بووە.

سەرگوزەشتەی ئەردەشێر و کچەکەی ئەردوان.

لە دایکبوونی شاپووری کوڕی ئەردەشێر لە کچەکەی ئردوان.

نامەی ئەردەشێر بۆ کیدی و هیندستان و وەڵام وەرگرتنی.

سەرگوزەشتەی شاپوور و کچی میهدەک و مارەکردنی.

لە دایکبوونی ئورمزد لەو پەیوەندییە.

دارستانی وادو و فەرهەنگی ئەردەشێر و چاککردنەوەی دەوڵەتداری.

ئەردەشێر لە لایەن خرادەوە ستاییش دەکرێت.

دەردی دڵ کردن دەربارەی کردەوەی ڕۆژگار.

ئەردەشێر تەمێی شاپوور دەکات.

ستایشی پەروەردگار و سوڵتان محمەد.

پاشایەتی شاپوور و ئەردەشێر ساڵی کێشاوە.

لەسەر تەختی شاهی دانیشتنی شاپوور.

شەڕی شاپوور و ڕۆمەکان و ئاشتبوونەوەی شاپوور و قەیسەر.

پاشایەتی ئورمزدی شاپوور یەک ساڵ و دوو مانگی خایەند.

ئورمزد پاشایەتی دەسپێرێتە بەهرام و مردنی

پاشایەتی بەهرام سێ ساڵ و سێ مانگ و سێ رۆژ، درێژە دەکێشی.

بەهرام تەمێی کورەکەی دەکات.

پاشایەتی بەهرام و کوڕی بەهرام نۆزدە ساڵ دەخایەنێت.

پاشایەتی بەهرام چوار مانگ بوو.

پاشایەتی نرسی کوڕی بەهرام نۆ ساڵ بووە.

پاشایەتی شاپووری زول ئەکتاف حەفتا ساڵی کێشاوە.

سایری عەرەب کچەکەی نرسی دەڕفێنت و شاپوور پەلاماری وڵاتی یەمەن دەدات و کچی شای یەمەن عاشقی شاپوور دەبێت.

شاپوور بە شێوەی بازرگانی دەگاتە وڵای ڕۆمەکان و قەیسەر دەستگیر دەکات.

ژنێک شاپوور ڕزگار دەکا و پێکەوە دەگەڕێنەوە وڵات.

موبەدەکان و پاڵەوان لە گەڕانەوەی شاپوور ئاگادار دەبنەوە.

شەو پەلاماری شاپوور بۆ سەر قەیسەر و دەستگێرکردنی قەیسەر.

ڕۆیشتنی شاپوور بۆ سەر ڕۆمەکان و شەڕی لە (بایەنسی برای قەیسەردا.

ڕۆمیەکان بزانوش دەکەنە قەیسەر و نامە بۆ شاپوور دەنووسن.

بزانوش بۆ لای شاپوور دەڕوا و پەیمانی دۆستایەتی دەبەستن.

مـــانی دوای پەیـــامبەری دەکـــات و دەڕواتە لای شـــاپوور و شـــاپوور دەکوژێت.

شاپوور تەختی شاهیی دەبەخشێتە براکەی.

پاشایەتی ئەردەشێر دە ساڵی خایاندووە.

پاشایەتی شاپوور ٥ساڵ و ٤ مانگی کێشاوە.

پاشایەتی بارامی شاپوور چواردە ساڵی خایاندووە.

پاشایەتی یزدەگرد سی بووە.

لە دایکبوونی بەهرامی گۆڕو سپاردنی بە منزری عەرەب.

بەهرام لەگەڵ کچێکدا دەڕوا بۆ نێچیرگا.

هونەر نمای بەهرام بە لای منزرەوە.

بەهرام و نیهان بۆ لای یەزدگر دەڕۆن.

یەزدگر بۆ کانیس و ئەسپی ئاوی پەلاماری دەدا و دەیکوژێت.

ئێرانییەکان خوسرەو بە شا دەکەن.

بەهرام لە مردنی باوکی ئاگادار دەبێتەوە گەڕانەوەی بۆ ئێران.

ئێرانییەکان نامە بۆ منزر دەنووسن و وەڵامەکەیشی وەردەگرنەوە.

بەهـــــرام بە لەشـــــکرەوە لەگەڵ منـــــزردا دەگەنە جهـــرم و گەلێـــک لە ئێرانییەکان پێشوازییان لێ دەکەن.

بەهـرام وخوسـرەو دەڕۆن بۆهـامون و بەهـرام شـێرەکان دەکوژێـت و دەبێتە شاهـ.

پاشایەتی بەهرامی گۆڕ شەست و سێ ساڵ بووە.

بەهرام ئێرانییەکان دەبەخشێت و نوعمان و مونزیر بۆ دەڕۆن.

بەهرام دەبێتە میوانی لەبنکی ئاوکێش.

بەهرام دەڕوات بۆ لای براهامی یەهوودی.

داواکانی براهام دەگاتە لبنەگ.

بەهرام شێرەکان دەکوژێت و شەراب خواردنەوەی خەڵکی قەدەغە دەکات.

منداڵێکی پینەچی خەو دەبینێت و بەهرام دیسان شەراب خواردن ئازاد دەکات.

بەهرام کچەکەی ئاشەوان دەخوازێت.

بەهرام گەنجینەی جەمشید دەدۆزێتەوە.

بەهرام لە ڕێگەی نەخجیرەوە دەڕوا بۆ دیوەخانی بازرگانەکان و بە تووڕەیی دەگەڕێتەوە.

بەهرام دەڕوا بۆ نەخجیر و داخوازی کچی بەرزینی جووتیار دەکات.

بەهرام شێرەکان دەکوژێت و دەڕوا بۆ ماڵی گەوهەرفرۆش.

بەهرام دەڕوا بۆ نەخجیر و دەڕواتە ماڵی فەرسیدورد و شەو لەوێ دەگوزەرێنێت.

بەهرام دارایی فەرشیدورد دەبەخشێت.

بەهرام دەڕوا بۆ نێچیرگا و شێر دەکوژێت.

بەهرام دەڕوا بۆ نێچیرگا و گورگ دەکوژێت و دەڕوا بۆ بەغدا و ئستەخر.

خاقانی چین لەشکر دێنێتە سەر بەهرام.

بەهرام پەلاماری خاقان دەدا و دەستگیری دەکات.

بەهرام پەیمان بە تۆرانییەکان ئیمزا دەکات و شهرە دەکاتە شا.

بەهرام نامەی سەرکەوتن بۆ نرسی دەنووسێ و دەگەڕێتەوە ئێران.

بەهرام ئامۆژگاری چاوساغانی دەکات.

بەهرام نامەی خۆی دەبا بۆ (شنگل)پاشای هیندستان.

شنگل نامەی لێ وەردەگیرێت و وەڵامی دەداتەوە.

شنگل بەزم دەگێڕێت و بەهرام هونەر نمای دەکات.

بەهرام گورگ دەکوژێت.

بەهرام ئەژدیها دەکوژێت.

شنگل کچەکەی بە بەهرام دەدات.

نامەی فەغفوور بۆ بەهرام و وەڵامدانەوەی.

شنگل بەهرام دەناسێ و بە دوای دەکەوێت.

شنگل دەگەڕێتەوە هیندستان و بەهرامیش بۆ ئێران.

شنگل و حەوت پاشا بۆ لای بەهرام دەڕۆن.

شنگل دەگەڕێتەوە هیندستان و بەهرام باجی وڵاتەکە دەبەخشێتە شنگل.

بەهرام لوورییەکان دەعوەت دەکات تا لە هیندەوە بۆ ئێران بێن.

بەهرام دەمرێت.

پاشایەتی یەزدگرد کوڕی بەهرام هەژدە ساڵ دەکێشێت.

هرمزی کوڕی یەزدگرد یەک ساڵ شایەتی دەکات.

پیرۆزی کوڕی یەزدگرد یانزە ساڵ پاشایەتی دەکات.

خۆشنەواز، نامە بۆ پیرۆز دەنووسێت.

شەڕی پیرۆز و خۆشنەواز و کوژرانی پیرۆز.

پاشایەتی پەلاش پێنج ساڵ و دوو مانگ دەکێشێت.

ئاگاداری سوفزای لە کوشتنی پیرۆز و نامەنووسینی بۆ خۆشنەواز.

شەڕی سوفزای و خۆشنەواز و ئازادابوونی قوباد لە زیندان.

پاشایەتی قوبادی کوڕی پیرۆز چلوسێ ساڵی خایاندووە.

ئێرانییەکان قوباد لە سوفزای بەدگومان دەکەن و کوشتنی سوفزای .

ئێرانییەکان قوباد زیندانی دەکەن و جاماسب دەبێتە شا.

قوباد لە زیندان هەڵدێ و کچە جووتیارێک مارە دەکات و پەنا دەباتە هیتالییەکان.

گەڕانەوەی قوباد و ئاگاداربوونی لە دایکبوونی نەوشیروان و لەسەرتەخت دانیشتنەوەی.

داستانی قوباد و مەزدەک و ئایینی مەزدەک قبووڵ کردن.

نەوشیروان ئایینی مەزدەک ڕەت دەکاتەوە و مەزدەک و پەیڕەوانی دەکوژێت.

قوباد دەمرێت و تەمێ نامە دەنووسێت بۆ نەوشیروان.

## بەرگی چوارەم:

پاشایەتی نەوشیروان تا دوو دەستەڵاتی یەزدگرد.

پاشایەتی نەوشیروان چلوهەشت ساڵ بەردەوام دەبێت.

نەوشیروان نامە بۆ لیزانەکان دەنووسێت.

نەوشیروان وڵات دەکاتە چوار بەشەوە و تەکبیری چۆنیەتیی وەرگرتنی باجی دەوڵەت دەکات.

نەوشیروان ڕێژەی لەشکر لە بابەک دەخوازێت.

تەمێکردنی نەوشیروان بە دەستەڵاتدارانی ئێران.

گەڕانی نەوشیروان بەناو دەستەڵاتەکەیدا و دیوارکێشان لەنێوان ئێران و توورراندا.

نەوشیروان ئالانییەکان و بەلووجییەکان و گیلانییەکان دەخاتە ژێر زەبر و زۆرەوە.

مونزیری عەرەب بەلای نەوشیروانەوە شکایەتی قەیسەری ڕۆم دەکات.

کیسرا نامە بۆ قەیسەری ڕۆم دەنووسێ و وەڵامەکەیشی وەردەگرێتەوە.

کیسرا بۆ شەڕی قەیسەر دەڕوات.

نەوشیروان چەندان قەڵای ڕۆمانی دەگرێت.

نەوشیروان فەرمووس ڕاودەنێت و تالینیوز ئەنتاکیا دەگرێت.

نەوشیروان شاری زیب خوسرەو دەگرێت و بەدیلگیراوانی ڕۆمی لەوێدا زیندانی دەکات.

قەیسەر پەیام بۆ نەوشیروان دەنێرێت.

نەوشیروان کوڕێکی بەناوی نوشزاد دەبێت و کە لە ژنێکی مەسیحی بووە.

نەوشیروان نەخۆش دەکەوێت و نوشزاد ئاژاوە دەنێتەوە.

نەوشیروان نامە بۆ پاسەوانی مەدائین دەربارەی گرتنی نوشزاد دەنێرێت.

شەڕی ڕام بەرزین و نوشزاد و کوژرانی نوشزاد.

نەوشیروان خەون دەبینێ و بوزەرجەمهر لێکی داوەتەوە.

بەزمگێڕانی نەوشیروان لەگەڵ زانایاندا و گفتاری بوزەرجەمهر.

بەزمی دووەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهر و زانایاندا.

بەزمی سێیەم نەوشیروان و بوزەرجەمهر و موبەدان.

بەزمی چوارەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهر و موبەدەکاندا.

بەزمی پێنجەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهر و موبەدەکاندا.

بەزمی شەشەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهر و موبەدەکاندا.

بەزمی حەوتەمی نەوشیروان لەگەڵ بوزەرجەمهر و موبەدەکاندا.

داستانی بەمهبوود و کوژرانی ئەو کوڕەکانی بە جادووی زروانی یەهوودی.

جادووی زروان ئاشکرا دەبێت لەگەڵ یەهوودیدا هەردوو دەکوژرێن.

ستایشی ئەندێشەمەندی نەوشیروان و دروستکردنی شارسان و سوورسان.

شەڕی خاقان لەگەڵ ئانقەری سەرلەشکری هیتالییەکان و ڕاکردنی هیتالییەکان و فغانی دەکرێتە پاشایان.

ئاگاداربوونەوەی نەوشیروان لەشەڕی خاقان و هیتالییەکان و لەشکرکێشی بۆ سەر خاقان.

خاقان لەشکرکێشی نەوشیروان بۆ سەری ئاگادار دەبێتەوە نامەی ئاشتی بۆ دەنووسی.

نەوشیروان وەڵامی نامەی خاقان دەداتەوە.

خاقانی پێشنیاز دەکات کچەکەی بخوازێت.

نەوشیروان میهران دەنێرێتە داوای کچی خاقان و هێنانی کچی خاقان.

خاقان کچەکەی بۆ نەوشیروان دەنێرێت.

خاقان دەگەڕێتەوە.

نەوشیروان لەگورگانەوە بۆ تیسفون دەڕوات.

نەوشیروان بەرنامە دادەڕێژێت و جیهان لە بیروڕای ئاگادار دەبێت.

بوزەرجەمهر تەمێی نەوشیروان دەکات دەربارەی کرداری باشە و گفتاری جوان.

رای هیندستان شەترەنج دەنێرێتە لای نەوشیروان.

بوزەر جەمهەری (تاوڵە) دروست دەکات و بە دیاری بۆ رای هێندستانی دەنێرێت.

گفتار دەربارەی شەترەنج.

داستانی هێنانی کلیله و دمنه له هیندستانەوه.

نەوشیروان له بوزەر جەمهەری ئاڵۆز دەبێت.

گفتار دەربارەی واژووەکانی نەوشیروان.

تەمێ و ئامۆژگاری نەوشیروان بۆ هورمزی کوڕی.

موبەدەکان پرسیار له نەوشیروان دەکەن و وەڵام وەردەگرنەوه.

نەوشیروان جاڕی شەڕکردن دەدات لەگەڵ قەیسەردا.

نەوشیروان قەڵای ستیلار دەگرێ و سەرگوزەشتەی پینەچی.

نوێنەرانی قەیسەر دەگەنە لای نەوشیروان بۆ داوای لێ بووردن.

نەوشیروان هورمز بە وەلی عەهد هەڵدەبژێرێت.

موبەدەکان هورمز تاقی دەکەنەوه.

ئامۆژگاری نەوشیروان بۆ هورمز.

نەوشیروان خەون دەبینێ کە پەیامبەری ئیسلام پەیدا دەبێت.

پاشایەتی هورمز و نەوشیروان دوانزە ساڵ بەردەوام بوو.

هورمز وەزیرەکانی باوکی دەکوژێت ( ئیزەد کەشب برزمهر، ماه ئازەر، زەرد)

گەڕانەوەی هورمز بۆ دادخواهی.

سوپا و لەشکر کۆدەبنەوه دژ بە هورمز.

هورمز لە بوونی بەهرامی چوپینا ئاگادار دەکرێتەوه.

بەهرام دێتە لای هورمز و دەیکاتە سەرلەشکر.

بەهرام بە دوانزە هەزار شەڕکەرەوە دەڕواتە شەڕی ساوەشاوە.

ساوەشـــا پەیـــام دەنێـــرێتە لای بەهـــرام و ساوەشـــا بەرانـــبەر یەک رادەوەستن.

ساوەشا دیسان پەیام دەنێرێتە لای بەهرام و وەڵام وەردەگرێتەوە.

دوو لەشکر بەهرام و ساوەشا بەرانبەر یەک رادەوەستن.

ساوەشا دیسان پەیام دەنێرێتە لای بەهرام.

بەهرام و ساوەشا بەشەردێن و ساوەشا دەکوژێت.

بەهرام سەری ساوەشا دەنێرێتە لای هورمز.

شەڕی بەهرام و پەڕموودە و پەنابردنی پەڕموودە بۆ قەڵای ئاوازە.

پەرموودە داوای پەناهێنان دەکات.

نامەی هورمز بۆ بەهرام و ئاڵوزبوونی بەهرام لە پەرموودە.

بەهرام پەرموودە دەنێرێتە لای هورمز.

هورمز لە پەیمانی بەهرام و خاقان ئاگادار دەکرێتەوە.

هورمز گلەیی لە بەهرام دەکات و جلوبەرگی ژنانی بۆ دەنێرێت.

بەهرام جلوبەرگی ژنانە لەبەر دەکات و دەڕواتە ناو فەرماندەرانەوە.

بەهرام ژنێک لە دەریادا دەبینێت و ئاگاداری دەکاتەوە لەسەرنویشتی.

بەهرام ئایینی پاشایەتی دەگرێ و خراد بەرزین لە بەرامبەری هەڵدێت.

هورمز لە کاری بەهرام ئاگادار دەبێت و بەهرام سەبەتەیەک خەنجەری بۆ دەنێرێت.

بەهرام گەورە پیاوان کۆدەکاتەوە و کوردیەی خوشکی تەمێ دەکات.

بەهرام سکەی پارە بەناوی خوسرەو پەروێز لێ دەدا و دەینێرێتە لای هورمز.

بەهرام نامە بۆ هورمز دەنووسێت و خوسرەو بەلای باوکییەوە هەڵدێت.

هورمز ئایین گشسب دەنێرێتە شەڕی بەهرام و ئایین دەکوژێت.

هورمز خەمگین دەبێت و مندوی وەگستهم، هەردوو چاوی دەردێنێت.

خوسرەو لە کوێرکردنی باوکی ئاگادار دەبێت و دەکرێتە شا.

پاشایەتی خوسرەو پەروێز سی و هەشت ساڵی کێشاوە.

خوسرەو دەگاتە خزمەت باوکی و داوای لێبووردنی لێ دەکات.

بەهرام لە کوێرکردنی هورمز ئاگادار دەبێت و پەلاماری خوسرەو دەدات.

بەهرام و خوسرەو لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن.

کوردیە ئامۆژگاری بەهرام دەکات.

شەو پەلاماری بەهرام بۆ سەر خوسرەو و هەلاتنی خوسرەو.

خوسرەو دەگاتە لای باوکی هورمز و دەیکوژرێت.

بەهرام لەشکر بە دوای خوسرەودا دەنێرێت.

گرتنی بندوی و بردنی بۆ لای بەهرامی چوپینە.

بەهرامی چوپینە دەبێتە پادشاهـ

بەهرام سیاوەش دەکوشێ، بەهرام چوپینە بکوژێت، بەڵام سەرناکەوێت و هەڵدێت.

خوسرەو دەگاتە ڕۆم و قەشەیەک لە داهاتوو ئاگاداری دەکاتەوە.

سوارێکی قەیسەر دەگاتە لای خوسرەو و خوسرەو فەرماندەکانی دەنێرێتە لای قەیسەر.

قەیسەر نامە بۆ خوسرەو دەنووسێت و ئامادەی یارمەتیدانی نابێت.

نامەیەکی قەیسەر بۆ خوسرەو و بەڵێنی یارمەتیدانی.

خوسرەو وەڵامی بە پەیماننامەیەک دەنێرێتە لای قەیسەر.

قەیسەر تەلەسم دەکرێت و (خرادبەرزین) لەو تەلەسمە ڕزگار دەکات.

خراد بەرزین، ئاینی هندوان ڕۆشن دەکاتەوە و ئامۆژگاریی قەیسەر دەکات.

قەیسەر لەشکر و کچەکەی دەنێرێتە لای خوسرەو.

خوسرەو لەشکر دەنێرێتە سەر زەڕ ئابادەکان.

بەرهرام چوپینە لەگەڵ گەڕانەوەی خوسرەو لە لەشکرەوە ئاگادار دەبێت.

شەڕی بەهرام و خوسرەو کوژرانی کوتی ڕۆمی.

شەڕی دووەمی بەهرام و خوسرەو و سەرکەوتنی بەهرام.

شەڕی سێهەمی بەهرام و خوسرەو و هەڵاتنی بەهرام.

خوسرەو لەشکری بەهرام تالآن دەکات و نامە بۆ قەیسەر دەنووسێت.

نیاتانووس لە بندوی ئاڵۆز دەبێت و مەریەم ئاشتیان دەکاتەوە.

خوسرەو ڕۆمییەکان بۆ وڵاتی دەنێرێتەوە.

شێوەنی فیردەوسی بۆ مەرگی کوڕەکەی.

داستانی بەهرام چووپینە و خاقانی چین.

مەقاتوورە بە دەستی بەهرام دەکوژرێت.

شیرکوپی لەلایەن بەهرامەوە دەکوژرێت.

خوسرەو نامە بۆ خاقانی چین دەنووسێت.

خوسرەو خراد بەرزین دەنێرێتە لای خاقان و داوای کوشتنی بەهرام دەکات.

بەهرام بە دەستی قلون و بە پیلانی خراد بەرزین دەکوژرێت.

خاقان لە کوشتنی بەهرام ئاگادار دەکریت و فەرمانی تالآنی قلون دەدات.

خوسرەو لە کوشتنی بەهرام ئاگادار دەکرێتەوە.

خاقان براکەی دەنێرێتە لای کوردیە و نامەی وەڵام دەگاتە خاقان.

کوردیە لەگەڵ فەرماندەکاندا کۆدەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ مەرۆ.

خاقان لەشکر بە دوایاندا دەنێرێت.

خوسرەو بندوی دەکوژێت.

گستهەم بە دەستی کوردیە دەکوژرێت.

کوردیە نامە بۆ خوسرەو دەنووسێت و دەڕوا بۆ لای خوسرەو و شووی پێ دەکات.

خوسرەو پاشایەتی دابەش دەکات.

خوسرەو دەڕوا بۆ ڕاوکردن و چاوی بە شیرین دەکەوێت.

گەورە پیاوان خوسرەو ئامۆژگاری دەکەن.

شیرین مەریەم دەکوژێت، خوسرەو شێرۆ زیندانی دەکات.

خوسرەو تەختی تافراییس دروست دەکات.

سەرگوزەشتەی باربوردی سەماکەر لەگەڵ خوسرەو پەروێزدا.
خوسرەو شاری مەیدان دروست دەکات.

گوفتار دەربارەی مەزنیی خوسرەو پەروێز.

قەیسەر نامەی چارەسەری بۆ خوسرەو دەنووسێت.

سەرانی لەشکر داوای ئازادکردنی شیرۆیە دەکەن.

خوسرەو دەستگیر دەکرێت و بۆ تیسفۆن دەنێرن.

پاشایەتی (قوباد) مەشهوورد بە شێروی حەوت مانگ دەکێشێ.

خوسرەو وەڵامی شێرۆی دەداتەوە.

خەمخۆرانی شێرۆی دەربارەی خوسرەو.

باربود شێوەنی خوسرەو دەکات و پەنجەکانی خۆی دەبڕێت.

خوسرەو لە لایەن مهرهورمزەوە دەکوژێت.

شیرین خۆی دەکوژێت و شیرۆیش دەکوژێت.

ئەردەشێری کوڕی شێرۆی تەنیا شەش مانگ پاشایەتی دەکات.

ئەردەشێر لە لایەن پیرۆزی خوسرەو دەکوژێت.

پاشایەتی گرازکە تەنیا پەنجا رۆژ بووە.

پاشایەتیی پووران دوخت شەش مانگ بووە.

پاشایەتی ئازەروو میروخت چوار مانگ بووە.

پاشایەتی یەزدگرد بیست ساڵی خایاندووە.

پەلاماری سەعدی کوڕی وەقاس بۆ سەر ئێران و ڕۆستەم بەرەنگاری دەبێتەوە.

ڕۆستەم نامە بۆ براکەی دەنووسێت.

ڕۆستەم نامە بۆ سەعد دەنووسێت و وەڵام وەردەگێڕێتەوە.

شەڕی رۆستەم و سەعد و کوژرانی ڕۆستەم.

مەشوەرەتی یەزدگرد لەگەڵ ئێرانییەکاندا و بەرەو خوراسان ڕۆیشتن.

یەزدگرد نامە بۆ فەرماندەکانی تووس دەنووسێت.

ڕۆیشتنی یەزدگرد بۆ تووس.

ماهوی بیژەن هان دەدات تا بڕوانە شەڕی یەزگردەوە و ڕاکردنی یەزدگرد و لە ئاسیاودا خۆی دەشارێتەوە.

موبەدەکان ماهۆی ئامۆژگاری دەکەن.

یەزدگرد لە لایەن خوسرەوی ئاشەوانەوە دەکوژرێت.

ماهوی لە کوشتنی یەزدگرد ئاگادار دەکرێتەوە و دەبێتە پادشاهـ

ماهوی لەسەر فەرمانی بیژەن دەکوژرێت.

شاهنامەی فیردەوسی پڕە لەناوی جوان، ئەوانەی بە دوای ناوی جوان بۆ منداڵەکانیان دەگەڕێن با لەو ناوانە هەڵبژێرن، لەناوە عارەبییەکان جوانترن و ئاسانتر دێنە سەر زمانی کوردی. (خوسرەو)



# ئەفسانەکانی ڕۆمان

بەپێی ئەو زانیاریانەی بە دەستەوەیە لەسەرەتای بەشەریەتەوە، مرۆڤە سەرەتاییەکان لە هەرچی ترسابن بەخوایان زانیوە، ترس و تۆقیان ڕێزلێگرتنیان کردووە بۆ نموونە برووسکە ئاگری ناوەتەوە، هەروەها تەرەشقە، بوومەلەرزە، هەتاو، مانگ، هەتاوەکوو تۆفانیش و پەرستنەکە لە هۆکاری ترسەوە بووە تا خۆشەویستی و مەعنەویات، بێشک جوگرافیا و سروشتەکەی لە نەوعیەتی ترساندا نەخشی سازندەی هەبووە.



بۆ نموونە ئایینی میترایی کەوا باپیرەکانی کورد ئەو ئایینەیان هەبووە مانگیان پەرستووە.

مرۆڤ لە ئەشکەوت وەدەرهاتوونە و چنگیان لە قورِ ناوە و دیواریان دروست کردووە، تا تیایدا هەنوز بکەن و لە باو و باران سەرما بیانپارێزی. بێشک دۆزینەوەی فکری (دیوار) لە (ئاگر) دۆزینەوە کەمتر نەبووە، ئیتر دیوار لە جانەوەر و سەرما و سۆڵە مرۆڤی پاراستووە و وردە وردە دێ و لادێ و گەورەدێ شارۆچکە و شار دروست بووە، ئەو تەحەولە لەسەرتاسەری مرۆڤە سەرەتاییەکاندا ڕووی داوە.

ئێمە ئەگەر لە ئایینە ئاسمانییەکان، ئەوانەی خاوەنی ریسالە و پەیامبەر بوونە، وەک یەهوودی، مەسیحیەت، ئیسلام، بیربکەینەوە هیچ یەک لەوانە بێ ئەفسانە نین، لە چەندان جێگەیدا باسی ئەفسانە و دێو و عەفاریت و کاروکردەوەی خەواریق دەکرێت، ئەی ئەو میللەتانی وا پێغەمبەری خودایان نەبووە چی؟

ئایا فکریان لە هێزە بەربڵاوەکانی ئاسمان و زەوی و دەریا نەکردووەتەوە؟

بێگومان کردوویانەتەوە و بۆ زۆر بابەت خوایەکیان دەستنیشان کردووە و لێی پاڕاونەتەوە، ترساون، قوربانییان بۆ کردووە، پەرستگایان بۆ دروست کردووە، سەیر لەوە دایە ئەو تێفکرینە شۆڕبووەتەوە ناو ئایینە ئاسمانییەکانیشدا.

با دوور نەڕۆین هەر لە کوردستانەکەی لای خۆماندا سەدان مەزاری نەناسراو لە چیاکاندا سەرگرد و تەپۆڵکاندا گۆڕی بە بەردی کۆمەڵ

دەورگیــراو، زۆر کەس بە پیــرۆزی دادەنــی، یــا تەختەبەردێــک، یــا درەختێـک، هەتـاوەکوو کـانییەک بە پیـرۆز دادەنـێن گـوایە ( حەزرەتـی عەلـی) لێـی خـواردووەتەوە، یـا لە سـێوەرەکەیدا هەنـووزی کـردووە یـان تەختە سەنگەکەی بە زوولفەقار دوو شەق کردووە.

ئێمەی کورد بە وجوودی پیرۆزی قورئـانەوە بەو ژمـارە زۆرە مەلای ئایینییەوە یەشـتا ئـاوا تێدەفکرین، ئەی ئەو بێ ریسـالەی ئاسمـانی و بێ پەیامبەر بوونە چی؟

بۆیە ئەفسـانەکان بەشـێکن لە فەرهەنگـی جـوگرافی و ئـێمە بە بـوونی قورئانی پیرۆزەوە واین، ئەی میللەتـانی بێ قورئـان و بێ ئینجیل و بێ تەورات چۆن هەروا بێ خوا ماونەتەوە؟

ڕۆمانەکـان لەپـێش داگیرکردنـی یۆنانـدا پەیـڕەوی ئـایینی فرەخـوایی بوونە، کە وڵاتی یۆنانیان داگیرکـردووە، هەروەک یۆنانییەکان خواکانیان وا بەشکردووەتە سەربرێک نیاز و کاروکردەوەی ڕۆژانەی خۆیاندا هەر بەو مواسەفاتە شتێکە ناویانیان گۆڕیوە، وەئیلا هەمان کاروکردەوەیان بەدەسـت بـووە، کە خواکـانی یۆنـان هەیـانبووە، بەڵام ڕۆمانەکـان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە خواکانیان نەبووە، ئایا نێرە یان مێیە؟

وردە وردە فکریـان لەشـێوە و شـکلیان کـردووەتەوە و گەیشـتوونەتە ئەو بـاوەڕەی خواکـان هـان لە شـێوە و شـەمایلی بەشـەردا ئەو بیروبۆچوونانەیان لە: یۆنانەکان، فینقییەکان، ئیوتیەکان یان وەرگرتووە، کەواخواکان هەمان شێوە و خووخەسڵەتی بەشەریان هەیە و ئەوانیش وەک مـرۆڤ خۆشەویسـتی، تۆڵەسـەندەوە، تووڕەبـوون لە خـوو و خولیایانـدا هەبـووە، شـتێکە ئەوان پیرنـابن، نەخـۆش نـاکەون، نـامرن،

خەفەت ناخۆن، هەمیشە گەنج دەمێنێتەوە، هێز و تواناییان تەواوبوونی بۆ نییە.

ئەمانە خوا گەورەکانی ڕۆمانن:

ژوپیتەر: گەورەی خواکانە، پەرستگایان بەسەر بەرزترین گردی ناو ڕۆماندا بۆ کردووە، (کاپیتۆل)، (ژوپیتەر)یش هەروەک (زئوس) سەرۆکایەتی کۆمەڵگەی خواکانی کردووە.

جۆنۆ: شاژنی خواکان و هاوسەری جوبیتەر بووە، ئەو خوای ئاسمان و مانگ بووە، خەسڵەتی خانمانەی هەبووە و هەروایش داواکەری ئەو ڕەفتارە بووە، بۆ ژنانی ڕۆمان یاریدەدەر بووە لە کاتی منداڵبووندا ئامادەکردنی ژنان بۆ هاوسەری.

مینرڤا: خوداوندگار کچە گەنجەکان و پارێزەرییان بووە، کچی ژوپیتەر و جۆنۆ بووە. هەروەها ئاگاداری شەڕکەران و هەروەها هەڵبەست و هەڵبەستوانان پیشەی پزیشکی و بازرگانی پاراستووە.

ڤستا: ئەو خواوەندگارە لەناو خەڵکەکەیدا خۆشەویست بوو، ئەو پارێزەری ئاگردان بووە، پەرستگایەکەی بەسەر گردی (پلاتین)ەوە لەوێڕا ئاگری پیرۆزی پاراستووە.

کیریس: کچی (ساتۆرن و وریا)یە و خوشک و ژنی ژوبیتەوە و دایکی (بروسربینا)ی خواوەندگاری کشتوکاڵە.

دیانا: پارێزەری ئاژێلە کێویلەکانە و دار و درەخت و جەنگەڵەکانە، هەروەها خوای مانگ لە ڕاوکردندا کەسی پیا نەگەیشتووە، درەختی بە ڕووی بەلاوە پیرۆز بووە.

ڤینۆس: خواوەندگاری جوانی و خۆشەویستی، سۆزی جنسی، بە شاژنی ڕابواردن و بەزمی ڕۆمانییەکان ژمێردراوە.

مارس: لە سەرەتاوە خواوەندگاری کشتوکاڵ بووە، بەڵام لە دواییدا بوو بە لێزانی شەڕ و لێکدان، مێردی لریاسیلڤا بووە، باوکی (روملوس و ریموس) دامەزرێنەری شاری ڕۆما بوویە بە باوکی میللەتی ڕۆمانییەکان دەناسرا.

میرکۆری: ئەم خوایە سەروکاری لەگەڵ ئاڵوێڵ و کاروباری بازرگانیدا هەبووە، بازرگانان پەنایان بۆ بردووە، کوڕی ژوپیتەر و مایا بووە.

نیتون: خوای دەریاکان و ئەوی پەیوەندی بە ئاوە بووە، هەروەها تۆفان و بوومەلەرزەیش، ئەوی کوڕی ساترون و برای ژوپیتەر و پلوتۆیە.

ڤۆلگانوس: کوڕی جوبیتەر و جونو بووە و مێردی مایا و ڤێنۆس بووە، خوای ئاگر و گڕکان بووە و گرنگیی بە چەک و پاڵەوانان داوە.

ئەپولو: کوڕی ژوبیتەر و لاتونا و برای دیانا بووە، خواوەندگاری مۆسیقابووە، دوورترین تیری هاویشتووە بە کەوانە نەبینراوەکەی، خواوەندگاری چاکبوونەوەی نەخۆشییەکان بووە.

بلوتو: خوای ژێر زەوی و مردووەکان بووە و هیچ یەک لە ژنەخواکان ئامادەنەبوون ببنە هاوسەری، سەرەنجام (پرسیفونی) فراند، کردییە هاوسەری خۆی، پرسیفونی کچی دیمیترا بووە.

ساتورن: باوکی ژوپیتەر بووە و شای تەواوی خواکان بووە، بەڵام ژوبیتەر و براکانی نبتونوس ، پلوتو کەوتنە شەڕەوە لەگەڵیا و لە دەستەڵات لایان دا.

لە هەقیەتدا ئەو خوایانە وا ڕۆمانەکان باوەڕیان پێ بووە و بۆ نیازەکانیان پەنایان بۆ بردوون جگە لە ڕاز و نیازی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خواکانیاندا بەسەر زەویشەوە، کەسانێک هەبوونە خۆیان بە نوێنەر و چاوساغ و ڕێنیشاندەری ئەو خوایانە داناون، لەوەیش سەیرتر ئەوانە بەلای خەڵکەکە شەو پێگە و جێگەیان بۆ دانراوە و پەیوەندییان پێوە دەکرا، ئەوانەیش سێ جۆربوون.

یەکەم: ئەوانەی گرنگییان دەدایە ڕێوڕەسمی ئایینی و بانگەوازیان بۆ دەکرد.

دووهەم: ئەوانەی وا قسە و بۆچوونی خواکانیان لەیەک دەدایەوە، دەیانخستە بەر دەستی زیارەتکەران.

سێهەم: ئەوانەی دیاردە سروشتییەکان لە یەکدەدەنەوە و پێشبینیی ڕووداوەکانیان دەکرد.

# ئەفسانەکانی دۆڵی دوو ڕووبار

لەو کاتەوە مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان وەدەرهاتوون و لە دەشت و کێوەکاندا چنگیان لە خاک و خۆڵ ناوە و قوڕیان گرتووەتەوە و دیواریان دروست کردووە، ئەوە بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا.



بێگومان یەکەمین جێگەوشوێنێک کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونیان تیا دروست کردووە، دۆڵی دوو ڕووبارە، کە یۆنانییەکان پێیان وتووە (میزۆپۆتامیا)، ئیدی چەندی کێشاوە تا بوونەتە (دێ) و گەورەدێ و شارۆچکە و شار، بیرورڕا زۆرن. ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە میزۆپۆتامیا یەکێکە لە بێشکە هەرە کۆنەکانی بەشەریەت، لەوێرا دەوڵەت و دەستەڵات و هەتاوەکوو یەکەمین ئیمپراتۆریەت لەو دۆڵەیدا سەری هەڵداوە و پەلوپۆی بۆ دوورونزیک کوتاوە و بەپێی ئەو سەرچاوانەی

بەدەســـتەوەن کە هەر هەموویـــان لە لایەن ئاسەوارناســـان و گەڕیـــدە بیانییەکانەوە تۆمارکراون و کەوتوونەتە بەردەست.

لەو دۆڵەیدا چواردە دەستەڵات یان چوار ڕەگەز ژیاون: سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشووری، لەو بەشی سەری ڕۆژهەڵاتەوە لەناو چیاکانی زاگرۆسدا (ماد) هاوسێی ئەو ڕەگەزانەی بووە و لە دواییشدا ئەو چوار ڕەگەزە و مادیش هەر یەکە بە جۆرێک و لە کاتێکی جیاوازدا دەستەڵاتی پانوپۆریان پێکهێناوە. لە هەلومەرجێکی پڕ لە تراجیدیایدا لە دۆڵی دوو ڕووبارردا دەوڵەتێک پێکهاتووە بەناوی (عێراق ١٩٢٠) ئەوانەی ئاگاداری مێژووی ئەم دۆڵ و دەربەندەی بن بۆخوا یەک تاکەکەسی نە سۆمەری، نە ئەکەدی، نە بـــابلی و نە ئاشـــووری لە سەرتاســـەری جیهانـــدا بەدی ناکرێن، ئەگەر زنجیرەچیای زاگرۆس نەدەبوو ئەمڕۆ ئێمەی کوردیش نەدەبووین، کە بە پاشماوەی مادەکان دەدرێین لە قەڵەم.

ڕاســـتە زۆربەی لاپەڕەکـــانی مێـــژوو زادەی کـــاروکردەوەی سەرکەوتووانی قووڵایی مێژوون، لەبیرمە دوای هەرووژانی دەوڵەتی سەردەم و بەعس، هەڵبژێرام بۆ پەرلەمان (کۆمەڵەی نیشتمان)ی، ئێمە سەرجەم دووسەدت کەس بووین، بۆ سەرجەم میللەتانی ناو عێراق.

ڕۆژێک یەکێک لەو زرتە زەلامانە هەڵسا و دەستی کردە پیاداهەڵدان بەسەر باپیرەکانیدا کەوا کوڕی سۆمەر و ئەکەد و بابلی و ئاشووریە و خاوەنی کۆنترین فەرهەنگی بەشەریەتە.

نەمهێڵا وتەکانی تەواو بکات، بە دەنگی بەرز پێم گوت:

پـێم نـاڵێی تـۆ چ پەیوەنـدییەکت بەو میللەتـانەوە هەیە؟ ئەگەر هەتە جێگەی تۆ ناو پەرلەمان نییە و دەبێ بخرێیتە ناو مۆزەخانەوە.

تاکەی دەتانەوێ خەڵکی گومڕا کەن، لە سەردەمی پێشوودا ئەو جۆرە بۆچوونانە باوبووە، بۆیە گەیشتینە ئەم ئاکامە... بەندە داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم ئەو وتانەی لە ئەرشیفی پەرلەماندا بسڕنەوە. (أنا ابن الحضارات)، دەتوانی باسی ئەمەوی و عەباسی بکەیت، نەک ئەو میللەتە لەناوچووانە، کە بچووکترین پۆیان بەتۆوە نییە و بەپێی سەرچاوەکانیش دەتوانم پێت بسەلمێنم. بە دوای ئەوانیشدا دوای هەزار و پێنج سەد ساڵ ئەگەر (مەنازرە) دەڵێیت ئەوانە لە سارای ڕۆژئاوای سەرسنووری عەرەبستاندا دەژیان... کوڕە بەسە ئەم تورەهاتە!

# ئەفسانەی گلگامێش یا کەڵەگامێش

بە دڵنیابیەوە کاتێک باس بێتە سەر ئەفسانەکانی دۆڵی دوو ڕووبار، هەر دەبێ حەماسەی گلگامێش باس بکرێت، لە ڕاستیدا ئەو مەلحەمەیە بە کاکڵەی ڕاستەقینەی تەواوی ئەفسانەکانی ئەو دۆڵەیە دادەنرێت.

تا چەند ساڵ لەمەوبەر باوەڕ وابووە کە ئەو ڕووداوانە و کەسایەتیی گلگامێش کە ١٠٠% ئەفسانەیە و بەپێی ئەو هەزارەها لەوحەگڵینانەی، کە بەدەست هاتوون، ئێستا سەرچاوەیەک دەڵێت: دایکی لە خواکان بووە و باوکی مرۆڤ بووە و یەکێک بووە لە شاکان لە ٢٦ سەدەی لەپێش زایینـدا. پێنجەمـین شـای زنجیـرە دەسـتەڵاتی (ئـۆروک) و زنجیـرە دەسـتەڵاتی سـۆمەرییەکان بـووە، بەڵام ڕووداوەکـانی ژیـانی گلگـامێش سەرتاسەری ئەفسانەن.

بەپێـی هەنگـامەی گلگـامێش کە ڕووداو و بەسـەرهاتی یەکێـک لە مەلیکەکانی دەستەڵاتی (ئۆروک) بووە، ئەوانەی بەسەردا هـاتووە و زاڵ بووە.

لە ڕاسـتیدا کەسـایەتییەکی نیـوە ئەسـتوورەیی بـووە لە وەدەرکەوتووەکـانی سـەردەمی سـۆمەرییەکاندا وا نووسـراوە گلگـامێش ١٢٧سـاڵ فەرمـانڕەوایی کـردووە، پێنجەمـین زنجیـرە دەسـتەڵاتی سۆمەریان بووە، کە دوای تۆفان حوکمی کردووە، یانی سەدەی ٢٨پ.ز، دوای مردنی ژیانی کراوەتە ئەستوورە.



دولقیــرات دەربــارەی گلگــامێش دەڵێــت: کــابرایەکی بــاڵابەرزی هەیکەلـداری بـازووڵە ئەسـتووربووە، ڕوخسـار و سـیمایەکی زەریفـی هەبـووە، تـا خـوا حەز بکـا ئـازا و پەلامـاردەر لە ژیانیـدا، کەس لەوی نەکـردووە، لە هەر کـوێیەکی جیهـان شـتێک ڕووی دابێـت ئەو دەیـدی، هەمـوو شـتی زانیـوە، ئاگـاداری تەواوی ڕازەکـان بـووە، پەرژینـی (حـیکمەت)ی بڕیـوە و ڕۆیشـتووەتە نـاویەوە، ئەوی شـاراوەبووە ئەو دیویەتی...

وەک لە هەنگامەکەیدا هاتووە لە شاری ئۆروک ژیاوە و بووە بە شاهـ و بـووەتە قارەمـانی سـەردەمی خـۆی، سـێ بەشـی خـوا بـووە و سـێ بەشـەکەی تـر مـرۆڤ. دایکـی (نیسـوە) یەکێـک بـووە لە خواوەنـدگاران، دایکی خوای جوانی بووە و حەزی لە ڕابواردن و ڕاو و ملمـلان بـووە، حەزی لە ئازاری خەڵکی دەکرد، کوڕی بۆ باوک نەهێڵاوە و هیچ کچێکی بە سـاغی نەهـێڵاوە، خەڵـکەکە شـکایەت دەبەنە لای خواوەنـدگار (ئـانو)

ئەویش فەرمانی دایە (ئارورو) کە گلگامێشی دروست کردبوو تا یەکێکی کەی وەک خۆی بۆ دروست کا، تا پێکەوە زۆران و ململان بکەن، تا خەڵکەکە لە ڕەفتاری گەلگامێش ڕزگاری بێت، (ئارورو) زلزەلامێکی وەک خۆی دروست کرد بەناوی (ئنکیدۆ) ئەو دوانە بوونە هاوڕێی گیانی بە گیانی، پێکەوە زۆر کاروکردەوەیان کردووە، لە یەکێک لەو ڕووداوانە ئنکیدۆ تووشی مردن هاتووە، ئەو دەم گلگامێش هاتووەتە هۆشا ئەویش مەرگی مرۆڤە...بۆیە بێ مەبەست لە شار و خەڵک و دەورووبەر دوورکەوتەوە، ڕێگەی دەکەوێتە مەیخانەیەک، خاوەنەکەی دەپرسێ: گەلگامێش بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئەو حەیاتەی تۆ دەتەوێ بە دەستت ناکەوێت، مرۆڤ خولقاوە سەرەنجامەکەی هەر مەرگە و دەبێ بمرێ، لەو دونیا ژیانی هەتاهەتایە، تا زیندوویت بکۆشە برسیت نەبێت، خۆشحاڵ بە جلوبەرگی جوان لەبەر کە، خۆت پاکوخاوێن ڕاگرە، ماڵ و منداڵت بەختەوەرکە، ژیانی ئەم دونیایە ئەمەیە و بەس، سەرەنجامەکەی مردنە.

گلگامیش وتی: باشە تۆ ئەوەندە هۆشیاری ڕێگای لای (ئۆتۆنایشتم)م پێ نیشان نادەی؟

لەوەلامدا وتبووی: گوێ بگرە: کەس نەیتوانیوە ئەو دەریا بێ بن و بێخەی ببڕێ تا بگاتە دەریای مردن، بەڵام ئەی گلگامێش دەریاوانێک هەیە چاوساغی ئەتۆنایشتم بووە بەناوی (ئۆرشاتو) دوو پەیکەری هەیە و ئەوسا لەناو جەنگەڵ دایە، برۆ بیبینە، ئەگەر ڕازی بوو لەگەڵتا بڕوات باشە، ئەگینا بگەڕێرەوە...

گلگامیش ڕۆیشت بۆ ناو جەنگەڵەکە (ئۆرشاتۆ)ی دی داستانی مەرگی (ئندکیدۆ)ی بۆ گێڕایەوە، داوای لێ کردن تا ئۆتۆنایشتم)ی پێ نیشان بدات، لە وەڵامدا وتی: بڕۆ لەناو جەنگەڵدا ١٢٠ درەختی گەورە ببڕە، هەر یەکەیان ٣٠ گەز درێژ بێت و بیگرە قیر. ئەوی ئۆرشاتو وتی: گلگامێش کردی بەو شێوە گلگامیش کەشتییەکی سەرەتایی شەقوشڕی دروست کرد، لەگەڵ ئۆرشاتۆدا سواری بوون و بەرەو دەریای مردن بەڕێکەوتن، ئۆرشاتۆ بە گلگامێشی وت: نەکا دەستت بەو ئاوە تەڕکەیت، سەرئەنجام گەیشتە لای ئۆتۆنایشتم لە گلگامێشی پرسی: بۆچی وا نیگەرانی؟

تۆ لەشت لە کەرەستەی خواکانی مرۆڤ پێک هاتووە، خواکان تۆ بە کوڕی خۆیان دەزانن، هەروا کەوتە تەمێ کردنی، سەرەنجام پێی وت:

باشە تۆ نابێت حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بنویت، بەڵام گلگامێش لەوەیدا سەرنەکەوت، ئۆتۆنایشتم بە ژنەکەی وت: ئەو گەنجە هەڵسێنە لە خەو، با بگەڕێتەوە، هەروەها بە ئۆرشاتۆی وت: هەڵسە بڕۆ سەروقژ بشۆرە و جلوبەرگێکی تازەی لەبەر بکە گلگامێش سواری کەشتی بوو تا بگەڕێتەوە. ژنەی (ئۆتۆنایشتم) پێی وت: ئەم کابرا ئەو ڕێگە دوورەی بڕیوە، ئەگەر دەکرێ یارمەتی بدە.

ئۆتۆنایشتم تا ڕادەیەک دڵی نەرم بوو بە گلگامێشی وت: ڕازێکت بۆ وەدەر دەخەم شتکێت پێ دەڵێم: هیچ مرۆڤێک نایزانێت گیایەک لە دەریادا هەیە، ڕیشوەکانی دڕکن، ئەگەر توانیت ئەو گیایە بەدەست بهێنی یانی ژیانی هەتاهەتاییت بەدەست هێناوە.

لە ڕاستیدا ئەفسانەکانی گلگامیش بەپێی لەوحە گڵینییەکان تێکەڵ و پێکەڵن و سەرەتا و پایینی بووینە، بەندە ناچارم بڕۆمە بەشێکی تری ڕووداوەکانی گلگامیش...

دوای برینداربوونی ئینکیدو بە دوانزە ڕۆژ ئینکیدو مرد، گلگامیش گەلێک بۆ ئەو دۆستە قارەمانەی گریا، بە دەم گریانەوە دەیوت:

ئەی دۆست و هاوڕێی ئازیزم تۆ دایکت ئاسک بووە و باوکت کەری وەحشی دەبا دارستانەکان بۆت بگرین. باپیرە پیاوانی شای ئۆرۆک پرسەداربن، دەبا پۆپەی چیاکان شێوەنت بۆ بگێڕن دەبا هەرچی دڕندە هەیە بۆت بگرین. دەبا ئاوی زەلاڵی ڕوباری فورات فرمێسکت بۆ بڕێژی. ئەوانە هەموو ئازایەتی من و تۆیان بە چاو دیوە. من و تۆ پێکەوە گای پیرۆزمان کوشتووە، ئەوە بۆ وا بێدەنگی؟

چ خەوێکە لێت کەوتووە؟ وەڵامم نادەیتەوە؟ دڵەگەورەکەت وەستاوە؟ بە گریانەوە ڕووی ئنکیدۆی داپۆشی و هاواری کرد، دەی: ئەی هونەرمەندان، ئاسنگەران، ئەی زێڕینگەران هەستن زوو پەیکەرێکی شایستەی بۆ بکەن... بە تەقەلای ئازا پەیکەریان دروستکرد و لەش و پەیکەری لە زێڕ و سەر و ڕوخساری لە پیرۆزە.

لە دوای مردنی ئینکیدو گلگامێش جلوبەرگی کردە پێستی پڵنگ.

جانەوەران ڕوخسار و سەرووپرچی فەرامۆش کرد، لە ڕق و قینا دەکوڵا دژ بە مردن، بەخۆی وت: بڕۆ بۆ لای: ئۆتۆنایشتم، قارەمانی تۆفان چۆن توانیویەتی ڕازی هەتاهەتایی ژیانی دەست بکەوێ، ئیتر هەروا داستانەکانی گلگامێش تێکەڵاون لە ڕووداوێکی تردا:

خواوەندگار: (ئانانا) درەختە بەناوبانگەکەی لێواری هەڵکەند و لە شاری ئۆروک دا دووبارە نای سەوزبوویەوە لە بنەکەیدا ئەژدیهایەکی خۆی خەبەکەدا، گلکامیش ئەژدیهایەکەی کوشت و درەختەکەشی بڕی. ئانا ئامێرێکی مۆسیقای لەو دوو درەختە دروست کردوو و بە دیاری دای بە گلگامێش لەگەڵ داردەستێکدا، زۆری لای خۆش بوو، ئیدی مۆسیقای دەژەنی، بەڵام ڕۆژێک ئامێرەکە و داردەستەکەی کەوتە ناو قووڵایی دۆزەخەوە، گلگامێش زۆری پێ ناخۆش بوو، ئینکیدو هاتە لایەوە، وتی: من ئەمڕۆ ئەو دوانەت لە دۆخەوە بۆ وەدەردێنم.

گلگامێش وتی: دەڕۆی بۆ دۆزەخ.. جلوبەرگی خاوێن لەبەرمەکە، لەشت بە ڕوونی بۆنخۆش چەور مەکە، هیچ تیرێک مەوەشێنە، تەورەکەت بەراسەرتەوە ڕامەوەشێنە، پێڵاو لە پا مەکە، لەوێرا ژن و منداڵەکەت دەبینی ماچیان مەکە، ئەو ژن و منداڵەی وا خۆشیانت ناوێ لێیان مەدە، ئەگینا (دایکی نینازو) لە خەو هەڵدەستێ، ئەو دەم بەرت پێ دەگرێ، بەڵام ئینکیدۆ دروست بە پێچەوانەوە ئەو کارانەی کرد، دایکی (نینازو) لە خەو هەڵسا و لە دۆزەخدا ڕایکرد و نەیهێڵا دووبارە بگەڕێتەوە سەر زەوی.

گلگامێش هەر یەکجار پەرۆش بوو، پەنای بردە بەر خواوەندگار (ئنلیل) هیچی بۆ نەکرد، پەنای بردە بەر خواوەندگار (سین) ئەویش فەرامۆشی کرد، بەڵام باوکە ئایاد پێی وت: هەستە بڕۆ کۆنایەک لە زەوی بکە تا ڕووحی ئینکیدوی لێ وەدەر بێت. بەو شێوە گلگامێش توانی لەگەڵ ڕۆحی ئینکیدۆیدا بدوێ. پێکەوە کەوتنە سەما، ئەو دەم هەواڵی چۆنییەتی دۆزەخی پرسی و لە وەڵامیدا وتی:

ئەو لەشـــەی پـڕە لە هەوەس و لەزەت کـرم خـواردوویەتی، وەکـوو پارچەپەڕۆیەکی کۆنی لێ دێت. ڕەفتار لەگەڵ مردووواندا لەسـەر بناغەی منداڵ مـامەڵە دەکرێت... ئەوی منداڵی هەبێت لەو بنەوە لێی ڕاکشاوە ماندووە و دەگری، ئەوی کوڕی هەبێت لە مـاڵێکی هاکەزاییدا دەژی و نان دەدرێنێ، ئەوی سێ کوڕی هەبێت لە ئاوی دۆزەخی پێ دەدرێت، ئەوی چوار کوڕی هەبێت دڵی فرەخۆشحاڵە، ئەوی کوڕی هەبێت ئەوە لەگەڵ گەورە پیاواندا هاوژیان و خاوەنی کۆشکە.

# ململانیی گلگامێش و ئینکیدو لەگەڵ همبابا

ململانێی همبابا پاسەوانی درەختی (ئرز)ە، لە چیاکانی لوبنان شکڵ و ڕوخسارێکی وەک دەعبای هەیە، ترسێنەرە، نەڕەی وەک تۆفانە، دەمی پڕ لە ئاگرە، هەناسەی مەرگە، هەموان هەتا لە ناوەکەی دەترسن، گلگامیش ویستی بۆ ناو وەدەستهێنان بیکوژێت ببێتە شای دەوران، هەرچی ئینکیدو تەقەلای کرد گلگامێش بە گوێی نەکرد هەتاوەکوو پیاوە ژیرەکانی (ئۆروک) ئەوانیش تەمێیان کرد تا نەیکا، بەڵام گلگامێش گوێی نەدایە، ئەوانەی هەموو نەبیست ز ڕۆشت، کەوتە نوێژکردن بۆ خوای هەتاو، هەروەها ڕۆیشت بۆ لای دایکە خواکەی (تیسنون) هەروەها خواوەندگاری هەتاو بە گلگامێشی وت: زووکە برۆ همبابا لە جەنگەڵدا خۆی نەشاردووەتەوە و حەوت زرێیەکەی لەبەر نەکردووە، ئێستا تەنها یەک زرێی لەبەر دایە، گلگامێش و ئینکید و هەردوو ڕۆیشتنە ناو جەنگڵەوە بە هەردوو همبابایان کوشت.



# شەڕی گلگامێش و ئینکیدو لەگەڵ گای ئاسمانیدا

دوای کوشتنی همبابا لەلایەن گلگامێش و ئینکیدو گلگامێش، گەڕایەوە ئۆروک و تاجی شاهی لەسەرنا خواوندگار (عەشتار) حەزی لێ کرد، داوای کرد بیکاتە هاوسەری عەرەبانەیەکی زێڕینی بۆ دروست دەکات. بەهێزی با بڕواتە ڕێگەوە ئەوی پیاوچاکانی پەرستگاکانە دێن پات ماچ دەکەن، تەواوی شاکانیش خۆیانیانت بۆ دادەنوێننەوە، بەڵام گلگامێش پێشنیارەکانی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی ئەوی ئەو خۆشیویستووە، ئەو لەناوی بردووە، من تۆ ناهێنم تۆ وەک کوانوویەک وایت، هەوکە بەفر بباریت خامۆش دەبی، وەک دەرگای یەک لنگەی هەرگیز ناگیرییت، تۆ کۆشکی هەرچی پاڵەوانە تیادا زەبوون دەکرێت، تۆ وەک شلەقیری هەرکەسێک لێوە نزیک بێتەوە بەربادی دەکەیت، تۆ مەنجەنیقی، سووتێنەری، تۆ وەک پێڵاوی تەنگی گاز لە پا دەگری، کام پەلەوەر لە داوی تۆ ڕزگار بووە؟ دەتەوێ ناوی چەندان عاشقت بۆ هەڵدەم؟



عەشتار لە تووڕەبووندا گڕی گرت و ڕۆیشتە لای باوکی، کە (ئانو)ی خواوەندگارە، هەروەها دایکی کە (ئانتو)ی خوایە و داوای کرد تا گای ئاسمانی بدەنێ بۆ لەناوبردنی گلگامێش، ئەگەرنا هەرچی مردووان هەیە دەیانخاتە سەر زەوی، تا زیندوان بخۆن. باوکی لە وەڵامدا وتی: ئەگەر ئەو گاتە بدەمێ ئۆروک حەوت ساڵ تووشی قاتیوقڕی دەبێت:

گای ئاسمانی دابەعەشتار ئیدی برسیێتی لە وڵاتی ئۆروکدا بڵاوبوویەوە، کانیاووشکیان کرد، گژوگیا وشکبوونەوە، ئیدی شەڕی نێوان ئینکیدو و گلگامێش دەستی پێ کردبوو، لە دوو لاوە پەلاماری گای ئاسمانیان دا، گا بە کلکە ئەستوورەکەی ئینکیدوی تووڕدایە ناو چاڵێکەوە، لە چاڵ وەدەر هات و دوو شاخی گای گرت، گلگامێش توانی بیداتە بەر شمشێر و بە هەردوو گای ئاسمانییان کوشت. عەشتار کەوتە شیوەن، گلگامێش پێی وت: بتگرم وەک گاکەت دەتکوژم.

# ئەفسانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیر

حاشاهەڵنەگرە (هۆمیر) گەورەترین شاعیری ئەفسانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەیە و لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا دەژیا، دوو کتاوی بەناوبانگ وازانراوە کە لە لایەن ئەم شاعیرە نابینایەوە وتراوە و نووسراوەتەوە، کە هەردوو کتاو بە شاکاری دونیای ئەوسا و ئێستایش دەژمێردرێت، خەڵکی وڵاتی یۆنان لە ۲۸۰۰ساڵ لەمەوبەرەوە، چین چین ئەو شیعرانەیان سنگ بە سنگ لەبەر بووە و گێڕاویانەتەوە و نووسیویانە، سەیر لەوە دایە درێژیی زەمان زۆر ڕووداو و داستانی تری لەبیرکردووە، بەڵام ئەوانەی (هۆمیر) هەروەک خۆیان ماونەتەوە و پارێزراون و ئەو لە جیهاندا زۆرترین کەس دەیانخوێنێتەوە.



کتاوی یەکەمی (هۆمیر) کە ناوی (ئیلیادە)یە زۆربەی دەربارەی شەڕ و دلاوەری قارەمانێکی ئەفسانەییە بەناوی ( ئەشیل)ـە، کە لە شەڕدا لەگەڵ خەڵکی شارێک بەناوی (ئاتن)، کتاوی دووەمی بەناوی

(ئۆدیسە)یە کە لە گەڕانەوەیدا لە دوای شەڕی (تروا) دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوژینەکەی و تووشی ڕووداوی جۆراوجۆر دەبێت و نزیکەی دە ساڵ وێڵ و ئاوارەی ناو دەریاکان دەکرێت.

# ئەفسانەکانی ئیلیادە

زۆرتر لە هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی (مەسیح) لە ڕۆژئاوای توورکیای ئێستا لە کەناری دوو ڕووباردا، شارێکی گەورەی پڕ لە ئاوەدانی بەناوی (تروا Troy) هەبووە، بە هۆکاری ململانێی نێوان خواکان و شاکامی نێوانیان کرایە کەلاوە و هەڕووژێنرا و سووتا و کاولکرا.

لە کتاوی ئیلیادەیدا شەڕەکە لەوێرا دەستی پێکردووە، شەڕکەرانی یۆنانی دەورەی شاری شوورەداری (تروا)یان داوە و ئاپۆلۆ نەخۆشی تاعوونی لەنێوان پەلاماردەرەکاندا بڵاوپێکردووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شەڕە لە مێژدا دەستی پێ کردووە، یانی لەو دەمەیدا خودای (کینە و ڕق، ترس) مۆڵەتیان پێ نەداوە، لە جەژن و شایی ئەنجوومەنی خواکانەوە بەشداری کا بۆ تۆڵەسەندنەوە نەخشەیەکی دۆزەخیانەی کێشاوە، تا ئەنجوومەنی خواکان بەو ئارامی و ئاساییشە نەمێننەوە و بکەونە تەقەڵا و ململانەوە، بۆیە بە ئاسپایی خۆی دەگەیەنێتە پەنجەرەی تالاری کۆبوونەوەکە و سێوی زێڕین، کە لەسەری نووسراوبووە( پێشکەیشە بە جوانترین خواوەندگار) دەهاوێژێتە تەلارەکەوە، سێ خواوەندگاری جوانی (هیرا، ئەفرۆدەیت، ئاتنە) هەریەکە لەوانە لایان وایە ئەو سێوە زێڕینە هاوێژراوە، بۆ ئەوە دەبێتە گفتوگۆ و کێشمەکێش… ناگانە ئاکام، سەرئەنجام پەنا دەبەنە لای گەورەخوای (زئوس) بەڵام زئوس ژیرانە داواکەی ڕەت کردەوە و نەڕۆیشتە ژێر باری، وەڵامدانەوە و هەرایان هەر بەردەوام بووە، سەرئەنجام (زئوس) پێشنیاری کرد تا

هەرسێ بڕۆن بۆ شاخی (ئایدا) کە لە نزیک شاری ( تەروا)یە، لەوێڕا شازادەیەکی گەنج بەناوی (پاریس) ئەو دەتوانی کێشەکەتان بۆ ئاسان بکات، ئەو گەنجە یەکێکە لە جوانترین گەنجی سەر زەوی. زۆری نەکێشاوە هەر سێ خواوەندگار لەبەر دەستی پاریس ئامادەبوون. شازادە سەرسام و گێژوویژ بوو، هەرسێ خواوندگار بە پاریسیان وت: ناکرێ سەیری لەش و ئەندامی ئێمە بکەیت، تەنها داوەری و چاوساغی ئەو لەسەر چۆنیەتیی دیارییەکانی ئەوانە، کە پێشکەشت دەکرێت گوێمان لێبگرە.

سەرەتا هیرا وتی: ئەگەر من بە جوانترین خانمەخوا هەڵبژێرن دەتکەمە پاشای ئاتەن و ئاسیا.

دووهەم کەس ئاتنە وتی: بەڵێنت دەدەمێ (تروا)یەکان، کە دوژمنی ئەزەلین لەگەڵ یۆنانییەکاندا زاڵ کەم.

سەرەنجام ئەفرۆدیت هاتە قسە: من بەڵێنت دەدەمێ (هیلێن) جوانترین کچی یۆنان وا لێ بکەم شیفتە و عاشقی زارت کەم و بە یەکتان گەیەنم.

پاریس تاوێک تێراما و ئەو دەم هەڵسایە سەرپا و ڕوو بە ئەفرۆدیت ڕۆیشت و سێوی زێڕینی دا بە دەستی ئەفرۆدیتەوە، بەڵام لەو ڕۆژیدا هیلین بووبوە ژنی (منلوس) برای ئاگاممنون پاشای یۆنان ئەفردودیت. لەو هاوسەرییەی بێ ئاگابووە، دوای چرکەیەک پاریسی بردە ئاسمان و لە شاری (میسن) پایتەختی ئەو حەلەی یۆنان دابەزان. پاریس خۆی گەیاندە کۆشکی منلوس و وەک شازادەی (تروا) بوو بە میوانی منلوس.

چەند ڕۆژ دوای ئەوە منلوس بۆ کاروبار لە ماڵ وەدەرچووبوو، کە گەڕاوەتەوە نە هیلـــین و نە پاریســـی وەدی نەکـــردووە و بـــۆی دەرکەوتووە، کە پاریس هیلینی فراندووە.

ئەو کـارە ئەوسـا و ئێسـتایش دوورە لە شاسـواری مەردانە ڕفتـار، ڕۆیشـــت بـــۆلای (ئاگـــاممنون)ی بـــرای و ڕووداوەکەی پـــێ وتـــووە، (ئاگاممنون) بە منلوسی برای وت: زەمانێکە بە دوای هەلێکدا دەگەڕێم تا دەسـتێکی بـاش لە تەروایيەکـان بووەشـێنم، وا ئەم ڕووداوە باشـترین بەڵگەیە بۆ پەلاماردانی (تروا) هەر لەو ڕۆژەیدا ئاگاممنون پەیامی خۆی گەیاندە دوو پاڵەوانی بەناوبانگی یۆنان ( ئەشیل و ئۆدیسە) تا لە شـەڕی کەرامەت و شـەرەفی یۆنانـدا بەشـداری کەن، بەڵام ئەشـیل لەبەر دایـکە پیرەکەی و (ئۆدیسـە)، لەبەر ئەوەی ژنەکەی تـازە منداڵی بووە، وەڵامـی ڕەدیـــان دایەوە، کە نـــاتوانن لە شـــەڕەکەیدا بەشـــداری بـــکەن، بەڵام ئاگـــاممنون دەســـتبەردار نەبـــوو خەڵکـــانێکی دیـــکەی هەنـــاردە لایـــان، سەرەنجام ئەو دوو پاڵەوانە لەبەر شەرەفی یۆنان سواری کەشتی بوون و لەگەڵ لەشـــکری یۆنانـــا بەرەو شـــاری (تـــروا) کەوتـــنەڕێ، زۆری نەکێشـاوە لەشـکری یۆنـان ئابلووقەی شـاری شـوورەداری تەروایـان دا، شوورەی شاری تەروا بە ئەندازەیە بەرز و بووڵند بوو و قایم و قووڵ پـتەو بـووە، لەسەرتاسـەری جیهانـدا ناووبـاوی دەرکـردووە، جـگە لە دەروازە موحکەمەکانی، بەڵام شەڕکەرانی یۆنانی خودا خەڵقیانی کردبوو بۆ شەڕ، بەتـايبەت ئيسـپارتييەکان پەرسـتگای ئـاپۆلۆ لە دەرەوەی شـاردا بـووە، چەنـدان سـەربازی یۆنـانی پەلامـاری ئەو پەرسـتگایەی دەدەن و ئەوی پەنابەری ئەو پەرستگایە هەبووە هەر هەموویان دەکوژن و کـچە جوانە دەروێشـەکەی پەرسـتگای ئـاپۆلۆ بە یەخسـیری دەگرن و دەیبەن

بۆ لای (ئاگاممنون) ئەشیل ئەو کچە دەروێشی پەرستگایەی دیبووە و عاشقی بووە، پەیام دەنێرێ بۆ ئاگاممنون تا ئەو ئافرەتەی بۆ بنێرێت (ئاگاممنون) داواکەی ڕەت دەکاتەوە و بۆی نانێرێت.

ئەوە دەبێتە هۆکاری دڵگرانی و زویریی (ئەشیل) و بڕیار دەدا ئیدی لە شەڕەکاندا بەشداریی نەکات، بە نەچوونی ئەشیل لە شەڕەکاندا یۆنانییەکان ئەوی گوڕ و توانا و ئازاییان هەبووە لە دەستیان داوە و گەیشتنە باوەڕێکی وا تا لە شەڕەکە بکشێنەوە، لەولاشەوە (ئاپولۆ)، لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان بێ ڕێزییان کردبووە. پەرستاگەکەی ئەویش لە گەرمیی شەڕدا تیری ئاگرینی دەگرتە یۆنانییەکان زۆری نەمابووە بە جارێک لەشکری یۆنان شڕی شڕ بن، ئەپولو بەوەشەوە ڕانەوەستا وەبای تاعوونی لەناو لەشکری یۆناندا بڵاوکردەوە، ئیتر شەڕەکە بەردەوام بووە، بێ ئەوەی لایەنێک بەسەر ئەویتردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

وەنبێ شەڕەکە هەر لەنێوان تەڕاویەکان و یۆنانییەکاندا بەردەوام بێت، نەخێر بەڵکوو دامێنی شەڕ گەیشتبووە هەوارگەی خواکان لە (ئۆڵەمپ)دا دوو لایەنەکە سەخت دژی یەک ڕاوەستابوونە، ئەفرۆدیت لەبەر پاریس و براکەی و ئەپولو لەبەر بێ ڕێزیکردن بە پەرستگاکەی لایەنگری خەڵکی شاری تروایان دەکرد، لەولاشەوە خواوەندگارە حەسوودەکە(هیرا) و لایەنگرانی یۆنانییەکانیان دەرکرد.

زئوس لە دڵەوە لایەنگری تەروایەکان بووە، بەڵام لە ترسی (هیرا)دا خۆی بێ لایەن وەدەردەخست، سەرەنجام دوای نۆساڵ شەڕ، هەردوو لای شەڕ بڕیاریاندا (منلوس و پاریس) بەشەڕ بێن و ئاکامی شەڕ هەرچی بێت دوولا قبووڵی بکەن و هیلین بۆ ئەو بێت. بەو شێوەیە دوو

شەڕکەر بەرانبەر یەک شەڕیان دەست پێ کرد، زۆری نەکێشا بە هێز و توانای بازووی (منلوس) شمشێری دەستی (پاریس) شکا و کەوتە ژێر ڕەحمەتی شمشێری (منلوس)ەوە، (پاریس) خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕای کرد و خۆی گەیاندە پەنای (هیکتور)ی برای، بەو شێوەیە (ئاگاممنون) بڕیاری دا.

بەڵێ لەشەڕەکەدا پاریس دۆڕاندوویەتی، لەم کەینوبەینەدا شەڕکەرێکی گەوجی یۆنانی تیرێک بوو (منلوس)وە دەهاوێژێ و بە سەختی منلوس بریندار دەکات و دیسان شەڕ بە گەرمی دەست پێ دەکاتەوە، تەرواییەکان بە تەواوی تواناوە پەلاماری یۆنانییەکانیان داوە و ڕوایان ناون کەوتنە کەڵکەڵەی سووتاندنی کەشتییە یۆنانییەکان، لە ئاوا هەلومەرجێکدا (پاتروکلوس) هاوڕێی گیانی بە گیانی (ئەشیل) ڕۆیشتە ناو چادرگەکانی (ئەشیل)ەوە، بێ ئەوەی ئەشیل بزانێت زرێ و سپەر و چەکەکانی (ئەشیل)ی لەبەر کرد و گەڕایەوە ناو شەڕەکە.

یۆنانییەکان گوڕ و باوەڕبەخۆبوونیان دوو بەرانبەر بوو. شەڕ گەرمی گەرم بوویەوە و لەشکری تەرواییەکان تا دەروازەی شار ڕاونران، لەو شەڕەیدا (پاتروکلوس) لە لایەن هیکتۆری قارەمانەوە کوژرا. کوشتنی پاتروکلوس ئاگری کینە و ڕق و ئاڵۆزی لە دڵ و دەروونی (ئەشیل)دا گڕی گرت و جلوبەرگی شەڕی کردە بەر و خۆی گەیاندە دەروازەی شار و نەڕاندی تا هیکتۆر بێتە دەرەوە بۆ شەڕی بەرانبەرکی (هیکتور) دەیزانی ( ئەشیل)، شمشێرە نەبڕە بێشک کوژراوی ناوە لە دەروازەی شار وەدەرهات و دوو پاڵەوان کەوتنە شەڕی مان و نەمانەوە، زۆری نەکێشا نێزەی لێزانی ئەشیل سینەی هیکتۆری کون کرد.

بەوە ڕازی نەبوو بۆ لاوازکردنی ڕۆحیەتی تروایییەکان هەردوو پای هیکتۆری بەستەوە و بەستی بە عارەبانە جەنگییەکەوە، تا قرارگاکەی تەرمی بێگیانی هیکتۆری قارەمانی بە زەویدا ڕایکێشا.

پریامی پیری کۆسکەوتوو، شای تروا کە ئەو دیمەنە دڵتەزێنە دەبینی، وا کورە قارەمانەکەی بەسەر زەویدا ڕادەکێشرێت، لەسەر بانی شوورەوە لە تاوا گڕی تێبەر دەبێت، هەمان شەو بە جلوبەرگی گۆڕاوە خۆی دەگەیەنێتە هەوارگەی ئەشیل و کە دەگاتە لای ئەشیل دەچەمێتەوە و هەردوو پای ئەشیل ماچ دەکات و بە گریانەوە دەڵێت:

من باوکی پیاوێکم تۆ ئەوڕۆ بە بەرچاویەوە کورەکەت کوشتووە، گەلێک نامەردانە بەسەر زەویدا تەرمەکەت ڕاکێشاوە، من شای (تروا)م گەنجینەی شارت دەدەمێ و وەک دیت هەردوو پاتم ماچ کردووە، داوام وایە تەرمی کوڕەکەمم بدەیتەوە، تا بە دەستی خۆم بیخەمە ناو گۆڕەوە.

ئەشیل لە بیستنی وتەکانی شاهـ (پیرمام) زۆر پەشیمان دەبێتەوە لە کرداری، فەرمان دەدا تەرمی بشۆرن و گوڵاوبارانی کەن و لە کفنی نێن تا باوکی برینەکانی کوڕەکەی نەبینێ و تەرمەکەی خستەناو عارەبانەیەک و خستیە دوای پیرمامی کۆسکەوتوو بە پیرمامی وت: تەرمی کوڕەکەت ببەرەوە لەوە دڵنیات دەکەمەوە تا عەزاداری و ڕێورەسمی بە خاکسپاردن تەواو نەبێت شەڕ دەست پێ ناکاتەوە.

ڕێورەسمی بە خاکسپاردن نۆ ڕۆژی خایاند، لەو نۆ ڕۆژەیدا وەک: ( ئەشیل) بەڵێنی دابوو تاکە تیرێک لە هیچ لایەکەوە نە هاوێژرا، بەڵام لە دوای نۆ ڕۆژەکەدا ئەپولو لە دیمەنی پیاوێکدا لەگەڵ پاریسدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ڕۆین تەنی (شمشێر نەبری) ئەشیلی بۆ گێڕاوەتەوە و پێی

وتووە: هیچ تیر و شمشێرێک لە ئەشیل کارناکا، تەنها خاڵی لاوازی پاژنەی پایەتی دەبێ، تیرێک کە دەیهاوێژێ ژەهراوی بێت، ئەگینا نایکوژێت، بە سبەینێدا (پاریس) بەسەر شوورەوە کەمان بە دەست و تیری ژەهراوی بەدەستەوە بە تەواوی توانایەوە تیری هاویشت، ئەپولوش کارێکی وای کرد تا تیری ژەهراوی لە هەمان خاڵی لاوازیدا کاتێک تیر دای لەو خاڵە لاوازە، ئەشیل هاوارێکی بوڵەندی لێ هەستا و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە، جێبەجێ گیانی سپارد.

دوای مردنی ئەشیل، تەرمەکەیان سووتاند و لە گۆڕەپانی شەڕ خستیانە چاڵ، سەرکردەکان بڕیاریاندا کەوا زرێ و سپەر و کڵاوخودەکە ببەخشنە شایستەترین شەڕکەری یۆنانی، تەواوی خەڵکەکە لە باوەڕێکدا بوون ئەو سپەر و زرێیە کە دەدرێتە ئۆدیسە یان ئاژاکس، کە ئەو دوانە بە شایستەترین ناسراوبوون، ئاگاممنون لەنێوان ئەو دوانەیدا خستییە بەخت ئازماییەوە بۆ ئۆدیسە دەرچوو، بەڵام ئاژاکس لەوەدا سەرنەکەوت لە تاوا شمشێرەکەی لە زەوی دانا و خۆی بە قوڕساییەوە هاویشتە سەری و بە خۆکوشتنی ئاژاکس شەڕکەرانی یۆنانی ترس و تۆقیان لەسەر ئەنجامی شەڕەکە کەوتبووە دڵیانەوە، کەوا کەوتوونەتە بەر ڕقی خودایان.

ئۆدیسە بووبووە فەرماندەی ڕاستەوخۆی سوپای یۆنان، ئەمری کردە دارتاشەکان لە دوورگەیەکی نزیکدا ئەسپێک بە قەبارەی گەورە لە دار دروست بکەن، کە لەناو سکیدا دە کەسێک جێگەی ببێتەوە، کە تەواو بوو بە کەشتیی شەوانە بیهێننەوە ئێرە و لە لێواری دەریادا داینەن.

ئەسپی تەختەداری تەواوکراو بەو شێوەیەی (ئۆدیسە) وتبووی و خۆیو دە سەربازی ئازا و جەربەزە ڕۆیشتنە ناو سکی ئەسپەوە. لە

مێژدا فەرمانی دابوو لەشکری یۆنان سواری کەشتییەکانیان بن و بکشێنەوە لە دوورگەی نزیکدا خۆیان مەلاس بدەن تا تاریک دادێت، ئەودەم بگەڕێنەوە.

بە بەیانییەکەیدا چاودێران ڕوانییان لەشکری یۆنان کشاونەتەوە و تاکە چاودێرکیان نەماوەتەوە و بنەوبارگەیان سەرتاسەریان پێچاوەتەوە و تەنها ئەسپێکی لە داردروستکراوی زلزەلام ڕوو بە دەروازەی شاری ئاتن دانراوە چەندان باچکەیشی لەژێر دایە.

خەڵکی شار ئەمەیان بیست، سەرجەم لە شار وەدەرهاتن و بە شادی و بەزمەوە بەرەو هەواری بەجێماوی یۆنانییەکان ڕۆیشتن، گەورەپیاوانی شاری (تەڕوا) لە ئەسپی زلزەلامی بەجێماو سەریان سڕمابوو، سەرەنجام وایان باوەڕ کرد ئەوە دیارییە بۆ پەرستگای (ئاتنە)ی شارە بە جێیانهێلاوە، بۆیە بڕیاریان دا ئەسپی دارین  بهێننە ناو شارەوە بەڵام (لائوکون)ی پیرە دەرویشی پەرستگا، دەیزانی ئەو ئەسپە بەجێماوە مایەی فێڵ و نەگبەتی شارەکەیە، زۆری نەمابوو خەڵکەکە ئەسپەکە بسووتێنن، کاری وانەکەن ئەو ئەسپە بهێننە ناو شارەوە، بەڵام لەپڕ پۆزیودون لەناو دەریاوە ئەژدیهایەکی لە دەریاوە ڕوو بە کەناری دەریا هەنارد و ئەژدیها یەک ڕاست پەلاماری لائوکونی دەروێشی پەرستگای دا و پێچایە گەردەنی و سەروملی و لائوکوندا، کوڕەکانی لائوکون هاتنە یاریی باوکیانەوە، بەڵام ئەژدیها کاری خۆی کرد و لائوکونی دەروێشی پەرستگا خنکێنرا، خەڵکەکە کەوتنە باوەڕێکەوە بەڵێ ئەوە کاری خواوەندگار (ئاتنە)یە، ئەو ئەژدیهایەی ناردووە تا کەسی تر دژ بە ڕۆیشتنە ژوورەوەی ئەسپی بەجێماو هیچ نەڵێن، ئیتر خەڵکەکە کەوتنە ڕاکێشانی ئەسپی دارین و لە دەروازەی شاریان بردە ژوورەوە

و لە تەنیشت پەرستگای (ئاتنە)یدا دایان نا... ئەو شەوە سەرتاسەری خەڵکی شار کەوتنە هەڵپەڕکێ و شەڕاوخواردنەوە، بەزم و شادی کردن تا درەنگانێک بەو بەزم و شادییەوە سەرگەرم بوون، ماندوو و مردوو پەکەر خەویان بردەوە، ئۆدیسە و یارانی ئارام لەسەرخۆ لە سکی ئەسپ هاتنە خوارەوە، زۆر بە ئاسانی پاسەوانانی دەروازەی شاریان کوشت و دەروازەیان کردەوە، بەپێی نەخشەی داڕێژراو سەربازە یۆنانییەکان لەژێر باڵی تاریکییدا گەڕابوونەوە و لە بەندەستی شوورەی شاردا خۆیان شاردبوویەوە، کە شاپلیتەی ئاماژەی کردنەوەی شاریان دی هەزاران شەڕکەری داخ لە دڵ هاتنە ناو شارەوە، خەڵکی مەست و خەواڵووی شار، لە هەرا و هاواردا هەستان، بەڵام کار لە کاران ترازابوو، شار پڕ بوو لە چەکداری یۆنانی، کەوتنە تەقەلای خۆ ڕزگارکردن، بەڵام هێرشەکە لەوەدا نەبوو، سەربازە یۆنانییەکان ڕق و کینەی دە ساڵیان لە دڵ دابوو، بێ ڕەحمانە کەوتبوونە کوشتار، تەواوی شاری ئاتنیان دا بە دەم ئاگرەوە، کوڕە گەنجەکەی (ئەشیل) بە تەنهایی ڕۆیشتە ناو کۆشکی شاهیەوە، لە پێش ئەوەی (پیرمام) لە تەختی خەو بێتە خوارەوە شمشێری چەقاندە سەر دڵیدا و کوشتی.

ژنەی هیکتۆری قارەمان ویستی کوڕە بچووکەکەی هیکتۆر (ئندروماکە) ڕزگارکا، سەربازە یۆنانییەکان بە دیلی بردیان و کوڕە منداڵەکەی (هیکتۆر) لەو سەربانەوە هاویشترایە خوارەوە، ئندرۆماکەیان بە دیاری برا بۆ ئاگاممون، ئیتر تالان و چەپاو و ئاگرنانەوە سەرتاسەری شاری گرتەوە. شاری ئاتن گڕی گرتبوو، بڕێک کەس پەنایان بردبووە پەرستگای ئاتنە هەر هەموویان کوژران ، هەتا وەکوو

کچە شای خۆبەختکەری پەرستگای ئاتنە (کاساندرا) لە میحراوەکەدا سەر بڕا.



# ئۆدیسە

دوای داگیرکردن و کاولکردنی شاری (تەروا) لە لایەن یۆنانییەکانەوە، ئەو ڕەفتارە خوێناویانە، ئەو کردارە بێ بەزەییانە، ئاڵۆزی و تووڕەبوونی خواکانی (ئۆلەمپ)نشینی لێکەوتەوە بە تایبەت ئاتنە، کە بۆخۆی یەکێک بووە لە لایەنگرانی لەشکری یۆنان بۆ ئەو مەبەستە، سەردانی پۆزیودونیان کرد، خودای دەریاکان، تا لە گەڕانەوەی شەڕکەرانی یۆنانیدا سزایان بدات، ئەو کاتە (منلوس) هێلینی دۆزییەوە، یۆنانییەکان سواری کەشتییەکانیان بوون، مەغروورانە مەستی سەرکەوتن بوون.




ڕێگەی وڵاتی خۆیان گرتەبەر، کە دەریا بوو. پۆزیودون بێکار نەوەستا تۆفانێکی وای هەڵکرد، زۆر لە کەشتییەکاتی تێکوپێک دا و سەرنشینەکانی نغرۆی ناو ئاو کرد، بەتایبەت ئەوانەی بێحورمەتییان

دەربارەی پەرستگاکان کردبوو، زۆربەی زۆری قارەمانانی ئەو شەڕە لە دەریادا نغرۆ بوون.

ئۆدیسە دە ساڵ لە شەڕدا دوور لە ژنەکەی بوو، لەو تۆفانە گەورەیە، نەخنکا، بەڵام بێ سزا نەمایەوە. دە ساڵی تر لە بێ بنوبێخی دەریای پانوپۆڕدا وێڵ و سەرگەردان بوو، لە تۆفانێکی تردا کەشتیی ئۆدیسە دەریا کەشتییەکەی ئۆدیسەی تووڕدایە دوورگەیەکەوە بەناوی (سیپل) ئۆدیسە و یارانی لەو دوورگەیە دابەزین، بڕیاریاندا لە ڕێگەی وشکاییەوە خۆیان بگەیەننەوە یۆنان، بەڵام لەبەر ئەوەی میوەیەکیان خوارد بەناوی (نیلوفەر) تووشی فەرامۆشی هاتن، بڕێکیان بۆ هەمیشە لەو دورگەیە مانەوە و ئەوانەی مانەوە. دووبارە لەگەڵ ئۆدیسەیدا کەوتنە تەقەلاوە، ئێوارە ڕێگەیان کەوتنە ئەشکەوتێک لەوێرا غۆلە زلزەلامە یەک چاوەکە بەناوی (سیکلوپ) لەوێدا نوستبوو (ئۆدیسە) ڕوانی تەشتێک لە بندەستی (سیکلوب) دایە، بۆ ئاوخواردنەوە لە جوێی ئاو پڕ پڕی کردووە لە شەراو و دوای ئەوەی غول مەست بوو، بەو ئاگرەی وا کرابوویەوە نیزەکەی لە دار دروست کرد و تیژەکەی خستە ناو گڕی ئاگرەوە، تاکە چاوەکەی غولەکەی کوێر کرد (غولی) کوێر کەوتە پشکنینی ناو ئەشکەوت بە دوای ئۆدیسە و هاوەڵانیدا، بەڵام لەژێر سکی ئاژەڵ خۆیان شاردەوەو توانییان بەو شێوە لە ئەشکەوت وەدەرچن.

دوای ئەوەی ئۆدیسە و برادەرانی لە دەقەری ڕەشەبا گوزەشتیان کرد گەیشتنە لێواری دوڕگەیەک بە یارمەتیی فەرمانڕەوای شار، کەشتییەکی تریان ئامادە کرد تا بگەڕێنەوە بۆ یۆنان لە ڕێگەیدا گەیشتنە دوڕگەی (سیرنەکان) ئەوانە ژنانی باڵدار بوون، سەری مرۆڤ لەش و

بەدەنـی شـێر بە ئـاهەنگی جـادوو ئـامێزان ڕێبـوارانی نـاو دەریایـان هەڵدەخەڵەتاند، بەرەو دورگەکەیان ڕێنمایان دەکرد.

ئۆدیســـە بـۆ ئەوەی جەنگـاوەران گـوێ بـۆ ئـاواز و ئاهەنگـانە هەڵنەخەن، هەردوو گوپەی شـەرکەرانی پڕ لە مۆم کرد تا گوێیان لەو ئـاهەنگە ڕازادارانەی نەبێـت، هەروەهـا فەرمـانی دا تـا بیبەسـتنە دەکەلە ئەسـتوورەکەی کەشـتییەوە، توونددتووندـد بەسـتیانەوە کە لە نزیـک ئەو دورگەی دوورکەوتـنەوە گەیشـتنە دورگەی (گالبسـو) لەوێـڕا پەرەیەکـی گەلێـک جـوانی خـان و مـان (ئۆدیسـەـ)ی دەسـتگیر کـرد و هەروەهـا هـاوەڵانی بە درێژایـی حەوت سـاڵ لەو دوورگەدا زینـدانی کـران، تـا خواندگار(ئاتنە) هاتە ڕەحم و بەزەیی و یارمەتیدان تا بەلەمێک دروست کەن و لەو دورگەیە دوورکەونەوە، بۆی دەرچوون.

چەندان ڕۆژ و شـەو بێخواردن و ئاو لەناو ئەو بەلەمەیدا بوون، تا ئەو دەمەی شـەپۆل ئەوانەی گەیاندە کەنـاری دەریـا، لەوێـڕا پاشـای ئەو دەڤەرە کە خـۆی بۆخـۆی یەکێـک بـووە لە شـەرکەرانی شـەڕی (تـروا) یەکڕاسـت ئۆدیسـەی ناسـی و یارمەتی دا، تـا بگـاتە نـاوچە و شـارەکەی خواوەندگار (ئـاتنە) بە شـێوە و شـەمایلی پیرەمێردێک بەرانبەر ئۆدیسـە حازر بوو، ئاگاداری کردەوە کە چی لە ماڵەکەیدا دەگوزەرێ.




وەک زانـراوە ئۆدیسـە ژنێکـی گەلێـک جـوان و خـان و مـانی هەیە، بەناوی (بنلویە) کە هەواڵ گەیشتە یۆنان وا شەڕکەرانی یۆنان هەموویان تۆفان لەناوی بردوون، پیاوە ناسراوەکانی ئەو دەڤەرە و دەڤەرەکانی تر کەوتنە کەڵکەڵەی بەدەستهێنانی (بنلویە)، تـا بیکەنە هاوسـەری خۆیان، ئیتر هەر یەکە و بە جۆرێک لە هەوڵی خۆیدا بووە، گوێزرابوونەوە بۆ مـاڵەکەی (بنلـویە) بەڵام بنلـویە بـاوەڕی بە زینـدووبوونی ئۆدیسـە لە خولیادا بووە و نەدەچووە فکریەوە کە ئۆدیسە مردووبێت.

ئیتـر هەر بەهـانە و وەسـیلەیەک پەنـای دەبـرد تـا لەو داواکـارییە نامەردانە خۆی ڕزگارکا، ڕای گەیاندبوو کەوا خەریکی چنینی کفنێکە بۆ ئۆدیسەی مێردی تا ئەو حەلە نابێت کەس نزیک بێتەوە، بەڵام چنینەکەی تەواوبوونی بۆ نەبوو ئەوەی کە ڕۆژ دەیچنی، بە شەو خاوی دەکردەوە، ئەو فێڵە تا سەری نەگرت، یەکێک هـاو دەمە ژنەکانی (بنلویە) فێڵەکەی گەیاندە داواکاران ئەوان توانییان لە گاتی کرێکردنەوەی کفنەکەدا بیگرن

و غافلگیری کەن، تیلماکوس کوڕی بنلویە و ئۆدیسە بووبووە هەرزەکارێکی بیست ساڵە، ئیتر تامووڵی داوەکارییەکانی دایکی پێوە نەمابوو، بڕیاریدا کۆڵەباری سەفەر ببەستێ و بڕوا بە دوای دۆزینەوەی باوکیدا، لە کەناری دەریادا بڕێک مەلەوانی دیت، دیاربوو تازە لە کەشتی دەریایی گەڕابوونەوە لەوانی پرسی، ئەوان هیچ ئاگادارییەکیان لە ئۆدیسە نەبوو، تەنها وتیان منلوس دەتوانێ لەو ڕووەوە یارمەتیت بدات، کاتێک تلماکوس گەیشتە ئسپارت منلوس پێشوازیی باشی لێ کرد و پێی وت: ئێمە دوای شەڕی تروا هەمووان دووچاری تۆفان هاتین، بەڵام کەشتییەکەمان لە نزیک وڵاتی میسردا گەیشتە کەنار و ڕزگارمان بوو، بەڵام ئەوەی من بزانم ئۆدیسەیش وەک ئێمە دووچاری تۆفان هات و ڕزگاری بووە لە تۆفانەکە و لە دوڕگەی (گالیبسو) لە لایەن ژنە جادووگەرێکەوە ئەسیرکرە، تیلماکوس بەو هەواڵەی گەلێک شادومان بوو، زوو زوو گەڕایەوە بۆ دوڕگەی (ئایتگا) تا مژدەی زیندووبوونی باوکی بە دایکی بدا خزمەتکارەکە کە پیربووبوو بانگی کردە لاوە، ڕوانی پیرەمێردێکی شڕۆڵ لە تەنیشتیا دانیشتووە، (تیلماکوس) لە دیتنی پیرەمێرد سەرسام بووبوو، لێی پرسی: تۆ چی ماڵی ئێمە دەکەیت؟

پیرەمێرد لە کاتێکدا فرمێسک لە چاویدا دەچۆڕایەوە ڕوو بە تیلماکوسی گەنجی وت: وەرە کوڕە ئازیزەکەم من باوکتم ئۆدیسە. تیلماکۆس خۆی هاویشە باوەشی باوکییەوە و وتی: ئاتنەی گەورە خوا یارمەتی داین تا لە دەست پەریی جادووگەر ڕزگارمان بێت، ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە نەخشەیەک بکێشین بۆ وەدەرنانی ئەو داواکارانە. کە شەو داهات کوڕ و باوک چەکی شەڕیان لە عەمارەکان وەدەرهێنا و لە

جێگەیەکدا شاردیانەوە بە سبەینێدا (بنلویە) ئەوی خوازبینیکەر بوو داوەتی لێ کردن بۆ ماڵی خۆیان.

ئیتر داواکاران بە دڵگەرمییەوە خۆیان ڕازاندەوە ڕۆیشتن بۆ لای (بنلویە) هەر یەکە و بە دیارییەکی گرانبەهاوە، بەڵام (بنلویە) هیچ لە دیارییەکانی قبووڵ نەکرد، بنلویە لە ناوەڕاستی دیوەخانەکەیدا تیروکەمان بە دەست ڕاوەستابوو، ڕووی کردە داواکاران و وتی: ئەمە تیروکەمانەی (ئۆدیسە)یە، من دەبمە ژنی ئەو کەسەی بتوانێ تیرێک بهاوێژێت لە دوانزە بازنەی بچکووک بیگوزەرێنێت، هەر یەکە لەوانە هاتنە پێشەوە تا خۆیان تاقی کەنەوە تیرهاویشتن، هەر دەبێت ژێی کەمانەکە لەوسەری کەمان بچەسپێت، ئەو دەم دەتوانی تیر بەکار ببا، نۆرە نۆرە هاتنە پێشەوە هیچ یەک لەوانە نەیانتوانی ژێکە لەسەر کەمانەکە بچەسپێنن، لەو کاتەیدا پیرەمێردیکی شڕۆڵ هاتە ناو دیوەخانەوە، داوای کرد تا لە تاقیکردنەوەکەی بەشداری بکات، داواکاران دژ بەو داوایە کردیانە هەرا، چۆن کابرایەکی سواڵکەر لەگەڵ ئێمەی دەوڵەمەند و دەستەڵاتدار ببێتە هاوتا؟

بەڵام بنلویە ئەوانەی ئارام کردەوە و وتی: هەمووان دەتوانن لەم پێشبڕکێیەدا بەشداریی بکەن، پیرەمێردی شڕۆڵ هەمان خودی (ئۆدیسە) بوو، زۆر بە ئاسانی ژێی کەمانی خستە سەر جێگەی خۆی و لە هەر دوانزە بازنەدا بچووکەکەوە تیرەکەی گوزەراند، بێ ئەوەی بدا لە لێواری هیچ کام لە بازنەکان، داواکاران هەروا سەریان سڕمابوو، لەپڕ ئۆدیسە دەمامکەی لە ڕوخسار کردەوە و وتی: ئەم هەموو ساڵەی تەمەنم لە پێناوی سەربەرزیی و شەڕافەتی ئێوەدا لە شەڕدا بوومە، لەگەڵ دوژمنانی ئێوەدا وا پاداشتم بدەنەوە، تەماح بکەنە ژن و ماڵم؟ ئەمەیە

سـزای نـامەردان ، نـا مـاقوولان، تیلمـاکۆس و پیـاوە پیـرە وەفـادارەکە ئۆدیسە دەرگای دیوەخانیان کلۆم کرد و ئیتر ئۆدیسـە بە تیر هاویشـتن تێیان نیشت، نەیهلا یەکێکیان بە سـەلامەت لە دیوەخـانەکەی بە زینـدووی وەدەرچن.

# مێژووی کۆنی یۆنان

ئەوە حاشاهەڵنەگرە یۆنان بێشکەی فەرهەنگی ئەورووپا بووە و لە بڕێکی تری بوارەکاندا بە هی هەموو جیهانیش دەژمێردرێت.

مرۆڤ هەر وەک غول و گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی لە ئەشکەوت وەدەرهات، بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕی، لە ئەشکەوتدا پەی بە گرنگیی ئاگر بردبوو، لە ئەشکەوتیش وەدەر هات. بۆ بژێوی و گوزەرانی ناچاری ڕاوکردن بوو، وردە وردە کەوتە بیری نیشتەجێبوون، ئیتر قۆناغی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئامێرە سەرەتاییەکانی بەدەست هێنا. توانی چەکی بەردین بگۆڕێتە سەر فلز، دوای ئەوەی کانی مس و ئاسنی دۆزییەوە، بە دروستی نەزانراوە چەندی خەیاندووە، تا ئەو قۆناغانە ببڕێت ئیتر وردە وردە نیشتەجێبوونی لە سێ چوار خانووی کردووە بە دێ، دێ بوو بە شاروچکە و بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی بەدەستەوەیە سەرەتای نیشتەجێبوون لە دۆڵی (میزۆپۆتامیا) بووە، یانی دۆڵی دوو ڕووباری دیجلە و فورات، بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەیە مرۆڤە سەرەتاییەکان کاتێک لەناو چیاکان هاتوونەتە خوارەوە نیشتەجێ بوونە، نزیکترین زنجیرە چیا لە دۆڵی دووڕووباردا چیاکانی زاگرۆز بووە. ئیتر لەملاو لاشەوە هاتوون و لە دۆڵی ناوبراودا گیرساونەتەوە. لە نزیک چەمچەماڵی ئێستادا ئەمە سیناریۆیەکی خەیاڵی نییە، واقیعیەتێکی مێژووییە، بەپێی سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ خو و خەسڵەتی فەرمان ڕانین لە کەللە و فکریدا جیابووەتەوە و لە جێگە و شوێنی تردا کۆبوونەتەوە. ڕەنگە هۆکاری بژێوی و کەمبوونی

زەویوزاریش یەکێکی تر بێت بۆ جیابوونەوەی. وەک زانراوە چەندان شار و دەستەڵات لە دۆڵی دوو ڕووباردا پێکهاتوون، یەکێک لەو شارە گەورانە دەستەڵات و هێزی زۆرتر بووە و لای وابووە دەتوانێ پەلاماری شارە نزیکەکانی کەی داوە و داگیری کردووە، بە تەئکید لە جێگە و شوێنی تریش هەروابووە، بەڵام دووڕووبار بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی بەدەستەوەیە بە هەوارگەی سەرەتایی بەشەریەت ناسراوە، ئیتر دەستەڵاتدارانی میزوپۆتامیا یان دۆڵی دووڕووبار بەوە ڕازی نەبوونە و کەوتوونەتە پەلاماری جێگەوشوێنی دوورنزیک، بەو شێوە لە دۆڵی دووڕووباردا دەستەڵاتە گەورەکانی سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور بابلی پێک هاتوون ئەم شێوە ژیانە لە هەوارگەکانی کەی بەشەردا دووبارە و چەندبارە بووەتەوە، نزکترین لەو دەستەڵاتانە لە میزۆپۆتامیا سەرزەوی میسر و دەستەڵاتی فەراعینە و دەستەڵاتی یۆنان بوونە، شەڕ و شۆڕ لەنێوان دەستەڵاتی میزۆپۆتامیا و دەستەڵاتی میسری فیرعەونیدا ڕوویداوە، بەتایبەت دەستەڵاتی ئاشووری ویستوویەتی وڵاتی میسری فەراعینە داگیرکا، فیعلەن وڵاتی عیبرییەکان و ئەولاتریشی داگیرکردووە و لە ڕووباری (نیل) گوزەرا، بەڵام نەیتوانی میسر داگیرکا، لەولاشەوە ئاشوور گەیشتووەتە سەر لێواری دەریای سپی و نەیتوانی لە تەنگەبەری دەردەنیل بپەڕنەوە و نەگەیشتووەتە سەر زەوی ئاسیای بچووک کە تورکیای ئێستایە...

لە یۆناندا دوو دەستەڵاتی دوو شاری گەورەی یۆنان شاری ئەسینا و ئسپارتە هەبوونە و شەڕ و شۆڕ لەنێویاندا ڕووی داوە، شاری ئەسینا بە بازرگانی و ڕۆشنبیری و دونیای فەلسەفە وعیرفانەوە بەناوبانگ بووە، شاری ئسپارتە و دەوروبەرەکەی بە شەڕ و سەربازگەیەوە

سەرگەرمبوون. بۆ ئەو مەبەستە هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانیان بە وەرزش و سەختی و دژواری دونیای سەربازیەوە ڕادەهێنان. هیچ ڕووداوێکی سەربازی لەنێوان دەستەڵاتی یۆنان و دەستەڵادارانی نێو دۆڵی دووڕووباردا ڕووی نەداوە، ئەگەرچی ژیان و شێوەی زیندەگی یۆنانییەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریاندا جیاوازبوونە هەتاوەکوو لە باری جوگرافییەوە تایبەتمەندی خۆیان هەبووە ژیانیان زۆرتر لە ناو سەدان دوورگەی گەورە و بچووک و دۆڵ و تەنگەی دەریای جۆراوجۆردا ژیاون کاری سەرەکییان دزی ناو دەریا و پەلاماری کەشتی بازرگانی کاروکاسبیان بووە. دوڕگەی (کرت) یەکێک بووە لە دەوڵەمەندترین دەستەڵاتی ئەو دورگانەی لە ڕۆژهەڵاتی میدەترانیا و ئاسیای بچووک و نیوە دورگەی یۆنان دا ژیاون، بە چەپ و ڕاست و دووردەستەی دەریای سپی ناوەڕاستدا بۆ بازرگانی و ڕووتکردنەوەی کەشتییە بازرگانییەکانی کە لە تەقەلادا بوونە پیشەی ڕۆژانەیان، پاشاکانیان هێندە دەوڵەمەند و دەستەڵاتداربوون باڵوێزیان دەنارد بۆ دەربارە بەهێزەکان وەک دەستەڵاتە فیرعەونەکانی میسر و هونەریان بخەنە بەرچاوی ئەو وڵاتە و گەلانی کە، بە دروستی ئاگاداری ناوی پاشاکانی دورگەی (کرت) بەدەستەوە نییە، کە سەرچاوەی هونەرەکەیان لە شاری (بامیسن)ی یۆنانی وەردەگرت ولاساییان لێ دەکردەوە. من وەک مێژوو باس لە شەڕەکانی ئێران لەگەڵ شار و دەستەڵاتەکانی یۆنان ناکەم کە چۆن (خشایار شاە) لە دەردەنیل پەڕیوەتەوە و یۆنانی داگیرکردووە، یان شەڕە دەریایەکانی نێوان ئێران و یۆنان سەردەمی دەستەڵاتی دورگەی (کرت) بە زمانێکی سەرەتای یۆنانی دەدوان، بەڵام لە ١٠٠٠ساڵ پێش زایندا شەپۆلێک لە شەڕکەرانی ئەورووپای خۆیان

گەیاندە ئەو دورگانە و لەگەڵ دانیشتووە رەگەزەکانی دوورگەکان، لە گۆرانی مەلحەمە و شیعرەکاندا باس لەو شەڕانەی دەکرێ وەک شیعرەکانی (هومیر) و ئەفسانەکانی (ئەلیازە) و ئەو هۆزە پەلاماردەرانە جۆرێک هونەری زبر و بێ زەرافەت و سەرەتاییان هەبووە.

یۆنانییەکان لە سەرەتادا لە دار و پەرستگاکانیان دروستکردووە ژوورێکیان بۆ خواکەیان دروستکردووە و گوڵتەی داری ئەستوریان بۆ ڕاڕەوەکانی بەکاربردووە، ئەو کارە بە گەلێک سەختی ئەنجام دراوە، ئەوانە بە باپیرەکانی ئیسپارتیەکان دەناسرێن لە سالآنی (٦٠٠٠پ ز)دا شێوەی داریان بەلاوە ناو پەنایان بردووتە بەردتاشین، تەنها بنمیچەکانیان لە داری پتەوی ئەستوور (دارەرا) دەکرد، ئیتر شێوەی پەرستگاکان لە یۆناندا گۆڕاوە تا ڕادەیەک زەرافەتی تیادا دەبینرا و وەک پەرستگاکانی میسرییەکان قەبە و زلزەلام نەبوون و مرۆڤ بە دیتنی دەیسلەماند کەوا دەستکردی مرۆڤن. دیارە بیروڕای یۆنانییەکان وەک خەڵکی میسرنەبووە.. شارە یۆنانییەکان گەورە نەبوون زۆرتر لە لێواری دەریاکاندا پەخش و بڵاوبوون و پەیوەستەش کێشمەکیش و هەرا. لەنێوانیاندا بەردەوام بووە، لەنێوان شار دەستەڵاتەکانی یۆناندا پەخش و بڵاوبووبوویەوە بە شاری کرت گرنگترین و گەورەترین شاری یۆنان دەژمێردرا.

ئەو شارە گەورەترین و بەربڵاوترین و گرنگترین کودەتای هونەری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری لە مێژووی بەشەریەتدا ئەنجام دراوە، بە وردی ڕەنگە ئاسان نەبێت بزانین ئەو کودەتایە لە کەیەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام چاوساغان لایان وایە گۆڕانی پایە و گوڵتەی دار بە

بەردتاشینی گوڵتەی بەردین لە پەرستگاکاندا بە سەرەتا دادەنرێت، بەڵام واپێدەچێ لە (سەدەی شەشەمی پ.ز) دەستی پێ کردبێت. یۆنانییەکان کاتێک دەستیان بە پەیکەرتاشین کردووە لەوێرا دەستیان پێ کردووە وا میسرییەکان و ئاشوورییەکان پێی گەیشتوون، ئەوان لاسایی پەیکەرتاشینی میسرییەکانیان دەکردەوە، وردە وردە دەکەوتنە تاقیکردنەوەی خۆیان و دەکۆشان لەژێر چادری شێوەی میسری وەدەربێن. هونەرمەندانی یۆنانی ڕێچکەی تایبەتی خۆیان هەڵگرتبوو. پەیکەرسازێکی بەناوبانگی ئەو دەمەی یۆنان بەناوی (ڤیدیاس)فەرمانی پێیدرا تا پەیکەری خودایانی یۆنان دروست کا، بەداخەوە پەیکەرەکانی ئەو هونەرمەندە لەناو ڕۆیشتوون، بەڵام لە ئەدەبیاتی یۆناندا زۆر باسی لە ڤیدیاسی پەیکەرسازکراوە هێندە وردەکاری و زەرافەتی نیشان داوە پەیکەری یەکێک لە خواکانی بە شێوەی مرۆڤ کردووە... ڕۆژێک لە نزیکیەوە نان دەخوا ڕووبە پەیکەرەکە دەڵێت: وەرە نانم لەگەڵ بخۆ...ئرمیا پەیامبەر لە تەوراتی قەدیمدا نەهی لە پەیکەر کردووە تا وەک میسر و ئاشوور نەبێتە دیاردەی پەرستن هەمان حاڵەت گەیشتووەتە ناو ئیسلام، بەڵام دوو سەد ساڵ لە یۆنان دا وتەکانی ئرمیا پەیامبەر هاتوونەتە دی و قوربانییان بۆ ئەو پەیکەرانە کردووە.

دیارە دوای سەرکەوتنی مەسیحیەت لە سەدەی سێهەمی زایندا ئەو پەیکەرانە شکێنراون، ئەوی بە دەستەوە ماوە نوسخەی دووهەمی ئەو پەیکەرانەیە دووبارەسازی کراون لە سەردەمی دەستەڵاتی ڕۆماندا بەتایبەت ئەو پەیکەرانەی (ڤیدیاس) ئەنجامی داون وەک بتی گەورە (بالاس یان ئاتنا) کە ڤیدیاس دروستی کرووە، بوڵندی دە مەتر و سێ سانتیمەتر بووە ڕۆمەکان دووبارەسازییان کردووە و بە جەواهیر و زێڕ

و زیو ڕازاندوویانەتەوە. ئەو پەیکەرە بە ئەندازەیەک بەرز و بوڵند و ڕازاوەیە هەیبەت و تۆقیان دەخاتە دڵانەوە. پەرستگەی ئۆلەمپ پڕ بووە لە پەیکەری قارەمانەکان، ئەو کەسانەی بەلای خۆیانەوە موخلیسی خواکان بوونە و لە پێناوی ئەو خودایەدا سەری خۆی داناوە، لەم دوا دوایەیدا ئاسەوارناسان زۆر وردە پەیکەریان لە پەرستگەی ئۆلەمپ دا دۆزیوەتەوە، زۆربەیان لە برونز دروستکراون.

هەروەها لە پەرستگەی (پارتەنون) نزیکەی ٢٠ساڵ لە دوای پەرستگای ئولەمپ دروست کراوە، سەرەنجام هونەری پەیکەرسازی و تەلارسازی یۆنان لە سەدەکانی چوارەمی پێش زایینداا تا سەدەی یەکەمی دوای زایین هونەر تێکەڕا لە یۆناندا گەیشتووەتە پۆپە، بەندە لە بەشەکانی تردا باسم لە تەلارسازی و پەیکەرسازی دەورانی تری یۆنان کردووە، جا بۆ دووبارە نەکردنەوەی لێرەدا ئەم باسەم دەبڕمەوە.

وڵاتی یۆنان لە مێژدا نەخشەی گەورەی هەبووە چ لە ڕووی فەرهەنگی بەشەریەتەوە یان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ترەوە، خەڵکی کۆنی ئەم وڵاتە یادگار و ئاسەواری وا سەرسام ئاوەریان لە خۆ بەجێهێڵاوە ئەورۆ بە دایکە سەرەکییەکانی بەشەریەت دەناسرێن، بەتایبەت تەلارسازی و پەیکەرتاشین، ئەگەر بە وردی لەو پەرستگایانە ورد بینەوە، کە تا ئەمڕۆ ئاسەوارەکانیان ناز و شانازی دەفرشنە درێژی زەمان و هەروەها مرۆڤی ئەم سەردەمەیش هەروەها بواری تێکڕای هونەر و ئەندێشەی سیاسی و فەلسەفی نەک ئەورووپا، بەڵکوو سەرتاسەری جیهان حساو دەکرێن، ئەگەرچی زۆر سەرچاوە زۆرتر شاری ئاتن بە هەوارگە سەرەکییەکەی دادەنێن، بەڵام لە ڕاستیدا دورگەی کرت زۆرتر شایستەی ئەو ناوەیە.

ج

# شارستانیەتی مینوسی (٢٢٠٠ تا ١٤٥٠ساڵ پ.ز)

لە ئەفسانەی (تزئوس و مینەتۆر) هاتووە، کە ( مینوس) شای دورگەی کرت لە کۆشکە ڕازاوەکەیدا دانیشتووە و فەرمانڕەوای سەرتاسەری وڵاتی یۆنانە، فەرمانی دابوو ساڵانە ژمارەیەک لە گەنجانی شاری ئاتن وەک باج و قوربانی پێشکەش کەنە ئەشکەوتەکەی (مینەتۆر) تا ببنە خۆراکی، بەڵام پاڵەوانێکی جەربەزە و ئازای ئاتەنی بەناوی (تزئوس) بە تەنها دڕواتە تونناوتونی ناو ئەشکەوتەکەوە و مینەتۆر دەکوژێت.

خەڵکەکە زۆر باوەڕیان بەم ئەفسانەیەی نەکردبوو تا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەک لە ئاسەوارناسان پاشماوەی کۆشکێکی گەورە و زەبەلاحیان لە لێواری دەریا لە باکووری دورگەکە دۆزیانەوە، ئاسەوارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠هەزار ساڵ لەمەوبەر، هەروەها بەسەر دیوارەکانیەوە بە سرامیک وێنەی گا و پەیکەری گایان دۆزیەوەتەوە، نیشانەکان واوەدەر دەخەن کە خەڵکەکە گایان پەرستووە، وەک: زانراوە: (مینەتۆر بە لەش گا و بەسەر مرۆڤ بوون) بۆیە وایان سەلماندە ئەو ئاسەوارە هەمان کۆشکە زلزەلامەکەی مینوس شابووە.



ئەو ئاسەوارناسانە ئاگاداری ئەو دورگەی نەبوونە، بۆیە ناویان دورگەی (مینوس) ناوە، چەند ساڵ لە دوای ئەو دۆزینەوە لەوحێکیان دۆزییەوە تیادا وەدەرخراوە، ئەو شارە ناوی (کنسوس) بووە، دەرکەوتووە مینوسییەکان ٢٥٠٠ساڵە لەپێش زاییندا لە باشووری توورکیا ئاسیای بچووکەوە هاتوون و لەو دورگەیەدا نیشتەجێ بوونە لەبەر ئەوەی دەستێکی باڵایان هەبووە لە پیشەسازیدا، توانیانە یەکەمین شارستانیەتی ئەورووپا بوونیات بنێن. ئەوە ڕوونبووەتەوە مینوسییەکان خەڵکانێکی گەلێک زیرەک و چاپک بوونە، لە ٤٠٠٠ساڵ پێشەوە توانیویانە کۆشکی پێنج نهۆم بسازێنن( لە یەکی بدەرەوە زۆر لە

میللەتانی ئێستا چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر یەشتا هەر ئەشکەوتنشین بوونە، (خوسرەو).

پێنج نهۆمی ساختمان لەو سەردەمەدا بە ئەفسانە و جادوو دەزانرا، هەروەها لوولەی (سفالی) لە قوڕی سوورکراو، دیوارەکانیان بە شێوەکاری پڕ لە زەرافەت ڕازاندووەتەوە. بەپێی لە یەکدانەوەی پەیکەرە بچووکەکان کە بەدەست هاتوون مینوسییەکان خوای دڕ و دەعبا و ڕوخساریان نەپەرستووە و ڕێزیان بۆ خوا بە حیساب جوانکیلە بێ ئازارەکان هەبووە.

هەروەها بەپێی لە یەکدانەوە شێوەکاریانەی لەسەر دیواری کۆشکەکانیان نەخشاندوویانە، کۆشاون لە شەڕ و خوێنڕشتن دوورکەونەوە و مەیلیان بە لای ژیانی بێ دەردەسەر و سازشەوە بووە، تا شەڕوشۆڕ. لەو شێوەکاریانەیدا ژنان و کچان لەگەڵ پیاواندا لە بۆنەکاندا یان لە ڕێوڕەسمەکاندا بەشدارییان کردووە، بە پێچەوانەی زۆر لە وڵاتانی ئێستا ئەوان ٤٠٠٠ساڵ لەمەوپێش ژنان لەو سەردەمەیدا جێگە و پێگەیان لە ژنانی زۆر لە گەلانی ئێستا زۆرتربووە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئاوا فەرهەنگ و شارستانیەتێک بۆ لەناوچووە؟

ئاسەوارناسان بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی بەدەستیان هێناوە و ئەو بەردە نیوە سووتاوانەیان لە یەکداوەتەوە، کە لە ساڵی ١٤٥٠ز گڕکانێک لە دورگەی (ترا) تەقیەتەوە، کە ١٢٠کیلۆمەتر لە باکووری (کرت) بووە، بووەتە هۆی لەناوبردنی ئەو شارستانییەتە، تەواوی ساختمان و کۆشکەکانی مینوسی بەهۆی ئەو گڕکانەوە سووتێنراون و کەوتوونەتە ژێر خۆڵ و ژیلەمۆوە.

# شارستانیەتی میسینی ١٥٠٠ تا ١٢٠٠ ساڵ پ.ز

بە لەناوچوونی شارستانیەتی مینوسی ئەوانەی لە قەڵای میسیندا دەژیان هێرشیان کردە سەر دورگەی باشووریەکاندا، ئەوانەی لە گرکان و بوومەلەرزە ڕزگاربووبوون، هەموویانیان بە دیل گرت، توانییان دەڤەرەکانی کەش بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە، بەو شێوەیە بوونە هێزی بێ بەرانبەری سەرتاسەری یۆنان.



لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠پ.ز هێزێکی دەریایی گەورەی میسینی بەرەو شاری (تروا)ی ئەوبەری دەریا پەلاماریاندا لەبەر شوورەی پتە و بوڵەندی شاری تروا نەیانتوانی شار داگیر کەن، تا پەنایان بردە بەر فیلە بەناوبانگەکەی ئەسپی دارین و بەو شێوە توانییان بڕۆنە ناو شاری

(تروا)وە و شارەکە بە تەواوی کاول بکەن، ئەو ڕووداوانە لەو شەڕانەیدا ڕووی داوە، سنگ بە سنگ گێراونەتەوە زۆر لە شاعیران وەسفی ئەو بیگرە و بەردانەیان کردووە، بڕێک دەربارەی ئازایەتی تەروایەکان و بڕێکی تریش لە وەسف و پیاهەڵدانی قارەمانانی مسینی زۆر کلک و گوێیان بۆ ئەو شەڕانە دروست کردووە، بەناوبانگترین شاعیرێک ئەو شیعرانەی وەسف کردوویێت (هومێر) بووە، شاعیری سەردەمی سەدەی هەشتەمی پێش زایین، کە لە کتاوی (ئیلیادە)یدا لە ڕووداوەکان دواوە، دوانێکی پڕ لە زەرافەت و سرنجڕاکێش.

چاوساغانی بواری مێژوو تا زەمانێک لەمەوبەر لایان وابووە شەڕی تەروا زادەی فکری پڕ لە خەیاڵی شاعیران بووە و لە هەقیقەتی مێژوودا ڕووی نەداوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٠ز ئاسەوارناسێک بەناوی (هاینرش شیلمان) بە ڕەگەز ئەڵمانی شاری دێرینی قووڵایی مێژووی دۆزییەوە، بە دیکۆمێنتی زانستی سەلماندی، ئەوە ئاسەواری شاری بەناوبانگی (ترما)یە، ئەو دۆزینەوە هەرایەی گەورەی لە بنکەکانی زانستی جیهاندا نایەوە، ئەو ئاسەوارناسە بەناوبانگە لە باوەڕێکدا بووە ئەو شارە ١٢٠٠ساڵ لە پێش زاییندا بەهۆی شەڕێکی وێرانکەرەوە شارەکە سووتێنراوە و کاول کراوە، هیچ گومانێک لەوەیدا نەماوە ئەوە بۆخۆی شاری وێرانکراوی (تروا)یە.

# سەردەمی تاریکی ۱۱۰۰ تا ۷٥٠پ. ز

شەڕە ئەنگیزی و دەستدرێژیی میسینەکان بۆ دەوروبەری دوور و نزیکی خۆیان کارێکی وای کرد میللەتە نیوە وەحشییەکانی باکووری یۆنان بکەونە کەڵکەڵەی ئەوەی پەلاماری میسینییەکان بدەن، ئەوان هەمیشە ئامادەی شەڕ بوون و بەربەرەکانی هێرشی ئەوانەی باکووری خۆیان ئەکردەوە، بەڵام نێزە و شمشێری ئاسنینی هێرشبەران گەلێک بەبڕتربوون، بەرانبەر چەکی برونزی یۆنانییەکان، لە ماوەیەکی کەم و کۆتاییدا هێرشبەرانی باکوور توانییان شارەکانی مسینی تالان و وێران کەن، ماڵەکانیان بسووتێنن، ئەوی دەستکەوتیان هەبوو ئەو هێزەی باکووریانە لە بنەماوە هەرووژاندوویانەتە سەر یەکدا و بۆ ماوەی ۳٥٠ ساڵ ڕۆیشتنە نێو دونیای تاریکی و بێدەستەڵات و بێ دەرەتانیدا، بە ناچاری بەرەو باشووری یۆنان کۆچیان کرد و هەروەها بەرەو دورگەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ئیژە کۆچیان کرد و لەوێڕا گیرسانەوە. بڕێکیان خۆیان گەیاندە( سیسیل) ی ئیتاڵیا، بۆ خۆپاراستن لە پەلاماری دووبارەی باکوورییەکان دەستیان کردەوە بە شارسازی لەنێو گرد و بەرزاییی بەریندا، ئەو شارانەیان ناونا (پۆلس) بڵندترینیان ناونا (ئەکروپولس).

لە دەوروبەری ئەکروپولسدا پتەوکاریی سەربازییان سازاند، تا لە پەلامارەکان خۆیان بپارێزن، لە سەردەمی شەڕدا وەک سەنگەر و لە ئاشتیدا وەک ئەنجوومەن سوودیان لێ وەردەگرت، بە گوێرەی زەمان و زۆربوونی ژمارەی خەڵکەکە شاری گەورە و گەورەتریان دروست کرد

و لە دەوربەری شارەکاندا چەندان لادێیان دەپاراست وەک دەوڵەتێکی بچووک و سنووردار، هەتاوەکوو سکەی پارەشیان بە ناوی خۆیانەوە لێدا، گەورەترین شارێک لە سەردەمی تاریکیدا دروست کرابوو، شاری (ئاتن، یا ئاتیک) بوو، هەروەها شاری ئیسپارتە، تیس، کورینت، روودس، ئەو دەوڵەتشارانە بە گوێرەی زەمان پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵ دەورووبەر و دووردا ئەنجام داوە، هەتاوەکوو لەگەڵ وڵاتی سووریا فینیقییەکان پەیوەندی بازرگانییان ئەنجام دا و وردە وردە چنگیان لە شارستانیەت گیر کرد و خۆیان فێری نووسین و خەتنووسین کرد.



لە دوادوایی سەردەمی ئەنجامدانی جەژنی ئایینییەوە کە هەموو ساڵێک ئەنجام دەدرا، زۆربەی پاڵەوانەکانی تیادا بەشدار دەبوو، لە

تەواوی دەوڵەتشارەکانەوە بۆی دەهاتن، لەبەر ڕێزی خواکان لە کاتی ئەو ڕێوڕەسمانەیدا تەواوی شەڕی نێوان پۆلیسەکان ڕادەگیرا، تا خەڵکەکە بتوانن زۆرتر بەشداری بکەن و وەرزشەکانی ئەو حەلە لە چەندان بەرانبەرکیدا بەشدارییان دەکرد، وەک: یەک بازوو، سێ بازوو، شەڕەمست، هەراکردن، نێزەوەشان، زۆرانبازی، تیرئەندازی، ئەسپ تاودان، عارەبانەتاودان، ئەو وەرزشانە تەنها پیاوان مافی بەشدارییان تیادا هەبووە، نەک خانمەکان هەتاوەکوو مافی تەماشاکردنیشان نەبوو، خەڵاتی بردنەوەکە تاجێک لە گەڵای درەختی زەیتون بووە، هەروەها شێوەی پاڵەوانە براوەکان لەسەر دەفر و گۆزە و دەوری نەقاشی دەکران، یان پەیکەریان بۆ دروست دەکرد.

# سەردەمی کۆن ۷۵۰ تا ٤٨٠ پ.ز

کە خەڵکی ژمارەیان زۆرتربوو، پەیوەندییە بازرگانییەکان بەربڵاوتر، حاڵەتی پۆلسەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات، چینی دەستەڵادار و فامیلە دەوڵەمەندەکان، خاوەن زەویوزارەکان هەر یەکە بۆخۆی ژمارەیەک سەربازی تایبەت بەخۆی لە دەوری کۆکردەوە و وەک لەشکرێکی تایبەمەندیان لێهات، بە گوێرەی پێویستیی زەمان لەگەڵ یەکدا ئەنجوومەنێکیان پێک هێنا، حاکمی پۆلسیان وەدەر نا و شورای تایبەت بە خۆیان دروست کرد.



لە دوادوای سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا خەڵکە زۆرەکە لە دەست زوڵم و زۆری ئەشرافزادەکان و دەوڵەمەندەکان دژ بەوان کەوتنە شۆڕشکردن و بەرهەڵستیان وەستان، ئەو شورایەیان وەدەرنا و برێک

لە سیاسییەکان ئەو شۆڕشەیان بەهەلزانی و خۆیان کردە پێشقەڕەوڵی شۆڕشەکە و بەڵێنی یاسای عادیلانە و حکوومەتی دادپەروەرییان دا بە خەڵکی... ئەو کاتە کەسیک بەناوی سوولون کە بە یەکێک لە سیاسییە دەست پاکەکان دەناسرا، کرایە ڕابەری (پۆلس)ی شاری ئاتن، ئەو برێک یاسای توندوتیژی هێنایە ئاراوە، هەرچی سزای خوێنڕێژانە بوو، تووری دایە لاوە، ئەوانەی قەرزاری شازادە و میرزادەکان بوون، هەر هەمووی کردە بەخشین، برێک لە کەسانی ڕەشوڕووتی ناو شار و دەورووبەری کردە ئەندامی شورا تا پێکەوە یاسای عادیلانە دارێژن.

بەرنامەی (سولون) سەرئەنجام بوو بە هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتێک بەپێی یاسای شوراکان دامەزرا... هەلومەرجی تازە بوو بە نموونە بۆ تەواوی (پۆلس)ەکان، جگە لە دەڤەری ئسپارت نەبێ، کە پەیڕەوی لەوان نەکرد... ئسپارتیەکان زۆربەیان دەستەڵاندار و کۆیلەدار و دەستەڵاتی سەربازییان زۆر بووە، بە ئاسانی بەری جووڵانەوەی چینە هەژارەکەیان بە زۆر گرت و ئیدی نەیانتوانی وەک شارەکانی کە، هەرووک خۆیان مانەوە لەناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ.ز ئاتنیەکان، سەخت سەرگەرمی دارشتنی یاسای دیموکراتی بوون، ئیمپراتۆریەتی

## هەقیقەتی کورشی هەخامنشی و ئەژدهاك!

کـورش کـوڕی شـازادە (مەنـدانا)ی کچـی ئەژدهـاکی دوای شـای دەستەڵاتی ماد بووە و زۆرتر هەر لە دەرباری (مادا) پەروەردە بووە.



(ئەژدهـاک، ئاسـتیاک، زوحـاک) هەرسـێ ئەو نـاوانە یەکـێکن مادەکـان شـاکەیان بە ئەژدهـاک نـاوبردەوە و یۆنانییەکـان بە ئەسـتیاک ناویـان هێناوە و فیردەوسی لە حەماسە سەراکەیدا (شـاهنامە)دا کەسـایەتییەکی

ئەفسانەیی مەنفی لێ دروست کردووە، بەناوی زوحاک، بەڵێ ئەژدیهاک شـایەکی زۆردار و بکـوژ و ببڕبـووە، وەک هەر شـایەکی ئەو دەورە و زمانە بەڵام پیاو خۆر نەبووە، دیارە مام فیردەوسی دیوار لە دیواری باوباپیرانی ئـێمەی کـورد نزمتـر و کۆتـاتری نەدیـوە تـا لە دوا شـای دەسـتەڵاتی سەدوبیسـت سـاڵەی مادەکـان دەعبـایەکی وەک (زوحـاک) بسـازێنێ، فیردەوسـی دەبـوو تۆزەکێـک وەک مێـژوو نەک ئەفسـانە دەربارەی چۆنیەنی پیلان و خیانەت و کودەتـای (هارپاک و کورشـی) کردبا، ئەو دەم پەنای بردبایەتە ئەفسانە، ئەڵبەتە ئەم ڕەخنەیەی بەندە هیچ لە شاکارەکەی مام فیردەوس کەم ناکاتەوە، بەڵام خیانەت خیانەتە، شا بیکا یان هەژارێک، یا پەیامبەرێک، جێگەی شـوکری باقییە یەشتا چەنـدان سـەرچاوەی یۆنـانی ڕۆمـانی، هەتـاوەکوو ئێرانـی بـاس لە چـۆنیەتیی لە دەسـتتێوەردانی دەسـتەڵات لە دەسـت مادەکـان ( بەنـدە لە کتـاوی درۆیە کـاوە زوحـاکی نەکوشـتووە لەم ڕووەوە دواوم) لێـرەیش تۆزەکێک ئاماژەی پێ دەکەم:

زوحـاک لـە مێـژدا هـەبووە و ئێسـتایش هەیـە و لـە داهاتوویشـدا لەناوچوون نابینێت. زوحـاک دیاردەیـەکی مەیدانی و سـایکۆلۆژییە و لـە فکـر و دەروونـی میللەتانـدا ملّـق دەدا و هـەر میللـەتێک بـە شـێوەیەک لـە شێوەیەکان تەجەسوومی زوحاکێک دەکا و دوورئەندازیشی بۆ دادەنێ.

ئێمـە وەک مـاد و کـوردی ئـەم دۆڵـە و بنـاری چیاکانی ئـەم زاگرۆزە، میتالۆژیا و تێفکرینی مێژووییمان لەگەڵ گەلانی تردا جیاوازە، لـە بنـەمادا جێگە و شوێن و جۆری ژینگە تا ڕادەیـەکی زۆر چۆنییـەتی تایبەتمەندی ئەفسانەکان و شێوەی تێفکرین گەلاڵە دەکات و بـەلای خەڵکە زۆرەکەوە وەک مێـژووی ڕاسـتەقینەی ڕابـردوو پێناسـە دەکرێـت و بـە مێـژووی

ڕاستەقینە دەیدەن لە قەڵەم. هەتاوەکوو چیرۆکە خۆماڵییەکانیش بە گوێرەی ژینگە جیاوازن. لە کوردستاندا چیرۆکی ئەفسانەیی زۆرن و بڕێکیان پەیوەندن لەگەڵ دەڤەرەکەدا. ئاو لە گەرمیاندا نیازێکی تێکڕاییە، بۆیە ڕەنگدانەوەی لە تێفکرینی دەروونیدا کاریگەریی خۆی هەبووە، چیرۆکی سەیر سەیریان بۆ سازاندووە. ئەژدیهایەک بەری ئاوی دەڤەرێک دەگرێت و هەفتەی قوربانییەکی پێشکەش نەکرێت ناجووڵێتەوە و بەری ئاوەکە بەرنادات. (موڵک محەمەد) ناوێک بە ڕێبواری گوزەری دەکەوێتە ئەو دەڤەرە و ئەژدیها دەکوژێ و بەری ئاو بەر دەبێ.

دیارە ئێمەی کورد لە مێژەوە خاوەنی ڕاستەقینەی چیاکانی زاگرۆز و دەوروبەرەکەین. بۆ نموونە زۆربەی ئەفسانە میتالۆژییەکانیش هەر هی کورد بوونە. شتێکە لەبەر کەم دەستەڵاتی و ژێردەستەیی میللەتانی دەوروبەر ئەویش وەک سامانەکانی تری چەپاوکراون و بوون بە موڵکی گەلانی دەستڕۆیشتوو. بکوژ و ببڕ و تالانکەرانی عارەب لە ئێراندا لە سەردەمی فیردەوسی (٩٢٠- ١٠٢٠) و پێش ئەودا لە عەقڵی ئەو هەمیشە کاردانەوەی خۆی هەبووە، بۆیە کارەکتەرێکی وەک زوحاکی کردووەتە عەرەب و داگیرکەری وڵاتەکەی. دیارە لە کورد بێدەستەڵاتری لە دەڤەرەکەدا نەدیوە، بۆیە چرنووکی لە مێژووی "ماد" گرتووە و دوا شای "ماد" "ئەژدهاک"ی کردووە بە زوحاک و ئیتر داستانی شەیتانی بەلای هەمووانەوە زانراوە. لە شانامەکەی فیردەوسیدا قارەمانە سەرەکی و لاوەکییەکان دەسنیشان کراون. سەرەکییەکان پەنجا ناون، (٤٩) پیاون و یەکێکیان ئافرەتە. دووسەت و پەنجا قارەمانی لاوەکی تێدایە، یەکێک لەو قارەمانانەی "کاوە"یە، ئەویش لە بیست و نۆ بەیتدا، کە سەرجەم شانامە (٦٠٠٠٠) بەیتی شیعرییە، تەنها لە (٢٩) بەیتدا ناوبراوە.

کەسایەتیی (زوحاک یا ئەژدهاک یا ئەستیاک) کە هەر سێیان یەکێکن وەنەبێ لە ئەفسانەکاندا نەبووبێت، هەبووە شتێکە بە گوێرەی لێزانی و چاوساغی "فیردەوسی" وای لێ کردووە تا بە گوێرەی داستانەکەی ئەو بیناسین، ئەگینا لە ئاییینی زەردەشتیدا بە وردی باسی لە (ئەژی دهاکە)ی کردووە و لەو ڕووەوە دەڵێت:" کاروکردەوەی درۆ و درۆزنی و هەڵخەڵەتاندن و کاروکردەوەی "ئەنگرەمینیو" ئەهریمەنانە، زۆرتر لەناو توێژی دێوەکانە بەناوبانگترینیان زوحاکە (ئەژدی هاکە). زوحاک سێ سەر و سێ پۆزە شەش چاوی هەیە، سەرتاسەری لەشی وەک گوێچکە ماسی وایە و لەشی پڕە لە دوپشک و گیانلەبەرانی ئازاردەر.

ئەگەر لەشی هەڵبدرێت جیهان پڕ دەبێت لەو جانەوەرانە و ئازاری بەشەریەت دەدەن." زوحاک سەت ئەسپ و هەزار گا و دە هەزار مەڕ بەدیاری دەنێریت بۆ (ئاناهیتا –ناهید)ی فریشتە تا لێی گەڕێ ئەوی بەسەر زەویەوەیە لەناو ببات بەوە دەستبەردار نابێت لە کۆشکە ڕازاوەکەیدا کە تەواوی کۆڵەکەکانی لە زێڕ دروست کراون بەسەر تەختی زێڕینەوە دادەنیشێ فەرمانی قوربانیکردن دەدا بۆ پێشگای (ئاناهیتا) و (رای)، کە هەردوو یەکێک بوون لە خواکان، بەڵام هەردوویان داواکەی زوحاک ڕەد دەکەنەوە. (ئەژە دەیهاکە) یا زوحاک کە یەکێکە لە نەوەکانی خودی ئەهریمەن بەوە ڕازی نابێ و دەکەوێتە تەقەلای کوژانەوەی "ئاگر"ی پیرۆز، بەڵام (جەم)ی دەستەڵاتدار و بەتوانا بەری دەگرێ و ناهێڵێ ئاگری پیرۆز بکوژێنێتەوە.

زوحاک تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و دوو کچەکەی (جەم) دەرفێنێ و خودی جەمیش بە هەرە دوو لەت دەکات. ئەو سەرکەوتنەی زوحاکە زۆر ناکێشێ (فەرەیدوون)ی قارەمان دوو کچەکەی (جەم) ڕزگار دەکا و

زوحاکیش لە چیای دەماوەندا زیندانی دەکا و لەوێڕا تا ئاخیرزەمان بەند دەبێ کە بەرەڵا دەکرێت دووبارە پەلاماری جیهان دەداتەوە، یەک لەسەر سێی گیانلەبەران قووت دەدا و زەرەر و زیانێکی زۆر بە ئاگر و ئاو و سەوزایی دەگەیەنێت. سەرەنجام زوحاک لەلایەن (گەرشاسپ)ـەوە دەکوژرێت. لەم گێڕاوەیدا کە بە سەرچاوەی سەرەکی دەژمێردرێت. (کاوە)یەک بەدی ناکرێت لە گۆڕانکارییەکەی (فیردەوسی) ناو شاهنامەیدا. کاوە کەسایەتییکی گەلێک لاوەکی ناو شانامەیە و تەنها بە بیست و نۆ دێڕ ناو دەبرێت، کە دراوەتە لای زوحاک و دەڵێت: ٢٣کوڕی هەبووە، بیست و دوویان کوژراون و مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەرشانت دراون، ئەوەسا دواکوڕیشم هێنراوە تا سەری ببڕن. زوحاک فەرمان دەدا کوڕەکەی بدەن بەدەستیەوە با بڕوا، ئەویش لەگەڵ کوڕەکەیدا پەنا دەبەنە بەر (فەرەیدوون)، کە دژ بە زوحاک لە شۆڕشدا بووە. لێرەیش زوحاک دوو خوشکی فەرەیدوون دەرفێنێ و لە دەربارردا دەستبەسەریان دەکات.

لە شەڕدا فەرەیدوون زاڵ دەبێ بەسەر زوحاکدا، دەیەوێت بیکوژێت، دوو فریشتە لە ئاسمان دێنە خوارەوە و دەڵێن: مافی کوشتنی زوحاکت نییە، دەتوانی لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی چیای (دەماوەند)دا دەستبەسەری کەیت. دەمەوێ ئەمەی بڵێم: ئەم کاوە چەکووشبەدەستەی لای خۆمان نە لە ئەفسانەکانی ئاییني زەردەشتدایە و نە لە شانامەکەی فیردەوسیشدا بوونی هەیە. ئەگەر قارەمانێکی وەک کاوەی لای خۆمان لە شانامەیدا هەبووایە، "فارس" بە ئاسانی دەیهێڵا ببێت بە موڵکی مامە کوردەی مەزڵووم؟

باوکی کورش یەکێک بووە لە میرزادەکانی ژێردەستەی دەسەڵاتی ماد. بووە بە زاوای ئەژدهاک دوا شای زنجیرە دەسەڵاتی مادەکان پەروەردەبوونی کورش لە دەرباری مادا لە پایەتەختی ماددا، لە شاری ئکپاتانا، ئاگاداربوونی لە تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و تەواوی فەرماندەکانی سوپای ماد و دەسەڵاتدارانی ماد، توانی لەگەڵ فەرماندەی گشتی لەشکر و سوپای ماد (هارپاکی) ناپاک دا لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و دەستەڵاتێکی موشتەرەک لەنێوان ماد و پارسدا کە ڕەگوڕیشەی (کورشی)بۆ دەگەڕێتەوە پێکبهێنن.

بەپێی بەرنامە و پیلانێکی داڕێژراو لەشکری ماد بە فەرماندەیی هارپاک بەرەو دەڤەری پارسەکان (شیراز)ی ئێستا بە ڕێکەوت لە جوێی شەڕ و پەلامار هەردوو لەشکر تێکەڵ بوون و گەڕانەوە بۆ پایەتەخت و شا و ئەوانەی دووسێ ڕاستەقینەی شاهـ بوون دەستگیریان کرد و دوای شەش مانگ (ئەژدهاک) بە فەرمانی کورش شای پارس و ماد ژەهرچێژ کراوە، ئەو دەم ناوی ماد و دەستەڵاتەکەی بۆ هەمیشە بەلاوە نراو و تەنها بوو بە دەستەڵاتەکەی پارس و ناوی هەخامنشینان لێنا کە باپیرەگەورەی کورش بووە.

ئەمە مێژووە، بەندە دوور لە دەمارگرژی، وەک خۆی باسم لێ کردووە.

با ئەوەیش بڵێم: هیچ لە گەورەی و لێهاتوویی کورش کەم ناکاتەوە، کۆرش مەزنێکی گەورە و بلیمەتێکی لێزانی دەورانی خۆی بووە. حاشاهەڵنەگرە بۆیە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ئیمپراتۆریەتێک پێک بهێنێ.

کۆرشـی گـەورە یەکـەمـین شـای زنجـیرە دەسـتـەڵاتی هـەخامنشـینەکان دوای شـەڕ و شـۆڕشـێکی زۆر لەگـەڵ دەر و دراوسێ نزیکەکانیدا وڵاتـانی ناو ئێران و نزیک بە ئێرانی داگیر کردووە وەک دەستەڵاتداری (لیدی) لە ڕۆژئـاوای ئێسـتای تـوورکیە یـان بابـل لە باشـووری دوو ڕووبـاری کە ئێسـتـا بە عێـراق نـاو دەبرێـت، هەروەهـا ئەرمەنسـتان لە دوای خـۆی (کەمبـوجیە) وڵاتـی میسـری داگیرکـردووە بە دوای ئەودا (داریوشـی گەورە) سێهەمین شـای هەخامنشینەکان پەلاماری وڵاتی یۆنـانی داوە و مەکادۆنیـای داگیرکـردووە و ئیمپراتـۆریەتی فارسـی بە گەورەتـرین و پانوپۆڕترین دەستەڵات گەیاندووە.

# سەرەتای شەڕەکانی ئێران و شارە دەستەڵاتەکانی ناو یۆنان

لە ساڵی ٥١٤پ.ز بە فەرمانی داریوش شای هەخامنشیان لە تەنگەبەری (دەردەنیل)ەوە چوونە ئەو بەرەوە و لە ڕێگەی باکووری یۆنانەوە گەیشتنە سەر زەوی ئەورووپا، دوای داگیرکردنی پۆلیسی (تراکیە) تا ئەوبەری ڕووباری دانوب، پێشڕەوییان کرد، بەتایبەتی کەوتبوونە دوای چەکدارانی سەکایەکان کە بۆخۆیان جێگە و شوێنێکی تایبەتمەندیان نەبووە و کۆچەر بوونە، وایان بە چاک زانی لەو بە دواداچوونە دەست هەڵگرن، بەشێک لە سوپا و لەشکری ئێران بە فەرماندەیی (مەکانیز) لە باکووری یۆنان مانەوە و سوپای داریوشی کشایەوە بۆ وڵات، ئەو فەرماندەیە لە ماوەی یەک ساڵدا توانی چەندان دوڕگەی یۆنان داگیرکا و بیانکاتە باجدەری دەوڵەتی ئێران، ئیتر پۆلسەکان یەک بە دوای یەکدا دەکەوتنە ژێر دەستەلآنی ئێران، ئاتنیەکان ترسیان لێ نیشتبوو، بۆیە کەوتنە تەقەلاوە تا خەڵکەکە زۆرتر هاوکاری یەکتر بکەن و دژی داگیرکەر بێدەنگ نەبن، سەرنجام یارمەتیدانی ئیسپارتی، هەروەها سەربازی ئاتنیەکان کارێکی وای کرد شۆرشەکانیان بکەنە پەلامار و هەوڵدانی سەربەخۆی (٤٩٩پ.ز)

ج

ئاتنییەکان ٢٠کەشتیی جەنگی سەربازییان ناردە یارمەتیی شۆڕشگێڕانەوە، دوای کوشتنی حاکمی ئێرانی پەلاماری (سارد)یان دا و پەرستگاکانیان ئاگر تێبەردا. دوای ئەوەی ئەو هەواڵە گەیشتە ئێران و داریوشی شاهـ لەشکرێکی بەرەو وڵاتی: لیدیا هەنارد. سوپا و لەشکری ئێران ئازا توانییان شۆرش لە مەکادۆنیا، تراکیە و باقی دەڤەرەکانی تر

خامۆش کەتەوە، بە دوای ئەو شۆرشەیدا داریوش بریاریدا شاری ئاتن و ئاتنییەکان داپڵۆسێتەوە، بۆیە فەرمانی دا تا لە ڕێگەی دەریاوە پەلاماری ئاتنیەکان بدەن.

# شەڕی ماراتون ٤٩ پ.ز

ئـــێمە لەم ڕووەوە تەنهـــا ســـەرچاوەیەک وا بە دەســـــتمانەوەیە نووسینەکەی مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانییە (هیرۆدوت)، کە بە پەنجا ســاڵ دوای شــەڕی مــاراتون نووســیویەتی تیــادا دەڵێــت: بە فەرمــانی داریوش دوای لەناوبردنی شۆڕشەکان هێزی دەریایی ئێران لە دەریای ئێژە پەڕینەوە و لە تەراکیاوە بەرەو باشوور کەوتنە ڕێ، بەڵام لەنیوەی ڕێگەدا تووشی تۆفانێکی گەورە هاتن و گەڕانەوە، دوو ساڵ دوای ئەوە داریوش لەشکرێکی تری هەنارد، سەرجەم ٦٠ هەزار سەربازبوونە، بە فەرماندەیی کەسێک بەناوی (داتیس) تا (ئاتن) داگیرکەن، ئەمجارە سپا و کەشتییەکانی ئێران لەبەندەری لیداوە بەڕێکەوتن و دەریای ئێژەیان بڕی و لە شــاری بچــووکی مارەتۆنــدا لەنــگەری خســت کەوا کەوتــووەتە بـاکووری شـاری (ئـاتن)ەوە، ئاتنییەکـان ئاگـاداری نەخشـە و بەرنـامەی ئێرانییەکـان بووبـوون، لەپـێش ئەوەی تەواوی ســەربازییە ئێرانییەکـان بــپەڕنەوە ســەف ئارائیــان بەرانــبەر ئێرانییەکــان کردبــوو، هەروەهــا هیرودوت دەڵێت: ئاتنیەکان لە مێژدا داوای یارمەتییان لە ئسپارتییەکان کردبـوو، بەڵام ئســپارتییەکان داواکەیــان ڕەکــردووەتەوە بەهۆکـاری ڕێوڕەسـمی ئـایینییەوە داوایـان کردبـوو، کە دوای دوو هەفـتە دەتـوانین هاوکارتان بین، ئاتنیەکان چارەیەکی تریان بۆ نەمایەوە، تەنها مـابوونەوە بەرانبەر سوپای ئێران.



کە دوو لەشکری بەرانبەر یەک ڕاوەستان، سەرەتا سوپای ئێران توانییان ڕیزی سوپای ئاتنییەکان بشکێنن، بەڵام لەبەر بوونی (گوم زومی) دوولای سوپا نەیانتوانی لەوە زیاتر پێشڕەویی بکەن، بۆیە فەرماندەی سوپای ئێران بڕیاریدا بکشێتەوە و لە ڕێگەی دەریاوە هێرش بکاتە سەر ئاتن.

یۆنانییەکان ئەوەیان زانی بە گورجی توانییان بگەڕێنەوە بۆ دەوری شاری ئاتن و سەنگەربەندیی خۆیان بکەن.

# شەڕی ترومبێل و سەلامیس ساڵی ٤٨٠ پ.ز

دوای شەڕی ماراتون یۆنانییەکان کەوتنە تەنگەبەرییەوە، نامەیان بۆ میسرییەکان نارد کە لەژێر دەستەلاتی ئێران دابوون تا شۆرش دەست پێ بکەنەوە، داریوش فەرمانی دا بکشێنەوە و بڕیاری دابوو دوای نەهێلانی شۆرشی میسرییەکان دووبارە بگەڕێنەوە بۆ یۆنان، بەلام لە ساڵی ٤٨٦پ.ز مردوو لە دونیا دەرچوو، کوڕەکەی خشاپارشاهـ جێگەی گرتەوە و بڕیاری دا ئەو کارەی باوکی نەیتوانی تەواوی بکات ئەو ئەنجامی بدا و وەلامی سەرنەکەوتنی شەڕی ماراتۆن بداتەوە.



لە ساڵی ٤٨٠پ.ز سوپا و سانی ئێران یانی دە ساڵ دوای شەڕی ماراتون، سوپا و لەشکرێکی گرانی ئێرانی بەرەو یۆنان بەڕێکەوتن، بە فەرمانی داریوش لەشکری ئێران کرایە دوو بەشەوە، بەشێکیان پیادە و ئەوی تریان هێزی دەریایی داریوش و هێزە پیانەکە لە تەنگەبەری (دەردەنیل) کردیانە ئەو بەرەوە، لە ڕێگەی وشکاییەوە بەرەو ئاتن بەڕێکەوتن... کە هەواڵی سوپا و لەشکری وا گەورە و گران گەیشتە یۆنانییەکان پەنایان بردە بەر پەرستگای (دولفی) تا بزانن پێشبینیکەری پەرستگا چی دەڵێت: بڕێک لە یۆنانییەکان لەو بڕوایە دابوون تا تەسلیمی خشایار شاە بن، بەڵام بەوە ڕازی بوون تا بزانن خواکانیان چییان پێدەڵێت، سەرەنجام پێشبینیکەری پەرستگا ڕایگەیاند کە: بەرەو ئەوپەڕی دونیا بۆی دەرچن و لە ماڵە بەردینەکانتان دوورکەونەوە، تەنها دیوارە تەختەبنەکان دەتان پارێزن.

گەورەپیاوانی (ئاتن) وایان لە یەکدایەوە شار چۆڵکەن و سواری کەشتییەکانتان بن و شەڕی مان و نەمان بکەن، ئەمجارەیان ئسپارتییەکانیش هاتنە هانای ئاتنەکانەوە، دوا پێکهێنانی شوورایەکی جەنگی وا بڕیاریاندا ... پیادە ڕەموەشینەکانی ئیسپارت بە فەرماندەیی (لئونیراس) تەنگەبەری (ترموبیل) بگرن، تا ژن و منداڵی ئاتنی بتوانن لە شار وەدەرچن، سەربازە ئاتنییەکان خۆیان بۆ شەڕی دەریایی ئامادە بکەن، کاتێک سوپای ئێران گەیشتنە ئەو تەنگەبەریەی ئسپارتییەکان بە فەرماندەیی (لئونیراس)، شەڕی مەرگ و ژیانیان کرد و توانییان بەری هێرشی ئێران بگرن، بەڵام لە لایەن کەسێکی کەوە یۆنانی لەبەر بە دەستهێنانی زێڕ و پارە ڕێگەیەکی تری پیشانی ئیرانییەکان دا و توانییان لەپشتەوە پەلاماریان بدەن و تاکە کەسێکیان دەرنەچن و هەر هەموویان

بکوژن و بەم شێوەیە ڕێگای تەنگەبەری ترموبێل هەموار کرایەوە، بەڵام ئەو بەرانبەرکێیە خوێناوییە بووە هۆی ڕزگاربوونی ژن و منداڵی شاری ئاتن، بۆ تۆڵەسەندنەوەی سووتانی پەرستگای سارد، خشایار شاهـ فەرمانی دا پەرستگای (ئەکرۆپۆلیس) سووتێنرا، بەڵام شاری ئاتن هەر هەموو وەدەر ڕۆیشتبوون.

کاتێک خشایارشا زانی وا کەشتییەکانی یۆنان لە (کەنداوی سالامیس) دا کۆمەڵیان کردووە کە سەرجەم ٣٨٠ کەشتیی بوونە، بە هەزار کەشتیی جەنگییەوە لە لایەن ئێرانییەکانەوە پەلامار دران لەو شەڕەیدا، لەبەر ئەوەی کەشتییەکانی یۆنان بچووک بوون بە ئاسانی دەیانتوانی چەپ و ڕاست بکەن، بە پێچەوانەی کەشتییەکانی ئێران لەو چەپ و ڕاستکردنەیدا ناکام بوون، ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئێرانی کوژران، شای ئێران ڕوانی بۆ وەدەستهێنانی وڵاتێکی وا بچووک پێویستی ناکا ئەم هەموو قوربانییەی بدا، بۆیە بڕیاری دا لە یۆنان بکشێتەوە، لەو کاتەیدا ئێران خاوەنی پانوپۆڕترین ئیمپراتۆریەت بووە لە سەرتاسەری جیهاندا.

گەڕانەوەی سوپای ئێران لە شەڕی (سالامیس)دا سەرکەوتن بوویە هۆی بەهێزبوونی باوەڕبەخۆبوونی یۆنانییەکان. بۆیە دوای یەک ساڵ لە ڕۆژئاوای شاری (ئاتن)دا شەڕێکیان لەگەڵ سوپای ئێراندا ئەنجام دا، تیادا سەرکەوتن بەسەر لەشکی ئێراندا، بە شەڕی دەشتی پلاتە ناسراوە، ئێرانییەکان ناچارکران وڵاتی یۆنان بۆ هەمیشە بەجێ بهێڵن.

# سەردەمی کلاسیك ٤٨٠ تا ٣٢٣پ. ز

دوای ئەو دوو شەڕە (ماراتۆن و سالامیس) یۆنانییەکان ترسی پەلامارێکی تریان هەر لە دڵ دابوو، ئاتنییەکان پێشنیاریان کرد بۆ مەبادا وا چاکە تەواوی پۆلیسەکان پێکەوە شورایەکی تێکڕایی پێک بهێنن، هەر بەو هۆیەوە لە ساڵی ٤٧٨پ.ز دەوڵەتشارەکانی گەورەی یۆنان لە دورگەی (دولس)دا کۆبوونەوە، ئاتنییەکان بەرنامەی شوورەکێشان بە دەوری ئاتندا پێشنیار کرد، ئسپارتیەکان ئەو پێشنیازەیان ڕەت کردەوە، وتیان: ئەگەر ئێرانییەکان هاتن و دووبارە ئاتنیان داگیرکردەوە، ئەو دەم ئەو شوورەی شاری ئاتنە دەبێتە قەڵایەک بۆ ئێرانییەکان، لە دانیشتنەکە کشانەوە، بەڵام ئاتنییەکان توانییان شورایەک دروست بکەن و سەرۆکایەتییەکەیان بەدەستەوە گرت.



لە ئێراندا لەنێو دەربارى خشاریار شاهدا کودەتایەک لە دەربارى ئەنجام درا و خشایار شاى تیادا کوژرا، بۆ ماوەیەک دووبەرەکى و هەرا کەوتە ناو دەستەڵاتى هەخامنشینەوە ئاتنییەکان ئەوەیان بە هەل زانى، پەلامارى دورگەى (قوبرس)یان دا و گردیان و لەوێڕا کەوتنە تەقەلا و پەیوەندى لەگەڵ شۆڕشگێرانى میسریدا، تا دژ بە دەستەڵاتى ئێرانى بێدەنگ نەبن، لەو ڕووەوە چەک و پێداویستییان بۆ هەناردن، بەڵام ئەردەشیرى یەکەم کە تازە بووبووە شاه، بەهۆى کەشتییەکانى فینقییەکانەوە توانى لەشکرێکى بەهێز بنێرێت بۆ میسر و شۆڕشەکە خامۆش کاتەوە، هەروەها ئاتنیەکانیش لە قوبرس وەدەر بنێن.

# سەردەمی زێڕینی ئاتن

ئەگەرچی پێکهێنانی شورای یەکگرتووی (دلوس) بۆ بەربەرەکانیی ئێرانییەکان پێک هاتبووە، بە درێژایی ساڵ ئاتنییەکان دارایی و دەستەڵاتێکی زۆریان بەدەست هێنا، کەشتییەکانیان لە دەریای سپیدا هاتوچۆ لە وڵاتانیان دەکرد، گەشەیەکی ئابووری بەرچاو لە شاری ئاتندا بەرچاو دەکەوت، بەڵام بەوەوە ڕانەوەستان کەوتنە ڕازاندنەوەی شارەکەیان، ئاستی هونەری تەلارسازیی پەیکەرتاشین گەلێک بەرزتربووویەوە لەو سەردەمەیدا سیاسییەکی گەنجی ئاتنی بەناوی (بریکلس) کاروباری دەوڵەتداری بەدەستەوە گرت، یاسای جۆراجۆری سازندەی بۆ خزمەتگوزاری هێنایە وجوود، پەرستگای بەناوبانگی (پارتەنون)ی دروست کرد، بەسەر ئەکرۆپۆلیسەوە.

گفتوگۆ شرینەکانی، ڕەفتارە بە وقارەکانی، شەهادەتی ڕابەرێکی بە توانا و لێهاتوو دەدا، بۆیە لە دڵ و دەروونی خەڵکە زۆرەکەدا گەیشتە پۆپەی خۆشەویستی و ڕزامەندی.

بریکلس ئاشتیخواز بوو، دوژمنی شەڕ و کوشتار و تاڵان و بڕۆ بوو، شەڕی نێوان ئێران و یۆنانی لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەی نەدەزانی، بۆیە کەوتە تەقەلاوە تا خەڵکەکە ڕازی بکات بۆ ئاشتیخوازی لەگەڵ ئێرانا، توانی پەیمانێکی ئاشتیخوازی لەگەڵ ئێراندا واژوو بکات، ئێران ددان بناتە سەروەریی یۆنانا، یۆنان دەستنەخاتە ئاسیای بچووک( تووركيای ئێستا) تا دژ بە ئێران شۆرش بکەن...



بە دوای ئەو پەیمانەیـــــدا بازرگـــــانی یۆنـــــانی پەرەی ســــــەند و کەشـــتییەکانیان هـــاتوچۆی بەنـــدەرەکانی ئێرانییەکانیـــان دەکـــرد، هەر بازرگـانیە ئاتنییەکـان گەشـەیەکی بەرچـاوی ئابوورییـان بە دەسـتهێنا و کۆشان لە دەریای ئێژەدا هەروەها دەریای میدەترانیادا مەوجوودیەتیان زۆرتر بێت.

بـریکلس ٢٥٠٠ سـاڵ لەمەوبەر ژیـاوە، ئەوەسـا کـابرایەکی وەک مـن ئاواتەخوازی (بریکلس)ێکە تا لەم میحنەتە نەتەوایەتییەدا ئەم کوردە خێر نەدیوە بگەیەنێتە ئاواتەکانی، حەیف لە دوای دەستەڵاتی مادەوە مەردانە پیاوێکی وەک (بریکلس)مان نەدیوە.

با زۆر دوور نەڕۆم، ئاخ بۆ (گاندی)ئاسایە دەرس و ئامۆژگاریی جادوویی خۆڕاگریی فێر دەکردین. گاندی کە مرد جووتێک سۆڵ و چاویلکەیەک و پێنووسێک و پەشتەماڵێکی لێ بەجێماوە و میللەتە یەک ملیاردیەکەی گەیاندە دەروازەی سەرفرازی و ژیان.

بەندە، دڵ و دەروونم ئێدی جێگەی ئاخ و داخ و خۆزگەی تایا نابێتەوە، یاخوا بۆ هەمیشە بنبڕمان کات یان سەرمان خات...

## سەرەتای شەڕە ناوخۆییەکانی پلوپۆنزی

سەردەمە زێڕینەکەی شاری ئاتن درێژایی نەکێشا و سەرجەم لە سی ساڵ زیاتر نەبوو، ئسپارتیەکان ژمارەیەکی زۆری سەربازیان لە ڕێگەی ئازادیی یۆناندا قوربانی دابوو، بە تایبەتی لە شەری (ترمویل)دا.

کۆمەڵەی یەکگرتووی دلوس نەخش و لێهاتووی ئسپارتییەکانی بەیاخ پێ نەدابوو، لەوە گەلێک دلگران بوون، بە دوای هەلێکدا دەگەڕان تا تۆڵەی خۆیان لە خەڵکی شاری ئاتن بکەنەوە، سەرئەنجام لە ساڵی ٤٣١پ. ز شەڕ کەوتە نێوان دوو (پولیس- دەوڵەتشار)ەوە.

کورسیروە کرنت کاتێک دییان وا سەربازە ئاتنییەکان لایەنگیری (کورسیر) دەکەن، ئسپارتییەکان هاتنە مەیدانەوە بە لایەنگیری شار دەستەڵاتی کرنت و بەوە ڕازی نەبووە یەکیەتییەکیان لەناو بڕێک شاردا دروست کرد، بەناوی یەکگرتنی پلوبونز لەو سەردەمەیدا ئاتن خاوەنی گەورترین و بەهێزترین هێزی دەریایی بوون، هەوڵیان دا بۆ ترساندن پەلاماری هاوپەیمانەکانی ئسپارەت بدات، بەدوای ئەوەدا (هوپلیت)کانی ئسپارت بەهێزترین هێزی پیادەی ئەو سەردەمە دەژمێردران.

لە ڕێگەی وشکانییەوە پەلاماری شاری ئاتنیان دا، لە دەڤەری پلاتەیدا شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا ڕووی دا، لەبەر بێ دەرامەدیی ئابووری پێشنیازی ئاشتییان دا بە ئاتنییەکان، ئاتنییەکان بەو پێشنیازە ڕازی بوون، بەڵام کەوتنە تەقەلای بەدەستهێنانی داراییەوە، بۆیە پەیوەندییان بە ئێرانەوە کرد، تا لە باری ئابوورییەوە یارمەتییان بدات.

داریوشی دووهەم شای ئێران ئەوەی بە هەل زانی تا یۆنانییەکان لە ناوخۆیاندا بەشەڕ بێن، فەرمانی دا بە نوێنەری ئێران لە لیدیا تا بە نهێنی یارمەتیی ئسپارتەکان بدا.

دوای ئەوەی ئسپارتەکان توانییان خۆیان دووبارەسازی بکەنەوە، پەلاماری شاری ئاتنیان دا، دوای شەڕێکی دوورودرێژ بەسەر ئاتنییەکاندا سەرکەوتن، لە دوای ڕاونرانی شاری ئاتن شاری تیس ئالای ڕەهبەریی یۆنانی هەڵکرد، چەندان ساڵ شەڕی ناوخۆیی یۆنان بەردەوام بوو. شەڕەکە سەرجەم ٢٧ساڵ درێژەی کێشا.

ئەو شەڕە خوێناوییە دوورودرێژە توانایی ئابووری و سەربازیی یۆنانی هێنایە سەر سفر، یارمەتیی ئێران بۆ بەردەوامیی شەڕی ناوخۆی یۆنان بەردەوام بوو، ئەو ڕەوشتە لە دونیای سیاسەتدا ناسراو بووە.

# ئیمپراتۆریەتی مەکادۆنی

لەو کاتەیدا شار و دەستەڵاتەکانی ناو یۆنان لە شـەڕدا بوون، (فیلیپ) دووهەم شای دەوڵەتە بچووکەکەی مەکادۆنیا خەریکی ڕێکخستنی سـوپا و لەشـکری خـۆی بـووە و ژمـارەیەکی زۆری سـەربازی شـەڕکەر و لێهاتووی کۆکردبوویەوە.

بەو دروشـمەی وا هەڵیکردبـوو، کە مەکادۆنیـا ڕەگەزی سـەروەر و باڵاترن، دەتوانن شکۆ و سـەربازی بۆ بوونیـان بگێڕنەوە، هاوپەیمانیی زۆری لە خۆی گلێرکردەوە، بە شەڕ و ئاشتی توانی شار دەستەڵاتەکانی : تراکیا، تبس، ئاتن، بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

کاتێک ئەردەشێری سێهەم لە لایەن یەکێک لە دەربارییەکانەوە کوژرا، ئاشوفتەگی و هەرا کەوتە ناو ئێرانەوە.

فیلیپ ئامادەی پەلاماری تورکیای ئاسیای بچووک – تورکیای ئێستا – بووبـوو، تـا ئەو وڵاتە لەژێـر دەسـتەڵاتی ئێـران وەدەربهێنـێ، بەڵام بە گـوێرەی پیلانێکـی داڕێـژراو کـوژرا، دوای مردنـی، کـوڕەکەی ٢٢سـاڵ جێگەی گرتەوە، بەناوی: ئەسکەندەر، یان ئلکساندەر.

لەوەکاتەیدا وەزعـی نـاو ئێران گەلێک پڕ بوو لە بگرە و بەردە، هەر کەس بۆخۆی. دەوڵەتی ناوەندی دەستەڵاتی بەسـەر هەرێمەکانی تـردا لە دەست دابووە، ئەسکەندەر ئەوەی بە فرسـەت زانـی. لە سـاڵی ٣٣٤پ. ز بە سـوپایەکی پـڕ چەکـی چل هەزار کەسـییەوە لە تەنگەبەری (بسـفور) گوزەرا و خۆی گەیاندە وڵاتی لیدی، کە ژێر دەستەی ئێرانییەکان بـوون،

دوای شەڕێک لە گرانیکوندا ئەسکەندەر یەکەمین سەرکەوتنی مەیدانی بەدەستهێنا و بەوەوە ڕانەوەستا هێرشی کردە ناو وڵاتی سووریاوە، لەشکری ئێرانی دووبارە پێشیان بە ئەسکەندەر گرت لە نزیکی شاری ئیسوسدا دوو لەشکر بە یەک گەیشتن و دیسانەوە ئەسکەندەر سەرکەوت و بەرەو وڵاتی میسر بەڕێکەوت.

لەوێڕا دەستی بە کاری دروستکردن کرد، بەندەری ئەسکەندەریەی دروست کرد بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانی یۆنان، هەروەها فانووسی ئەسکەندەریەی بۆ ڕێنمایی کەشتییە بازرگانییەکانی ئەسکەندەر.

دوو ساڵ لە میسر مایەوە، کەوتە ڕێ بۆ بەرانبەرەکی شەڕی ئێران، لە پاییزی ساڵی ٣٣١پ.ز دوو لەشکری گەورە و گران لە دەڤەری گوگمل دا ڕووبەڕووبوونەوە، ئەسکەندەر بەخۆی ڕاستەوخۆ لەشەڕدا بەشداری دەکرد، لەو شەڕەیدا پەلاماری ناوەڕاستی سوپای ئێرانیدا ، شای ئێران عەرەبانە جەنگییەکەی وەرچەخاند و بۆی دەرچوو. لە جەرگەی شەڕەکەدا لەشکری ئێران کەوتنە کشانەوەیەکی دوور لە ڕێکوپێکی، زۆر لە شەرکەرانی ئێران لە دواوە بوونە قوربانی، تیرئەندازانی یۆنانی ئەسکەندەر دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە خۆی گەیاندە شاری پر لە مێژووی (بابل) دوای یەکساڵ ڕۆیشتنە ناو خاکی ئێرانەوە، گەیشتنە شاری شووش و کۆشکی ئاپادانای سووتاند و ڕۆیشتنە ناو پایتەختی کۆنەساڵی تەختی جەمشیدەوە، کۆشکە پڕ لە زەرافەتەکانی تەختی جەمشیدی سووتاند، ئەوی گەنجینەی تیادا بوو تاڵانی کرد، لە دواییدا کەوتە دوای ڕێچکەی شای ئێران.

هەواڵی پێ گەیشت لە دەڤەری (مەرو) شا لە لایەن فەرمانەدەکانیەوە کوژراوە، لە ساڵی ٣٢٦پ.ز ئەسکەندەر پەلاماری وڵاتی پانوپۆڕی هیندستانی دا، ئەسکەندەر بە تەمابوو لەوە دوورتر بڕوات، بەڵام سەربازەکانی لە فەرمانەکەی یاخیبون، بەناچاری گەڕایەوە شاری بابل، لەوێڕا تووشی نەخۆشیی مەلاریا هات و کۆچی دوایی کرد، ئەو دەم تەمەنی ٣٣ساڵ بووە. بە مردنی ئەسکەندەر هەرا کەوتە ناو فەرماندەکانیەوە، لەبەر ئەوەی ئەسکەندەر هیچ یەکێکی بە جێنشینی خۆی دانەناوە، وردە شەڕێک لەناو فەرمانەدەکانیدا ڕووی دا، سەرئەنجام بڕیاریاندا وڵاتەکانیان دابەش بکەن لەناو فەرماندەکاندا:

تلیموس بە لەشکرەوە ڕۆیشت بۆ میسر و داگیری کرد و خۆی کردە فیرعەونی میسر.

سلوکس ئێران و سووریە بوو بە بەشی.

ئنتیگۆس بوو بە خاوەنی یۆنان و مەکادۆنیا.

برگامون شاهنشینی بچووکی لە ئاسیای بچووکدا دروست کرد.

# دەورەی هێلینی ٣٢٣ تا ٣١ پ.ز

لە دوای جیهانگیریی ئەسکەندەری مەکادۆنی جێنشینەکان کۆشان فەرهەنگی یۆنانی لەو وڵاتانەی وا داگیریان کردووە بڵاوکەنەوە، لەو کاتانەیدا کۆشان شێوەی تەلارسازیی یۆنانی لە وڵاتانی ژێردەستەیاندا بناسێنن بە میللەتانی ژێردەستەیان، بۆیە ئەوی ساختمان بووە لە سەردەمی ئەوانا هەر هەموویان بە شێوەی تەلارسازیی یۆنانی ئەنجامیان داوە، ئیتر لە قوتابخانەوە بگرە تا زانکۆ، هەر هەموویان بە زمانی یۆنانی خوێندوویانە. لەو قۆناغەیدا لە لێواری میدەترانیاندا گۆڕانکاریی زۆر ئەنجام دراوە، (پتلیموسی دووهەم) گەورەترین کتاوخانەی لە ئەسکەندەرییە دروست کردووە، توانی زانیارانی بەرجەستە و ناوداری ئەو دەور و زەمانە لە ئەسکەندەریەدا کۆبکاتەوە. هەروەها ئانتیوخوس کوڕی سلوکس کۆشاهـ بەندەری ئەنتاکیا بکاتە گەورەترین بەندەرگای بازرگانی لە حەوزی میدەترانیادا یۆنان وەک سەردەمی کلاسیک بازرگانی گەیشتە پلە و پایەی بەرز و بوڵند، هەروەها زانست و هونەر گەیشتە ئاستێکی بەرز دانایان، زانایان لەو سەردەمەیدا گەیشتە پۆپەی تەقەڵا و بەرهەم دانان، وەک:

ئارشمیدس، ئقلیدیس، ئارتستن، هیپارخوس توانییان سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنن.



لە ڕووی هونەرییەوە پەیکەری ئەفرۆدیت و لاکۆن لەو سەردەمەیدا هاتووەتە کایەوە. بەڵێ سەردەمی پەلامارەکانی ئەسکەندەری مەکادۆنی پڕبوو لە خوێن و پەلامارکوشتن، بەڵام جێگرەکانی بەتەواوی تواناوە، لە بڵاوکردنەوەی زانست و هونەر و فەرهەنگدا درێغییان نەکردووە، هەر ئەو تەقەلایانە بوونە بونیاتگوزاری فەرهەنگی پێگەیشتووتر لە دەستەڵاتی ئێران و ڕۆمانەکاندا.

# دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و داهەڕووژانی دونیای هێلێنی

لە سەدەی سێیەمی پێش زاینیدا یۆنانییەکان دووبارە گەیشتنەوە دەورەیەکی زێڕین، بەڵام دیسانەوە هەڵەی ڕابردوویان دووبارە کردەوە و دیسانەوە کەوتنەوە ناو شەڕی ناوخۆیەوە. نەبوونی یەکڕیزی، ئاکام و سەرئەنجامی شەڕەماڵوێرانکەرەکانی ناوخۆی دووروودرێژ سەرەنجام لاوازیی توانای بەربەرەکانێ بوو بە هۆکاری تەماح تێکردنی دەستەڵاتەکانی دەوروبەر لە ڕۆژهەڵات ئەشکانییەکان دژ بە دەسەڵاتی سلووکی کەوتنە شۆرش و ململانێیەوە سەرەنجام لە ئێران وەدەریان نان.

لە ڕۆژئاواشەوە ئیمپراتۆریەتی تازە پاگرتووی ڕۆمانی بە دوای هەلدا دەگەڕا، تا وڵاتانی ژێردەستەی دەستەڵانی هێلینی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ڕۆمانەکان سەردەمێکی زۆر تووشی شەڕی کارتاژە، شەرکەرانی باکووری ئەفریقا و فەرماندەکەی هانیپال هاتبوون، نەیاندەتوانی لە دوو جەبهەوە شەڕ بکەن کە لە هانیپال و کارتاژەکان ڕزگاربوون، گرنگییان دایەوە ڕۆژهەڵات و سامان و دارایی ڕۆژهەڵات ل ساڵی ١٩٧پ.ز بە بیانووی لایەنگیریی شارە دەستەڵاتەکانی یۆنان دژ بە پاشایەتی مەکادۆنیا فەرمانی شەڕیان دا لەگەڵ مەکادۆنییەکاندا لە ساڵی ١٤٦پ.ز. نۆرە هاتە سەر دەوڵەتی سلوکی کە یەشتا سووریایان بە دەستەوە مابوویەوە، سلوکیەکانیش نەیانتوانی بەرانبەر سوپای پڕ و پۆشتەی

تــازە زۆر بەربەرەکــانێ بــکەن، ئەو دەڤەرانەکەوتــنە ژێــر دەســتەڵاتی ڕۆمانەکانەوە.

زۆری نەکێشاوە شای (پراگمون) لە دونیا دەرچوو، بەڵام سـەیر لەوە دایە لە وەسـیەتنامەکەیدا داوای کـردووە دەڤەری ژێردەسـتەڵاتی ئەو بـا لەلایەن ڕۆمانەکــانەوە بەڕێــوە بچێــت، بەو شــێوەیە تەنهــا دەوڵەتــی دەوڵەمەنـدی میسـر بە دەسـت یۆنانییەکـانەوە مـایەوە. فەرمانڕەوایـانی یۆنانی میسر لەپێش ئەوەی ڕۆمانەکان بە شـەڕ ئەو وڵاتە داگیر بکەن، بۆخۆیان بوونە لایەنگیری ڕۆمانەکان بۆ ماوەی سەت ساڵ وڵاتی میسر و دەسـتەڵاتەکەی لەژێـر چـاودێریی ڕۆمانەکانـدا دەڕۆیشـت بە ڕێـگەوە، بەڵام وەک دەوڵەتێکی ئازاد مانەوە.

# کیلۆپاترا دوا فیرعەونی یۆنانی

لە ساڵی ٤٨پ.ز، ئەو کاتەی (بتلیموسی سیانزەهەم) لەگەڵ شاژن کیلۆباترای حەوتەمی خوشکیدا لەسەر دەستەڵات کەوتنە شەڕەوە، یەکێک لە گەورە فەرماندەکانی ڕۆمان بە لەشکرەوە گەیشتە میسر.

کیلۆباترا جوانکیلە و زیرەک و فێڵباز، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی گەیاندە ژووری نووستنی (ژولیوس سزار)، کە ئەو دەم دوورخرابوویەوە بە ناز و ئەدا و کریشمە دلی (سزاری) بە دەستهێنا. ئنتوینو و ئەکتایوس ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە.

ئەمجارەیش کیلوباترا توانی دڵی (ئەنتونیو) بەدەست بهێنێ، ڕازی ئەو عیشقە گەیشتە (سەنا) ڕۆم و سەنا بڕیاری دا هێزی دەریایی ڕۆمان بە سەرۆکایەتیی (ئاکتایوس) پەلاماری میسر بدەن لەو شەڕەیدا (ئنتونیو) کوژرا.

کاتێک شاژن کیلوباترا لە کوژرانی ئنتونیو ئاگادار کرا، بۆ ئەوەی تووشی ڕسوایی و بێ ئابڕووی نەکرێت، بە گازکردنی مارێکی ژەهراوی خۆی کوشت. بەو شێوە ئاخرین دەستەڵاتداری یۆنانی لەناوچوو میسر ڕاستەوخۆ بوو بە یەکێک لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان....



## یۆنان لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕۆمادا ٣٠پ.ز تا ٣٣٠ز

ئەگەرچی یۆنان چەند سەدە لەژێر دەستەلاتی رۆماندا بوون، بەڵام فەرهەنگی یۆنان تەلارسازیی یۆنان شێوەی پەیکەرتاشینی یۆنان، فەلسەفەی یۆنان. ئەوان هەر پەرچەمداری ڕۆژگاری پڕ لە دەستەڵات و فەرهەنگی پێگەیشتووی یۆنان بووە.

یۆنانییەکان لە قووڵایی بیر و فکریاندا تەواوی فەرهەنگی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی یۆنانی قبووڵ کردووە و کردوویەتی سەرەکی و بنەمای هونەری و ڕۆشنبیری دەستەڵاتی خۆیان.

ڕۆمانییەکان شەرکەرانی نیوە شارستانی بوونە، بێ مەبادا لە تەلارسازانی یۆنانی سوودیان وەرگرتووە لەسەرتاسەری وڵاتانی ژێردەستەی ڕۆمادا ئەو چاولێکەریەی ڕۆمانە تەنها لە بواری تەلارسازیی و هونەردا نەبووە، هەتاوەکوو سیستەم و چۆنیەتیی خوێندن و زانکۆکانیدا، یۆنان بنەمای تەواوی ئەوانە بوونە، زانیاران و لێزانیان لە ئاتن و ئەسکەندەریەوە هێناوە بۆ ڕۆما، کتاوە یۆنانیەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر لاتین، لەو ڕووەوە فێری فەلسەفە و ڕیازیات ئەدەبیات بوونە... بەوە ڕازی نەبوونە هەتاوەکوو لە بواری ئاییندیدا خواکانیان کردە هاوتای خواکانی یۆنان و لە تەواوی وڵاتانی ژێر دەستەیاندا بڵاوکردووەتەوە. هەمان کاروکردەوەیان هەیە تەنیا ناویان گۆڕیوە.

# یۆنان ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی بیزانس
# ٣٣٠ تا ١٤٥٣ز

لە سـەرەتای سـەدەی سـێهەمی زاییـنییدا ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمـانی دووچـاری هەرا و بیگـرە و بەردەی نـاوخۆ و دەرەکـی بووبـوو، دابەشـکرایە دوو ئیمپراتـۆریەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا، یۆنـان لەژێـر دەسـتەڵاتی ئیمپراتـۆریەتی ڕۆژهەڵات بـوو (بیـزانس) لە سـاڵی ٣٣٠ ئیمپراتۆر کۆنستانتین ئایینی مەسیحەیتی کردە ئایینی فەرمیی دەوڵەت و دەستەڵاتی ڕۆمـان و پایتەختەکەی گـوێزایەوە بـۆ شـاری قوسـتەنتینییە. ئەستەنبۆڵی ئێستا لەبەر پەلاماری هۆزە بەربەرییەکانی باکووری یۆنان شـاری (ئـاتن) فەرامـۆش کـرا، قوسـتەنتینیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەونەق و ڕازاوەیی بەخۆیەوە دەدی، لەبەر پەلاماری هۆزە بەربەرییەکان بۆ سەر ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمـانی ڕۆژئـاوا لەنـاوچوو، بەڵام بیـزانس تـوانی هەزار سـاڵی تـر بەردەوام بێـت، بەڵام قـودرەتی هێـزی ئیسـلامی عوسـمانی دونیـای گـۆڕی. سـەرەنجام لە لایەن سـوڵتان مـحەمەدی فـاتیحەوە کوستەنتەنیە گیراوە و ناویشی گۆڕاوە سەر ئەستەنبۆڵ.

# یۆنان ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

## ١٤٥٣-١٨٣٠ز

لە سەدەی دوانزەهەمدا شەڕەکانی سەلیبی لەنێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا بە بەهانەی گرتنی بەیتولموقەدەس، ئەو شەڕە دوو سەد ساڵی کێشاوە، بەشێک لە وڵاتانی ژێردەستەی بیزانس کەوتە دەست موسڵمانەکانەوە، سەرئەنجام لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەمی زاییندا پایتەختی دەسەڵاتی بیزانس قوستەنتینیە کەوتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکانەوە، بەو شێوەیە وڵاتی یۆنان سەرتاسەری بوو بە ژێردەستەی دەستەڵاتی عوسمانی لە ماوەی ٤٠٠ساڵدا فەرهەنگی پێگەیشتووی یۆنان سڕایەوە، سەرئەنجام لە سەدەی هەژدەهەمدا یۆنانییەکان دوای ململانێی زۆری خوێناوی لەژێر دەستەڵاتی عوسمانی وەدەرهاتوون، دەوڵەتی ئازادی هێلینی دووربارە دروستکرایەوە.



# ئازادیی یۆنان لە سیستەمی شاهییەوە بۆ جەمهووری

## ١٨٣٣ -١٩٧٤ز

دوای ئازادیی یۆنان دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەورووپا بێ ئەوەی بیر لە بۆچوونی یۆنانییەکان بکەنەوە، شازادەیەکی ئەڵمانی بەناوی (ئاتو) وەک شای یۆنانیان دەستنیشان کرد، بەڵام ناڕەزاییەکانی میللەتی یۆنان دژ بەو شایە بەردەوام بوو، سەرئەنجام شازادەیەکی کە بەناوی (جۆرجی یەکەم) کە بە ڕەگەز دانیمارکی بووە کرایە شای یۆنان.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان و دەورانی دەوڵەتی عوسمانی یۆنانییەکان توانییان ئەو دەڤەرانەی وا یەشتا لەژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا مابوویەوە ئازادکەن، وەک: دورگەکانی دەریای ئیژە، ماکادۆنیا، بە دوای ئەوەیدا یۆنانییەکان بۆ بە دەستهێنانی شارە کۆنە یۆنانییەکان پەلاماری توورکیایان دا، بەڵام ئەتاتوورک بەرهەڵستیانی کرد، نزیکەی سێ هەزار یۆنانی لەو شەڕانەیدا کوژران. لە ساڵی ١٩٤١ز شەڕی دووەمی جیهانی ڕووی دا، یۆنان کەوتە ژێر دەستەڵاتی ئەڵمان، لە دوای تەواوبوونی شەڕ، شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد، تا کودەتایەک لە لایەن سوپای یۆنانەوە دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت، دوای یەکساڵ بەپێی یەک ڕیفراندۆمی میللی، دەوڵەتی پاشاییان بەلاوە نا و دەستەڵات کرایە جمهووریەت و دیموکراتییەت کرایە سیستەمی حوکمڕانی.

# پەرستگا ئایینییەکانی یۆنان

یۆنانی کۆن گەلێک سفتوسەخت پابەندی خواکانیان بوون و کۆشاون پەرستگایەک بۆ هەر خوایەک لە خواکانیان دروست کەن، هەم لە جێگەی باش و بەرچاو بێت و هەم لە نەزەر تەرلاسازیشەوە پڕ بێت لە زەرافەت و ئەندازە و شکڵ و شەمایلی جوانیی تەلارسازیی موناسیب.



زۆرتر ئەو پەرستگایانە لە ئەکروپۆلیسی شارەکاندا جوانترین و خۆشترین جێگە و شوێنی شارەکەیان بۆ تەرخان دەکرا، یەکێک لە سوودەکانی ئەکروپۆلیسەکان لە کاتی پەلاماردانی شارەکاندا لە شەڕدا خەڵکەکە پەنایان دەبردە ئەو بەرزی و بوڵندییەی لە کەنار و تەنیشتی ئەو پەرستگایانەدا ساختمانی شوڕای شار دروست دەکرا تا لە کاتی بڕیارە گرنگەکاندا لە پەرستگاکانیانەوە دوور نەبن، بە گوێرەی درێژیی زەمان. ئەو ساختمانە نزیکانە گۆڕاونەتە سەر جێگەی شانۆسازیی و

کارە هونەرییەکان، ئەگەر گوزەرت بکەوێتە شارە کۆنەکانی ناو وڵاتی یۆنان، چاوت دەکەوێتە پەرستگاکانی کۆنی زئوس، ئاپولو، ئاتنە....

# کۆمەڵەی ئەکرۆپۆلیسی ئاتن

ئەکرۆپۆلیس بە ڕۆحی ئاتنیش ناو دەبرێت، کە لە ناوەندی شارە، لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا لەو جێگە بوڵندە وەک قلایەکی بەربەرەکانێ سوودی لێ وەردەگیرا، لە سەردەمی کۆندا دەوڵەمەندان و دەستڕۆیشتووەکان کۆشک و تەلاری خۆیان لەو بەرزی و بوڵندیەی دەسازان

و ئەو مامەڵەیە تا ئەو دوادواییە هەر بەردەوام بووە، لە سەردەمی (بریکلس) بە سەرمایەی یەکێتیی دلوس چەندان پەرستگای پڕ لە زەرافەتی تەلارسازیی لەسەر ئاسەواری سووتاوی دەستی ئێرانییەکان دروست کراوە.



پەرستگای ئەکرۆپۆلیس بە درێژایی ٢٠٠٠ساڵ، یەشتا هەر وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە سەردەمی دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا بە داخەوە زۆر جێگە و شوێنی رووخاوە، سەلاتینی عوسمانی هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ ئەو ئاسەوارە یۆنانییەکان دانەناوە، پەرستگای ئەکرۆپۆلیس تەرخان کرابوو بۆ سوڵتانەکانی عوسمانی یاوەک جێگە و شوێنێکی سەربازی سوودیان لێ وەرگرتووە، لە ساڵی ١٦٨٧ز ڤینسیایەکان، کە لەگەڵ عوسمانییەکاندا لەشەڕدا بوونە، شەڕەکەیان کێشاوەتە ناو ئەکرۆپۆلیس تۆپ و تەقەمەنیی زۆری پیا تەقیوەتەوە، لەوێڕا چەندان سندووقی باردووڕ پارێزراو بووە تەقیوەتەوە. ساختمانەکەی کردووەتە وێرانە، ئاسەوارەکەی یۆنان هەر ئەوەی بەسەردا نەهاتووە، لە ساڵی ١٨٠١ز لۆرد ئالکین سەفیری بەریتانیا ماوە لە عوسمانییەکان وەردەگرێت بێ ڕەحمانە دەکەوێتە تالانکردنی ئاسەوارەکانی یۆنانی و دەیگوێزێتەوە بۆ لەندەن، ئەوی پەیکەر و نەخشی بەرجەستەیەک لەو تەقینەوەیەی مابوویەوە، هەر هەمووی دەبا بۆ بەریتانیا. ئەوە بەسەرهاتی پەرستگای پارتنوونە گەورەترین پەرستگای کۆمەڵەی پەرستگاکانی سەر بە ئەکرۆپۆلیس، پەرستگای پارتنونە، دە مەترە و شێوەی ئەو ساختمانەناسراوە بە سەبکی دووریک ناسراوە، ( بەندە کتاوێکم دەربارەی مێژووی تەلارسازیی جیهان نووسیوە بە درێژایی لە شێوەی تەلارسازیی یۆنانی دواوم) ئەو نەخشە بەرجەستانەی سەفیری بەریتانیا لە پەرستگای پارتەنوون دزی و بردی بۆ بەریتانیا، بەندە لێرەدا وێنەکانیان دەخەمە ڕوو، کە لە دەری دیواری ناوی پەرستگاکەدا بووە و لەو تەقینەوەیدا هەڵکەنراون، بریتین لە جەژنە

ئاییینییەکان یان چۆنییەتی هاتنە دونیای خواوەندگار (ئاتنە) کە چۆن لە ناوچاوانی زئوس هەڵتۆقیوە، هەروەها شەڕی نێوان (ئاتنە و پۆزیودون).

هەروەهـــا ســـەرچاوە بەدەســـتەوەیە لەو پەرســـتگایەیدا پەیـــکەری خواوەنـدگار (ئـاتەنە) پـارێزەری شـاری (ئـاتن)ی تیـادا بـووە، لە لایەن پەیکەرتاشی بەناوبانگی زەمانی خۆی (ڤیدیاس)ەوە، ئەنجام دراوە، کە لە عاج و زیر دروستکراوە.

لە شاری (ئاتن)دا جگە لە پەرستگای سـەر (ئەکرۆپۆلیس) پەرستگای تری لە (ئاتن)دا هەبوونە وەک پەرستگای زئوس، پەرستگای هفانستوس کە خواوەندی ئاسنەگەری بووە.

پەرستگای زئوس سـەرجەم ١٠٤ پایە یا گوڵتەی بە دەوردا بـووە بە بوڵندیی ١٧ مەتر بە سەبکی تەلارسازیی (کرنتی) ئەو پایە و پەرستگایە دروست کراوە، ئێستا چەند گوڵتەیەکی بە پاوە ماوە، بەڵام پەرستگای (هفائسـتوس) خـوای ئاسـنگەران تـا ڕادەیەک بـاش مـاوەتەوە، لەچەنـدان سـەرچاوەیدا بـاس کـراوە کەوا پەرسـتگای هفائسـتوس دوو پەیـکەری خواوەندگاری تیادا بووە، لە برونز دروستکرابوونە، یەکێکیان بـۆ ئـاتەنە و ئەوەی تریان هفائستوس.

# پەرستگای ئاپولو لە دەلفی

پەرستگای ئاپۆلۆ لە دەلفی ١٨٠کیلۆمەتر دووره لە ئاتن و کەوتووەتە رۆژئاوای ئەو شارەوە، جێگە و شوێنەکە یەکێکە لە جوانترین دیمەنە سروشتییەکانی یۆنان، سالآنە ملیۆنەها گەشتیاری بۆ دەڕوات، یەکێکیان بەندە بووە.



یۆنانییەکان لە سەرەتادا لە دار و پەرستگاکان دروستکردووە ژووریکیان بۆ خواکەیان دروستکردووە و گوڵتەی داری ئەستوریان لە ڕاڕەوەکانی بەکاربردووە، ئەو کارە بە گەلێک سەختی ئەنجام دراوە، ئەوانە بە باپیرەکانی ئیسپارتیەکان دەناسرێن لە سالآنی (٦٠٠٠پ ز)دا شێوەی داریان بەلاوە ناو پەنایان بردە بەردتاشین، تەنها بنمیچەکانیان

لە داری پتەوی ئەستوور (دارەرا) دەکرد، ئیتر شێوەی پەرستگاکان لە یۆناندا گۆڕاوە تا ڕادەیەک زەرافەتی تیادا دەبینرا و وەک پەرستگاکانی میسرییەکان قەبە و زلزەلام نەبوون و مرۆڤ بە دیتنی دەیسلەماند کەوا دەستکردی مرۆڤن. دیارە بیروڕای یۆنانییەکان وەک خەڵکی میسرنەبووە..

شارە یۆنانییەکان گەورە نەبوون زۆرتر لە لێواری دەریاکاندا پەخش و بڵاوبوون و پەیوەستەش کێشمەکیش و هەرا. لەنێوانیاندا بەردەوام بووە، لەنێوان شار دەستەڵاتەکانی یۆناندا پەخش و بڵاوبوویەوە بە گرنگترین و گەورەترین شاری یۆنان دەژمێردرا. ئەو شارە گەورەترین و بەربڵاوترین و گرنگترین کودەتای هونەری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری لە مێژووی بەشەریەتدا ئەنجام دراوە، بە وردی ڕەنگە ئاسان نەبێت بزانین ئەو کودەتایە لە کەیەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام چاوساغان لایان وایە گۆڕانی پایە و گوڵەی دار بە بەردتاشینی گوڵەی بەردین لە پەرستگاکاندا بە سەرەتا دادەنرێت، بەڵام واپێدەچێ لە (سەدەی شەشەمی پ.ز) دەستی پێ کردبێت. یۆنانییەکان کاتێک دەستیان بە پەیکەرتاشین کردووە لەوێڕا دەستیان پێ کردووە وا میسرییەکان و ئاشوورییەکان پێی گەیشتوون، ئەوان لاسایی پەیکەرتاشینی میسرییەکانیان دەکردەوە، وردە وردە دەکەوتنە تاقیکردنەوەی خۆیان و دەکۆشان لەژێر چادری شێوەی میسری وەدەربێن. هونەرمەندانی یۆنانی ڕێچکەی تایبەتی خۆیان هەڵگرتبوو. پەیکەرسازێکی بەناوبانگی ئەو دەمەی یۆنان بەناوی (ڤیدیاس)فەرمانی پێیدرا تا پەیکەری خودایانی یۆنان دروست کا، بەداخەوە پەیکەرەکانی ئەو هونەرمەندە لەناو ڕۆیشتوون، بەڵام لە ئەدەبیاتی یۆناندا زۆر باسی لە ڤیدیاسی

پەیکەرسازکراوە هێندە وردەکاری و زەرافەتی نیشان داوە پەیکەری یەکێک لە خواکانی بە شێوەی مرۆڤ کردووە... ڕۆژێک لە نزیکیەوە نان دەخوا ڕووبە پەیکەرەکە دەڵێت: وەرە نانم لەگەڵ بخۆ...ئرمیا پەیامبەر لە تەوراتی قەدیمدا نەهی لە پەیکەر کردووە تا وەک میسر و ئاشوور نەبێتە دیاردەی پەرستن هەمان حاڵەت گەیشتووەتە ناو ئیسلام، بەڵام دوو سەد ساڵ لە یۆنان دا وتەکانی ئرمیا پەیامبەر هاتوونەتە دی و قوربانییان بۆ ئەو پەیکەرانە کردووە.

دیارە دوای سەرکەوتنی مەسیحیەت لە سەدەی سێهەمی زایندا ئەو پەیکەرانە شکێنراون، ئەوی بە دەستەوە ماوە نوسخەی دووهەمی ئەو پەیکەرانەیە دووبارەسازی کراون لە سەردەمی دەستەڵاتی ڕۆماندا بەتایبەت ئەو پەیکەرانەی (ڤیدیاس) ئەنجامی داون وەک بتی گەورە (بالاس یان ئاتنا) کە ڤیدیاس دروستی کرووە، بوڵندی دە مەتر و سێ سانتیمەتر بووە ڕۆمەکان دووبارەسازییان کردووە و بە جەواهیر و زێڕ و زیو ڕازاندوویانەتەوە. ئەو پەیکەرە بە ئەندازەیەک بەرز و بوڵند و ڕازاوەیە هەیبەت و تۆقیان دەخاتە دڵانەوە. پەرستگەی ئۆلەمپ پڕ بووە لە پەیکەری قارەمانەکان، ئەو کەسانەی بەلای خۆیانەوە موخلیسی خواکان بوونە و لە پێناوی ئەو خودایەدا سەری خۆی داناوە، لەم دوا دوایەیدا ئاسەوارناسان زۆر وردە پەیکەریان لە پەرستگەی ئۆلەمپ دا دۆزیوەتەوە، زۆربەیان لە برونز دروستکراون.

هەروەها لە پەرستگەی (پارتەنون) نزیکەی ٢٠ساڵ لە دوای پەرستگای ئولەمپ دروست کراوە.

لە یۆنانی کۆندا هەر دوو ساڵ جارێک جەژنێکی گەورە لە ئستادیومی نزیکی ئەو پەرستگایە ئەنجام دەدرا و لەسەرتاسەری یۆنانی کۆنەوە

بۆی دەڕۆیشتن، تا لە بەرانبەرکێ وەرزشییەکاندا بەشداری دەکرد یان تەماشاکەر بوونە، یان پەنایان دەبردە پێشبینیکەری ئەو پەرستگایە، کە لە داهاتوودا چی ڕوودەدا و یان چییان بەسەردا دێت.

یۆنانییەکـــان لە باوەڕێکـــدابوونە ئەو بەردەی (ئۆمفـــالوس) کە لە ئاســـمانەوە کەوتبـــووە خـــوارەوە، لێـــرە پـــارێزراوە. لە ڕاســـتیدا ئەوە ناوەڕاستی تۆپی زەوییە، لەوێڕا ژنەکوێرێکی پێشبینیکەری پەرستگاکە بەسـەر پەنجەی خۆیەوە دانیشتووە دەربارەی هەر پرسیارێک وەڵامی دەدایەوە.

لە تەنیشت ئەو پەرستگایەیدا کەنجخانەیەک هەبووە خەڵکەکە زێڕ و زیو و ئالەتیان تێخستووە تا بۆیان بپارێزێ.

ئەو کۆمەڵە پەرستگایە وا لە دلفیدا دروست کراوە لە ساڵی ٥٠٠پ.ز. لە لایەن تەلارسـازی بەناوبانـگ تئـودوروس دروسـت کـراون لە سـاڵی ٣٧٣ز ئاگرێکی گەورە ڕووی داوە زۆر لەو پەرستگایانەی سووتاندووە.

لە سـاڵی ٣٢٠ پـێش زاییندا دووبـارە پەرسـتگاکان بە شـێوەی بـازنە دروسـتکراونەتەوە، ئەو جۆرە سـەبکە میعارییە لەسەرتاسـەری یۆنـان و ڕۆماندا پەرەی سەندووە و کاریان پێ کردو

# پەرستگای زئوس لە ئۆڵەمپیا

نزیک بە سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش، ((ئولەمپیاد))، ناوەندی ئاینی لە باشووری رۆژاوای یۆنان بووە. دانیشتوانی یۆنانی کەوا زئوس پاشای خواکانیان پەرستووە و لە هەندێ کاتی دیاریکراودا بۆ رێزگرتن لەو پاشایە جەژنیان کردووە. لەو جەژنانەدا کێبەرکێ و یاریش کراون. لە روانگەی خەڵکی دنیای قەدیمدا ئەو یاریانە گەلێک گرنگ بوون، تا ئەو رادەیەکە لە کاتی بەرێوەبردنی کێبەرکێیەکاندا، جەژنەکان راگیراون تا بەشداران و بینەران بتوانن بە ئاسانی خۆیان بە شوێنی کێبەرکێیەکان بگەیەنن.

کۆتەڵی زئوس خوای یۆنان لە ئۆلەمپیادا یەکێ لە گەورەترین پەیکەرەکانی جیهانە. ئەو پەیکەرە ٤٥٠ ساڵ بەر لە زایین لە لایەن پەیکەرتاشێکی بە ناوبانگ بە ناوی ڤیدیاس دروست کراوە. ئەو هونەرمەندە هەمان کەس بووە کە کۆتەڵی خوای (ئاتنا)شی بۆ پەرستگای پارتنون لە ئاتن دروست کردووە.

بەرزایی کۆتەڵی زئوس نزیک بە سەد و بیست مەتر بووە. جەستەی ئەو کۆتەڵەیان لە شفرەی فیل و مەرمەڕ و سەدەف و مووەکانی ریش و لەشیان لە ئاڵتوون دروست کردووە. بەرزایی ئەو پەیکەرە بە رادەیەک بووە کە بە بەرزی بنمیچی پەرسگەکە بەرزبووە. ڤیدیاس بەو کارەی ویستوویەتی هێز و دەسەلاتی زئوس پیشان بدات. کۆتەڵی زئوس لە پەرستگەی زئوس دابووە کە درێژاییەکەی بە ٦٤ مەتر گەیشتووە. ٧٢ کۆڵەکەی دەرەوەی ئەو پەرسگەیە کە لە سەر شێوازی

بیروڕای قەدیمی یۆنان بوون ئەو پەرسگەیان سەرنج ڕاکێشتر کردووە. بەرد ڕێژی تەختەکەشی بە کۆمەڵە وێنەیەکی بێ وێنە ڕازێنراوەتەوە. کۆتەڵی زئوس نزیک بە ٨٥٠ ساڵ لەو پەرسگەیەدا بووە تا کاتێک کە هەندێ لە یۆنانیەکان بۆ ئەستەنبوولیان ڕاگواستووە. لە ڕاستیدا لەوێش زۆری نەخایاندووە؛ چونکە جێگا تازەکەشی لە گڕی ئاگردا سووتاوە و ئەو کۆتەڵە بۆ هەتاهەتا لە بەین چووە.

ئەو پەیکەرەی زئوس یەکێک بووە لە حەوتەوانە سەرسامکەرانەی جیهان، پەرستگای ئولەمپیا لە ساڵی ٦٠٠ز بەهۆی بوومەلەرزەوە هەرووژاوە، ئێستە جگە لە چەند گوڵتە و پەیکەری شکێنراو هیچی تری تیادا نەماوە.



# بەناوبانگەکانی یۆنانی کۆن

ئەوە حاشاهەڵنەگرە یۆنانی کۆن بێشکەی فەرهەنگی بەشەریەت بووە و لە حەقیقەتدا قوتابخانەی زۆر بوار بووە و تا بە ئەورۆ ناز و شانازی دەفرۆشێتە فەرهەنگی بەشەریەتی ئێستا.

لێرە دەرۆمەوە قووڵایی مێژووی یۆنانەوە دەکۆشم جومگە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمانە بهێنمەوە بیری خوێنەر، یاوەک دەربارەیان لەم کتاوەیدا لەیراو لەویٚ بەپێی سەرچاوە جۆراو جۆرەکان دواوم، بەڵام وا چاکە بەپێی زەمان دیسانەوە ئاماژەیان پێ بکەمەوە، بەتایبەت ڕووداوە گەورەکان، جومگە سەرەکییەکان دێنمەوە بیر.

٥٠٠لە پێش زاییندا شەڕەکانی نێوان ئێران و یۆنان.

سەردەمی زێڕینی شاری ئاتن.

شەڕی پلویونز، ٤٠٠پ.ز بە دوایدا ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی.

ئەمەیش ناوی کەسە دیارەکانی مێژووی کۆنی یۆنانە.

فەیلەسووف: سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ.

مێژوونووس: هیرۆدوت، گزنەفون.

تەلارساز و پەیکەرتاش: ڤیدیاس.

شانۆکار: سوڤۆکل، ئۆرپید، ئەرستۆڤان.

پزیشک: بقرات.

ریازیزان: فیساگۆرس، دیموکرتۆس، هراکلیدس.

# بەناوبانگەکانی سەردەمی کلاسیك

٣٠٠پ.ز دەورەی هێلینی

٢٠٠ساڵ پ.ز سەردەمی پێشکەوتن لە ئەسکەندەریە.

ئەستێرەناس: ئاریستاخوس، ئاراتستن، هیپارخوس، تلیموس.

ڕیازیزان: ئقلیدس، ئارشمیدس.

ئەگەرچی ئەوە دوو هەزار ساڵ گوزەراوە بەسەر داگیرکردنی یۆنانەوە لە لایەم ڕۆمانەکانەوە یەشتا فەرهەنگ و ئەندێشە و موعادەلاتی یۆنانیی کۆن بۆخۆی خۆیەتی و پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، تا بە ئێستایش سەبک و دیزاینی تەلارسازیی یۆنانی لە خولیای بڕێک لە تەلارسازانی جیهاندایە (بەندە وەک تەلارسازێک یەکێکم لەوانەی هەشتاکان گەڕامەوە وڵات، بۆ یەکەمین جار شێوازی گوڵتە و پایەی واجیهاتی لە ساختماندا بەکاربرا، بەندە ئەوەم لە بەغدایدا کردووەتە باو، بۆ یەکەمین جار پیادەم کردووە هەروەها سستەمی (دەبڵ ڤالیوم) کۆلێژی تەلارسازیی زانکۆ بەغدا و ئەوانی تریش ئەو سیستەمی بەندەیەی وەک وانەیەک دەیانخوێند، با ڕاستگۆبم، ئەو گوڵتە و پایەیانە لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە یۆناندا باو بووە و لە سەردەمی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆماندا پەرەی پێ دراوە. لە پێش گەڕانەوەی بەندەیدا بۆ وڵات ئەو سەبکە نەناسراو بووە و هیچ تەلارسازێک بەشێوەی دەبڵ ڤالیۆوم کاری نەکردبوو ئێستا لە سەرتاسەری عێراقدا ڕواج بەو شێوە دەدرێت.

بەداخەوە بڕێکی زۆریان بە هەڵە پیادەی دەکەن.

ماوەتەوە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، هونەرەکە لەوە دایە حاڵەتێکی تەلارسازی دووسێ هەزار ساڵ لەمەوپێش جۆرێک لێ بکرێت بگونجی لەگەڵ ژیانی تاکی کەسی هەزارەی سێیەمەدا، کە لە بنەماوە لەگەڵ ژیانی خەڵکانێکی هەزار ساڵ لەمەوپێشدا بگونجێت، وەئیلا چوار گوڵتەنمای پێشەوەی ساختمانێک بە تەنها گۆیای هیچ ناگەیەنێت.

زەرافەت و هێزەکە لەوەدایە لێهاتووانی جیهان یەشتا دیاردەی فکری فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە یەک دەدەنەوە و لە فکریاندا لە جێگەی شیاودا دادەنرێن. زۆر لە شانۆکاران شانۆی سەردەمی کلاسیکیی یۆنان لە ئەتاتر و سالۆنە گەورەکانی جیهاندا بە ئامێری نوێ و دەنگ و ڕەنگ و تیشکی سەردەمانە پیادە دەکەن، زۆر لە ساختمانە گەورەکانی جیهان بە سەبکی تەلارسازی یۆنانی کۆن پیادەکراون.

ئەمریکایەکان بە بۆنەی ساڵی دروستبوونی شاری نشویل لە باخچەی گەورەی شاردا ساختمانی پەرستگای پارتەنوون یان بە هەمان ئەندازە و قەبارەوە پیادە کردووە، یان لە خودی شاری ئەسینای یۆناندا ئەکادیمیای زانستییان هەروەک دیزاین و شێوە و شەمایلی ساختمانی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە دروست کردووە تازە گوڵتەی بوڵند لە دوولای ئەو ساختمانەیدا پەیکەری خواوەندگار ئەپولو لە لای راستەوە (ئاتنە) بەلای چەپەوە بەسەر گوڵتەکانەوە دانراون. چ زەریف و چ جوان، چ بە ئەندازە و قەبارە، چەند هاوئاهەنگ لەگەڵ چۆنییەتیی ساختمانەکەدا، هەر هەموو ئەوانە سیمفۆنایەکی خۆشنەواز و جوانئاهەنگ لە چاو و ئەندێشەی بینەردا دەچەسپێنن، بەندە دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم زۆر شت هەن کۆنن، بە تێپەڕبوونی زەمان، بەڵام لە فکر و زەرەبینی چاودا داستانی شاهکارانە دەگێڕنەوە و ئەو هەموو ساڵانە

تووڕ دەدەنە لاوە و ئاهەنگێکی سەردەمانە دەچڕن و بانگەوازی بەڵێ ئەوەسا منم، دەچڕن.

یەشتا کۆلیژە پزیشکە گەنجەکان کە کۆلیژ تەواو دەکەن سوێننامەکەی (بوقراد) دەخوێننەوە. ئەستێرەناسان یەشتا پەیڕەوی هەمان جەدوەلی ئەستێرەناسەکانی سەردەمی یۆنانی کۆنن.

قوتابییان هەمان موعادەلاتی ڕیازی دەخوێنن، کەوا لە کۆنی یۆناندا داڕێژراون... لەم هەزارەی سێهەمەیدا مرۆڤی ئەم سەردەمە یەشتا ناتوانێ لە کار و کردەوەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێشی بگۆزەرێ و بەلایەوە تازەیە....

بەندە لەم بەشەیدا دەکۆشم تیشک بخەمە سەر ئەو بلیمەتانە کەوا ئەو شاکارانەیان ئەنجام داوە ڕەنگە زۆر لە خوێنەرانی کوردی ئێستا ئاگاداریان نەبن کە ئەو لێهاتووانەی سەردەمی (هیلینی) و شاری ئەسکەندەریەی ئەو حەلەی پلەوپایەیەکی ڕۆشنبیرانەیان بەدەست هێناوە، بۆیە دەکۆشم تاک تاک لەو کەسایەتیانە بدوم:

# سوکرات:

سوکرات بە یۆنانی Σωκ ρ ά τ η ς :، سۆکراتیس؛٤٦٩ی پ.ز – ٣٩٩ پ.ز فەیلەسووفێکی یۆنانی کۆن بوو کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی دادەنرێت. سوکرات کەسایەتییەکی لێڵ و ناڕوونی هەیە لە مێژووی فەلسەفەدا. ئەو هیچ نوسراوەیەکی لە خۆی بەجێ نەهێشتووە؛ ئەوەی کە ئەمڕۆکە دەیزانین لەسەری هەمووی بەهۆی نووسراوەکانی نووسەرانی پاش خۆیەوەیە، بەتایبەتە نووسراوەکانی پلاتۆن وزینۆفۆن کە دوان لە قوتابییەکانی بوون .



سوکرات سەرتاسەری ژیانی بە گفتوگۆ لەناو شاردا لەگەڵ خەڵکی شاری ئاتندا گوزەراندووە، سەردەمی ژیانی سوکرات هاوقۆناغی پێشکەوتنی شاری ئاتن بووە لە تەواوی بوارەکاندا.

سوکرات لە گەنجیدا توانایەکی بەدەنی سەیری هەبووە، بە پای پەتی و یەک تاقە کراسەوە ڕۆژانی ساردی زستانی بەسەر بردووە.

تەمەنی گەیشتووەتە بیست ساڵان کەوتووەتە بیری مەفاهیمی مرۆڤایەتی و خودی ئینسانەوە، ئەو پێی وابووە مرۆڤ بۆ ناسینی جیهان و گرفتەکانی گەرەکە سەرەتا خۆی بناسێت، ئەو دەم بکەوێتە فکری ژیان و گرفتەکانی زیندەگی.

سوکرات هەمیشە هەستی بەوە کردووە ئەرکێکی گرانی کەوتووەتە سەر ئەستۆی کە دەبێت بە وردەکارییەوە هەقیقەت بناسێت و بە خەڵکەکەیش بسەلمێنێ، ئەگەرچی لە تەمەنی گەنجیدا بووە، بەڵام لە عەقڵێکی گەورە و ئەندێشەیەکی بەربڵاودا هاتوچووی کردووە.

زانیاری چڕ و ورد لەسەر ژیانی سۆکرات تەنها لە سێ سەرچاوەوە زانراوە، کە ئەوانیش گفتوگۆ و لێدوانەکانی پلاتۆ و زەینەفۆن (کە هەردووکیان لایەنگر و سەرسامی سۆکراتن) لەگەڵ شانۆگەرییەکانی ئەریستوفانیس. هەندێک لە خوێندکارەکانی کە لەوانە (ئیریک هافلۆک) و (واڵتر ئۆونج) بەوشێوەیە وەسفیان کردووە کە گوایە سەرخەری شێوازەکانی بەردەوامیی زارەکیی بووە، بەجۆرێک کە وەستاوە لەبەرامبەر درێژدادڕیی و زۆروتنی نەویست کە پێی دەوترێت نووسەکی . لە شانۆگەریی هەورەکان دا، کە ئەریستوڤانیش دایڕشتووە، سۆکراتی بەوە وەسفکردووە کە گاڵتەجارێکە قوتابییەکانی

فێرکردووە کە چۆن لە دەست باج و پیتاک رابکەن. سەرەڕای ئەوەش، زۆرێک لە کارەکانی ئەریستوڤانیش ناسراوە بەوەی کە گاڵتەجارییە بە ئیش و کاری نووسەر و چیرۆکنووسەکانی تر! پاشان ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم باسکردنە نە شتێکی باسەکییە نە راستییە. بەپێی زانیارییەکانی ئەفلاتوون باوکی سۆکرات ناوی سوفرۆنیسکۆس بووە و دایکی ناوی فیناریت بووە کە وەک مامان کاری کردووە، سەرباری ئەوەی کە بەوە باسکراوە کە شێوەی جێی سەرنج نەبووە و بالاشی کورت بووە، سۆکرات بووەتە هاوسەری زانسیبی کە بەتەمەن زۆر لەخۆی بچووکتر بووە و سێ منداڵی لێی بووە، کە (لامبروکلیس، سوفرونیسکوس و مینیکسینوس) بوون. هاورێیەکی بەناوی کریتۆ رەخنەی ئەوەی لێگرتووە کە دەستبەرداری منداڵەکانی بووە پاش ئەوەی کە داواکەیانی سەبارەت بە راکردنی سۆکرات لە بەندیخانە پێش جێبەجێکردنی سزاکەی پەرچکردەوە. هیچ روون نییە کە چۆن سۆکرات پێویستیی رۆژانەی دابین کردووە. دیارە کە دەقە کۆنەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە سۆکرات کاری نەکردووە. لە پەرتووکی Symposium ی زەینەفۆن، دەگێڕێتەوە لەسەر سۆکرات کە خۆی تەواو تەرخانکردبوو بۆ ئەو هونەرەی کە بە گرنگترین هونەری دادەنا کە هونەری گفتوگۆی فەلسەفیی بوو. لە شانۆگەریی هەورەکان دا، ئەریستوڤانیش سۆکرات وەها وێنەکێش دەکات کە بەرامبەر فێرکردنی قوتابییەکانی و بەرێوەبردنی قوتابخانەی سۆفیزم پارە و ئابوونەی وەرگرتووە لەگەڵ کریفۆن، لەکاتێکدا لەهەردوو لێدوانی بەرگری سۆکرات و وێژەدەر ی پلاتۆ و لە باس و چیرۆکەکانی زەینەفۆن دا، پەرچکردنەوەی سۆکرات

دەردەخەن بەرامبەر بەوەی پارە یان ئابوونە وەربگرێت بەرامبەر بە فێرکردنی خوێندەکاران.

لەنێو قسەکانی بەرگری سۆکرات دا زۆر بەتایبەتیی، سۆکرات بە هەژاریی ناسێنراو و دەرکەوتوو بووە، ئەمە وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە سۆکرات مامۆستا نەبووە. بەپێی ئەوەی کە تیمۆن فیلۆسی باسی دەکات و بەپێی سەرچاوە نوێیەکانی تر، سۆکرات پیشەی پەیکەرتاشیی لەسەر بەردی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە. لەسەدەکانی پێشوو ئەو گریمانەیە هەبوو کە سۆکرات پەیکەرەکانی سێ شۆخەThree Gracesی دروستکردووە، کە تا سەدەی دوومی پاش زایینیش مابووەوە لەنزیک پەرستگای ئەکرۆپۆلیس، بەڵام زانستی نوێ ئەم گریمانەیەی بە دروست نەزانی و باوەڕی پێنەکردووە.

زۆرێک لە مشتومڕ و گفتوگۆکانی پلاتۆ ئاماژە بەو خزمەتە سەربازییانە دەدەن کە سۆکرات کردوویەتی، سۆکرات ئەڵێت کە گوایە خزمەتی کردووە بە سوپای یۆنانیی لە سێ شەڕی بۆتیدیا، ئەممفبۆڵیس و دیلیۆم. و لەمشتومڕە و گفتوگۆکانی وێژەدەر دا، ئەلکیسیبیادیس باسی لە قارەمانییەتیی و بەهێزیی سۆکراتی کردووە لە هەردوو شەڕی بۆتیدیا و دیلیۆم دا، و هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن سۆکرات لەشەڕی بۆتیدیا دا ژیانی رزگارکردووە، لەگەڵ ئاماژەدان بە ئاستی بەرزی و لێهاتوویی سۆکرات لە شەڕی دیلیۆم لەنێو چوارچێوەی مشتومڕ و گفتوگۆی لاکاس (کە بەواتای ئازایەتیی و قارەمانییەتی دێت لە ئینگلیزیدا) لەلایەن ئەو جێنراڵەی کە گفتوگۆکەی بەناوی خۆیەوە ناوناوە لە مشتومڕ و گفتوگۆکانی بەرگری سۆکرات، سۆکرات جیاوازی دەکات لەنێوان خزمەتە سەربازییەکانیی و ئەو مەینەتیی و ئازارەی کە

لەنێو هۆڵی دادگادا چێشتی، لەکاتی دادگاییکردنیدا، و دەڵێت کە ئەگەر یەکێک لەنێو دەستەی بڕیاردەراندا پێی وابێت کە پێویستە پاشەکشە بکات و وازبهێنێت لە فەلسەفە، ئەوا پێویستە بۆ ئەو کەسە بیر لەوە بکاتەوە کە سەربازەکان پێویستە پاشەکشێ بکەن لە شەڕەکەدا کاتێک پێیان وادەبێت کە دەمرن! لەساڵی ٤٠٦ پ.ز، سۆکرات یەکێک بوو لە ئەنجوومەنی پیرانی یۆنان و نەتەوەکەشی، نەتەوەی Antiochisبوو، کە دانیشتنی دادگاییکردنی بەست لەو ڕۆژەدا کە لەسێدارەدانی جەنەراڵە بەشداربووەکانی شەڕی ئەرجۆنسی بەخۆوە دیت، بەهۆی ئەوەی کە دەستبەرداری کوژراوان و ڕزگاربووان لە کەشتییە نوقووم بووەکان بووبوون بەهۆی دواکەوتنی کەشتی هەژێنراوی دوژمن. لەو کاتەدا سۆکرات یەکێک بوو لە ئەندامە سەرەکییەکانی ئەنجوومەنەکە، و داوا نا دەستوورییەکەی کالیکسنیسی پەرچکردەوە کە پێشنیاری کردبوو، کە بەمەبەست لێی دادگاییکردنێکی بەکۆمەڵ بوو بۆ ئیدانەکردنی ئەو هەشت جەنەراڵە. لە کۆتاییدا، سۆکرات ئەم داوایانەی پەرچکردەوە و بەکۆی دەنگ بڕیاری لەسێدارەدانی جێنەراڵەکان درا.

لە ساڵی ٤٠٤ دا، حکومەتی ئەسینە ستەمکار هەوڵی ئەوەیان دا کە ئەوانەی دڵسۆزیی لەڕێگریی خۆیاندا ڕاگەیاندبوو، زۆربکەن بۆخۆیان، ئەمە بە گەشەپێدانییان و یارمەتیدانیان لەو کارەنەیاندا کە پێی هەڵدەستن. لەمەدا داوایان لە سۆکرات و چل کەسی تر کرد کە داوەری شاری سلامیز بهێنن لە ماڵەکەیەوە بۆ ئەنجامدانی بڕیارێکی سێدارەدانی نادادپەروەرانە. سوکرات زۆر بە نا ئارامی پەرچی داوەتەوە.

سۆکرات لە ماوەی گوازراوەی گەشەسەندنی دەسەڵاتی ئەسینی و شکست لەکاتێکدا ئەسینا بەزێنرا بەرامبەر شاری سپارتا و

هاوپەیمانەکانی لە شەڕی بۆلۆنیزدا. لەو کاتەدا کە شاری ئەسینا هەوڵی سەقامگیریی و وەرگرتنەوەی پلە و پایەکەی دەدا لەپاش ئەو تێکشکانەی شەڕەکە، تێیدا رەنگە ئەسیناییەکان چێژییان لەو گومانانە وەرگرتبێت کە لەدەوروبەری دیموکراتی هەبوون وەک وێنەیەکی چالاکی دەستەڵات. سۆکرات یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر رەخنەی لە دیموکراتی دەگرت، هەندێک لە خوێندکارانی پێیان وایە کە ئەو دادگاییەی کە سۆکرات کرا تەنها دەربڕینێک بوو لە ناکۆکییەکی سیاسیی هەڵچوو. سەرباری دانپێدانانی سۆکرات بەوەی کە زۆر دڵسۆزی شارەکەیەتی تاڕادەی کێبڕکێکردنی لەگەڵ مردن، هەموو هەوڵەکانی سۆکرات لەپشت ڕەوشتبەرزیی و پابەندبوونی بەهێزی بەڕاستییەوە ڕێ لێگیرا لەلایەن ڕێڕەوی ئێستایی (ئەو کاتی) کۆمەڵگای ئەسینایی و سیاسەتی. زۆر ستایش لەسەر سپارتا لەگەلێک لە گفتوگۆکاندا کراوە، کە شاری کێبڕکێکەری سەرەکیی ئەسینا بوو، جا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوێستی خۆی وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵگەیی و ئەخلاقیی نواند، زۆر ئەو لایەنانەی کە راڤەکردنەکان تێیدا کۆبووەوە و ناشایستەیی مێژوویی تێیدا دەستپێکرد ئەوە بوو کە سۆکرات سەبارەت بە شارەکە کردی. لەبری لاینگریی بارودۆخی ئێستاکیی و بە کۆی کارە شاییەکان ڕازی بێت جگە لە ئەخلاقییەت لە لۆجیکیدا، سۆکرات کاری دەکرد بۆ لاوازکردنی تێگەیشتنی بەکۆمەڵ کە ئەوانەی تر ڕێڕەوییان گرتبوو پێی و لەناو یۆناندا زۆر باو بوو لەو ماوەیەدا، تەنها ئەو نەبێ کەدەیگوت" هێز، یەکسانیی دروست دەکات ." ئەفلاتوون ئاماژە بە سۆکرات دەدات کە مێشی ئەسپی شارە (مێش گاز لە ئەسپ دەگرێت کە وای لێدەکات هەڵبستێت بەکارێک، بەهەمان نموونە

سـوكرات هـانی ئەسـینای دەدا كە هەڵبسـتن بەكارێـك ئەمەش لەڕێگەی گازەكانییەوە بەشێوەی ڕەخنە)، تا ئەو ڕادەیەی كە دادوەرانی بێ خەو كردبـوو و هەمیشـە هـانی دەدان كە ڕێـز لە بەدیهێنـانی یەكسـانیی و هەوڵدان بۆ چاكە، بگرن.

كار گەیشتە ئەوەی كە هەوڵەكانی بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی گشتیی لە یەكسانیی كە ئەسینایییەكان گرتبوویانە بەر، هۆكار بوو لە پشت بڕیاری لەسـێدارەدانی. بەپێـی ئەو دەقەی كە هـاتووە لە گفتوگـۆی بەرگریـی سۆكراتی ئەفلاتوون دا، ژیانی سۆكرات دەستپێدەكات بە وەسفی مێشی ئەسـپ لە ئەسـینا لەو كـاتەوە كە لە كریفـۆنی هـاوڕێی خـۆی پرسـی - هاتنەخوارەوەی وەحیی لە شاری دێلفی - ئایا لەنێو خەڵكدا لە سوكرات ژیرتـر و بە حیكمەتتـر هەیە؟ وەحیهـێن وەحیـی وەڵامـی دایەوە و وتـی نەخێر هیچ كەسێك نییە لەو ژیرتر و بەحیكمەتتر.. سـوكرات پێی وابـوو كە ڕەهایی لە هیچ حیكمەتێكی نییە . بۆیە بڕیاریدا ئەم گرێكوێرەیە چارە بكـات بەشـێوەیەك كە خـۆی نزیـك بكـاتەوە لەو كەسـانەی كە خەڵكـی ئەسینا پێیان وایە كە حەكیمن، وەكو پیاوانی دەوڵەت، هۆنراوەنووسان....

كاتێ سۆكرات كۆمەڵێ پرسیاری ئاڕاستەكردن، گەیشت بەوەی كە لە كاتێكدا هەریەكەیان پێیان وایە كە خاوەنی بەژنێكی حەكیمانەن و زۆر زانـان، ئەوا هەریەكەیـان لەڕاسـتیدا زۆر كەم زانـن و ڕەهاییـانە هـیچ حیكمەتــزان نەبــوون. لەو كــاتەدا ســۆكرات دركــی بەوەكــرد كە هێنەرەخـوارەوەی وەحیـی وەڵامەكەی ڕاسـت بـوو، چـونكە زانـی كە لەكاتێكدا ئەو پیاوانە خۆیان زۆر بەزانا دەزانی و وانەبوون، ئەوە بۆی دەركەوت خۆیشـی ڕەهاییـانە هـیچ حەكـیم نیـیە، دواتـر، لەم دوو جیاوازییەوە، خودی سۆكرات خۆی دەبێتە خاوەن زۆرترین حیكمەت

چونکە ئەو تەنها کەس بوو کە هەست و دەرکی بەنەزانی خۆی کرد. ئەم حیکمەتە دوو واتاییەی کە سۆکرات پێی گەیشت، دیارترین ئەو ئەسینایانەی کە گفتوگۆیان دەکرد وەک بێ مێشک دەردەخست، تا دواتر بەسەرییا هەڵیان گێڕایەوە و بە تاوانبار و گوناهبار تاوانباریان کرد. سوکرات بەرگریی لە ڕۆڵی خۆی کرد وەک مێشی ئەسپ کە هانی ئەسینای دەدا تا کۆتاییەکانی ژیانی، لەکاتێکدا کە داوای لێکرا کە پێشنیاری ئەو شێوازە بکات کە سزای پێدەدرێت پێی، پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو شایانی سزا نییە، بەڵکو پێویستە دیاری بکرێت و مافی خۆیەتی بەخشیشێکیش وەبگرێت و تا کۆتایی ژیانی لەسەر کاسەی دەوڵەت بژی وەک پێناوێک بۆ پێدانی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستییەتی بۆ بەسەربردنی کات بۆ تێکۆشان لەپشت گوفتاری ئەسینایەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، قەرزار کرا بە وێرانکردنی مێشکی گەنجان، لەکۆتاییشدا سزای سێدارەی بۆ دەرکرا بەشێوەی شەرابێک کە دەیخواردەوە، کەشەرابەکە لە ڕووەکی شوکرانی ژەهراوییی دروستکرابوو. بەپێی ئەوەی کە لە بەسەرهاتەکەی زەینەفۆن دا هاتووە، سۆکرات بەدەستی ئەنقەست بەرگرییەکی زۆر بوێرانەی لەخۆ کردووە لەبەردەم دەستەی سوێندخۆران، چونکە پێی وابوو باشتر وایە بۆی کە بمرێت. زەینەفۆن درێژە بە گفتوگۆ و وتەکانی دەدات تا وەسفی بەرگری سۆکرات بکات، هەروەها وەسفی سەختییەتی سەردەمی کۆن دەکات و کەچۆن سۆکرات دڵخۆشە کە بە لەسێدارەدانی هەڵدێت و ڕزگاری دەبێت لەو نارەحەتییە. لە باسەکەی زەینەفۆنەوە ئەوەش تێدەگەین کە سوکرات هیوای بە مردنی دەخواست چونکە پێی وابوو بەکرداریی کاتی ئەوە هاتبوو کە بمرێت و ئەو کاتە زۆر گونجاو بوو بۆ مردنی. هەردوو

ئەفلاتوون و زەینەفۆن لەسەر ئەوە کۆکن کە سوکرات بوارێکی زۆر باشی بۆ ڕەخساوە تا هەڵبێت لە بەندیخانە و ڕابکات، بەجۆرێ کە شوێنکەوتووەکان سۆکرات توانای ئەوەیان هەبوو کە بەرتیل پێشکەش بە پاسەوانانی بەندیخانەکە بکەن، بەڵام سۆکرات مانەوەی هەڵبژارد بەهۆی هەندێک هۆکارەوە:

لەبەرئەوەی ئەو پێی وابوو کە ڕاکردن و هەڵهاتنی لە بەندیخانە ئاماژە بەترسانی لە مردن دەکات، ئەو ترسەی کە پێی وابوو کە بوونی نییە لای هەر فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە.

لەبەرئەوەی گەر ڕابکات لە ئەسینا، فێرکردن وانەوتنەوەکانی لەهیچ شارێکی تر سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

لەبەرئەوەی ڕازی بوو کە ئەو لەوشارەدا دەژی و پابەندە بەیاساکانی، ئەو خودی خۆی خستبووە نێو ئەو گریمانەیەی کە ڕەنگە خەڵکی شارەکە تاوانباری بکەن بە تاوانکردن و قەرزار بکرێت لەلایەن دەستەی سوێندخۆرانەوە. گەر پێچەوانەی ئەوە بکات، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گرێبەستی کۆمەڵی دەشکێنێت کە لەگەڵ دەوڵەت واژووی کردبوو، ئەمەش دەبێتە هۆی زەرەر بۆ دەوڵەت، هەروەها ئەم کردەیەش پێچەوانەی ئەو پرەنسیپانەیە کە سۆکرات گرتبوویە بەر.

هۆکار و پاڵنەرەکان لەپشت ڕەتکردنەوەی هەڵهاتن لە بەندیخانە

باسێکی گرنگی گفتوگۆکەی کریتۆی ئەفلاتوون بوو، باس لە کۆتایی و مردنی سۆکرات کراوە لە گفتوگۆی فیدۆنی ئەفلاتووندا. تیادا ئەو ڕەتکردنەوەیەی سۆکرات هەیە بۆ پاساوەکەی کە کریتۆ وەک هۆکارێک

بەکاری هێنا بۆ هەوڵدان بۆ هەڵهاتن. پاش ئەوەی سوکرات ژەهرەکەی خواردەوە، بڕیاری ئەوەی بۆ دەرچووە لەسەر پێی بڕوات تا هەست دەکات شتێک بەتیژیی دەچێت بەپێی دا. پاش ئەوەی لەسەر قەرەوێلەکەی پاڵکەوت، ئەو کەسەی کە ژەهرەکەی دایە، بەتووندی پەستانی خستە سەر هەردوو پێی بەشێوەیەک کە ئازاری زۆری هەبوو، چیتر سۆکرات هەستی بە پێیەکانی نەدەکرد، هەستی بڵاوبوونەوەی لەدەستدانی ئەندامەکانی لەشی بەرە بەرە دەتنۆکی و دەهات، تاگەیشتە دڵی. پێش ئەوەی بمرێت بەچەند کاتێکی زۆر کەم، سۆکرات قسەی لەگەڵ کریتۆ کرد و وتی" :من قەرزاری ئەسکلیبۆسم، بەتکا بیرت نەچێت کە ئەو قەرزارەبارییەی بۆ بگێڕیتەوە"!، ئەسکلیبۆس خواوەندی پزیشکییە لەلای گریکەکان، و ڕەنگە وتەکانی کۆتایی سوکرات ئەوەی گەیاندبێ مردن شیفا و چارەسەری ڕۆحە و ئازادی دەکات لە جەستە. سنیکا کە فەیلەسووفێکی ڕۆمانیی بوو هەوڵیدا کە مردنەکەی سوکرات بگێڕێتەوە کاتێک دادوەر نیرۆن ناچاری کرد کە خۆی بکوژێت.

تەنها ئەوەی بۆمان ماوەتەوە لەنێو سەدە کۆنەکان، گفتوگۆکانی پلاتۆنیە، کە زۆرترین و بەربڵاوترین دەقەکانە کە باس لە سوکرات و کەسایەتییەکەی ئەکات. بەپێی ناساندنی کەسایەتی سۆکرات کە لە گفتوگۆ و دەمەتەقێکانی پلاتۆندا هاتووە، سۆکرات بەناوبانگبووە لە بەشدارییەکانی لە فەلسەفەیی ئەخلاقیدا. لێشییەوە گاڵتەجاریی سۆکراتی و شێوازی سۆکراتی (ناسراو بە Elenchus) هاتەکایەوە.

تائێستاش شێواز و ڕێچکەی کۆتایی لەزۆر بوارەکاندا بە بەربڵاویی لە گفتوگۆدا کاری پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەی جۆرێکیشە (زانستی پەروەردەکردن)، کە ئەمەش گورزەیەک پرسیار دەخاتەڕوو کە مەبەست

لێیان، دەستکەوتنی وەڵامی تاکڕەو یا تەنهایی «نییە»، بەڵکو هۆکارێکە بــۆ هانــدانی بیرکــردنەوەی بەقــووڵی لە بــابەتی ئاراســتەکراو. ئەو سۆکراتەی کەپلاتۆن باسی کردووە، زۆرێک لە پێشخستن و پەرەپێدانی لەنێو زانستی زانیاری و لۆژیکدا ئەنجامداوە، و کاریگەری بیکردنەوەکان و شێوازەکانی زۆر بەهێزبووە بەجۆرێک کە بۆتە بنەما و بناغەیەک بۆ زۆرێک لەکارە فەلسەفییە رۆژئاواییەکان کە دوای خۆی هاتووەتەکایەوە. ســۆکرات، بەیەکێــک لە فەیلەســووفە کــۆنە هەرە ئــاڵۆز و نادیارەکــان دادەنرێت.

## کێشەی سۆکراتی

پێکهــاتنی شــێوەی کەســایەتی مێژوویــی ســۆکرات وەک خــۆی و بۆچــوون و تێرامــانە فەلســەفییەکان ئەرکێکــی کێشــەدارە لە باشــترین کاتەکانــدا. ئەمەش ناســراوە بە کێشــەی ســۆکراتیی (Socratic Problem)، سۆکرات هیچ دەقێکی فەلسەفیی بەجێنەهێشتووە. ناسینی سۆکرات و ئاشنابوون پێی تەنها لەڕێگەی دەقی گفتوگۆ و پەخشانەکانی خوێنــدارەکانییەوەیەتی. پلاتــۆ بەپێشــەنگی ئەو خوێنــدکارانە دادەنرێــت، لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەها کارەکانی هەریەک لەمێژوونووسان زەینەفۆن، ئەرستۆ و ئەریستۆفانیس زانیاریی گرنگییان تێدایە دەربارەی سۆکرات. جێی ئامـاژە پێدانە کە گرانیـی لەناسـینی کەسـایەتی راسـتیی سـوکرات هەڵقولێ لەخودی کار و دەقە فەلسەفیی و دراماتیکییەکانەوە نەک کتاو و دەقــی مێژوویــی. بەکردارییــی، جــگە لە نووســراوەکان مێژوونــووس تۆسیدیدیس کە ناوی نە سۆکرات نە هیچ فەیلەسووفێکی تری نەهێناوە لە نووسراوەکانیدا ، هیچ نووسراوێکی مێژوویی کۆن و نوێ نییە لەسەر ســۆکرات کە بــاس لەســەر شــوێن و کــاتی رووداوەکــان بکــات. ئەوەی

لەمەشـــەوە دێـتە ئەنجـام ئەوەیە کە ئەو سـەرچاوانەی باسـی سـۆکرات دەکەن وەسفی تەواوی مێژوویی بەگرینگ نازانن، هەروەها زۆرینەشیان ســـەرخەری ســـوکراتن (ئەوانەی کە ســـۆکراتیان دادگـــاییکردن و تاوانبارییـان کـرد، هـیچ بڕوانامەیەکیـان بەجـێ نەهێشـتووە). لەمەشـەوە، مێژووناسەکان گرانییەک دەدۆزنەوە لە ڕێککەوتنی ئەم دەقە جیاوازانەی کە ئەو پیـــاوانە نووســـیویانە، کە دیـــارە مەبەســـت لە نووســـینیان تۆمارکردنی وەکخۆیی و خۆگربووە لەژیانی سۆکرات. دەرەنجامی ئەو هەوڵ و ماندووبوونە هـیچ ڕاسـتییەکی پێـوە دیـارنییە، بەڵکو ئەنجـامێکی ڕێککەوتـــووە. بەشـــێوەیەکی گشـــتی، ئەفلاتـــوون ســـەرچاوەیەکی زۆر بـاوەڕپێکراوە و زۆرتـرین زانیـاری تیـادایە لەسـەر ژیـانی سـۆکرات و فەلســـەفەکەی. لەهەمـــان کاتـــدا، ئەفلاتـــوون لە نووســـینە وێژەییەکانیـــدا هەنـدێک زیـادەڕەویی کـردووە سـەبارەت بە سـۆکرات، بەشـێوەیەک کە هەنـدێک شـتی بـاس کـردووە کە ڕەنـگە سـۆکرات هەرگیـز باسـی لێنەکردبێـت و پێـی هەڵنەسـتابێت، ئەو لێکـدانەوەیەی کە پلاتـۆ بەکـاری بردووە لە قسەکانیدا لەسـەر سـۆکرات ئیدی سـۆکراتی ڕاسـتی بێت یان ئەو سـۆکراتەی کە پلاتـۆ بـاس و وەسـفی کـردووە، لەهەر گفتوگـۆ و لێدوان و پەخشانێکدا، بابەتی پڕ باس و فرە قسەیە.

ســـەرباری ئەوە، لەزۆرێـک لەبەڵـگە مێژوویـــی و نووســـراوەکانەوە ڕوونـــدەبێتەوە کە ســـۆکرات تەنهـــا کەســـایەتییەکی درووســـتکراوی خەیاڵی پلاتۆ نەبووە. گەواهیدان و بەڵگەنامەکانی هەریەک لە زەینەفۆن و ئەرســـتۆ، و لەگەڵ یەکێـــک لە شـــانۆگەرییەکانی بەناوبانگەکـــانی ئەریستۆفانیس بەنـاوی شـانۆگەریی هەورەکـان(The Clouds) ،

وادەکەن کە وێنەی کەسایەتی سۆکرات تەواو درووستبێت لەبەرچاو، دوور لە وەسفی پلاتۆ بۆ سۆکرات.

## شێوازی سۆکراتیی

ڕەنگبێ وتەکانی سۆکرات گرنگیی هزری ڕۆژئاوایی نواندبێت لە شێوازی مشتومڕکردن و گەیشتنە بەرەنجامدا بەندبوو بە شێوازی گفتوگۆکردنەوە، ئەمەش زۆرتر ناسراوە بە شێوازی سۆکراتی یان "شێوازی ئیلنخۆس" (کە بەواتای مشتومڕکردن دێت)، و سۆکرات هەستا بە جێبەجێکردنی ئەم شێواز و مەنهەجە لە خوێندنی تێشگەیشتنە بناغەییە ئەخلاقییەکان وەکو چاکە و یەکسانی. ئەفلاتوون یەکەم کەس بوو کە گوزارشتی شێوازی سۆکراتیی کرد لەنێو گفتوگۆ سۆکراتییەکاندا، چونکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، ڕەنگە شیبکرێتەوە بۆ چەندین پرسیار، وەڵامەکانیشی کاردەکەن بەشێوەیەکی ڕیزبەندییانە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی خوازراو. کاریگەریی ئەم شێوازە، ئەمڕۆ ڕەنگ دەداتەوە لە بەکارهێنانی شێوازی زانستی دا، کە قۆناغی خەملاندن یەکەمین قۆناغەکانییەتی. گەشەپێدان و بەپیشەکردنی ئەم مەنهەجە لە دیارترین ئەو کارانەبوو کە سۆکرات بەردەوام دەیکرد، هەروەها هەردووکیان وایان کرد کە سۆکرات دامەزرێنەری فەلسەفەی سیاسی و زانستی ئەخلاق یان فەلسەفەی ئەخلاقیی، لەبەربکات. هەروەها جیاکردنەوە و بەرز نرخاندنی وەک دیارترین کەسایەتییەکان لەهەموو بابەت و تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی ڕۆژئاوای. بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر چۆنیەتیی بەکاربردنی شێوازی سۆکراتیی، کۆمەڵێک پرسیار خرانەڕوو بۆ یارمەتیدانی ئەو کەس و

گرووپانە تا گومان و بۆچوونە بنەڕەتییەکانیان و ڕادەی زانینیان دیاریی بکەن.

گرانە بتوانرێت کە جیاوازی و جیاکاریی بکرێت لەنێوان بۆچوونەکانی سۆکرات و بۆچوونەکانی پلاتۆ، چونکە دەرخستنی ماددی ناتوانێت هەڵگری جیاکارییەکی زۆر گەورە بێت لەنێوان بۆچوونەکانی ئەم دوو فەیلەسووفە. پلاتۆ دانەری تیۆرە درێژخایەنە نووسراوەکانی گفتوگۆکانە و هەندێک لەزانایان پێیان وایە کە پلاتۆ شوێنکەوتووی شێوازی سۆکراتی بووە بەشێوەیەکی زۆر پێوەلکاو، بەجۆرێک کەوای کردووە جیاکردنەوە لەنێوان کەسایەتی وێژەیی و فەیلەسووفی خۆی ئەستەم بێت. زۆرێک لەسەر ئەوەی کە پلاتۆ تیۆر و بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبوو‌بێت گفتوگۆ کراوە، بەڵام گرنگترین و بڵاوترین گفتوگۆکان لەسەر ماهییەتی ئەو بۆچوون و تێرامانانەن ئەمەش بەهۆی گرانیی جیاکردنەوەی بۆچوون و بیروڕاکانی سۆکراتە لە بۆچوون و بیروڕایەکانی پلاتۆ، تەنانەت گرانیی لە لێکدانەوەی نووسینە دراماییەکانی پەیوەندیدار بە سۆکراتەوە، بۆیە جیاکردنەوەی بیروڕاکانی سۆکرات لەوانەی کە پلاتۆ و زەینەفۆن بەرهەمیان هێناوە، ئاسان نییە. گرینگیشە کە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوانەی سۆکرات خاوەنین و دانەپاڵی هەندێک لە بیروڕاکان بۆ سۆکرات، لەنرخی ئەو دوو بیرمەندەی تر کەمدەکاتەوە. ئەوەی باسەکە ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە کە کەسایەتی سۆکراتی مێژوویی بە سستی[٢] ناوی دەکردووە بەهۆی زۆر پرسیارکردنەوە بەبێ وەڵامدانەوەی، پاساوی ئەوەی لێ دەگرن کە هیچ جۆرە دانایییەک نییە لە قسە و بابەتەکانی کە پرسیارییان دەربارە ئەخاتە روو. بەگشتی، ئەگەر شتێک هەبێت لێرەدا دەربارەی بۆچوونە

فەلسەفییەکانی سۆکرات شایەنی گووتن بێت، ئەوەیە کە لەلایەنی بیر و ئەخلاق و سیاسەتەوە جیاواز بوو لە ئەسینیینەکان. لەکاتێکدا کە دادگایی دەکرا بەتاوانی تێکدانی مێشکی گەنجانی ئەسینا و هەڵگەڕاندنەوەیان، سۆکرات مەنهەجەکەی خۆی بەکاربرد کە ناو دەبرێت بە "ئیلینخۆس"، تا بۆ دەستەی دادوەرانی بسەلمێنێ کە پێواندنەکانییان بۆ ئەخلاق لەسەر بنەمایەکی هەڵە و بیرێکی چەوتە. ئەو پێی وتن کە کاتێک پێویست وایە ئەوان گرنگی بدەن بە پاکێتی رۆحیان، ئەوان تەنها گرنگییان دەدا بە خێزانەکانیان و کارەکانیان و ئەرکە سیاسییەکانیان. لێرەوە؛ بۆچوونەکەی سۆکرات لەسەر ئەوەی کە ئەسینییەکان لە ئەخلاقییاتیان کەمە و بڕوابوونی بەوەی کە خواوەند وەک پێغەمبەرێکی ئاسمانی ناردوییەتی، بووە هۆی وەرسکردنی ئەسینییەکان، ئەمە جگە لە گاڵتەجارییەکەی. سۆکرات رەخنەی لە سۆفیستاییەکانیش گرت لەوە کە ئەکرێت فەزیلەت فێری کەسانی تریش بکرێت. ئەو حەزی دەکرد تێبینی ئەوە بکرێت کە باوکە سەرکەوتووەکان (وەکو ژەنراڵی سەربازیی دیار "بریکلیز") منداڵێک ناخەنەوە کە لەخۆیان بچن لە لێزانیی و بالاییدا. بۆیە سوکرات گفتوگۆی ئەوەی کردووە ئەخلاقی بەرز شتێکی خۆرسکە و پەیوەندیی نییە بەو پەروەردەیەی کە باوان دەیدەنە منداڵەکانیان. رەنگە ئەم بۆچوونە بەشداربوو بێت لە درووستکردنی هەستی بێ خەمیی سۆکرات لە بەرامبەر داهاتووی منداڵەکانی. سوکرات زۆر جار ئاماژەی بەوە دەدا کە بیر و بۆچوونەکانی ئەو دروستکراوی خۆی نییە بەڵکو لە دروستکردنی مامۆستاکەیەتی. لەمەشدا سوکرات زۆرێک کەسی ناو هێناوە کە زۆر کاریان تێکردووە وەک برۆدیکۆس و هەروەها زانا ئەناکسۆگۆراس. ئەوەی کە زۆر جێی تێرامانە ئەوەیە کە سۆکرات

ئاماژەی بەوە داوە کە زۆر لەژێر کاریگەریی دوو ئافرەتیشدا بووە ئەمە جگە لە دایکی کە زۆر کاری تێ کردووە، سوکرات وتویەتی کە دیۆتیما جادووگەریی شاری مانتینی فێری هەموو شتێکی کردووە کە زانیوییەتی سەبارەت بەخۆشەویستی کە بە یۆنانی ناسراوە بە(eros) :، هەروەک چۆن مامۆستای ژێنەراڵی سەربازی بیرکڵز کە ناوی ئاسبازیا بوو، فێری رەوانبێژیی کردبوو. جۆن بێرنت گفتوگۆی ئەوەی کردووە کە مامۆستای سەرەکی سۆکرات، "ئەناکسۆگۆراین ئارشیلۆس بووە، بەڵام ئیدی بیروڕاکانی وەک ئەوە بوو کە باسکراوە. لەلایەکی ترەوە ئێریک هافلۆک وا دەبینێت کە پەیوەندی سۆکرات بە "ئەناکسۆگۆراین"ی مامۆستاوە بەڵگەیە لەسەر جیاوازیی بیر و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لەوەی کە سۆکرات بەدوایدا دەڕوات.

---

بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوانە، لە ویکیپیدیا سوود وەرگیراوە.

---

Coppens, Philip, "Socrates, that's the question," Feature Articles – Biographies, PhilipCoppens.com.

Hope (٢٠٠٠). On Socrates. Belmont, CA: ،May Wadsworth. ISBN ٠٥٣٤٥٧٦٠٤٤.

Walter (٢٠٠٢). Orality and Literacy. New York: ،Ong Routledge. ISBN ٠٤١٥٢٨١٢٩٦.

Kagan, Donald. The Fall of the Athenian Empire. .١٩٨٧First. Ithaca, New York: Cornell University Press,

# ئەفلاتوون

ئەفلاتـوون یەکـێکە لە گەورەتـرین فەیلەسـووفەکانی جیهـان لە سـاڵی ٤٢٧پ.ز لە خێزانێکـــی ناســـراوی دەسترۆیشـــتووی شـــاری "ئـــاتن"دا هـــاتووەتە جیهـــانەوە، نـــاوی ئەرســـتۆکلس بـــووە، لەبەر بـــاڵابەرزی و قەبارەی ناونراوە ئەفلاتوون، لە تەمەنی بیست ساڵیدا سـوکراتی دیوە و بـووە بە قوتـابی بەلایەوە. کەسـوکاری هـانی ئەوەیـان داوە لە ڕیـزی بنەماڵەکەیان وەدەرنەچێت و ئەویش وەک ئەوان سیاسەت بکاتە پیشەی، بەڵام کاتێـک دادگـاییکردنی مامۆسـتاکەی لە لایەن زۆر و دەسـتەڵاتە سیاسـییەکانەوە کـوژرا، لە هەرچـی سیاسـەت و سیاسـەتمەدار هەبـووە بێزار بـووە. کوشـتنی سـوکرات تەمەنێکـی وای بـۆ نەهـێڵاوە تـا فریـای کتاونووسین کەوێ.


SOLBRILLERSALG.COM

ئەوی زانیــاری لەو ڕووەوە ئەمــڕۆ بە دەســـتەوەیە بە کتــاوەکەی ئەفلاتوونیشـــەوە، زانــراوە هەتــاوەکوو دادگــاییکردنەکەی ئەفلاتــوون توانیـویە بنەمـا و پـایەگوزاری زۆر لە بـواری فەلسـەفەکاندا دامەزرینـێ. یەکێک لە گەورە فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم دەڵێت: ئەوەی ئەمـڕۆ لە فەیلەســووفەکان دەبیســترێت لە ڕاســتیدا حاشـیەیە لەســەر بنەمـا فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی.

ئەفلاتــوون چــاکترین ئاوێنەنمــای مێــژووی فەلســەفەیە بە بەرهەمە بەناوبانگەکەی (نامەی جمهووریەت) چۆنییەتی دەوڵەتـی پەسندی خۆی خستە ڕوو.

ئەفلاتــوون لە ســاڵی ٣٨٨پ.ز ئەکادیمیــای زانسـتیی لە شــاری ئاتنـدا دامەزراندووە و بڕێکی زۆری زانستی لەوێ خوێندووە. دەکرێ بوترێت ئەوە بۆخۆی بە یەکەمین زانکۆی بەشـەریەت بناسرێت.

لەوێــڕا ڕیازیــات، زانســتی ئەستێرەناســین، زانســتی سروشــتی، هەتــاوەکوو تەلارســازی و مۆســیقاش لەوێــڕا وەک وانە وتــراوەتەوە. گەنجــان لەسەرتاســەری یۆنــان و دوورتــریش لەو ئەکادیمیەیــدا بە خوێنــدنەوە خەریــک بــوونە. یەکێــک لەو گەنجــانە دەرچــووی ئەو ئەکادیمیـایە بـووە، بۆخـۆی بـووەتە یەکێـک لە گەورە فەیلەسـووفەکان، ناسراوە بە (ئەرستۆ).

ئەفلاتــوون جگە لە سەرپەرستــی ئەو ئەکادیمیـایە بۆخۆیشــی وانەی تیادا وتووەتەوە، قوتابییەکانی لە باس و وانەکانی یادداشتیان هەڵگرتووە ، ئەورۆ ئەو یادداشـــتانە زۆر لە بیروبۆچـــوونی ئەفلاتـــوون ڕوون دەکەنەوە.

# ئەرستۆ

ئەرستۆ لە ساڵی ٣٨٤پ.ز لە شاری ئستاگیرای باکووری یۆنان هاتووەتە دونیاوە. ئەرستۆ لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ڕۆیشتووە بۆ شاری (ئاتن)وە. لە ساڵی ٣٦٨پ.ز بووە بە ئەندامی ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوون.



ئەو، بۆ ماوەی بیست ساڵ لە شاری ئاتن دا ماوەتەوە، یانی مردنی مامۆستاکەی ئەفلاتوون لە ساڵی ٣٤٣پ.ز دا فیلیپ پاشای مەکادۆنیا و باوکی ئەسکەندەری مەکادۆنی دەعوەتی لێ دەکات تا ببێتە مامۆستای ئەسکەندەر. ئەو کات ئەسکەندەر تەمەنی ١٣ساڵ بووە. ئەرستۆ ئەو داوایەی قبووڵ کردووە و پەروەردەکردنی زانستی و ئەخلاقی ئەسکەندەری گرتووەتە ئەستۆی بە قبووڵکردنی ئەرکەکە نەخشێکی گەورەی لە مێژوودا گێڕاوە. دوای چەند ساڵ ئەسکەندەر بووەتە شای

مەکادۆنیـــا و لەژێـــر چـــاودێریی ئەرســـتۆدا ئەســـکەندەر دەســـتی بە جیهـــانگیری کـــردووە. ئەرســـتۆ گەڕاوەتەوە بـــۆ شـــاری ئـــاتن، لەوێـــڕا زانکۆیەکی وەک مامۆستاکەی دروست کردووە. زانکۆکە کتاوخانەیەکی پڕ لە کتـاوی تیـادا بـووە، ئەورۆ ئەوی لە ئەرستۆ مـاوەتەوە یادداشـتی قوتابییەکـانیەتی. ئەرســـتۆ لە دەرســـوتنەوەدا لە ڕاڕەوەکانـــدا پیاســـەی کـــردووە و قوتابییەکـانی بە دوایەوە بـوون، بـۆیە فەلســـەفەی ئەرســـتۆ ناسراوە بە فەلسەی پیاسە.

ئەرســـتۆ یەکـێکە لە زانیـارە گەورەکـانی بەشـــەریەت، لە زۆر بـواردا بلـیمەت بـووە، وەک: ریازیـات، فیزیـک، ئەستێرەناسـین، مەنتیـق، زۆر بیروڕای تـازەی وەدەرخستووە. ئەرسـتۆ یەکەم کەس بووە وتوویەتی: زەوی تـۆپەڵێکی خـڕە. ئەوەی بە شـێوەیەکی زانسـتی سـەلماندووە. ئەو، ئەوەیشی سـەلماندووە، کە مـانگیران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زەوی دەکەوێـتە نێـوان مانـگ و هەتـاوەوە، سـێوەری زەوی لە مانـگ کەوانەییە، مانای ئەوەیە زەویش خڕە وەک تۆپ.

# ئیپۆکرات

سەرچاوە عەرەبییەکان بە (بوقرات) ناوی دەبەن، بەڵام لە هەقیقەتدا ئیپوکراتە، ئەو زاتە بە دامەزرێنەری دونیای پزیشکیی یۆنان ناسراوە.

لە پێش ئیپوکراتدا وا باو بووە نەخۆشی و درم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بالاتر لە سروشت، بەڵام بوکرات ئەو جۆرە تێفکرینەی ڕەت کردووەتەوە.

ئەوە ئیپۆکرات بووە بۆ یەکەمین جار بەندی ئەخلاقی و مەرجەکانی وەک (سوێندنامەیەک) تێکەڵی پیشەی پزیشکی کردووە، شاگردەکانی بوکرات ئەو سوێننامەیان تێکەڵ بە پیشەی دکتۆری کردووە، کە لە سەردەمی کاری پزیشکیاندا وەک بەڵێننامە هەم لە سەردەمی شاگردیدا، هەم لە کاروکردەوەی پیشەی پزیشکیدا لەبەر چاویان بێت و پابەندی بن. مەتنی ئەو سوێننامەیە تا بە ئەمڕۆ لە کۆلیژەکانی پزیشکی دەیخوێنن. لەپێش هەموو کاروکردەوەیەکدا دەبێ سوێننامەکەی ئەو بخوێنن، ئینجا دەست بەکار بکەن.

سوێننامەکەی بوکرات:

من بە خوای ئاپۆلۆ سوێند دەخۆم، هەرچی خواکان هەن، دەیانکەمە شایەت، بە گوێرەی توانا و لێزانینم، ئەم بەڵێننامەیە وەک خۆی ئەنجام بدەم، من سوێند دەخۆم کەسێک کە منی فێری کاروکردەوەی پزیشکی کردووە هەر وەک دایک و باوکی ڕێزی لێ بگرم، ئەگەر نیازمەند بوو، ئەوی دەرامەدمە لەگەڵیا دابەش بکەم.

من سوێند دەخۆم نەوعیەتی خواردن و پارێزکردنی نەخۆشییەکان بە گوێرەی نیاز بە نەخۆشەکانم مۆڵەت بدەم، نەک لە زیان و زەرەری ئەوان، لەسەر داوای هیچ کەسێک دەرمانی زیانبەخش بە هیچ کەسێک نەدەم.



من سوێند دەخۆم تەنها لەبەر دەرمان و شیفابەخشی بڕۆمە ماڵی خەڵکانەوە و لە هەر کارێکی ناشیرین و ناڕەوا دوورکەومەوە، ئەوی دەیبینم و دەیبیسم دەربارەی هیچ لە لای خەڵکانێکی تر نەڵێم و ڕازدارێکی باش بم.

ئەگەر ئەو سوێننامەیە ئەنجام بدەم، هەمیشە سەربووڵند دەبم، ئەگەر بە پێچەوانەی کار بکەم، مایەی شەرمەزاریمە.

# دۆموکریتۆس

ئەو زانیارە گەورەیە لەنێوان ساڵی ٤٧٠- ٣٨٠ز ژیاوە، ئەو وتوویەتی هەر بەدەنێک لە زەڕاتێک هاتووە کە بەهیچ جۆر ئەو زەراتە دابەش ناکرێت، هەروەها وتوویەتی: زۆر لە مەواد و کەرستە جۆراوجۆرەکان لە بڕێک (ئەتۆم)ی جیاواز یان لە تێکەڵاویی ئەوانە پێکهاتوون لە گۆڕانی ئەتۆمەکان کەرستەیەکی تر پێک دێنن.



# فیساگۆرس

لە نزیک ساڵی ٥٧٠ پ.ز لە دورگەی ساموس هاتووەتە جیهانەوە، لە گەنجیدا گەشتی زۆری کردووە، سەروکاری لەگەڵ زانایانی میسر، بابل، ئێراندا هەبووە. ٢٠ ساڵ لەو گەڕانەیدا بەردەوام بووە. لە ساڵی ٥٣٠پ.ز گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی و مەکتەبخانەیەکی دروست کردووە، تا ڕیازیات و ڕەوشتەکان لە یەکداتەوە.

ئەویش وەک سوکرات کتاوی بەدەستەوە نییە، بیروبۆچوونەکانی بەهۆی یادداشتی قوتابییانی بەدەست هاتوون.



# پتلیموس

ڕیازیاتزان و جوگرافیازان، لە ژیانیدا گەلێک بەناوبانگ بووە لە ساڵی ١٦٨پ.ز لە ئەسـکەندەرییە هـاتووەتە جیهـانەوە، سـوودی لە درێـژی و پانیی جوگرافیا و نەخشەی وردی دونیای ناسراوی ئەو کاتە کێشاوە.

# ئەرخەمیدس

ئەرخەمیدس لە ساڵی ٢٨٧ پ. ز لە دورگەی سیسیلیە (لەشاری سیراکوس) لە دایک بووە، باوکی گەردووناسێکی بەناوبانگ بووە، هەروەک زۆربەی گەنجانی تر بۆ خوێندن چووە بۆ ئەسکەندەرییە و بۆ یۆنان، زۆربەی مێژووناسانی بیرکاری و زانست بە یەکێ لە گەورەترین زانایانی بیرکاری ئەژمێرن لە سەردەمەکانی کۆندا.

ئەرخەمیدس لە ساڵی ٢١٢ پ. ز لەسەر دەستی ڕۆمانیەکان کوژراوە. لە زۆربەی دۆزینەوەکانی: یاسای دۆزینەوەی ڕووبەر، قەبارە و ڕوبەری لا، وە توانای نزیککردنەوەی رەگە دوجاکانی سەلماند و شێوازی نوسینی ژمارە گەورەکانی داهێنا. هەر ئەویش بوو کە بەهای پای دیاری کرد کە پەیوەندی نێوان دەوری بازنە و تیرەکەیەتی. وە لە بواری میکانیکدا ئەرخەمیدس دۆزەرەوەی تیۆری سەرەکی تاودانە. وە یاسا سەرەکیەکەی دۆزینەوەوی 'هێزی پاڵنەری شلگاز لەسەر تەنەکان' بوو کە بە یاسای ئەرخەمیدس ناسراوە وە لەسە ر ئەرخەمیدس زانای بیرکاری "گاوس" وتویەتی: کە یەکێکە لە سێ زانا گەورەکەی بیرکاری هاوشانی ئیسحاق نیوتن و فێردیناند ئێسنیستن.



کارەکانی -پاشای سیراکوس شکی کرد کە ئەو کەسەی تاجەکەی بۆ دروست کردوە فێڵی لێ کردبێ، کە رەنگی لە جیاتی ئاڵتونی ئەسڵ شتی تری بۆ تێکردبێ، بۆیە داوای لە ئەرخەمیدس کرد کە لێکۆڵینەوەی بۆ بکات لەم بابەتە بێ ئەوەی زیان بە تاجەکە بگات. کاتێ لە حەمامی گشتیدا خۆی ئەشۆرد، سەرنجیدا کە ئاستی ئاو بەرز بوەوە کاتێ لە ناو ئاودا نوقمبوو وە ئاو بەرگری لە خۆی ئەکات لە خوارەوە بۆ سەرەوە، چووە دەرەوە لە گەرەکەکە ئەڕۆشت و هاواری ئەکرد (ئوریکا، ئوریکا) بە مانای "دۆزیمەوە دۆزیمەوە" چونکە پێی وابوو ئەم دۆزینەوەیە کێشیە تاجەکە چارەسەر ئەکات.

ئەرخەمیدس بۆی دەرکەوت کە کێشی لەشی لەناو ئاوەکەدا سوکبووە، وە ئەو کێشە سوکەی لەشی یەکسانە بە کێشی ئەو ئاوەی

کە جێـی گرتـوەتەوە، وە پێـوانەی ئەو ئـاوەی کە ڕژاوە یەکسـانە بە پێوانەی لاشـە نـوقم بووەکە. دوای ئەوە دڵنیـابوو کە ئەتوانێ پێکهـاتەی تاجاکە بزانێ بێ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت، ئەمیش بە نـوقمکردنی لە نـاو ئاودا، پێوانەی ئاوی ڕژاو یەکسانە بە بڕی قەبارەی تاجەکە کە نوقمبووە کە یەکسـانە بە کێشـی ئـاڵتونی ئەسـڵ کە لە تـاجەکەدا بەکارهـاتووە یەکسانە بە کێشی تاجەکە. وە ئەنجامەکەی: دروستکەری تاجەکە لە سێ دارە درا بە هـۆیەوە. وە ئەرخەمیـدس یاسـا بەناوبـانگەکەی دارِشـت کە ناوی یاسای 'ئەرخەمیدس'ە

'ئەرخەمیـدس و پـای 'ئەرخەمیـدس بەهـای پـای دیـاریکرد، ئەمـیش ڕێژەی دەوری بـازنەیە بـۆ تیـرەکەی، یـان بەجـۆرێکی تر دەوری بـازنە چەنـد جـاری درێژتـرە لە تیـرەکەی، وە ئەم بەهـایە لە ئەژمێرکردنـی ڕووبەری بازنەدا بەکاردێت، وە بۆ پێوانەی تۆپ و لولەک. وە ڕێبازەکەی لە ئەژمێرکردنـی ئەمەدا پشـتی بە وێنەکردنـی ئەنـدازیاری بەسـت کە لە نـاوەوەو دەرەوەدا یەکسـانبون تـاوەکو سـنووریێ بـۆ بەهـای پـای دیـاریکرد. ئەرخەمیدس وتـی:کە بەهـای پـای بە وردی یەکسـانە بە ٧/٢٢ وکـاتێ گەشـت بەم بەهـایە قورسـی ژمـارەی یۆنـانی بـۆدەرکەوت، وە ئەمەش بە کەڵکـی تـاقیکردنەوە تێکەڵەکـانی بیرکـاری نـایەت، دوایـی پێشنیازی سیستمێکی ژمارەیی تری کرد کە توانای خەزنکردنی ژمارە گەورەکـانی هەبـێ بەئاسـانی. وە بەهـای پـای یەکسـانە بە:

٣□١٤١٥٩□٢٦٥٣٥□٨٩٧٩٣□٢٣٨٤٦□٢٦٤٣٣□٨٣٢٧٩□٥٠٢٨٨□٤١٩
٣٧٥١٠□٦٩٣٩٩□٧١ کە ئەمە نـزیکە لە بەهـا ڕاسـتیییەکەوە وە نـاتوانرێ بە تەواوەتی دیاری بکرێ.

لـــوولپێپچیەکەی ئەرخەمیـــدس هەروەهـــا بە شـــادوفی ئەرخەمیـــدس ناسراوە کە لوولەکێکە لە ناویا لولپێچێک هەیە کە بەدەوری تەوەرەکەیدا ئەخولێتەوە، لە کۆندا بۆ بەرزکردنەوەی ئاو لە گەنجینەکانەوە بەکاریان هێنـاوە. ئەمـیش پێکهـاتوە لە تـولێکی داریـن کە درێـژیەکەی نـزیکەی مەترێـک ئەبێـت کە دەورە دراوە بە لـول پێچێکـی پێکهـاتوو لە مـادەی جیـرِی جێگیـر، ڤیتروڤیـوس لە سـەدەی یەکەمـی زاینیـدا ئامـاژەی بەوەکـرد:کە ئەوە لە لـولپێچی کـۆکلێری سروشـتی ئەچێـت. وە لە سەردەمی رۆمانیەکاندا لولپێچیەکەی ئەرخەمیدس وەکو ئامێری رستنی دەسـتی ئەم سـەردەمە کـاری ئەکـرد، بەڵام لە سـەدەی پـانزەدا بە تەوەرەیەکی خولخواردو کاری کردووە. لە مایسی ١٨٣٩ ئەرخەمیدس لەبری پایەدەری باوی کەشتی کە بە هەڵم کاری ئەکرد بیرۆکەی لولپێچی پێشنیازکرد. سەرەتا دیزاینەکەی نیشان خەڵکدا، وە چوار ساڵی ویست تـا سـەلماندی کە ئەمە لە کـۆنەکە باشـترە. وە میسـرِیەکان ٢٠٠٠ سـاڵ لەمەو بەر بەکاریـان هێنـاوە و ئێسـتاش بەکـاری ئەهێـنن بـۆ ئـاودان و بەرزکـــردنەوەی ئـــاو و پێـــی ئەڵێن'مانـــدۆلین' وە تیـــرەکەی ٣٥ ســـم تێئەپەرِێنـی و درێـژیەکەی ٢، ٥ م ئەبێـت. لـولپێچیەکەی ئەرخەمیـدس بە پێوانەی جیاواز دروستکراون تیرەکەی لە چارەکە ئینجێکەوە بۆ ١٢ پێ درێـژ ئەبێـتەوە بەپێـی بەکارهێنـانە جیاوزەکـان. وە ئەرخەمیـدس زۆر تـــامەزرۆی دروســـتکردنی ئـــامێر و خوێنـــدنەکەی بـــوو، وە ئامـــانجی سەرەکی لەم خوێندنە زانینی یاسا میکانیکیەکان بوو کە کۆنترۆڵی کاری ئامێرەکان ئەکات. سـەرەتا گرنگیدا بە نوەڵی جۆری یەکەم، وە ئەنجامی خوێندنەکەی ئەوە بریتی بوو لە:زانیاری یاسای نوێڵەکان و تۆمارکردنی، وە تیۆریەکـانی لە گرنگتـرین تیۆریەکـان فیزیـایە سـەبارەت بە نوێڵەکـان.

هەروەها بایەخیشی داوە بە هەنێ ئامێری تر کە لە سەردەمی ئەودا بە 'ڕۆڵەر' ناسرابوو. وە ویل و تۆپی جولاوی داهێنا و یاسای نوەلی دۆزیەوە، ئەو ئەیوت کە ئەتوانێت زەوی بەرز بکاتەوە ئەگەر بزانێ بە چی راگیر بووە. هەروەها ئامێرێکی داهێنا کە لاسایی اسمان و خۆر و مانگ و هاسارەکان ئەکاتەوە. گرنگی بە زۆر شت ئەدا. ئارەزووی بۆ بیرکاری وای لێنەکرد کە گرنگی بە میکانیک و فیزیا و گەردونناسی نەیات. و بەهۆی ئەم گرنگیدانە بە بوارەکانی تریش بووە یەکێ لەوانەی لە بواری تیۆریەوە بەرزبونەوە بۆ بواری جێبەجێکردن لە بیرکاریدا. وە زۆر ئامێری داهێنا بە ناوی خۆیەوە، لەوانەش هەنێ چەک کە لە جەنگی سیراکوسدا بەکارهێنرا کاتێ ڕۆمانیەکان هێرشیان کردە سەر، سالی ٢١٢ پ. ز، ئەرخەمیدس یەکەم کەس بوو کە تیشکی هەتاوی بەکارهێنا کاتێ ڕۆمانیەکان هێرشیان کردە سەر شارەکەی.

مردنی :لەساڵی ٢١٢ پ. ز ئەرخەمیدس خەریکی چارەسەرکردنی بابەتێکی بیرکاری بوو لە ماڵەوە،،هیچی نەئەزانی دەربارەی داگیرکردنی شارەکەی لەلایەن ڕۆمانیەکانەوە! لە کاتێکدا کە بابەتەکەی لەسەر لم ئەکێشا، سەربازە ڕۆمانیەکان چوونە ژورەوە و داوایان لێ کرد کە دوایان بکەوێ بۆ بینینی مارسیلوس، ئەرخەمیدس وەڵامی دایەوە: بە یارمەتیت، بازنەکانم تێک مەدەن! و داوای لێ کردن بهێڵن کارەکەی تەواو بکات، یەکێک لە سەربازەکان تورەبوو شمشێرەکەی دەرهێنا و دای لە ملی ئەرخەمیدس. ئەرخەمیدس خێرا کەوت و نوقم بوو لە خوێنی خۆیدا، وە دوا هەناسەکانی تەمەنی دا.

---

https://ckb.wikipedia.org/wiki

## سۆفوکل و ئۆرپپید

ئەو دوانە تراژیدیانووسانی بەناوبانگی شاری (ئاتن) بوونە، شانۆی تراژیدیای ئەفسانەکانی یۆنانیان نووسیوە و وەک: شانۆی ئۆدیپۆس شازادە، ئنیگۆنە و مریە ناو ببەین.

# ئەرستۆڤان

شـــانۆکاری بەناوبــانگی یۆنــانی لە ســاڵەکانی ٤٥٠-٣٨٥پ.ز ژیــاوە ڕووداوەکــانی شــاری ئــاتنی بە شــێوەیەکی تەنزئــامێز هێنــاوەتە ســەر شـــانۆی کەســـــە ناودارەکـــانی ئەو ســــەردەمە، وەک: کەســــایەتییە سیاسییەکان، سـەربازە بەناوبانگەکـان، یـان کەسـایەتییە زانسـتییەکانی شاری ئاتنی دەکردە گاڵتە. لە هەر شانۆگەرییەکی ئەودا هێندە قەرەباڵغ دەبـــوو جـــێگەی دانیشـــتن نەدەمـــا لە تەماشـــاخانەی دیوکـــول کە لە ئکروپولیسدا بووە، پڕی پڕ دەبوو لە تەماشاکەر.



# هیرودوت

مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی لەنێوان ساڵەکانی ٤٨٣-٤٢٥پ.ز ژیاوە، یانی هاوسەردەمی خشایار شای هەخامنشی لە یەکێک لە شارەکانی یۆناندا هاتووەتە دونیاوە. کتاوێکی نووسیوەتەوە بەناوی مێژووەکان، بەشێکی زۆری ئەو کتاوەی دەربارەی شەڕی نێوان ئێران و یۆنانە، دەشتی مارتۆن کەنداوی سالامیس هیرودوت لە نووسینەکانیدا وەک یۆنانییەک فکری کردووەتەوە، بەهەرحاڵ کتاوەکەی سەرچاوەیەکی گرنگی سەردەمی هەخامشیان دەژمێردرێت.



# گەزنفۆن

مێژوونووسێکی تری یۆنانییە لەنێوان ٤٣٠- ٣٥٣پ.ز ژیاوە، لە سەردەمی ئەودا یەکێک لە شازادە هەخامنشییەکان بەناوی کۆرشی بچووک کۆشا تا بەکرێگیراوانی شەرکەری یۆنانی دە هەزار شەرکە سەڵتەنەتی هەخامنشی بەدەست بهێنێت، بەڵام لە شەڕێکدا لەگەڵ لەشکری ئەردەشێری دووهەمدا شەڕەکەیان دۆڕاند، گەزنفۆن یەکێک لەو بەکرێگراوانە بووە لە شەڕەکەدا بەشداریی کردووە بە ناچاری لەناو چیاکانی کوردستانەوە گەڕاونەتەوە بۆ سەر دەریای ڕەش، ئەوەی کردووەتە کتاوێک (حەسەن فەهمی جافی مامم لە پەنجاکاندا کردوویەتییە کوردی) کتاوەکە بەناوی: (گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی لە کوردستانەوە)



# ئەریستارخوس

یەکێکە لە دانایانی یۆنانی لە سەدەی سێهەمی پێش زایینیدا ژیاوە، ئەو بە ئامێری سەرەتای ئەندازەی نێوان مانگ و زەوی ژماردووە و لە یەکی داوەتەوە سێوەری کەوانەیی سەر مانگ هاوکارە بۆ دەستنیشانکردنی دووریی نێوان مانگ و زەوی لە کاتی مانگ گیراندا. هەروەها هەوڵی داوە فاسیلەی نێوان هەتاو و زەوی ئەندازەگیری بکات، ئەو وای زانیوە دووریی هەتاو بیست بەرانبەری دووریی مانگ لە زەوییە، بەڵام دوای سەد ساڵ دانایەکی تر یۆنانی بەناوی هیپارخۆس وتوویەتی: نێوان زەوی و هەتاو چوارسەت بەرانبەری دووریی زەویی و مانگە.

## ئاراقستن

ئەم زاتەیش دانایەکی کەی سەردەمی یۆنانیی کۆنە، ئەو کۆشاوە بازنەی زەوی بپێوێت، داستانەکەی بەم شێوەیە، لەنیوەڕۆی گەرمی هاویندا ڕۆیشتووە بۆ ئەفریقا گوایە سەرخەتی ئیستوا سەیر دەکات، هەتاو دروست بەسەر سەریەوەیە، هیچ سێوەرێکی لە زەویدا ڕانەخستووە دوای ماوەیەک لە شاری ئەسکەندەریەیدا لە هەمان کاتدا سێوەری خۆی دیوە سێگۆشەیەکی نەوەت پلە ڕەسم کرد، ئەو دەم بە حیسابی خۆی حیسابێکی کردووە.

# هیپارخوس

ئەستێرەناسی یۆنانی لە ساڵانی( ١٩٠-١٢٠پ.ز)دا ژیاوە، ئەو ژمارەیەکی زۆری ئەستێرە دەستنیشان کردووە و ناوەکانیشی یادداشت کردووە، لەسەر بنەمای یادداشتەکانی ئەفسانەی کۆنی یۆنانی کەوتبووە ئەندازەگیریی نێوان زەوی و مانگ، هەروەها زەوی و خۆر، تا ڕادەیەک دەیتوانی کاتی خۆرگیران و مانگگیران دیاری بکات.

ئەورۆ بەشێک لە مانگ لە سێ جێگەیدا ناوی سێ دانای یۆنانییان لێ ناوە.

# ئەفسانەکانی سەردەمی فیرعەونەکان

ئەستوورە فیرعەونییەکان لە هەقیقەتدا بڕێک لە چیرۆکی پیرۆزن، میسرییە کۆنەکان باوەڕیان پێ هەبووە، ئەو ئەستوورانە دامەزراوەیەکی فەلسەفی ئەو دەمە بووە لەو کاتانەیدا وەک زانست و زانیاری دەژمێردرا، کە ئێمەی ئینسانی ئێستا بە دوای زانستدا سەخت بە دوایەوەین. کەسایەتی ناو ئەو ئەستوورانە یا خواوەندگاربوونە یان نیوەخوا. بەشەر لێرە و لەوێ لەو ئەفسانانەیدا دەبینرێن، لە ڕاستیدا بۆ بە تەواو وەدەرخستنی باسەکەیە و بەس. جا ئەو چیرۆکانە سەرتاسەریان بە پیرۆز دەناسران لە میسردا. دیاردەی سروشت دەسەلمێنن یان چۆنیەتی پێکهێنانی کەون و کائینیان و بەشەریەت و هەروەها زۆر بابەتی تر، کە لە ئەمڕۆی ئێمەی ئێستادا کە لە بواری فەلسەفە و زانستی ئێستاتیکادا لە یەکی دەدەنەوە.



لە تابلۆکانی سەردەمی فیرعەونەکاندا کە زۆرتر لە بیست و پێنج زنجیرە دەستەڵات بوون، شاژن و گەورەژن، دۆست و کۆیلەکانیش لە دیواری گۆڕەکاندا نەخشێنراون، هەروەها تابلۆی ڕاوەماسی یا باڵندەکان تۆڕهەڵدانی ڕاوچییەکان، ئەوانە لە وێنەکانیاندا وەدەرخراون.

لەبارەی خواکانی فیرعەونەکان هونەرمەندان پەیڕەوی مەرجەکانی کاریان کردووە، بە نموونە(ئۆنۆپیس) خودای مردن دەبێ بەشێوەی سەری چەقەڵ بێت. هونەرمەند هەر دەبوو هونەری خەتاتی بەباشی زانیبایە، وێنە و ڕەمزی هیرۆگلۆفی لەبەر بایە و وەستکارانە بینووسیبا یان لەسەر تەختە بەرد هەڵی کۆڵیبا، هیچ کەسێک دوای شتێکی تازەی لە هونەرمەند نەدەکرد، بۆیە لە ماوەی چوار هەزار ساڵدا هونەری شێوەکاری هەروەک خۆی ماوەتەوە، شتێکی تازەی تیادا نەکراوەتە باو، بەلام لە سەردەمی تەنها یەک فیرعەون لە زنجیرە دەستەڵاتی هەژدەهەمدا ئەو سەدە پۆلاینە شکێنراوە و بە فیرعەونی نوێخواز ناسراوە، ئەویش ناوی ئیمۆنۆفیسی چوارەم بووە. زۆر لە کەلتوور و بیروبۆچوونی خستووەتە ژێر پاوە، کە سەدەها ساڵ بە شێوەیەکی پیرۆز زانراوە و سەیرکراوە. ئەو خودای چەقەڵ و ڕوخسار و هەڵۆ و دەنووک و ئەوانی تری توورڕدایە لاوە و تەنها یەک خوای پەرستووە بەناوی (ئاتون) ویستوویە وەک هەتاو وێنەی بکێشن. لە دواییدا ناوی خۆی گۆڕی بە ئیخناتوون. شاژنی ئەو ئەخناتوونە شاژنە بەناوبانگەکەی سەردەمی ئەو دەستەڵاتە (نفرتیتی) بووە، ڕوخسارشیرین و نازدار و نازەنین بووە.

ئەخناتوون تەنها خوایەکی پەرستووە. شێوەی ژیانی خەڵکی گۆڕیوە و بە فیرعەونی نوێی ئاور ناسراوە، هەتاوەکوو وێنە و شێوەزاری

هونەریشی گۆڕی و ئەو ئەبعادە داخراوانەی وا هەزاران ساڵە داخراو بووە تووڕدایە لاوە. ئەخناتوون فەرمانی داوەتە هونەرمەندان وێنەی ئەو و نفرتیتی هاوسەری لەژێر تیشکی هەتاودا بکێشن، وێنەیان کێشاوە و وێنەکەیش هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

لە لایەکی تریشەوە وێنەیەکی دەموقەبوز ناشیرینی لچ هەڵئاوسا و هەروەک قوڵەڕەش بەدەستەوەیە، گوایە ئەوە شێوەی ڕاستەقینەی ئەخناتوونە. لەم بارەوە دووبۆچوون هەیە بۆ ئەو وێنە ناشرینە یا خۆی وتوویەتی من چۆنم هەروا بمکێشن، من خاوەنی پەیامێکی ئاسمانیم درۆ لەگەڵ خوا و خەڵک و خوم ناکەم، یان ئەوەسا ئاخوندە دەرکراوەکان کە دوای مردنی ئەخناتوون توانییان کودەتایەک بکەن و ڕژێمی فەراعینە بگێڕنەوە سەر ڕابردووی دوور و بیروڕای یەکخوایی تووڕدەنە لاواوە، فرەخوایی دیسان بهێننەوە بۆ ناو خەڵک.

لە تەوراتدا باس لە ململانێی نێوان دەستەڵاتی فەراعینە و میزۆپۆتامیا (سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور و بابلی) دەکات، کە چۆن میللەتی یەهوود لەسەر زەوی خۆیدا چۆن دووچاری پەلاماری ئاشوور لە لایەکەوە و دەستەڵاتی فەراعینە لەولاوە. فەراعینەکان هەزاران ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە، لە هەمان کاتدا دۆڵی ڕافیدین، ڕووباری دیجلە و فروات، ئەوانیش شێوەزاری ساختمانی خۆیان بوونە بەتایبەت شێوەی (زیگورات)، کە جۆرێکە لە شێوەی تەلارسازی لە کەرپووچکاری تەلارسازییەکانیان ساز کردووە، لەبەر دووری سەنگ و بەرد و مەرمەڕ، بەپێچەوانەی سەرزەوی فەراعینەکانی میسر کانی بەردیان لێوە نزیک بووە بۆیە لە کەرەستەی بەرد زۆرتر سوودیان وەرگرتووە.

بەهەرحال بەندە (الفقیر لله) دەکۆشم لێرە و لەوێ چەند داستانێکی ئەفسانەیی بەم شێوەی خوێندتەوە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد، لاشم وایە میللەتێک ئەفسانەی نەبێت مێژووشی نییە.

# ئەستوورەی ئۆزیریس و ست

بەپێی ئەو ئەفسانەیە (شەڕ) لە جێگەی هەمیشەیی خۆیەوە وەدەرهات و کەوتە سەرزەویی ئەویش بە شاکامی (ست) لە براکەی (ئۆزۆرس) کە بووەتە شا و دەستەڵاداری میسر، لە حەسادەتی براکەیدا (ست) هەڵسا و ئۆزرسی کوشت، برا برا بکوژێ بە تەئکید ئەبێتە دیاردەی شەڕ. دوای کوشتنی هەستا و بە ئاهەنگێڕانێکی گەورە ڕێورەسمێکی بێ شایانی بۆ تابووتەکەی کرد و خەڵکەکەی ناچاری پرسە و تازیەباری کرد.

بەپێی ئەو ئەستوورە فیرعەونییە شەڕ لە حەسادەتی ستەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، جا ئەو تابووتەی هاویشتە ناو ڕووباری نیلەوە، بەڵام ئیزیسی خواوەندگار تابووتەکەی دۆزیەوە، ڕوانی ست لەشی (ئۆزیریس)ی هەلاهەلا کردووە، لەو کارەیدا نفتیسی خوشکی هاوکاری کردووە تا پارچەکانی لەشی مێردەکەی بدۆزێتەوە.  ئۆنۆپیس بتوانێ مۆمیایی بکات، کە بۆخۆی خواندگاری مۆمیایی و پاسەوانی مردووانە، ئەوە ئاکام و سەرەنجامی مردووان دابین دەکات. هەروەها خواوەندگاری (رع) دووبارە ژیانی بە (ئۆزیریس) بەخشیتەوە تەنها بۆ یەک ڕۆژ تا ئیزس منداڵێکی لێ بێت بەناوی (حورس)، کە حورس لە دایکبووە لە زومەکانی (دەلتا)یدا دەیشارێتەوە لەژێر چاودێریی خواوەندگار (حەتحور)ی مانگای شیردەر تا گەورەی کا و شەوی خۆی لەگەڵ مامە بکوژەکەیدا بکا، کە گەورە بووە (حورس) بەسەر مامیدا سەر دەکەوێ، بەو شێوەیە حورسی هەڵۆ دادگایی حەق پێک دێنێ بە سەرۆکایەتیی (جب)ی باپیرەی (حورس) دەبێتە شای میسر ئۆزەریس و

بـاوکی دەبێـتە شـای مردووەکـان. هەراکە لەوێـدا تەواو نابێـت دوای زەمانێک لە ئەفسانەکەدا (حورس)ی کوڕی (ئیزیس و ئۆزەریس) دەبێتە هاوکـاری (حـورس بحدەتی)، هەروەهـا (سـت) دەبێتە سـەرۆکی دوژمنە پیلانگێڕەکـان، بەڵام (سـت) لە قـوڵایی زەویـدا خـۆی نـوقم دەکـات و لە دوای ماوەیەک وەک ئەژدیهایەک دێتەوە مەیدان بۆ شەڕکردن لە شـاری (تهیت)دا کە کەوتووەتە نزیکی میسری باشوورەوە کە لە ئاسیاوە نزیکە ( لە میسری کۆندا) لەبەر ئەوەی ڕووباری نیل لە باشوورەوە هەڵکشـاوە بۆ باکوور بەلای ئەوانەوە باکوور باشـوورەوە و باشـووریش باکوورە. یەکێک لە میسرییە کۆنەکان بۆ یەکەمین جار ڕووبـاری (فورات)ی دیوە، گەلێک تووشی سـەرسامیی هاتووە، ئەو ڕووبارەوە چۆن لە باشـوورەوە هەڵکشـاوەتە سـەرەوەوە. (خوسرەو)

خورس و حورس بحدتی ئیدی بەسـەر ستدا زاڵ دەبن و دەڕۆن بۆ دەڤەری بیسـتەم، هەروەهـا (حـورس) لایەنگیرانـی دەڕۆن بـۆ دەڤەری (نـوبە) بـۆ یاخیبوونێـک، ئینجا بۆ سوپاسـگوزاری فەرمـانی دا پەیـکەری هەتاوی باڵدار لە تەواوی پەرستگاکاندا بکێشن تا لە بەلا بیانپارێزت.

لە ئەسـتوورەیەکی تـردا بەنـاوی ( لەنـاوبردنی مـرۆڤ) وا بـاو بـووە مـرۆڤ و خواکـان پێکەوە لە ئاساییشـدا دەژیـان، بەڵام کە خواوەنـدگار (رع) پیـر دەبێـت، مـرۆڤ دەسـت دەکەن بە سـەرپێچی و نافەرمـانی و پیلانگێــران، بەڵام (رع) زوو بەوەی زانــی و برێکــی تــری خواکــانی گلێرکـردەوە تـا دەربـارەی ڕەفتـاری نـابەجێی بەشـەر گفتوگۆیـان لەگەڵ بکات، پێشـنیاریان کـرد تـا خواوەندگار (حتحـوور) بنێـریتە سـەریان بـۆ داپلۆساندنیان.

خواوەندگار (حتحور) دەستی باشی لێ وەشاندن و ناوی حەتحوور یان نا (سخمت) یانی بەهێز کە گەڕایەوە بۆ لای (رع) بڕیاری دا دووبارە هەڵکوتێتەوە سەربان، بەڵام (رع) بەزەیی بە مرۆڤدا هاتەوە ناردی بۆ دوورگەی (ئلفنتین) تا گەلێک میوەی سوور بهێنن( تەماتە)، هەروەها فەرمانی دا حەوت هەزار بەرمیل ئاوجۆ (بیرە) بهێنن و تێکەڵاویان کرد و ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو (حتحور) دووبارە پەلاماری بەشەر بدا، فەرمانی دا ئەو تێکەڵەیە لە گشت زارەکاندا دانەن، کە حتحوور دەڕوا ئەو تێکەڵەیە دەبینێ لێی دەخواتەوە و سەرخۆش دەبێت و بڕیارەکەی لەبیر دەچێتەوە، بەو شێوەیە خواوەندگاری گەورە (رع) ڕەگەزی مرۆڤی لە تیاچوون ڕزگار کرد.

# چۆنیەتی دروستبوونی مانگ و مرۆڤ

خواوەندگاری گەورە یەکێک لە چاوەکانی گوم دەکات و کورەکەی (شوو و تفنووت) دەنێرێت تا چاوەکەی بۆ بدۆزنەوە، درەنگ دەکەن بە ناچار چاوێکی تر دەخاتە جێگەکەی، بەڵام کە چاوە گومبووەکە دەگەڕێتەوە، دەبینێ وا (رع) چاوێکی تری خستووەتە جێگەکەی چاو لە خەفەتدا دەست بە گریان دەکات و لەو فرمێسکانە (رمس) دروست دەبن یانی مرۆڤ، بەڵام (رع) بۆ دڵدانەوەی چاوە گومبووەکەی دەیداتە دەست خوای نووسینەوە تا هەڵیداتە ئاسمان شەوانە زەوی ڕۆشن کاتەوە، بەو شێوەیە مانگ دێتە کایەوە.



# دروستبوونی کەون!

سەرەتا (نوون) تاریکییەکی بێ سەروبن بووە، بە ئاسمانەوە هیچ لەو تاریکییەیدا نەبووە، بەلام لەوێرا توخمی بوون وردە وردە پێک دێت و خواوەندگار (نوون) دورست دەبێت، واتە هەتاو، یانی خواوەندگار (رع).

ئایا چۆن دروست بووە؟ هیچ زانیارییەک لەو ڕووەوە لەبەر دەستدا نییە. رع بڕیار دەدات بە فەرمانڕەوایی کەون ڕانەوەستێت و تیشکەکەی بۆ دونیای دوورتر دەنێرێ، کەوا تاریکستانە و لەوێرا ڕۆحە تاوانبارەکان ئازار دەدرێن.

دوای ئەوەی (رع) جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە گرت، تیشک دەنێرێ بۆ زەوی، لەپێش هەر جێگەیەکدا تیشکی هەتاو دەکا لە (لم) ئینجا ئەو لمە دەبێتە بەرد و ناونراوە (بن بن)، ئەو شوێنە یەکەمین جار هەتاو لێی داوە، دەکرێتە پەرستگا لەبەر ئەوەی بە سەرەتای دروستبوون دەناسرێت، بە هەوێنێکی خودایی دەناسرێت.



# ئەستوورەی چپە

ئەمەیش یەکێکی تری لە ئەستوورەکانی ناو میسری کۆنە، جووتیاران دەڵێن شەوانە چپەیەک دەکەوێتە گوێیان، چپەیەک دەکرێتە گوێی کەسێکدا کە لە لایەن ئافرەتێکی گەلێک شۆخ و شەنگ، کابرا بێ هیچ لەیەکدانەوەیەک کەمەنکێش دەکرێت بەرەو سەرچاوەی چپەکە دەڕوا، بە سبەینێدا کابرا بە مردووی دۆزراوەتەوە.

# پێکهاتنی زەوی

کاتێک خواوەندگار پژمی دەوروبەری پژمینەکەی لەژێر فەرمانی خواوەندگار (شو)دا بووە، کە بە خواوەندگاری وشکەساڵی ناسراوبووە، ئەو ئاونگە وردیلانەی لە پژمینەکەوە وەدەرهاتووە کە لە لایەن خواوەندگار (تفنوت)وە سەرپەرستی دەکرێت، لە تێکەڵاوی وشکەساڵی ئەو ئاونگە وردیلانە، تەرایی ڕێژەیەکی سێیەم لە جووتبوونی خواوەندگار (حب)، خوای زەوی و خواوەندگاری (نوون)، ئاسمان و زەوی لە دایک دەبن، ئاکامی ئەو هاوسەرگیرییەی ڕێژەی چوارەمی خواوەندەکان پێکهاتوون:

ئۆزەریس، ئیزیس، ست، تفتیس.

# لە نەبوونا سەرەتای بوون!

ئەوسای ئەوسا، لە هیچ زیاتر هیچی هیچ نەبوو، نە سەرەتا و نە پایین، نە چەپ نەڕاست، نە ڕۆشنایی نە گەرما، تەنها هیچی (موتڵەق) نەبێت. لە ئاوا هیچ بوونێکدا دوو شت دروست بوون، چۆن دروستبوون؟ کێ دروستی کردن، هیچ لێدوانێک لەو ڕووەوە لە ئەفسانەکاندا نە ئاماژەی بۆ کراوە نە زانراوە، چۆن چۆنین. (گایا) زەوی، (ئۆرانووس) یانی ئاسمان، دروستبوونە و کێ دروستی کردوون، ئەوە ڕازێکی هەڵنەهێنراوە، ئەو دوانە بوونە ژن و مێرد لەو هاوسەرگیرییەی خواوەندە.

زلزەلام و دەعبا ڕوخسارەکانی تیتانی هاتنە وجوود، ئەو خواوەندگارە تیتانییەی چەندان سەدە لەگەڵ یەکدا لە شەڕدابوون، لەسەر فەرمانڕەوایی جیهان تا یەکێک لەوانەیە ناوی (کرونۆس).

کرۆنۆس کە بوو بە خوای بێ لێدوانی جیهان خەوێک دەبینێ، کە یەکێک لە کوڕەکانی کودەتای بەسەردا دەکات فەرمانڕوایی لە چنگ وەدەر دێنێ، ئێدی هەر منداڵێکی لە ڕەئای خوشکی بوایە لێی دەسەند و قووتی دەدا..

شاژن ڕەئا لە مردنی منداڵەکانی پەریشان بووبوو، کاتێک شەشەمین منداڵی هاتە جیهانەوە، بردی بۆ سەر چیای ئۆڵەمپ و شاردییەوە. ئینجا بەردێکی بە پارچەیەکەوە پێچایەوە و دای بە (کروتوس) تا قووتی دا، بەو شێوەیە (زئوس) و ئەو خواکانی تر لە مردن ڕزگاریان بوو. دوای

چەندان ساڵ کاتێک زئوس گەورە دەبێت و دەبێتە خاوەنی هەیکەل بە دەستوبازووی خۆی توانی چەکی هەورەترەشقە (برووسکە) لە ئاسمان بە دەستبهێنێ، ئەو دەم لەگەڵ باوکی و مامەکانیدا بووە شەڕ و بەسەریاندا سەرکەوت، بوو بە فەرمانڕەوای جیهان. بەڵام زئوس نەیدەویست وەک باوکی فەرمانەکانی بێ لێداوان بێت، دوو براکەی ( پۆزیدون) کرایە خواوەندگاری تەواوی دەریاکان، بوومەلەرزە، گرکان... (هادس)ی برای کردە خواوەندگاری ژێر زەویی مردووەکان و هەرچی کانی ژێر زەوی هەیە. لە دواییدا (زئوس) عاشقی هیرای خوشکی بوو، کردییە هاوسەری، بەڵام بۆ ئەوەی خواکانی یۆنان زاتەن هەوەسباز و عاشقپیشە بوونە بەتایبەت خوای خواکان (زئوس) لە هەر کوێڕا زئوس ئافرەتێکی شۆخوشەنگی بدیبایە، بە نهێنی مارەی دەکرد، نەکا (هیرا) دەستی لێ بووەشێنێ. لەو ئافرەتانە منداڵی دەبوو. کاتێک ژمارەی خواکانی ئۆڵەمپ گەیشتە دوانزە، ئەو دەم زئوس مرۆڤی بەسەر زەوییەوە دروست کرد.

بەڵام مرۆڤە سەرەتاییەکان لە لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان، لە سەرما، لە برسا، دەمردن، ئاگر تەنها بەلای خوکانەوە بوو، یەکێک لە خوا دڵنەرمەکان مرۆڤی بەو چەشنە زەبوونەی دەدی، زۆر دڵی دەسووتا بۆ وەزعیان، بەناوی پرومیتوس یەکێک بوو لە کوڕە مامەکانی (ئاگر)ی لە برووسکەی چەکە ئاسمانییەکەی زئوس دزی و بە دیاری دای بە مرۆڤ، کاتێک زئوس لە کاری پرومیتوس ئاگادار بوو بە سەختی ئاڵۆز بوو، فەرمانی دا لە چیاکانی قەفقاسیا بە زنجیرە بە تەختە سەنگەوە بیبەستێتەوە، بە زنجیرەی قەبە و ئەستوور، تا هەڵۆیەکی زلزەلام هەموو ڕۆژێک بێت و سنگ و ورگی پرۆمیتوس کونکون کا و جگەری وەدەر

بهێنێ و بە بەرچاویەوە هەڵۆکە و بیخوات، ئەو ئازاری ڕۆژانە بەپێی فەرمانی زئوس بۆ هەتا هەتا بێت. سەرەنجام لە لایەن قارەمانی بەناوبانگەوە ( هەرکول)ی پاڵەوانەوە ڕزگارکراوە و خواکان کەوتنە تکا و ڕەجا تا (زئوس) ، ( پرومیتوس) ببەخشێت، سەرەنجا پرۆمیتوس بەخشرا.

# ناوی خواوەندگارە تیتانییەکان

سـەرەتا کە لە هـیچ (گایـا) و (ئـۆرانس) دروسـت بـوون (گایـا) زەوی بوو، (ئۆرانووس) ئاسمان، بوونە ژن و مێرد ئیتر منداڵی زۆریان بوو، سەرجەم سێ کوڕ و سێ کچیان بووە:

گایا + ئۆرانوس.

تنیس + لوسەئان

پاپتوس: ئای مئوس، پرۆمیتوس، ئەتڵەس.

ئای میئوس: دیوتە، زئوس، ئەفرۆدیت.

ئەتڵەس: مایا، هرمس، زئوس.

گایا +ئۆرانوس

رەئا+ کۆرونوس

هستیا، هیرا، زئوس، پۆزیودون، هادس.

هڤتائوس، ئاتەنە، ئارەس.

گایا + ئۆرانوس

فونیە ، کۆئوس.

لتو، زئوس.

ئارتمیس، ئاپۆلو.

لەو شەش کوڕ و کچەی گایا و ئۆرانوس ئەو ناوانەی لێ هاتوونەتە وجوود.

## تەواوم کرد

٢٠٢٠/٨/٢٠

# سەرچاوە

## یەکەم: ئینگلیزی:

Mythology:

David Bellingham, an Ancient Introduction to Greek Mythology. Secaucus, NJ: Chartwell Books, ١٩٨٩.

Peter Connolly, the Legend of Odysseus. New York: Oxford University Press, ١٩٨٦.

Rhoda A. Hendricks, Trans, Classical Gods and Heroes. New York: Morrow Quill, ١٩٧٤.

Homer, Diad. Retold By Barbara Leonie Picard. New York: Oxford University Press, ١٩٥٢.

Charles Kingsley, the Heroes, Santa Rosa, CA: Classic Press ١٩٦٨.

Don Nardo, Ancient Greece; the Roman Republic; The Roman Empire. San Diego: Lucent Books, ١٩٩٤.

Don Nardo Ed.. Readings on Homer. San Diego: Green Haven Press, ١٩٩٨.

Ian Serraillier, a Fall From The Sky: The Story Of Daedalus. New York: Walck, ١٩٦٦.

Aeschylus Dresteia, In Richmand Lattimore, Trans, Aeschylusi:Oresteia. New York: Washington Square Press, ١٩٦٨.

The Orestes Plays Of Aeschylus. New York: New American Library,١٩٦٢.

Edmund Fuller, A Pageant Of The Theatre. New York:Thomas Y. Crowell,١٩٦٥.

Ernle Bradforf, Ulysses Found. New York: Harcourt. Brace And World, ١٩٦٣.

Jan Bremmer, Ed., Interpretations Of Greek Mythology.Totowa, Nj: Banes And Nobles Books, ١٩٨٦.

Thomas Bulfinch, Bulfinch's Mythology. New York: Del. ١٩٥٩.

Michael Grant, Myths Of Greeks And Romans.

Edith Hamilton, Mythology. New York: New American Library, ١٩٤٠.

Hesiod, Theagony, In Hesiod And Theognis. Translated By Dorothea Wender. New York: Penguin Books, ١٩٧٣.

Homer. Iliad. Translated By W.H.D Rouse. New York: American Library, ١٩٥٠

(Richmand Lattimore. Chicago) ( E.V. Rieu- Baltimore: Penguin Books, ١٩٥٠) ( Michael Reck, New York: Harper)

Mark, P.O Morfood And Robert J. Lenardon, Classical Mythology New York: Longman, ١٩٨٥.

Ovid Metamorphoses. Translated By Rolfe Humphries. Bloomington: Indiana University Press. ١٩٦٧.

**دووەم: زمانی عەرەبی.**

ئەلیادە و ئۆدیسە: هۆمیرۆس.

شاهنامەی فیردەوسی.

مهابهاراتا.

ئەفسانەکانی گەلگامێش و ئینکیدۆ.

هیندۆستانی کۆن: دان ناردۆ.

# وێنەی ئەفسانەیی کەسایەتییەکانی جیهان


hercule


ڤۆلگان


veasta


hormoni


هرمس


vanderdecken


heracles
almelo


Hebe


Machaon


Tantalus


Tyndareus


Demeter
© www.maicar.


Merope


Telemaque


Sisyphus


Melanthius
© www.maicar.com


Daedalus


Pallene
© www.maicar.com


Gilgamesh


Galinthias


Ratumena


Enee
H6


Eurytus


Palladiun


Circe


Atlanta


Mercure


Typhon


Elysee


Minotaure


Deiphobus


Mars


Aeolus


Bachus
(C) WahooArt.com


Penelope


Priam


Pele


Amphitryon


Paris


Laius


Juno


Calchas


Gaia


Diomede


Meleager


Jupiter


Laomedon


Remus


Cecrops


Cassandra


chin-Noung-ché inventeur de l'agriculture et de la médecine
Shen nung


Acamas


Curtius


Danaos


Saturn
MyGodPictures.com


Medusa
RE AMADEO
PRIORE


Oenee
Dixit, et Oeneios vltorem spreta per agros
Misit Aprum. —
Oenee .
Ouid. 8. Metam.


Lynceus


Morpheus


Telamon


Andromarche


Pelias
© www.maicar.com


Leto


Antinous


Lycurgue
Blondel 182


Daphnis


Megara


Egee


Erigone


Midas


Persephone


Tiresias


Leda


Libya


Miletus


Minos


Gorgon


Cyrene


Dardanos


Palamedes


Narcissus


Echo


Faustulus


Orphee


Neptune


Polynices


Myrina
RIGHT 2014 LESSINGIMAGES.COM


Ouranos


진시황
秦始皇
姓嬴名政始自始皇乙卯即王位庚辰併天下稱皇帝
在位三十七年居王位二十五年即帝位十二年壽五十
Shi Huang Ti


Medea


Phedre


Tydeus


Patroele


Muses


Jason


Cacus


Thetis


Antigone


Agamemnon


Acacallis


Ajax


Ares


Aethra




Adonis


Semiramis


Jocasta


Andromede


Epeios


Rhea


Latinus


Shun


Acontius


Iphicles


Perseus


Laocoon


Atlas


Dejanire


Carna


Creon


Literses
MIDAS' DAUGHTER TURNED TO GOLD


Minerve


Sinon


Melampous


Naiads
© All rights reserved


Chiron


Dido Elissa


Leucippus


Cadmus


Nausicaa


Electra


Marsyas


Menelaus


Nestor
© www.maicar.com


Leucothea


Chryseis


Enyo


Cephalus


Siegfried


Orestes


SV CLEMENTIS XIII PONT MAX OPVS
Oceanus


نۆمیتۆر


Hippolyte


یون


neoptoleme
pere


You


Hippododamle


هیلیۆس


hyperboreehs


Polous


valkyrles


هیکتۆر


hyperboreehs


هێلین


هیلنوس